# لەزاری ئەوانەوە

## کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی

### ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بابەتەکان و ڕووداوەکان باس لە تەمموزی ٢٠١٤ تا نەورۆزی ٢٠١٥ دەکەن

چاپی یەکەم ٢٠١٨




| ناسنامەی کتێب |
| --- |
| ناوی کتێب: له زاری ئەوانەوە – کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: دیکۆمێنتاری |
| تایپ: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هەڵەچنین: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – چاپی یەکەم – تیراژ: ٥٠٠ دانە |
| چاپخانەی: سەنگەر |
| لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان – هەرێمی کوردستان – ژمارە سپاردنی ( ٤٢٦ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە. |
| شوێنی نووسین: – هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

**پەیڤێك**

گۆڕانكاریەكان زۆر خێرابوون و تاوانەكان زۆر درندانەبوون هەواڵی كۆشتن و سەربرین و تەفروتۆناكردن و سوتاندن و وێرانكردن و بەكوێلەكردن و دەستدرێژی سیكسی و كڕین و فرۆشتنی مرۆڤەكان و گەرماروودان و برسیكردن و هەر شتێك كە بەهزر و خەیالی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا نەدەهات لە سەدەی بیست و یەكەمدا لە لایەن تیرورستانی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش) روویاندا، ژمارەیەكی زۆری مرۆڤ لە نیشتمانی مندا بەكۆمەڵ كوژران و هەزاران كەسیش بەكوێلەگیران و سەدان هەزاریش ئاوارە و دەربەدەركران.

چاوی هەموو جیهان لە كوردستان و پێشمەرگە و شنگال و دەوروی و بەری و ئێزیدییەكان بوو، هەر زوو جیهان هاتە دەنگ سەرۆكی ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەوكات (بارك ئوباما) و نەتەوە یەكگرتووەكان و پاپای ڤاتیكان و دەولەتە زلهێزەكان و تەواوی راگەیاندنەكانی جیهان چاویان لە هاوڵاتیانی سڤیل و پێشمەرگەبوو، راپورت و بەیاننامەو وتاری ڕۆژنامەوانی و مانشێتی ڕۆژنامە و گوڤارەكان پڕاو پڕ بوون لە باس و تاوان و درەندەیی داعش

بەرامبەر بە کوردستان بە گشتی. جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و کوردانی ئێزیدی، قارەمانیەتی پێشمەرگە کە لە جیاتی هەموو جیهان دژ بە تیرورستانی داعش شەڕی دەکرد.

منیش بیرم کردەوە سەردەمانێك بەتایبەت لە ساڵی هەشتایەکاندا کورد و کوردستان بە گشتی دووچاری ئەنفال و ڕاگواستن و جینۆساید و کۆمەڵکوژی و سوتاندن و لەناوبردن و داگیرکردن بوو، بەڵام ئەوکات هیچ کەس و لایەن و هێز و وڵاتیك لەسەر کورد و کوردستانیان بە دەنگ نەهات. من ماوەی هەژدە ساڵە بەبەردەوامی کارو توێژینەوە و نووسن و راپورت لە سەر جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان دەنووسم، بەدەگمەن بەڵگە و دیکۆمینت و بابەتی ڕۆژنامەوانی و وتار و بەهانەوەهاتنی کار بەدەستانی جیهانی ئەوکاتم بەر چاو دەکەوێت...

بویە بەگرنم زانی هەموو ئەو بابەت و وتارانەی بڵاودەکرێنەوە، لە دوو تۆی ئەم کتێبیدا وەك خویان بڵاو بکەینەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو سوودی لێ ببینرێ...

بابەتەکان و رووداوەکانی ناو ئەم پەرتووکە باس لە تەممۆزی ٢٠١٤ تا نەوروزی ٢٠١٥ دەکەن.

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

# بەشی یەکەم
# نەتەوە یەکگرتووەکان

(١)
## نەتەوە یەکگرتووەکــان: بــوونی داعــش لە عێــراق تــاوانی گەورەتــری لێدەکەوێتەوە
٢٠١٤/٧/٢٦

بەرپرسانی باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەدەن لەوەی کە میلیشیا سوننەکان لە عێراقدا بوونەتە ڕێکخراوی تیرۆریستی گەورەی باش ڕێکخراو.
مانگێك بەر لە ئێستا لە شارە سوننە نشینەکانی ناوەڕاستی عێراق، ڕێکخراوی دەوڵەتــی ئیســلامی (ناســراو بە داعــش)، جــاڕی خەلافەتــی دا. نەتەوە یەکگرتووەکــان نــیگەرانە لەوەی کە ئەو ڕەوشــەی ئێســتای عێــراق تــاوانی گەورەتری مرۆیی لێبکەوێتەوە.
لە ســەرەتای مــانگی شەشــی ئەمســاڵەوە (٢٠١٤)، جیهــان چــاوی لەســەر پشێوییەکانی نێو عێراقە.
ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکــان مەزەنــدەی ئەوە دەکــات کە میلیشــیا ســوننەکانی عێــراق، کە خۆیــان وەکــو دەوڵەتــی ئیســلامی دەناســێنن، یەک لەسەرسێی خاکی عێراقیان بەدەستەوەیە.
ئەنجــوومەنی ئاسایشــی نەتەوە یەکگرتووەکــان ئەو زانیارییــانەی لە نیکــۆلای ملادێنــۆڤ، نێــردەی تــایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بــۆ عێــراق دەستکەوتووە. ملادێنۆڤ لە بەغداوە ڕایگەیاندووە کە ستراتیژی داعش بریتییە لە قــایمکردنی یەکجارەکی جێ پێی خۆی، ئەویش بە ڕادیکالیزەکردنی خەڵک و بەکارهێنانی توندوتیژیی زۆرتر.
نیکۆلای ملادێنــۆڤ، نێــردەی نەتەوە یەکگرتووەکــان لە عێــراق، دەڵێــت: "لە بــاڵێکی جیــابووەوەی ڕێکخــراوی قاعیــدەوە، داعــش وا گەشــەیکرد کە ببێــتە هەڕەشــەیەکی جــدی لەســەر ئاشــتی و ئاسایشــی عێــراق و تەواوی نــاوچەکە. کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەو گرووپە تاوانکارانەن و هیچ پاساوێکیان بۆ نییە، جا ئەو پاساوە هەرچییەک بێت".
بــاڵیۆزی عێــراقیش داوایەک لە ئەنجــوومەنی ئاســایش دەکــات، ئەو دەڵێــت بەرەنگــاربوونەوەی هەڕەشــەی گــرووپە تیرۆریســتییەکان زۆر پێویســت و گــرنگە، داواش لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکــات ڕۆڵــی هەبێت لەو پرۆســەی بەرەنگاربوونەوەیەدا.

محەممەد عەلی ئەلحەکیم، باڵیۆزی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: "ئێمە چاومان لە هاریکارییەکی رێکخراوی ئێوەیە بۆ ئەوەی رێگە لە تەشەنەسەندنی داعش بگرین. بەڵێ جەنابی سەرۆک و ئەندامە پایەبڵندەکان، ئێوە دەتوانن ئەمە بکەن و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کاری رێکخستنی تەناهیی جیهانە".

بەڵام کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، وادەکەن رەوشی ناسەقامگیری عێراق خراپتر ببێت.

نیکۆلای ملادێنۆڤ، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق گوتی:"داوا لە سەرکردەکانی عێراق دەکەم خۆیان لە لێدوانی توندوتیژ بپارێزن و واز لە تۆمەتبارکردنی یەکدی بهێنن، چونکە ئەمە رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات. من ئەمڕۆ ئەم قسەیە دەکەم، لەبەر ئەوەی پەرلەمانتارە کوردەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەردەوامن لەسەر بەشداریی کارایان لە پرۆسەی سیاسیدا لە عێراق".

نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداریش دەدات کە رەوشی مرۆیی لە عێراق بەرەو خراپتر دەڕوات، تاوەکو ئێستا (٢٠١٤/٧/٢٦)ملیۆنێک و دووسەد هەزار کەس ئاوارە بوون.

ئەوەی لە قسەکانی ملادێنۆڤ تێگەیشتم ئەوە بوو کە قەت جارێکی دیکە عێراق وەکو خۆی لێنایەتەوە، بەڵام با چاوەڕوان بین بزانین حکومەتی عێراق بە هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێ فراوانخوازییەکانی داعش رابگرێت و بیباتە ئەودیوی سنوورەکانی.

## (٢)
## نەتەوە یەکگرتووەکان: بە فڕۆکە کۆمەك دەگەیەنێتە ئاوارەکانی شنگال

٢٠١٤/٨/٤

زیا بوترس سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤی کوردستان، لە (٢٠١٤/٨/٤) رایگەیاند رێکخراوی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان "کۆمەك و خۆراکی خێرا دەگەیەنێتە ئاوارەکانی دەڤەری شنگال، کە بە هۆی دەستبەسەرداگرتنی شنگال لە لایەن داعشەوە ئاوارە بوون".

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤی کوردستان، سەبارەت بە شێوازی دابینکردن و گەیاندنی کۆمەکەکان بەو ئاوارانە، وتی:"رێکخراوی خۆراکی جیهانی بۆ

گەیاندنی کۆمەك و خۆراك بەو ئاوارانە، هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق کردووە بۆ ئەوەی بە ڕێگای فڕۆکە خۆراك بگەیەننە ئاوارەکان".
دوو شەوی رابردوو چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و چوونە نێو قەزاکە، بەو هۆیەشەوە وەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە ٢٠٠ هەزار کەس، بە هۆی ئەو هێرشانە ئاوارە بوونە، کە زۆربەیان ئێزیدین.

(٣)
**نەتەوە یەکگرتووەکان: داعش هەزار و ٧٣٧ ئێزیدی کوشتووە**
٢٠١٤/٨/٤

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئاشکرای کرد، لە دوای کۆنترۆڵ کردنی قەزای شنگال لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، زیاتر لە ( ٣٠٠٠) هاوڵاتی ئێزیدییان کوشتووە و بریندار کردووە.
نیکۆلای میلادینۆف نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق رایگەیاند "خەلافەتی ئیسلامی لەگەڵ هاتنی بۆ قەزای شنگال هەزار و ٧٣٧ هاوڵاتی کوشتووە و هەزار و ( ٩٧٨ ) کەسی دیکەشی بریندار کردووە".

(٤)
**نوێنەری ئەمریکا لە UN لە سەر ئێزیدیەکان دێتە دەنگ**
٢٠١٤/٨/٦

نوێنەری هەمیشەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە سەر کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە عێراق دێتە دەنگ و دەڵێت "ئەمریکا سەرەڕای تەحەدییە ئەمنییەکان، پابەندە بە یارمەتیدانی ئەو خەڵکانەی لە ترسی گیانیان روویان کردووەتە چیای شنگال".
نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان رایدەگەیەنێت "بە توندترین شێوە هێرشەکانی ئەم دواییەی داعش بۆ سەر شنگال و زوممار لە پارێزگای نەینەوا سەرکۆنە دەکەم، کە بووە هۆی ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس".

باڵیۆز سەمانسا پاوەر لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت "ئەو کەمینانەی رووبەڕووی رفاندن، ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان دەبنەوە، قەیرانی نالەباری مرۆیی عێراقی قووڵتر دەکاتەوە".
سەمانسا پاوەر جەخت لەوە دەکاتەوە "ئەمریکا پشتیوانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پێشمەرگە دەکات بۆ بەرگریکردن لەو ناوچانەی، کە کەمینەکان تێیدا دووچاری لە نێوبردن دەبنەوە".
نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت "هانی هەموو لایەنە عێراقییەکانی ململانێکە دەدەین، رێگە بەهاتنە ناوەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوشانەکانی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتی مرۆیی بگەیەنن". داواش دەکات لایەنە عێراقییەکان "بە خێرایی هەنگاو بنێن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، کەوا وەڵامدەرەوەی ماف و نیگەرانییەکانی هەموو کۆمەڵگای عێراق بێت".

## (٥)
## نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان داوایەك ئاراستەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات

٢٠١٤/٨/٨

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی جیهان دەکات بە زووترین کات و بە شێوەیەکی هاوبەش بەرەنگاری مەترسییەکانی داعش ببنەوە.
دیندار زێباری، جێگری سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی:" نێردە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق داوای لە وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە بە زووترین کات میکانیزمێکی هاوبەش بگیردرێتە بەر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاوبەش بەرەنگاری مەترسییەکانی داعش ببنەوە".
هاوکات نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق داوا لە حکومەتی عێراق دەکات کە حکومەتی عێراق خێراتر هەنگاوبنێ بۆ لێدانی داعش و گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان.
هەروەها دەڵێت کە ئالیەتی هاوکاریکردنی ئاوارەکان و ئەو خەڵکەی لە چیای شنگال گەمارۆ دراون بگۆڕدرێت و ئەمجارە بە شێوەیەکی راستەوخۆ هاوکارییەکان لە لایەن وڵاتانی دەرەکییشەوە بگاتە ئاوارەکان.

زێباری باسی لەوە کرد کە لە هەرێمی کوردستان "ژووری هاوکارییە مرۆییەکان" پێکهێنراوە، کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، نوێنەرانی یۆنامی و UNHCR و حکومەتی عێراق، وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە".

زێباری لە بارەی کارەکانی ئەو لیژنەیە و چۆنیەتی گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بە ئاوارەکان گوتی، "لە ماوەی هەفتەی رابردوودا ژمارەی ئاوارەکان گەیشتووەتە ٢٠٠ هەزار ئاوارە، بەڵام نیگەرانی ئێمە ئەوەیە کە ئاوارەکان لە شوێنێکی دیاریکراو نیشتەجێ نابن، بەڵکو ئاوارەی جوڵاون و ڕۆژ بە ڕۆژ شوێنەکانیان دەگۆڕن".

هەروەها گوتی: "وێرای ئەوە ئێمە بەردەوامین لە گەیاندنی هاوکارییەکان و دوێنێ لە کاژێر ١١ ی شەوەوە تاوەکو شەشی بەیانی بە رێگای چەندین فڕۆکە هاوکارییەکانمان گەیاندووەتە ئەو خێزانانەی لەسەر چیای شنگال گەمارۆ دراون و بە دوو وەجبە ژمارەیەك کەسمان گواستنەوە بۆ دەوروبەری شاری دهۆك".

گوتیشی: "لە دوێنێ شەو فڕۆکەکان توانیویانە لەسەر چیای شنگال بنیشنەوە و هاوکاریی و کۆمەکەکان بە تەواوی بگاتە چیای شنگال".

هەروەها ئاماژەی بەوە کرد، "هاوکارییەکان بەردەوام دەبن و یوئێنیش ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ گەیاندنی کەلوپەلەکان و لە ئێستاوە ئامادەکاری تەواو کراوە بۆ ئەوەی بە هاوبەشی لەگەڵ ئێمە هاوکارییەکان بگەیەنینە ئاوارەکان".

(٦)

**نەتەوە یەکگرتووەکان: داعش کچانی ئێزیدی دەکاتە کەنیزەك**

٢٠١٤/٨/١٣

بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری لە دۆخی ئێزیدیەکان دەدەن و دەڵێن "ئێزیدیەکان لەو شوێنانەی چەکدارانی داعش دەستیان بەسەرداگرتووە، مەترسیترین کۆمەڵکوژییان لە سەرە".

کریستۆف هینز، بریاردەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆسیەی لە سێدارەدان لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادگاکان، رایگەیاند، "بە پێی ئەو راپۆرتانەی بە

دەستمان دەگەن، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی راوەدووی کەمایەتییە ئایینییەکان دەنێن و سەرپشکیان دەکەن لە نێوان ئیسلامبوون و کوشتن".
لە لایەکی دیکەوە رەشیدە مانجۆ، بڕیاردەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان رایگەیاند، "راپۆرتەکانمان ئاماژە بۆ رفاندنی سەدان ژن و منداڵی ئێزیدی دەکەن، هەروەك راپۆرتەکان باس لە دەستدرێژی سێکسی دەکەن بۆ سەر هەرزەکاران و ئاگاداریان کردووینەتەوە، کە وێرای دەستدرێژی سێکسی، ژنان کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، یان چەکدارانی رێکخراوەکە ژن و کچان بۆ خۆیان دەبەن بۆ ئەوەی بیانکەنە کەنیزەکی خۆیان".
ریتا ئیزاك، بڕیاردەری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری کەمینەکان، داوایکرد "هەموو رێوشوێنێکی پێویست بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگا لەو کۆمەڵکوژییە چاوەڕوانکراوانەی ڕۆژانی داهاتوو بگیرێت".

(٧)
**نەتەوەیەکگرتووەکان: باری نائاسایی لە عێراق راگەیاند**
٢٠١٤/٨/١٤

دوو بەرپرسی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان ئیدانەی ئەو دەستدرێژییە سێکسییانەیان کرد کە لە لایەن هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە کراونەتە سەر کچانی ئێزیدی لە ناوچەی شنگال و دەوروبەری.
گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) بەشێك لە شار و گوندەکانی باشووری کوردستانیان کۆنترۆڵ کرد و لە لایەکی دیکەشەوە بەشدارییان لە جەنگی ناوخۆی سووریادا کرد، لەو کاتەوەی کە ئەم گرووپە دەستیان کردووە بە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان، هێرشیان کردووەتە سەر کەمایەتییەکانی ئەو ناوچانەوە و دەستدرێژی سێکسییان کردووەتە سەر بەشێکی زۆر لە ئافرەتەکانیان، هەروەها کوشتنی خەڵکی سڤیلیشیان کردووەتە ئامانج، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بە هەموو شێوەیەك هاوکاری عێراق بن لە پاراستنی هاووڵاتیاندا.
لە کۆنفرانسێکدا لە بەغدا، زەینەب هاوە بانگورا، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە دەستدرێژی سێکسییەکان و نیکۆلای ملادینۆڤ، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان

لە بەغدا داوایان کرد کە بە خێراترین کات خەڵکی سڤیل بپارێزرێن و باری نائاساییان ڕاگەیاند.
مێلادینۆڤ داوای لە وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە ئەو ژن و کچانە رزگار بکەن کە لە لایەن داعشەوە گیراون و پاڵپشتی عێراق بکەن لە پاراستنی خەڵکی وڵاتەکەیدا. هەروەها رایگەیاند کە نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر بە وردی چاودێری رەوشەکە دەکات بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە لە ئێستا بەدواوە بەو شێوە وەحشییانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە ناکرێت .
دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان باری نائاسایی لە عێراقدا ڕاگەیاند و ئەنجومەنی ئاسایشیش داوای دان بە خۆداگرتن و ئارامی لە هێزە سیاسیە عێراقیەکان و لایەنگرەکانیان ئەکات. هەروەها داوایان لێدەکات ئەو پرۆسە سیاسیە بپارێزن کە دەستور دیسپلینی ئەکات.
نیکۆلای میلادینۆف، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەو بارەیەوە گوتی:عێراق لە کێشەدایە، تەنگژەکەی گەشتۆتە ئاستی سێیەم. لەو بارە نائاساییانەی کە بەرزترین ئاستن لە ڕووی قەیرانی مرۆییەوە. ئەم ئاستە مەترسیدارەش وا ئەکات پەلە بکرێ لە گەیاندنی کۆمەکەکان و خێراکردنی گرتنە بەری ڕێو شوێنی پێویست.
هەروەها زیاتر ڕوونی کردەوە: حاڵی حازر سێ قەیرانی دیکە لە جیهاندا هەن کە هاوشانی ئەوەی عێراق مەترسیدارن، سوریا و باشووری سودان و کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست.
لە بارەی دۆخی ئاوارەکانیشەوە میلادینۆف گوتی: دۆخی ئاوارەکانی چیای شنگال جێگەی نیگەرانیەکی زۆرە. چونکە دەیان هەزار کەس تا ئێستاش ئابڵۆقە دراون. باری تەندروستیشیان بە شێوەیەکی خێرا دادەڕوخێت.
لە لایەکی ترەوە (مازریو ببیل) نوێنەری ڕێکخراوی ( یونسێف) سەبارەت بە هەمان ڕەوش ڕایگەیاند: ڕیکخراوەکەمان و لایەنە پەیوەندیدارە چالاکەکانی تر، هەوڵەکانی خۆیان چڕکردۆتەوە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ئەو ئاوارانەی کە لە چیای شنگالەوە ئەگوازرێنەوە ئەمە وێڕای دابین کردنی پێویستیەکانی ١٢ هەزار ئاوارەی مەسیحی کە پەنایان هێناوە بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

**(٨)**

**نەتەوە یەکگرتووەکان: نیگەرانی خۆی لە دەستدرێژی سێکسی چەکدارانی داعش بۆ سەر مەسیحی و ئێزیدیەکان دەربڕی**

٢٠١٤/٨/١٤

بەرپرسانی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە راگەیەندراوێکدا نیگەرانی خۆیان بۆ دەستدرێژی سێکسی چەکدارانی داعش بۆ سەر ژنان و منداڵان دەربڕی، داوا لە وڵاتانی ناوچە و جیهانیش دەکات هەنگاوی بە پەلە بۆ رزگارکردنی ژنان و منداڵان لە ناو زیندانەکانی داعش هەڵبگرن.
ئاژانسی هەواڵی ئیرنای ئێران بڵاویشی کردەوە، ستیڤان دوجاریك، وتەبێژی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند: نیکۆلای میلادینۆڤ نوێنەری تایبەتی بان کی مۆن لە عێراق و زەینەب هوا بانگورا نوێنەری کاروباری تایبەت بە توندوتیژی و دەستدرێژییەکانی سێکسی لە کاتی شەڕدا لە راگەیەندراوێکی هاوبەشدا کرداری وەحشیانەی چەکدارانی داعش لە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان و منداڵان و کەمینە مەزهەبییەکانی ناو عێراق شەرمەزار دەکەن.
بە وتەی دوجاریك بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتی جۆراوجۆریان لە بارەی بەندکردنی ژنان و منداڵانی کەمینە مەزهەبییەکانی وەکو ئێزیدی و مەسیحی و تورکمان و شەبەك بە دەست گەیشتووە.

(٩)
**نەتەوە یەکگرتووەکان: هۆشداریی دەدات لە دەستدرێژیی داعش بۆ سەر منداڵان**
٢٠١٤/٨/٢٦

لێکۆڵەرەوانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا کە لەگەڵ ئەو پەنابەرانەی لە دەستی داعش رزگاریان بووە ئەنجامیداوە، باسی ئەو دەستدرێژییانە دەکات کە لە لایەن داعشەوە کراوەتە سەر منداڵان.
"نزیکەی هەموو ئەو منداڵانەی کە لە ناو کەمپی پەنابەران لە شاری دهۆك قسەمان لەگەڵ کردوون، باسی بەسەرهاتی ئەو دەستدرێژییە وەحشیگەریانە دەکەن، کە خۆیان یان ئەندامانی خێزانەکانیان رووبەڕوویان کراوەتەوە"، ئەوە قسەی ئیبراهیم سەسایی یەکێك لە نوێنەرانی رێکخراوی فۆندی منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە.
نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ماریزۆ بابیلا لە بەیاننامەیەکدا دەنووسێت: "کوشتن، رفاندن و دەستدرێژی سێکسی کە بەرانبەر ژنان و منداڵان و

کەمینەکان کراوە لە عێراق لە ماوەی ئەو هەفتانەی دواییدا، خراپترینە کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا بینراوە".
ئەو رێکخراوە نزیکەی ١٢٣ کەیسی دەستدرێژی بەرامبەر ئێزیدیەکان تۆمار کردووە. یەکێك لەو کچانەی کە تەمەنی ١٦ ساڵە باسی ئەوە دەکات کە چۆن لەگەڵ کچانی دیکە ناچاریان کردوون لە ژێر ناوی "زەواجی کاتی" دەستدرێژییان بکرێتە سەر و سێکسیان لەگەڵ بکرێت.
ئەو کچە توانیویەتی ڕابکات، بەڵام ئەوانی دیکە هێشتا لە دەستی داعشدان.
نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکات کە ئەوان هاوکاری و چارەسەری دەروونییان بۆ زیاتر لە ٣ هەزار کەس کردووە لەو ناوچەیەدا.
ئێستا داوا دەکرێت کە هەرچی زووترە خەڵکانی شارەزا و دەروونناس و دەرمانساز بگەنە ناوچەکە و هاوکاری پەنابەران بکەن.

(١٠)

## نەتەوە یەکگرتووەکان: داعش لە عێراق هەڵمەتی پاکتاوکردن جێبەجێ دەکات

٢٠١٤/٨/٢٦

نافی بیلای سەرۆکی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، رێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامی" لە عێراق هەڵمەتی پاکتاوی رەگەزی و ئاینی ئەنجام دەدات، داواشی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بەرپرسیارێتی خۆی هەڵگرێت لە پارێزگاریکردن لە کەمینەکان.
لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی دوو شەممە بڵاویکردەوە، نافی بیلای دەڵێت" رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرنامەدار پیاوان و ژنان و منداڵان دەکاتە ئامانج لە سەر بنەمای لایەنداری رەگەزی و ئاینی و مەزهەبییان، هەڵمەتێکی دڕندانە ئەنجام دەدات بۆ پاکتاوکردنی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵیدایە".
ئاماژە بەوەشدەکات"ئەم سەرکوتکارییە هاوتایە لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانی دژی مرۆڤ".
سەرۆکی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداریدا لە بارودۆخی سەختی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکانی شەڕ لە عێراق، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان کرد یارمەتی هاوڵاتیانی مەدەنی بدەن و خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین بکەن.

## (١١)
## نەتەوە یەكگرتووەكـان: داعـش بـۆ هێرشـە خۆكوژییەكـان منـداڵان بەكـار دەهێنێت
٢٠١٤/٩/٧

نـــوێنەری تـــایبەت بە منـــداڵان و ناكۆكییەكـــان لە رێكخـــراوی نەتەوە یەكگرتووەكان رایدەگەیەنێت، نزیكەی ٧٠٠ منداڵ لە عێراق بوونەتە قوربانی و هەندێك لەو منداڵانەش لە لایەن چەكدارانی گرووپی دەوڵەتـی ئیسلامییەوە "داعش" بۆ هێرشە خۆكوژییەكان بەكار هاتوون.
لەلـیلا زروقـی، نـوێنەری تـایبەت بە منـداڵان و ناكۆكییەكـان لە رێكخـراوی نەتەوە یەكگرتووەكـان رایگەیانـد:" نـزیكەی ٧٠٠ منـداڵ كـوژراو و برینـدار بوونە لە ئەنجامی ئەم بـارە ئـاڵۆزەی عێراق كە ئەمساڵ لە لایەن چەكدارانی داعشەوە بە خۆیەوە بینـی، چەكدارانی رێكخراوی دەوڵەتـی ئیسلامی هەندێك لەو منداڵانەیان بۆ هێرشە خۆكوژییەكان بەكارهێناون".
زروقـی لە كـاتی ئاراستەكردنی ئەم بـابەتە بـۆ بەردەم ئەنجـوومەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتی و گفتوگۆكردن لەسەر ئەم دۆسیەیە ئەوەشـی راگەیانـد:" منـداڵان لەسەر دەستی ملیشیا هاوپەیمانەكان ئەوانەی لەگەڵ حكومەتی عێراقن، ئامادە دەكرێن بۆ ئەوەی دژی چەكدارانی رێكخراوی دەوڵەتـی ئیسلامی بجەنگن كە تەمەنـی هەنـدێكیان ناگـاتە ١٣ سـاڵ، كەچـی چەكیـان هەڵگرتـووە و پاسـەوانی شـــوێنە ســـتراتیژییەكان و راگیراوەكانیـــان پـــێ رادەســـپێردرێت و هێرشـــی خۆكوژیشیان پێ ئەنجام دەدەن".

## (١٢)
## نەتەوە یەكگرتووەكان: مەترسیمان هەیە ژمارەی ئاوارەكان زیاد بكەن
٢٠١٤/٩/١٤

نەتەوە یەكگرتووەكان مەترسـی خۆی لە بـارەی ئەگەری زیـادبوونی ژمـارەی ئەو ئاوارانە دەربڕی كە روو لە هەرێمی كوردستان دەكەن.
لە میانی دیدارێكی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ڤـالێری ئـامۆس بەرپرسـی كاروبـاری مرۆییـی نەتەوە یەكگرتووەكـان و

وەفدێکی یاوەری، باس لەو کێشە و گرفتانە کرا کە لە رووی پەروەردەیی و تەندروستی و ژیارییەوە لە نێو کەمپی پەنابەراندا دروست بوون.
بە پێی راگەیەندراوێکی حکومەتی هەرێم، وەفدی نەتەوە یەکگرتووەکان مەترسیی خۆیان لە ئەگەری زیادبوونی ژمارەی پەنابەر و ئاوارەکان دەربڕیوە و دووپاتیشیان کردەوە داوا لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و وڵاتە کۆمەکبەخشەکان و حکومەتی بەغدا دەکەن هاوکاری و یارمەتیی زیاتر پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکەن.
هەر لەو دیدارەدا سەرۆکی حکومەت رایگەیاند پێداویستییەکانی ئاوارەکان لە دەرەوەی تواناکانی حکومەتن، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە بە هۆی نەناردنی بودجە لە لایەن بەغداوە، هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانێکی سەختی دارایی بۆتەوە.

(١٣)
**نەتەوە یەکگرتووەکان: داعش لە عێراق تاوانی جەنگی کردووە**
٢٠١٤/١٠/٣

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: «ئەو تاوانانەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە عێراق کردوویەتی، وەك تاوانی جەنگ ئەژمار دەکرێت».
رێکخراوەکە لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا کە لە بارەی پاراستنی خەڵکی سڤیل لە عێراق ئامادەی کردووە، دەڵێت: «تیرۆریستانی داعش کۆمەڵکوژیان کردووە، ژنانیان رفاندووە، کچە گەنجەکانیان کردۆتە کۆیلە و کوڕە گەنج و منداڵەکانیشیان چەکدار کردووە، ئەمانەش هەموویان پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤە و لەو ئاستەدان کە دەکرێت وەکو تاوانی جەنگی ئەژمار بکرێن».
یۆنامی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لە بارەی ئەو ڕاپۆرتەوە باسی ئەوەی کردووە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە تا ئێستا نۆ هەزار و ٣٤٧ کەسی مەدەنی لە عێراق کوژراون و ١٧ هەزار و ٣٨٦ کەسی مەدەنی دیکەیش بریندار بوون، ئاماژەی بەوەشکردووە کە نیوەی زیاتری ئەو ژمارەیە دوای دەستپێکردنی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ ئەنبار و ناوچەکانی عیراق کوژراو و بریندار بوون.

هەر لە ڕاپـۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانـدا هـاتووە، «بە هـۆی شـەڕ و پێکدادانەکانەوە زیـاتر لە یەك ملیۆن و ٨٠٠ هەزار عێراقـی ئـاوارە بـوون و زیاتر لە ٨٠٠ هەزاریشیان روویان لە کوردستان کردووە».

(١٤)
**نەتەوە یەکگرتووەکان: لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکانی ئێزیدیی و پێکهاتەکانی دیکە دەکات**
٢٠١٤/١٠/١٦

ئیڤـان سـیمۆنۆڤیچ یاریـدەدەری سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـۆ مافـەکانی مرۆڤ بـە یـاوەری شـاندێك بۆ بـەدواداچوون لەسـەر ڕەوشـی مـافی مرۆڤ، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ دیندار زێباری جێگری بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە کۆبوونـەوە.
لە دانیشتنێکدا باسیان لە تاوانی مرۆیی بەرانبەر هاوولاتیانی ئێزیدی لە شنگال و پێکهاتـە جیـاوازە ئـایینی و نـەتەوەییـەکانی دیکـە لـە لایـەن داعشـەوە کـرد. بـە تایبـەتی تیشـك خرایـە ڕاگواسـتنی خـەڵکی ناوچەکـە و ڕفانـدنیان و ئـەنجامدانی کۆمـەڵکوژیی بەرانبـەر پێکهاتـە جیـاوازە نەتـەوەیی و ئاینییـەکان کـە ئێسـتا لـە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون.
هەروەها باس لە ڕێکارە یاساییەکان کرا بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانـە دژی مرۆییـەکانی داعـش لـە شـنگال و نـاوچـەکانی تـر و گرنگـی بـەو هەنگاوانـەی حکوومەتی هەرێم درا کە بۆ ئەم مەبەستە هـاوێژراون وەك پێکهێنـانی لێژنـەی تایبەت بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئێزیدی و پێکهاتەکانی دیکە.

(١٥)
**نەتەوە یەکگرتووەکان: هەوڵی کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان دراوە**
٢٠١٤/١٠/٢٣

نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەوە دەکاتەوە هەوڵـی کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکانی عێـراق دراوە و ڕایگەیانـد "هەوڵـدراوە لە لایەن جیهادییەکـان ئێزیـدیەکانی عێراق کۆمەڵکوژ بکرێن".
"ئیڤان سیمۆنۆڤیچ"، یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان بۆ کاروبـاری مـافی مـرۆڤ، دوای گەڕانەوەی لە سـەردانەکەی عێـراق، کە لە

ماوەی هەفتەیەکدا لە عێراق، لە هەولێر و بەغدا و دهۆك چاوی بە چەندین ئاوارە و بەرپرسانی عێراق کەوتووە ، دەڵێت: "بەڵگە هەیە، هەولدراوە کەمینەی ئێزیدی لە عێراق کۆمەڵکوژ بکرێن".
یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ، روونیکردووەتەوە:" لە (٤) مانگی رابردوودا واتە مانگەکانی(٦ و ٧و ٨ و ٩ / ٢٠١٤)، دەکرێت بە تاوانی جەنگ، یان بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی دابندرێت".
"سیمۆنۆڤیچ"، رایدەگەیەنێت:"ئەو تاوانانەی بەرامبەر ئێزیدیەکان کراون، دەکرێت بە هەولی تاوانی کۆمەڵکوژی دابندرێن، چونکە وایاندانابوو ئەگەر ئیسلام نەبن لەناویان ببەن".

## (١٦)
## نەتەوە یەکگرتوەکان: تاوانەکانی داعش دێکۆمێنت دەکرێن
٢٠١٤/١٢/٥

راپۆرتێك لە لایەن نەتەوە یکگرتووەکانەوە ئامادە کراوە و لە"٤٠" لاپەڕە پێکدێت، هەموو پێشێلکارییەکانی داعشی لە ٦ی تەمموز تا ١٠ی سیپتەمبەر دەگرێتە خۆ.
راپۆرتەکە پشتی بە (٥٠٠) چاوپێکەوتن بەستووە کە ئەنجامی داوە لەگەڵ شاهێدحاڵ و قوربانیەکان کە رزگاریان بووە لە وەحشیەتی داعش، هەروەك عێراق پرێس لە زاری کەناڵەکەوە بڵاوی کردووەتەوە کە راپۆرتەکە لە لایەن نێردراوی نێودەولەتی لە عێراق و نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ ئامادە کراوە.
هەروەك رزگاربووەکان شاهیدی دەدەن و دەڵێن:"چەکدارەکانی داعش پیاوەکان ئەوانەی تەمەنیان سەرووی١٠ ساڵ بوو کۆکردەوە لە ناو قوتابخانەیەك، پاشان بردیانن بۆ دەرەوەی گوندی کۆچۆ لە باکووری عێراق"، راپۆرتەکە ئەوە بیردەخاتەوە کە لە ١٥ئابی ٢٠١٤ زیاتر لە (٤٠٠) پیاویان لە یەك ڕۆژدا کوشتووە.
هەروەها ئاماژەش بەوە دەکات داعش توونڕەون، لە گەڵ ئافرەتەکان بە شێوەیەکی زۆر دڵ رەقانە مامەڵەیان کردووە، دکتۆر و پارێزەر و چالاکوانە سیاسیەکانیان کوشتووە، هەروەك ئافرەتانیان لە هەموو ئاین و کەمینەکان ناچار کردووە لە ئاینەکانیان وازبێنن، کاتێك ئەو ئافرەتانەی هاوسەرگیرییان کردبوو ناچاربوون بەو واقیعە، پێیانیان وت پیاوەکانتان ناگەڕێنەوە، و دواتر

دەیانـدان بە چەکـدارەکانی ڕێکخـراوەکە (داعـش) لەگەڵ ئەو کچـانەی بە زۆر ویستویانە ئاینیان پێ بگۆڕن.
بەڵام ئەو ئافرەتـانەی ئەوامـری چەکـدارەکانیان ڕەدکـردووەتەوە، ناچاریـان کردوون بەوەی شوو بە چەکدارەکان بکەن یـان فرۆشتویانن کە لە چاخەکـانی کۆندا ئەنجامدراوە.
ڕاپۆرتەکە ئەوەش لەخۆ دەگرێ وەك کەنـاڵەکە بڵاویکـردووەتەوە، شـەهاداتی دڵنیاکەرەوە هەیە کە چەکدارەکانی ڕێکخـراوەکە (داعش)،(٤٥٠ بۆ ٥٠٠) ژن و کچـی ئێزیدی و مەسیحیان وەك ڕانەمەڕ داوەتەبەر بەرەو سوریا و لەوێش وەك دیـاری پێشکەشـی چەکدارەکانیان کـردوون لە مـاوەی مـانگی تەممـوز و ئابی ڕابووردوو (٢٠١٤).
ڕاپــۆرتەکە ئەوەشــی تێــدایە کە چەنــدین ســکاڵا گەشــتوەتە دەســت نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر ئەوەی ڕێکخراوەکە (داعش) چەندین مێردمناڵ کە تەمەنیان لە ١٣ ساڵ تێناپەڕێ کردووەتە چەکدار.
شـاهێدحاڵ وتوویەتی:"منـاڵی چەکداریان بینیوە کە جل و بەرگـی هاوشـێوەی چەکـدارەکانی ڕێکخـراوەکە (داعـش) یـان پۆشـیوە، بە هـاوڕێیەتی کۆمەڵێـك کۆمەڵەی جیاجیای چەکدار، هەندێك لە مناڵەکان چەکی قورس و گەورەشیان هەڵگرتــووە کە لە شــوێنێکەوە بــۆ جێگــایەکی تــر بردویــانن". هەروەك شــاهیدحاڵێك بە نەتەوە یەکگرتووەکــانی وتووە:"هەنــدێ ئــافرەت خۆیــان و مناڵەکانیان ئینتیحار کرد، بە هۆکاری دۆخی زۆر خراپیان و بێ ئومێدیان".
لە ڕاپـۆرتەکەدا هـاتووە:" ململانێـی چەکـداری ئێسـتا لە عێـراق و سـوریایە، کــاریگەری زۆر و ئازاربەخشــی جێهێشــتووە لەســەر ژیــانی مەدەنیەکــان، سەرەڕای هاوکاری مرۆیی نێودەوڵەتی و یاساکانی مافی مرۆڤ".
ئەم ڕاپـۆرتە کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە ئامـادە کـراوە و بە فەرمـی دانــی پێـدانراوە، یەکـێکە لە دێکـۆمێنتە گرنـگ و کاریگەرەکـان، بەڵام دەبێـت ئەوەش بـوترێ دیکۆمێنتەکـان زۆر لەوە زیـاترن کە لە دووتـوێی ئەم ڕاپـۆرتە (٤٠) لاپەڕەییەدا هاتووە.

(١٧)

**نەتــەوە یــەکگرتووەکان: ســاڵی ٢٠١٤ی وەك خوێنــاویترین ســاڵی عێـراق ڕاگەیاند**

٢٠١٥/١/٢

نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڵاوکراوەیەکی تایبەتدا ڕایگەیاند:"لە ساڵی ٢٠١٤دا نزیکەی١٢٢٨٢ هاوڵاتی سڤیل لە ئەنجامی توندوتیژییەکانی عێراقدا کوژراون".
ئەوەش وادەکات، ساڵی ٢٠١٤ ، لە دوای ٢٠٠٦ خوێناویترین ساڵی عێراق بێت. زۆربەی کوژراوەکان (٨٥٠٠)کەسیان، لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ەوە کوژراون، واتە لە دوای ئەوەی ڕێکخراوی داعش هێرشی بۆ سەر موسڵ و ئەنبار دەست پێکرد و موسڵی داگیر کرد، ئەنباریشی ڕووبەڕووی داڕوخانی ئاسایشی ترسناك کردەوە.
نیکۆلای میلادینۆف سەرۆکی نێردەی سیاسی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە بڵاوکراوەیەکدا ئاشکرای کرد:"سەر لە نوێ نەهامەتییەکانی هاوڵاتییان عێراق دەستیان پێ کردۆتەوە، بە هۆی تیرۆر و توندوتیژییەوە. بەڕاستی دۆخێکی دڵتەنگ کەرو کارەساتبارە".

(١٨)

**نەتەوە یەکگرتووەکان : داعش منداڵان بۆ بازرگانیو کاری تیرۆرستی بەکاردەهێنێت**

٢٠١٥/٢/٥

نەتەوەیەکگرتووەکان، ئاشکرایکردووە: گرووپی تیرۆریستی داعش لە عێراق، هەزاران منداڵی عێراقی بۆ کاری بازرگانی و کردەوەی تیرۆریستی بەکارهێناوە.
لیژنەی پاراستنی مافەکانی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاویکردووەتەوە: داعش لە عێراق هەزاران منداڵی رفاندووە و لە بازاڕەکانی کاری کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردوون، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەکی زۆری ئەو منداڵانە لە کردەوەی تیرۆریستیەکان کاری خۆکوژیان پێ ئەنجامدراوە و بەشێکیشیان کراون بە قەڵغانی مرۆی بۆ پاراستنی مۆڵگەکانی داعش.
رینیتا وینتر، رایگەیاندووە: سەدان منداڵی کوردانی ئێزیدی و کەمە نەتەوەیی و ئاینیەکان لە عێراق، لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان و مەرگ بوونەتەوە سەدانیشیان فرۆشراون.
ئەو شارەزایەی مافەکانی منداڵ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دەڵێت: لە ئێستادا عێراق بە هۆی تاوانەکانی داعش لە پلەی یەکەمی ئەو وڵاتانەیە کە زۆرترین پێشێلکاری بەرامبەر بە مافەکانی منداڵان کرابێت.

(١٩)
**نەتەوە یەکگرتووەکان: تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە**
٢٠١٥/٢/٢٤

نەتەوە یەکگرتووەکان رایدەگەیەنێت، رێکخراوی تیرۆریستی داعش چەندین پێشێلکاری لە عێراق ئەنجامداوە، کە دەچێتە خانەی تاوانی جەنگ، کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.
کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمسیۆنی هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (یۆنامی) لە راپۆرتێکدا ئەو پێشێلکارییانەی خستە ڕوو کە بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ئەنجامدراون.
لە راپۆرتەکەدا ئەوەش خراوەتە ڕوو: لە سێ مانگی کۆتایی ٢٠١٤دا رێکخراوی تیرۆریستی داعش بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لە عێراق تاوانێکی زۆری دژ بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامداوە، ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە کوشتنی بە کۆمەڵی ئەنجامداوە، ژنی رفاندووە و بە کۆیلەی کردووە، مامەڵەی بە ژن و منداڵەوە کردووە، هەرزەکاریشی وەك جەنگاوەر بەکار هێناوە، هەروەها پەرستگا و ناوەندە کولتوورییەکانی رووخاندووە.
لە راپۆرتەکەدا هاتووە، تەواوی ئەو کردەوانە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە کە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو ئەنجامدراون و تاوانی جەنگن.
هەروەها باس لەوە دەکات کە نەتەوە و ئایینەکانی عێراق وەك کورد، مەسیحی، شیعە، تورکمان و شەبەك، بە شێوەیەکی ئەنقەست و بەرنامە بۆ دارێژراو بوونەتە ئامانجی پەلامارەکانی داعش و ئەو گرووپە چەکدارانەی پەیوەندیان بەوەوە هەیە.
لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە، بە بڕیاری بەناو دادگا شەرعییەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو رێکخراوە تیرۆریستیە ١٦٥ کەس کوژراون. هەروەها داعش، چەندین پێشێلکاری بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ ئەنجامداوە کە بە تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێن.
لە لایەکی دیکەوە میلیشیا شیعیەکانی سەر بە حکومەتی عێراق پێشێلکاریان بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ ئەنجامداوە بە رفاندنی هاوڵاتی مەدەنی و کوشتنی بە ئەنقەست.

هاوکـات لـە ڕاپۆرتەکـەدا ئـەوەش خراوەتـە ڕوو کـە سـەلمێنراوە هەنـدێ لـە میلیشیا چەکدارییەکان کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق کار دەکـەن، لـە چەنـد پارێزگایـەکی عێـراق بـە تایبـەتی دیالـە و سـەلاحەددین پێشـێلکاری هاوشێوەیان ئەنجامداوە.

لـە ڕاپۆرتەکــەدا جــەخت لەســەر ئــەوە کراوەتــەوە: ئامــانجی ڕێکخــراوی تیرۆریستی داعش ڕووخاندنی دەوڵـەتی عێراق و کۆمەڵگاکەیـەتی، دەشڵێت: "لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکان کە لە ئەنبارەوە پەلی هاویشت بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق، لـە ١ی حوزەیرانـەوە تـا ١٠ کـانوونی یەکـەمی ٢٠١٤ حـەوت هەزار و ٨٠١ هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و ١٢ هەزار و ٤٥١ کەسی دیکەش بریندار بوون".

لـە لایـەکی دیکـەوە ژمـارەی ئـەو هاوڵاتییـە مەدەنیانـە نازانرێـت کـە بـە هـۆی نەبوونی خۆراك و پێداویستی پزیشکیەوە گیانیان لەدەستداوە.

لەو بارەیـەوە نیکۆلای ملادینۆڤ، نوێنـەری تایبـەتی سکرتێری گشـتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـۆ عێـراق ڕایگەیاند:"ئـەم ژمـارەی قوربانیـانی هاوڵاتیـانی مەدەنی نزمترین ڕێژەی قوربانیەکانە".

هاوکات ملادینۆڤ، داوای لە سەرکردە عێراقییەکان کرد کاری بـە پـەلـە بکـەن بـۆ بـەرگرتن لـەو پێشـێلکاریانەی لـە لایـەن ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش و میلیشیاکانی ژێر دەسـەڵاتی حکومـەتی عێراق ئـەنجام دەدرێن، بۆ ئەمـەش بـە پێویسـتی زانــی بەرنامەیــەکی سیاســی دیــاری بکرێــت و کــار بکرێــت بــۆ لێکنزیکبوونەوەی لایەنەکان.

(٢٠)

**نەتەوە یەکگرتووەکان: عێراق وڵاتی بێوەژنانە**

٢٠١٥/٣/٩

تیمی تایبەتی نێردراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) ڕایگەیاند، بە هۆی چڕبوونی توندوتیژی لە مـانگی یەکـی ساڵی ٢٠١٥وە لە عێراق نزیکەی ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار ئافرەت لەو وڵاتە ئاوارە بوون، جگە لەوەی ملیۆنێــک و ٦٠٠ هەزار بێــوەژن لە عێــراق بژێــویی ژیــان بــۆ خێزانەکانیان دابین دەکەن.

لیــز گرانــدی، جێگــری نــوێنەری تــایبەتی ســکرتێری گشــتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق لە راگەیەندراوێکدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان، دەڵێ: "ژنان و کچان لە ٥١% ی ئاوارەکانی ئەم دواییەی عێراق پێکدەهێنن، لەو دەمەی نزیکەی ٥ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار هاووڵاتی عێراق لە ترسی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەڕەشەی کوشتن ناچار بوون لە ناوچەکانی خۆیان هەڵبێن".

لیز گراندی دەشڵێ "ئەرکە هەرە لە پێشەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی بە دەنگەوە هاتنی پێداویستییەکانی گرووپەکانی ژنانە لە ژینگەیەکی هاوشێوەدا، لە کاتێکدا نزیکەی ملیۆنێک و ٦٠٠ هەزار بێوەژن و ژنانی دیکەش لە عێراق بژێوی ژیان بۆ خێزانەکانیان دابین دەکەن".

حکومەتی عێراق باس لە ئاوارە بوونی نزیکەی سێ ملیۆن هاووڵاتی عێراق دەکات بە تایبەت لە پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکووک، سەڵاحەدین، ئەنبار، هەر بە پێی ئامارەکانی حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی هەرە زۆری ئەو ئاوارانە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

**سەرچاوەكان**

(١) تۆری میدیایی رووداو
(٢) تۆری میدیایی رووداو، غازی حارس
(٣) ماڵپەری خەڵك، دارین ئاسۆ
(٤) تۆری میدیایی رووداو، غازی حارس
(٥) تۆری میدیایی رووداو، فەرهاد چۆمانی
(٦) تۆری میدیایی رووداو، غازی حارس
(٧) سوودم لەم دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە:
- تۆری میدیایی رووداو
- ماڵپەری باسنیۆز
(٨) باسنیۆز، بێستون كاكەیی
(٩)تۆری میدیایی رووداو، ساله كورده
(١٠) ماڵپەری سبەی
(١١) تۆری میدیایی رووداو
(١٢) ماڵپەری كوردسات نیوز
(١٣) سوودم لە چەنیدن سەرچاوە وەرگرتووە" كە وەك هەواڵ بڵاوكرایەوە
(١٤) ماڵپەری باسنیۆز
(١٥) تۆری میدیایی رووداو، غازی حارس
(١٦) ماڵپەری جینۆساید كورد
(١٧) ماڵپەری باسنیۆز، ئاریا كوردستانی
(١٨) ماڵپەری چاودێرنیوز
(١٩) ماڵپەری خەندان
(٢٠) تۆری میدیایی رووداو، ئاسۆ فیشەگی

# بەشی دووەم
# باراك ئۆباما

(١)
**ئۆباما چۆن بڕیاری هێرشکردنە سەر داعشی دا؟**
٢٠١٤/٨/٨

سی و شەش کاتژمێر پێش دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی ئەمریکی بۆ سەر چەکدارانی داعش، ئۆباما لە پێناو هەرچی زووە بڕیاردان لەسەر دۆخی کوردستان و عێراق کۆبوونەوەیەکی لوتکەی لەگەڵ سەرکردە باڵاکانی وڵاتانی ئەفریقا جێهێشت.
میدیاکانی ئەمریکا ئاشکرایان کردووە، ئەو کاتەی باراك ئۆباما زانیاری بە پەلەی لەسەر دۆخی کوردستان و عێراق پێگەیشتووە، لە کۆبوونەوەی لوتکەی دۆستایەتی ئەمریکا و ئەفریقا بووە و هەر زوو بە پەلە کۆبوونەوەی لوتکەی لەگەڵ سەرکردەکانی وڵاتانی ئەفریقا بەجێهێشتووە.
سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن، کە ئۆباما لەو کۆبوونەوەیەدا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە خێرایی چووەتە دەرەوە و بەرەو لیمۆزینەکەی بە پەلە هەنگاوی ناوە، هەروەها چەند بەرپرسێکی کۆشکی سپیش خۆیان گەیاندووەتە لیمۆزینەکەی ئۆباما و بە خێرایی بەرەو کۆشکی سپی ڕۆیشتوون، بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە ئەو دەستە تایبەتەی کۆشکی سپی، کە زانیارییەکانیان لەسەر چەکدارانی داعش و دۆخی ناوچەکە و رەوشی کوردانی ئێزیدی لە چیای شنگال بۆ ئۆباما ئامادە کردبوو.

**کوردانی ئێزیدی یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی گەیشتن بە بڕیارەکە بوون**
بە پێی ئەو راپۆرتانە، دوای ٣٦ کاتژمێر لە بەپەلە جێهێشتنی کۆبوونەوەکە لە لایەن ئۆباما، هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بە فڕۆکەی ئێف- ئەی ١٨ و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ سەر پێگەکانی چەکدارانی داعش دەستی پێکرد.
لە کۆبوونەوە بەپەلەکەی کۆشکی سپیدا، ئۆباما بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، لەگەڵ بەرپرسانی کۆشکی سپی و بەرپرسە باڵاکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیدا گفتوگۆی چڕوپڕی کردووە و ئەو بڕیارەی لێبەرهەم هات، کە لێدان بوو لە پێگەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش.
لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکی نووسیویەتی، هەرێمی کوردستان کلیلی ستراتیژە نوێیەکی ئۆباما بووە لە عێراق و دۆخی ئەو هەرێمە و کوردانی ئێزیدی و گیرخواردنیان لە چیای شنگال و ترسی

جینۆسایدکردنی ئەو کوردانە لە خاڵە گرنگەکانی کۆبوونەوەکە بوون و بوونەتە هۆکاری سەرەکی بڕیارەکەی ئۆباما.
ئەو ڕۆژنامەیە هەروەها نووسیویەتی، تەنانەت لە دوایین ساتەکانی کۆبوونەوەکەدا کاتێك خانمی یەکەمی ئەمریکا چاوەڕێی ئۆبامای کردووە بۆ نانخواردنی ئێوارە، ئۆباما، لە کاتی هەستانیدا بە ئامادەبوانی کۆبوونەکەی گوتووە، کوردانی ئێزیدی پێویستییان بە هاوکاری بە پەلە هەیە و دەبێت ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ وەستانی میلیشیاکان بەرەو ناوچە کوردییەکان ئەنجام بدرێت.

## کوردستان کلیلی ستراتیژی ئۆباما بوو

دواتر لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی ئابدا بەرپرسانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بە زووترین کات ئەپدەیتی ڕووداوەکانیان لە ڕێگەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کۆکردووەتەوە و بە وردی ئاگاداری سات بە ساتی ڕووداوەکان بوون. باس لەوەش دەکرێت ئەمریکا لە ڕێگەی کوردستان و عێراق هەروەها دەزگا هەواڵگرییەکانی چاودێری وردی ناوچەکەی کردووە و ئاگاداری هەموو ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکانی کوردستان بووە، بە تایبەت ئەو ڕێگایانەی دەیبەستێتەوە بەو ناوچانەی شەڕیان تێدا بەردەوام بووە و خەڵکی لەو ناوچانەوە بەرەو کوردستانی باشوور هەڵدەهاتن.
هەر هەمان ڕۆژ ئۆباما لە کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی بە کاتی ئەمریکا، کۆبوونەوەیەکی ٩٠ خوولەکی لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی لە کۆشکی سپی ئەنجام دا و زۆر بە وردی باسیان لە ڕەوشی کوردانی ئێزیدی کردووە، کە چۆن ژیان دەگوزەرێنن و ڕاپۆرتی وردیان لەو بارەیەوە لە بەردەستدا بووە، کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە ڕەوانەی کۆشکی سپیان کردبوون، بەرپرسێکی کۆشکی سپی بە بێ ئەوەی ناوی ئاشکرا بکرێت بە واشنتن پۆستی ڕاگەیاندووە، لە کاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکاندا لە سەر کوردانی ئێزیدی ئۆباما پێداگری لەسەر جوڵەی سەربازی هێزی ئاسمانی کردووە.
بە پێی ئەو ڕاپۆرتانە هەر لە کاتی کۆبوونەوەکەدا جۆن کیری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و چەك هەیگڵ، وەزیری بەرگری ئەمریکا، بە ڤیدیۆ سکرین چوونەتە ناو کۆبوونەوەکە و زانیارییەکان بە هەموو لایەك دراون. لە هەمان کاتیشدا سامانتا پاوەر، باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی ڤیدیۆوە بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا پێکراوە.

لەو کۆبوونەوانەدا ئۆباما بڕیاری دوو ئۆپەراسیۆنی جیاوازی دا، کە یەکێکیان هێرشی ئاسمانی بۆ سەر داعش و ئەوی دیکەیان گەیاندنی بە پەلەی هاوکاری مرۆیی خەڵکی مەدەنی بە تایبەت کوردانی ئێزیدی لە چیای شنگال.

(٢)

**باراک ئۆباما: پێویستە هەرێمی کوردستان بپارێزرێت**

٢٠١٤/٨/٩

باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا، ستایشی رۆڵی هەرێمی کوردستانی کرد و رایگەیاند، هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوەژیان و ئاین و پێکهاتە جیاوازەکانە و پێویستە بە پارێزراوی بمێنێتەوە.
لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی، باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ستایشی بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستانی کرد بەوەی توانیویانە هەرێمێکی پێکەوەژیان دروست بکەن بۆ پێکهاتە و ئاینەکانی دیکەش.
ئۆباما سەبارەت بە هەرێمی کوردستان گوتی:"کورد لە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، زیاتر سوودیان لەو قوربانیانە بینیوە کە ئەمەریکا لە عێراق بۆ ئازادی قوربانی داوە"، روونیشیکردەوە کە بۆ ئەمەریکا گرنگە کە دڵنیابن هەرێمی کوردستان پارێزراوە.
باراک ئۆباما سەبارەت بە هێرشی ئاسمانی ئەمەریکا بۆ سەر چەکدارانی داعش رایگەیاند، هەرچەندە ئەمەریکا بڕیاری گورزی سەربازی بۆ سەر چەکدارانی داعش داوە، بەڵام نایانەوێت ببێتە بەدیلێک بۆ هێزی ئاسمانی عێراق بۆیە هێرشە ئاسمانییەکانیان سنوردار دەبن.

(٣)

**ئۆباما: کونسڵخانە و هاووڵاتیەکانمان لە کوردستان ناکشێنینەوە**

٢٠١٤/٨/٩

باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا لە شاری واشینتۆن وتارێکی سەبارەت بە دۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد.

لە وتارەکەیدا ئۆباما سەبارەت بە هاوکاری سەربازی ئەمریکا لە جەنگی دژە داعشدا رایگەیاند "دەبوو پارێزگاری لە هاولاتیانی ئەمریکی نیشتەجێی هەولێر و کوردستان بکەین و خەڵکانی سڤیل بپارێزین".
گوتیشی:"بەردەوام دەبین لەسەر هاوکاریکردنی کورد و عێراق لە رووبەڕووبوونەوەی داعش و تیرۆریستان و بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارەکانی شنگالیش دوو جار هاوکاریمان گەیاندۆتە ئاوارەکان و بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەو کۆمەکە مرۆییە".
لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا سەرۆکی ئەمەریکا دەڵێ:"هەموو کۆمەڵگەی عێراقی هاوکارن لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستەکان و پێویستە حکومەتێکی متمانەپێکراوی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بە زووترین کات دابمەزرێت و ئەو حکومەتە پارێزەری سەرجەمی پێکهاتەکانی عێراق بێت".
هەروەها رایگەیاند کە کاتێکی دیاریکراو نییە بۆ راوەستاندنی هاوکارییە سەربازیی و مرۆییەکانمان بۆ هەولێر و بە هیچ شێوەیەکیش کونسڵخانە و هاولاتییەکانی خۆمان لەو ناوچانە پاشەکشە پێ ناکەین.

(٤)

**ئۆباما: بەردەوام دەبین لە یارمەتیدانی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق**

٢٠١٤/٨/١٤

رۆژی پێنجشەممە ١٤-٨-٢٠١٤ باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، بەردەوام دەبین لە هێرش بۆ سەر مۆڵگەکانی چەکدارانی داعش و بەڵێنی رزگارکردنی چیای شنگالی بە تەواوی راگەیاند.
ئۆباما کە بۆ سەیران رۆیشتبووە مارتاز وینیاردی ماساچوستی ئەمریکا گوتیشی هێزە سیخوڕییەکانی ئەمریکا کە رۆیشتبوونە ناوچەکە دەگەڕێنەوە ئەمریکا، بەڵام هێرشە ئاسمانییەکان بەردەوام دەبن.
بە گوێرەی هەواڵی فرانس پرێس، سەرۆکی ئەمریکا گوتوویەتی ئەگەر چەکدارانی داعش ببنە هەرەشە بۆ سەر فەرمانبەران و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچە و بە تایبەت لە شاری هەولێر، لە هێرشە ئاسمانییەکان بەردەوام دەبین.

ئۆباما زیاتریش گوتی:"گرنگ ئەوەیە دۆخی شنگال بە شێوەیەکی بەرچاو باش بووە و خەڵکی ئەمریکا دەبێ شانازی بە ئێمەوە بکەن کە توانیمان گەمارۆی سەر چیای شنگال بشکێنین".
جەختیشی کردەوە ئێمە گیانی زۆر کەسمان رزگار کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەبین لە یارمەتیدانی هێزە کوردییەکان و سوپای عێراق.

(٥)

**ئۆباما: هەڕەشەکانی داعش ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدی و مەسیحییەکانی ئاوارە کردوون**

٢٠١٤/٨/١٤

باراك ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وتارێکی لە بارەی رەوشی عێراق پێشکەش کرد و رایگەیاند سەرباز رەوانەی عێراق ناکەین بەڵام بەردەوام دەبین لە گەیاندنی هاوکاری سەربازی بۆ کوردستان و عێراق.
ئۆباما گوتی:"هەڕەشەکانی داعش ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدی و مەسیحییەکانی ئاوارە کردوون، خەریکبوو هەندێك لە ئاوارەکان لەسەر چیای شنگال لە برسان دەمرن و هەندێکیشیان لە تینوویەتیان دەخنکان".
ئۆباما هەروەها گوتی:"هەفتەی رابردوو سوپای ئەمریکا کردارێکی مرۆیی ئەنجامدا و نزیکەی ١٤٠ هەزار ژەمەخۆراك و هەمان بڕیش لیتر ئاو گەیەندرایە ئاوارەکان".
سەرۆکی ئەمریکا لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە بە هاوکاری هێزە کوردییەکان ئاوارەیەکی زۆریان لەسەر چیای شنگال رزگار کردوون.
گوتیشی: "پێناچێت ئۆپەراسیۆنی دیکە لەسەر چیای شنگال ئەنجامبدەین و ئەو سەربازانەی چوونە سەر چیاکە دەگەڕێنەوە".
ئۆباما باسی لەوەشکرد کە تا ئێستا ناوچەکە لە ژێر هەڕەشەی داعشدایە بەڵام رەوشی ئاوارەکان بەرەو باشبوون دەڕوات. داواشی لە هەموو لایەنە عێراقییەکان کرد بەیەکەوە دابنیشن و وەڵامی هەڕەشەکانی داعش بدەنەوە.

(٦)

**ئۆباما بە فەرمی فەرمانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر چەکدارانی داعش راگەیاند**

٢٠١٤/٨/١٧

کۆشکی سپی رایگەیاند، ئۆباما بە فەرمی فەرمانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر چەکدارانی داعش لە دەورووبەری بەنداوی موسڵ راگەیاندووە. ئەگەرچی چەند ڕۆژێکە فرۆکە ئەمریکییەکان بۆردومانی چەکدارانی داعش دەکەن لە کاتی هێرشی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر ئەو چەکدارانە، بەڵام ڕۆژی یەکشەممە باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بە کۆنگرێسی راگەیاندووە کە ئەو فەرمانی بە فرۆکە ئەمریکییەکان داوە هێرش بکەنەسەر بەنداوی موسڵ.
کۆشکی سپی لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاند، لە دەستدانی بەنداوی موسڵ دەتوانێ ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان بخاتە مەترسی.
هەروەها هاووڵاتیانی ئەمریکا لە بەغدا و باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە رووبەرووی لە عێراق رووبەرووی مەترسی بکەنەوە.
لەو راگەیەندراوەدا هاتووە، هێرشی سەربازی ئەمریکا بە هاوکاری و خواستی عێراقە.
سەرۆکی ئەمریکا لە بڕیارێکی چاوەڕوان نەکراودا کۆتایی هێنا بە پشووی دوو هەفتەیی خۆی و بۆ راوێژکردن لەگەڵ یاریدەدەر و راوێژکارەکانی گەرایەوە واشنتۆن.
ئەسوشێتێدپرێس بڵاوی کردەوە، ئۆباما پشووەکەی لە دوورگەی مارتا واین یارد لە ئەیالەتی ماسۆچۆست بە نیوەچڵی هێشتەوە بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممە لەگەڵ جۆ بایدنی جێگری و راوێژکارەکانی ببێ لە بارەی دوایین دۆخی عێراق و ناوچەکە.

(٧)

**ئۆباما: پێشمەرگە بەنداوی موسڵیان رزگار کرد**

٢٠١٤/٨/١٨

دووشەممە ١٨-٨-٢٠١٤ سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی بارودۆخی عێراق و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی شاری فرگوسن قسەی کرد.
ئۆباما گوتی: ئەمریکا یارمەتی گەیاندووەتە هێزە عێراقییەکان، ئاشکراشی کرد پیلانیان هەیە بۆ پاشەکشە پێکردنی چەکدارانی داعش لە عێراق.

ئۆباما جەختیشی کردەوە شەوی رابردوو فەرمانی هێرشی ئاسمانی بەربڵاوی بە فرۆکە ئەمریکییەکان داوە و راشیگەیاند پێشمەرگە توانیویەتی بەنداوی موسڵ لە دەستی چەکدارانی داعش رزگار بکات.
ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ئێرانی بڵاویشی کردەوە، ئۆباما راشیگەیاند خەریکی دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییە لەگەڵ فەرەنسا و کەنەدا و بەریتانیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی شنگال.
ئۆباما باسی خۆپێشاندانەکانی فرگوسنیشی کرد و گوتی: زیاترین خۆپێشاندەرەکان ئاشتی خوازن بەڵام ژمارەیەکی کەمیشیان گێرەشێوێنن.
پاش کوشتنی مایکل براون، گەنجێکی رەشپێستی ١٨ ساڵە، خۆپێشاندان فرگوسنی گرتووەتەوە.

(٨)
**دەقی نامەی ئۆباما بۆ کۆنگرێس لەسەر پشتیوانی لە کوردستان**
٢٠١٤/٨/١٨

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نامەیەکدا بۆ کۆنگرێسی وڵاتەکەی باسی ئەو هۆکارانە دەکات کە وایانکرد بڕیار بدات پشتیوانی ئاسمانی لە باشووری کوردستان بکات. ئۆباما لە نامەکەیدا دەڵێت:"من سەرپەرشتیی ئەو کردەوانەم کردووە، کە لە پێناوی ئاسایشی نیشتمانیمان و بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە".
بە گوتەی ئۆباما دەرهێنانی بەنداوی موسڵ لە دەست چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) وا دەکات کارمەندان و بارەگاکانی ئەمریکا لە عێراق، بە باڵیۆزخانەی ئەمریکاشەوە لە بەغدا، پارێزراوبێت.

**دەقی نامەکەی ئۆباما بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی کۆنگرێس**
ڕۆژی ٢٠١٤/٨/١٤، ڕێگەم بە هێزە چەکدارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا کە هێرشی ئاسمانی ئەنجامبدەن بۆ پشتیوانی لەو ئۆپەراسیۆنانەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ سەر لە نوێ گرتنەوەی بەنداوی موسڵ

ئەنجامیاندا. ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانە، بە پێی پێویست، سنووردار دەبن لە شێواز و ماوەی جێبەجێکردنیاندا و ئامانجیان پشتیوانیکردنە لە هەوڵەکانی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو بەنداوە هەستیارە، ئەمەش بەشێکە لە هەڵمەتێکی ئەو هێزە چەکدارە عێراقییانە لە دژی گرووپی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).
رووخانی بەنداوی مووسڵ هەڕەشە لەسەر ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سیڤیل دروست دەکات، هەروەها کارمەندان و بارەگاکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە دەخاتە مەترسییەوە، بە باڵیۆزخانەی ئەمریکاشەوە لە بەغدا، جگە لەوەش رێگە لە حکومەتی عێراق دەگرێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بگەیەنێتە دانیشتوانی عێراق. لەسەر بنەمای ئەو رێگەپێدانەی من، هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی هێرشە ئاسمانییەکانیان لە عێراقدا دەستپێکرد.
من سەرپەرشتیی ئەو کردەوانەم کردووە، کە لە پێناوی ئاسایشی نیشتمانیمان و بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە. ئەمەشم بە پێی دەسەڵاتە دەستوورییەکانم کردووە کە رێگەم پێدەدات سەرپەرشتیی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەم. هەروەها ئەوەم وەکو فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان کردووە.
ناردنی ئەم راپۆرتە لەلایەن منەوە بەشێکە لەو هەوڵانەم کە دەیدەم بۆ ئەوەی کۆنگرێس بە تەواوی ئاگادار بکەمەوە لەوەی روودەدات، ئەمەش تەبایە لەگەڵ بڕیاری دەسەڵاتە جەنگییەکان (کە لە یاسا جەماوەرییەکانی ژمارە ٩٣ تاوەکو ١٤٨ دا هاتووە). سوپاسگوزاری پشتیوانیی کۆنگرێسم لەم رەوشەدا.

لەگەڵ رێزمدا

باراك ئۆباما

(٩)

**ئۆباما لە بارەی ئەو ڕۆژنامەنووسەی داعش سەری بڕی هاتە دەنگ**

٢٠١٤/٨/٢٠

باراك ئۆباما سەرۆكی ئەمریكا لە بارەی سەربڕینی ڕۆژنامەنووسە ئەمریكییەكە ڕاگەیەندراوێكی بڵاوكردەوە.
لە بەشێك لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: كوشتنی جیمز فولی هەوڵێكی توندرەوانە بوو كە سەرجەم جیهانی تووشی شۆك كرد. گرووپێكی وەكو داعش هیچ شوێنێكیان لە چەرخی ٢١ دا نیە.
لە بەشێكی تری ئەو ڕاگەیەنراوەدا هاتووە: گرووپی داعش هیچ هێمایەكیان لە هیچ ئاینێك نیە. هیچ ئاینێك نیە كوشتنی كەسانی بێتاوان حەڵاڵ بكات.
ئۆباما لە كۆتاییدا دەڵێت: یەزدانی دادگەر هەرگیز كارێك كە ڕۆژی ڕابردوو داعش كردی و كارێك كە ئەو گرووپە هەموو ڕۆژێك دەیكا، قبوڵ ناكات.
داعش لە گرتەڤیدیۆییەكدا بڵاوی كردەوە جیمز رایت فولی پەیامنێر و وێنەگری ئەمریكیان لەبەر هێرشەكانی ئەمریكا بۆ سەر مۆڵگەكانی داعش لە عێراق سەربڕیوە.
فولی ساڵی ٢٠١٢ كاتێك بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرت ڕۆیشتبووە سوریا لە نزیك سنووری توركیا لە لایەن چەند كەسێكی نەناسراو دەستبەسەر كرا. ناوی لە لیستی ونبووەكانی ئێف بی ئای ئەمریكادا هاتووە.
لەو گرتەڤیدیۆییەدا، چەكدارێكی داعش لە پاڵ ئەو ڕۆژنامەوانە ئەمریكییە وەستاوە و ئۆباما بە بكوژی سەرەكی ڕۆژنامەوانەكە ناودەبات.
ئەو چەكدارەی داعش داوا لە برا فرۆكەوانەكەی لە ناو هێزی ئاسمانی ئەمریكا دەكات، هێرشەكانیان بۆ سەر چەكدارانی داعش بوەستێنن.
باراك ئۆباما دوو هەفتە بەر لە ئێستا لەگەڵ پێشرەوییەكانی داعش بۆ نزیك سنورەكانی هەولێر، فەرمانی هێرشی ئاسمانی بە فرۆكە جەنگییەكانی ئەمریكادا كە مۆڵگەكانی داعش بكەنە ئامانج.

(١٠)

**ئۆباما داوای پارەی زیاتر دەكات**

٢٠١٤/٨/٢٣

لە ماوەی داهاتوودا سەرۆكی ئەمەریكا داوا لە كۆنگرێسی وڵاتەكەی دەكات، ڕەزامەندی لەسەر تەرخانكردنی پارەی زیاتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش نیشان بدات.

سەرچاوەیەك لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریكا ئاشكرای كرد ،لە چەند هەفتەی داهاتوودا باراك ئۆباما سەرۆكی ئەمەریكا داوای پارەی زیاتر بۆ بەردەوامیدان بە بۆردومانە ئاسمانییەكانی ئەمەریكا لە دژی داعش دەكات.
سەرچاوەكە هۆكاری داواكارییەكەی ئۆبامای بۆ كوشتنی ڕۆژنامەنووسە ئەمەریكییەكە لە لایەن ڕێكخراوی داعش گەڕاندەوە.
داواكارییەكەی ئۆباما لە كاتێكدا دێت كە ئەندامە دیارەكانی كۆنگرێسی ئەمریكا داوا لە باراك ئۆباما دەكەن، فشارە سەربازییەكان لەسەر چەكدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) زیاد بكات.
هاوكات ئەندامانی كۆنگرێس داوای لێكۆڵینەوە لە وردەكارییەكانی هەوڵی ڕزگاركردنی ڕفێنراوەكانی لای داعش لە سوریا دەكەن.
لەمبارەوە ڕۆژنامەی (تەلەگراف)ی بەریتانی لە زاری سەرچاوەكانیەوە بڵاوی كردووەتەوە لە سەعات ٣ی بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٤ فڕۆكە ئەمریكییەكان بە ئاسمانی شاری ڕەقەی باكووری سوریاوە بینراون.
بە گوێرەی زانیارییەكان ئەو فڕۆكانە لە جۆری بلاك هۆك بوون و هەر لەو جۆرە فڕۆكەیە بوون كە لە پرۆسەی كوشتنی ئوسامە بن لادن لە پاكستان بەكار هێنران.

(١١)
**پوختەی پرێس كۆنفرانسەكەی باراك ئۆباما**
٢٠١٤/٨/٢٨

كاتژمێر ١٠:١٠ خولەكی شەوی (٢٠١٤/٨/٢٨) باراك ئۆباما لە پاش كۆبونەوەی لەگەڵ ستافی ڕاوێژكارانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا، كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەیی گرێدا... ئەمەی خوارەوە كورتەكەیەتی:
- داعش مەترسی ڕاستوخۆیە لەسەر گەلی عێراق و ناوچەكەیە.
- ئۆپەراسیۆنەكەمان لە عێراقدا خێرا نابێت و كارەكەمان درێژە ئەكێشێت.
- دەوڵەتانی ناوچەكە تیگەیشتون لەو مەترسیەی داعش دروستی كردووە.
- من وەكو فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكان هەموو شتێك ئەكەم بۆ پاراستنی خاك و خەڵكی خۆمان.

- دەبێ پرۆسەکە بەشێك بێت لە چارەسەرێکی فراوانتر کە سەرکردە عێراقیەکان پێی هەڵبستن لە پێکهێنانی حکومەتێکی فراوان.
- پێویستە حکومەتێك پێك بهێنرێ هەموو پێکهاتەکان تیایدا بەشدار بن و مافە سەرەتاییەکان بۆ خەڵك دابین بکات.
لە بڕگەیەکی تری پرێس کۆنفرانسەکەدا ئاماژەی دا بە دۆخی ئۆکرانیا و گوتی: ڕوسیا ئۆکرانیا ئەشێوێنێ... ئەمەش ناوچەکە بەرەو جەنگێکی سارد ئەبات.

(١٢)

**ئۆباما: کارەکانی داعش وەحشیگەرین**

٢٠١٤/٩/٣

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردەوەکانی ڕێکخراوی داعشی بە وەحشیگەری وەسفکرد و جەختیشی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی دەستی بە بکوژی ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکە دەگات.
لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند "دادپەروەری ڕێگەی خۆی دەگرێت و ئەمریکاش دەستی بە بکوژی دووەمین ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دەگات".
دووپاتیشیکردەوە" داعش بە تەنیا هەڕەشە لە عێراق ناکات، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو ناوچەکە". ئاماژەشی بەوەکرد کە شەڕی داعش ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت.
لە لایەن خۆشیەوە جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند" ئەمریکا سزای بکوژانی هەردوو ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی جیمس فۆلی و ستیڤن سۆتلۆف دەدات کە لە لایەن داعشەوە سەربڕدراون".
دووپاتیشیکردەوە "کاتێك تیرۆریستان لە هەر شوێنێکی جیهان ئەوانە دەکوژن کە لە ژێر چاودێری ئێمەدان، ئەمریکا بە تێپەڕبوونی کات سزایان دەدات، بۆیە دەبێت ئەوانەی فۆلی و سۆتلۆفیان لە عێراق و سوریا کوشت بزانن، ویلایەتە یەکگرتووەکان بە سزای خۆیان دەگەیەنێت، هەرچەند کاتیشی بەسەر بچێت". دووپاتیشیکردەوە 'ئەو وەحشیگەرییە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە.

ئەم هەڵوێستەی گەورە بەرپرسانی ئەمریكا دوای ئەوە هات كە ڕێكخراوی توندڕەوی داعش سەری دووەمین ڕۆژنامەنووسی ئەمریكی بە ناوی ستیڤن سۆتلۆف بڕی و لە گرتەیەكی ڤیدیۆییدا بڵاویكردەوە.

(١٣)
**باراك ئۆباما: هەنگاوی داهاتوومان فراوانكردنی هێرشەكانە بۆ سەر داعش**
٢٠١٤/٩/٥

باراك ئۆباما، سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە كۆنگرەی لوتكەی ناتۆ لە وێلز وتارێكی پێشكەش كرد و باسی ڕەوشی ئۆكراینا و بارودۆخی عێراق و سووریای كرد بە هۆی هێرشەكانی داعشەوە.
ئۆباما سەبارەت بە داعش و هێرشەكانی ئەمریكا بۆ سەر مۆڵگەكانیان لە عێراق ڕایگەیاند، كە هێرشی ئەمریكا بۆ سەر چەكدارانی داعش بەردەوام دەبێت و ئاشكرایكرد، كە ئامانجی داهاتووی ئەمریكا فراوانكردنی هێرشەكانە بۆ لە ناوبردنی داعش.
ئۆباما جەختی لەوە دەكردەوە، كە ئەمریكا دەیەوێت بە پلان هێرش بكاتە سەر داعش و گوتی: "دەمانەوێت سەرەتا سەركردەكانیان لەنێو ببەین هەروەكو ئەوەی بەسەر قاعیدەمان هێنا".
سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا باسی لەوەشكرد، كە تاوەكو ئێستا فڕۆكە جەنگییەكانی ئەمریكا لە عێراق ١٠٠ هێرشی ئاسمانییان كردووەتە سەر داعش و وەك خۆی گوتی "كاریگەریی لەسەر پاشەكشەی داعش هەبووە".
گوتیشی "بڕیارە هەفتەی داهاتوو حكومەتی تازەی عێراق پێكبهێنرێت، ئێمەش ئەو كات لەسەر ستراتیژێكی نوێ ڕێكدەكەوین".
ئۆباما باسی لە هاوكاریكردنی بەردەوامی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق كرد و گوتی "دەبێت پێشمەرگە و سوپا بەهێز بكەین، پێشتر سوپای عێراق ئامادە نەبوون و دەبێت ئامادە بكرێن".
لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانیش سەبارەت بەوەی ئایا ئەمریكا لە سوریاش هێرشدەكاتە سەر چەكدارانی داعش یاخود نا، ئۆباما گوتی "بیرمان لە كردەی سەربازیی لە سوریا كردووەتەوە". بەڵام ڕەتیكردەوە هێزی زەمینی

ڕەوانەی سوریا بکات و گوتی "پێمانوایە لە ئێستادا پێویست بە ناردنی هێز ناکات".
باراك ئۆباما هەر لەو وتارەیدا باسی لە ڕەوشی گرژییەکانی نێوان رووسیا و ئۆکراینا کرد و گوتی "دەبێت رووسیا واز لە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی ئۆکراینا بهێنێت". ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی بەلْتیك پێویستە سیستەمی بەرگریی بەهێز بکەن و وەك خۆی گوتی "بۆ ئەوەی ڕێ لە پێشڕەوییەکانی رووسیا بگیرێت".
ئاشکراشیکرد، کە ئەمریکا هاوکاریی ئەمنیی سەربازیی ئۆکراینا دەکات.

(١٤)
**ئۆباما بۆ ئەندامانی ناتۆ: دەبێت هێزی پێشمەرگە پڕ چەك بکرێن**
٢٠١٤/٩/٧

سەرۆك کۆماری ئەمەریکا لە کۆبوونەوەی سەرانی ئەندامانی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ) رایگەیاند کە دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە پڕ چەك بکرێن تاوەکو چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لەناو بەرن.
باراك ئۆباما سەرۆك کۆماری ئەمەریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەی سەرانی ئەندامانی(ناتۆ) کە لە وڵاتی وێڵز ئەنجامدرابوو راگەیاند"هیواخوازین هەفتەی داهاتوو حکومەتی عێراقی پێکبهێریت."
هەروەها وتیشی"داعش هەرەشەیەکی ئاشکرایە بۆ سەر ئەندامانی ناتۆ و پێویستە بجوڵێین، ئێمە داعش لە ناو دەبەین ئەمە جگە لەوەی کە ئەندامانی هاوپەیمانانی ناتۆ، ئامادەن بێنە ریزی هێزە نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ بەگژدا چوونەوەی داعش."
لە کۆتاییدا جەختی لەوە کردەوە کە" هەروەکو چۆن قاعیدەمان لە ناو برد بە هەمان شێوە پێویستە داعشیش لە ناو بەرین".

(١٥)
**ئۆباما: داعش لە کۆتایدا دەبێتە مەترسی ڕاستەقینە**
٢٠١٤/٩/٨

سەرۆكی ئەمریكا ( باراك ئۆباما) ڕایگەیاند: لەم هەفتەیەدا بۆ خەڵكی ئەمریكا و ڕێبەرەكانی كۆنگریس ( پلانی هەندێ هێرش) بۆ سەر ڕێكخراوی داعش ڕوون دەكەمەوە. چونكە بە گوتەی ئەو: داعش لە كۆتایدا دەبێتە مەترسی ڕاستەقینە لەسەر وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.
بۆ ئەو مەبەستە ئۆباما ڕۆژی ٣ شەممە لەگەڵ ڕێبەرەكانی كۆنگریس كۆدەبێتەوە، هەروەها ڕۆژی ٤ شەممەش وتارێك بۆ خەڵكی ئەمریكا دەخوێنێتەوە و لەو وتارەدا دیاری دەكات ( پلانمان چی دەبێت؟) بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو گرووپە توندڕەوە.
ئۆباما چونكە لە كاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنیدا بانگەشەی دەكرد بۆ پاشەكشەكردن لە عێراق، لە ئێستادا سەختی و لەمپەرێكی زۆری بۆ دروست بووە سەبارەت بە دیاریكردنی ڕێگەیەك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا. تاكو كۆتایی مانگی ڕابردووش ئۆباما بە ڕۆژنامەنوسانی گوت: هیچ ستراتیژێكمان نیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ داعشدا.
ئۆباما لە دیدارێكی كەناڵی (N.B.C) ئەمریكیدا ڕایگەیاند: تەنها دەمەوێ خەڵكی ئەمریكا لە سروشتی هەڕەشەكە تێ بگات. هەروەها لەوە تێ بگات كە ئێمە دەمانەوێ چۆن ڕووبەڕووی هەڕەشەكە ببینەوە. متمانەیشیان هەبێت بەوەی ئێمە توانای ئەوەمان هەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڕەشەیەدا بكەین.
زیاتر گوتی: قۆناغی ئایندە، قۆناغی دەستكردنە بە هەندێ هێرش لە دژی داعش.
وتارەكەی ڕۆژی ٤ شەممەی داهاتوو، تەنها ١ ڕۆژ بەر لە ساڵیادی هێرشەكانی ٢٠٠١/٩/١١ واتە ئەو هێرشانەی كە ڕێكخراوی قاعیدە كردیە سەر هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك و ئەپارتمانی وەزارەتی بەرگری( پەنتاگۆن) لە ڕێی چەند فرۆكەیەكی ڕفێندراوەوە، كە بووە هۆی وێران بوونی سەنتەرەكە و چەند بەشێكی پەنتاگۆن و كوژرانی نزیكەی ٣٠٠٠ هاوڵاتی لە هەموو ڕەگەزە جیاوازەكان.
ئۆباما دڵنیایی دایە هاوڵاتیانی ئەمریكا و گوتی: دەمەوێ هەموان تێ بگەن لەوەی ئێمە زانیاری هەواڵگریمان پێ نەگەیشتوە لەمەڕ هەڕەشەی نزیك بۆ سەر ئەمریكا لە لایەن ڕێكخراوی داعشەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا گوتی: بەڵام ئەو ڕێكخراوە توانیویەتی جەنگاوەری بیانی لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەكانەوە بۆ ناو ڕیزەكانی خۆی ڕابكێشێت. ئەو جەنگاوەرانە بە هۆی ئەوەی ڕەگەزنامەی وڵاتانی ڕۆژئاواییان پێیە، دەتوانن بێ كۆسپ و

لەمپەر سەفەر بکەن بۆ ئەمریکا. بە تێپەڕینی کاتیش، دوور نیە ئەوە هەڕەشەبێت بۆ سەر ئەمریکا.
پێشتر لە دیدارێکی تری تەلەفزیۆنیدا، ئۆباما داعشی لە ڕیزی ئەو بزوتنەوە چەکدارە بیانیانەدا پۆلاندبوو کە هەڕەشەیەکی سنورداریان هەیە و دەکرێ بەراورد بکرێن بە ( باسکواشە تازە پێگەیشتوەکان). بەڵام لەم دیدارەی کەناڵی( N.B.C) دا دانی بەوەدانا کە ڕێکخراوەکە گەشەی کردووە. لەو بارەیەوە گوتی: ئێستا وەك جاران تەنها گرووپێکی تایبەت نین بەتازە پێگەیشتوان.

## ستراتیژیەتی ئۆباما

ئۆباما بە هەموو شێوەیەك ناردنی هێزی زەمینی بۆ جەنگ لەعێراق یان سوریادا ڕەت کردەوە. لەو بارەیەوە بە ئاشکرا گوتی: ئەمە شان نادات لە شانی جەنگی عێراق.
هەروەها گوتی: هاوپەیمانیەکە وەك ئەو جۆرە هەڵمەتانەی بنەبڕکردنی تیرۆر وایە کە لە ماوەی ٥ یان ٦ یان ٧ ساڵی ڕابردوودا بەشداریمان تێدا کردوون.
زیاتریش لە بارەی ستراتیژەکەوە دەڵێت: ئێمە دەبینە بەشێك لە هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتی کە هێرشی ئاسمانی جێبەجێ دەکات بۆ پشتیوانی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە هێزە عێراقیەکان و هێزە کوردیەکان ئەنجامی دەدەن، ٩ دەوڵەتی تریش قایل بوون بەوەی ببنە ئەندامی بنەڕەتی لە هاوپەیمانێتیەکەدا.
بۆ تەواو کردنی وردەکاریەکانی پلانەکە، هەردوو وەزیری ئەمریکی ( جۆن کیری) وەزیری دەرەوە و ( چاك هیگڵ) وەزیری بەرگری ڕوویان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کردووە.
ئۆباما لە بارەی پراکتیکی ستراتیژەکەیەوە دەڵێت: بە شێوەیەکی سیستماتیك تواناکانیان لاواز دەکەین. ئەو زەویانەی دەستیان بەسەردا گرتووە بەرتەسك دەکەینەوە. ئینجا لە کۆتایدا دەیان بەزێنین.
ئۆباما لە دیدارەکەدا، باسی لەوە نەکرد ئایا فەرمان ئەدات بە هێرش کردنە سەر داعش لە سوریادا یاخود نا؟... تەنها گوتی: ستراتیژەکە بۆ سوریا و عێراقە وەك یەك. دەبێ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە ڕاوەدوو بنێین لە هەر لایەك بن.
جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەمریکا پێویستی بە هاوکاری دەوڵەتە (سوننیەکان)ی ناوچەکە دەبێت. بۆیە داوای کرد لە هەریەك لە : سعودیە،

ئەردەن، ئیمارات، تورکیا. تاکو شان بدەنە شانی یەکتر و هەوڵەکانیان بۆ هاوکاری کردنی ئەمریکا بخەنە کار.
سەرۆکی لیژنەی هەواڵگری لە کۆنگریسی ئەمریکا ( دیان ڤانیستاین) کە خۆیشی سەر بە دیموکراتەکانە، ڕایگەیاند: پێویستە ئۆباما بۆمان ڕوون بکاتەوە ئایا هاوپەیمانەکان کتومت ئامادەن چ ئەرکێك لە ئەستۆ بگرن، ئایا سعودیە چ ڕۆڵێکی دەبێت. هەروەها ئایا ئێران کە دوژمنی لە مێژینەی ئەمریکایە، لە کاتێکدا پێشنیاری هاوکاری کردووە، ڕۆڵی پێ دەدرێ یان نا. من ئەو ڕۆڵە بە گرنگ و بەسود دەزانم.
هەروەها سیناتۆری کۆماری ( بیتەر کینگ) ئەندامی کۆمیتەی هەواڵگری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە لێدوانێکدا بۆ تەلەفزیۆنی (A.B.C) گوتی: باشتر وایە بۆ ئۆباما ڕەزامەندی کۆنگریس بۆ پلانەکەی بەدەست بهێنێت. بە دڵنیاییەوە من خۆم دەنگی بۆ دەدەم. ئەگەرچی سەرۆك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بە بێ گەڕانەوەش بۆ کۆنگریس ڕێوشوێنی گونجاو لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریادا بگرێتە بەر.

(١٦)

**ئۆباما: ستراتیژی وڵاتەکەی دژی داعش ڕاگەیاند**

٢٠١٤/٩/١١

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باراك ئۆباما لە میانەی پێشکەشکردنی وتارە ستراتیژیەتەکەی لە بابەت جەنگی دژی داعش جەختی کرد کە هاوکاری سەربازی پێشکەش بە هێزی عێراقی و پێشمەرگە دەکەن و ڕاهێنانیش بە پێشمەرگە دەکەن.
داعش "ئیسلامی" نییە، هیچ ئایینێك چاوپۆشی لە کوشتنی بێگوناهان ناکات
لە دەسپێکی وتارەکەیدا ئۆباما دەڵێت:هاووڵاتیانی ئەمەریکیم- ئەمشەو، دەمەوێت سەبارەت بە ئەوە لە گەڵتان بدوێم کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە گەڵ دۆستان و هاوپەیمانان دەیەوێت ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی گرووپی تیرۆرستی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام لاواز و لە کۆتایی دا لە ناوی بەرین.

وەك فەرماندەی گشتی هێزەكانی چەكدار، هەرە ئەركی سەرەكی من ئاسایشی خەڵكی ئەمەریكایە. لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو، ئێمە بەردەوام شەڕی ئەو تێرۆریستانەمان كردوە كە هەڕەشە لە وڵاتەكەمان دەكەن. ئێمە ئۆساما بن لادن و بەشێكی زۆری ڕێبەرایەتی ئەلقاعیدەمان لە ئەفغانستان و پاكستان دا لە ناوبرد. ئێمە هاوپێوەند و هاوكارانی ئەلقاعێدەمان لە یەمەن و لە ئەم دواییانە دا فەرماندەی سەر بە ئەو گرووپە لە سومالیا خستنە بەر هێرش. ئێمە ئەوەمان لە كاتێكدا ئەنجام داوە كە زیاتر لە ١٤٠٠٠٠ سەربازی ئەمەریكیمان لە عێراق بۆ وڵات دەگەڕێنینەوە، هێزەكانمان لە ئەفغانستان دا كەم دەكەینەوە، كە شەری ئێمە لە ئەو وڵاتە درەنگانی ئەم ساڵ بە كۆتایی دێت. سپاس بۆ كارلێهاتووەكانی لەشكر و بەشی بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم، ئەمەریكا پارێزراوترە.

بە ئەو حاڵەش، ئێمە هەروا ڕووبەڕووی هەڕەشەیەكی تێرۆرزم دەبین. ئێمە ناتوانین ئاسەواری بەدكاری لە جیهان دا پاك بكەینەوە، گرووپە بچووكەكانی مرۆڤ كوژ تواناییان بۆ ئازاردان و زیان گەیاندنی زیاتر هەیە. پێش ١١ی سێپتەمبەر ئەمە لە گۆڕێ دا بوو، ئەمڕۆش وەك ڕاستی یەك دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لە دەمێكدا هەڕەشەكان دێنە ئاراوە ئێمە دەبێت وشیار بمێنینەوە. لە ئەم كاتەدا، گەورەترین هەڕەشە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باكووری ئافریكا را دێت، كە لە ئەو شوێنانە گرووپەكانی توندڕەو لە سكاڵا و ناڕازی یەكان بە مەبەستی خۆیان كەڵك وەردەگرن و یەكێك لە ئەو گرووپانە داعشە كە خۆی بە "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام دەناسێنێت."

ڕێگەم پێ بدەن، با دوو شت ڕوون بكرێنەوە: داعش "ئیسلامی" نیە. هیچ ئایینێك چاوپۆشی لە كوشتنی بێگوناهان ناكات، زۆربەی هەرە زۆری قوربانیانی دەستی داعش موسوڵمانەكان بوونە و بە دڵنیایی داعش دەوڵەت نیە و پێشتر سەر بە ئەلقاعیدە لە عێراق بووە و سودی لە شەڕی تایفی و شەڕی ناوخۆیی سوریا وەرگرتووە بۆ ئەوەی دەست بەسەر خاك دابگرێت لە ناو سنورەكانی عێراق-سوریا. نە هیچ حكومەتێك دان بە داعش دادەنێت و نە ئەو كەسانەش كە داعش بە زۆر خستونیەتە ژێر كۆنترۆڵی خۆی. بێ چەند و چۆن، داعش ڕێكخراوێكی تێرۆریستیە و هیچ نیازی تری نیە بێجگە لە كوشتنی تەواوی ئەو كەسانەی ڕووبەڕووی رادەوەستن.

هەر بۆیە ئەمن جەختم كردووە كە كرداری زیاتر لە لایەن ئەمەریكاوە بەستراوەتەوە بە پێكهێنانی حكومەتێكی بەرفرەوان و هەمەلایەنەی عێراق

هەروەهــا ئۆبامــا رایــدەگەیەنێت کە لە هەرێمێکــی خــوێنڕێژی زۆری لــێ ڕوودراوە، ئەم تێرۆریســتانە لە دڕەندەییــدا بــێ ویــنەن. ئەوان گیراوەکــان دەکوژن. ئەوان منداڵان دەکوژن. ئەوان ژنـان دەکەن بە کۆیلە، دەستدرێژی دەکەنە ســەر ناموســیان و بە زۆری هاوســەرگیریان پــێ دەکەن. ئەوان هەڕەشــەی جێنوســایدیان لە کەمــایەتییەکی ئــایینی کــرد. لە کردەوەکــانی دڕەنـدانەدا، ئەوان گیانیـان لە دوو ڕۆژنـامەوانی ئەمەریکـایی جیم فـوڵی و ستیڤن سۆتلاف ستاند.

کەوا بــوو داعــش هەڕەشــەیە لەســەر خەڵکــی عێــراق و ســوریا و هەرێمــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتی گەورەتــر- لە ناویــان هاووڵاتیــان، دەســتو پەیوەنــد و دامودەزگاکــانی ئەمەریکــا. ئەگەر هەروا پێشــیان بەرەڵــلا بکرێــت، ئەم تێرۆریستانە دەبـنە هەڕەشـەی پەرەگرتـوو بـۆ دەرەوەی هەرێـمەکە- بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشەوە. لە کاتێکدا ئێمە هێشتا پیلانێکی دیارکراومان بە دژی ناو وڵاتمان بە دی نەکردووە، ڕێبەرانی داعش هەڕەشـەیان لە ئەمەریکـا و هاوپەیمانانمان کردووە. کومەڵگای زانیاری ئێمە لەو باوەڕەدایە هەزاران بێگـانە- بە ئەوروپـایی و هێنـدێك ئەمەریکـاییش- خۆیـان گەیانـدووەتە ئەوان لە سوریا وعێراق. ئەو شەڕکەرانەی ڕاهێنانیان دیوە و ئەزموونی شـەڕکردنیان بەدەست هێناوە دەتوانن بگەڕێنەوە ناو وڵاتەکانیان و دەست لە هێرشی کوشندە بدەن.

دەزانم گەلێك لە خەڵکی ئەمەریکا سەبارەت بەو هەڕەشانە نیگەرانن. ئەمشــەو، دەمەوێت ئێوە بزانن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئیرادە و توانایی یەوە ڕووبەڕوویـان دەبێتەوە. مـانگی ڕابـردوو، دەستوورم بە لەشکرمان دات کـردار لە دژی داعـش بگـرێتە بەر بـۆ ئەوەی پێشـی پێشڕەوی یەکـانی داعـش بگرێت. لە ئەو کاتەوە، ئێمە زیاتر لە ١٥٠ هێرشـی ئاسمانی سـەرکەوتوانەمان لە عێراق دا ئەنجام داون. ئەم هێرشانە پارێزگاریـان لە پیرسینۆل، کارمەنـدان و دامەزراوەکــان کــردووە، شــەڕەوانانی داعشــی کوشــت، چەکەکانیــانی لە ناوبرد، ئەوەی بۆ هێزەکانی عێراقی و کورد ڕەخساند کە هەرێمـی سـەرەکی سەر لە نوێ بگرنەوە دەست. ئەو هێرشانە گیانی هەزاران لە پیاوان، ژنان، و منداڵانی رزگار کردووە.

بەڵام ئەمە بە تەنیـا شـەڕی ئێمە نیە. دەسـەڵات و توانـایی ئەمەریکـا دەتوانێت گۆڕانێکی چارەنووس پێك بێنێت، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەوە بۆ عێراقێکان ئەنجام بدەین کە خۆیان دەبێت ئەنجامی بدەن و ناشتوانین جێگای لایەنەکانی هاوکاری عەرەب بگرینەوە بۆ ئەوەی هەریمی ئەوان بپارێزین. هەر بۆیە ئەمن جەختم

کردووە کە کرداری زیاتر لە لایەن ئەمەریکاوە بەستراوەتەوە بە پێك هێنانی حکومەتێکی بەرفرەوان و هەمەلایەنەی عێراق، کە عێراقیەکان لەم ڕۆژانەی دوایی دا ئەنجامیان داوە. کەوا بێت ئەم شەو، بە بوونی حکومەتێکی نوێی عێراق لە سەرکار و بە دوای ڕاوێژکاری لە گەڵ هاوبەندی بەرفرەوانی دەرەوە و کۆنگرێسی ئەمەریکا، دەتوانم ڕابگەیەنم کە ئەمەریکا پێشەنگی هاوبەندی یەك دەکات کە ئەم هەڕەشەی تێرۆرستی بەرپەرچ بداتەوە.
ئامانجی ئێمە ئاشکرایە: ئێمە بە ڕێگای ستراتیجییەکی بەرفراوان و بەردەوامی دژە-تێرۆر داعش لاواز دەکەین و لە کۆتاییدا لە ناوی دەبەین.
یەکەم، دەست لە هەڵمەتێکی بە بەرنامەی هێرشی ئاسمانی بە دژی ئەو تێرۆریستانە دەدێن. بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق، هەوڵەکانمان پەرە دەدێن بۆ شتێکی زیاتر لە پاراستنی خۆمان و ئەرکەکانی مرۆڤی، تا ئەوەی ئێمە ئامانجەکانی داعش دەکوتین لە کاتێك هێزەکانی عێراقی دەست لە هێرشان دەدەن. لەوەش زیاتر من بە ئاشکرایی گوتومە ئێمە ئەو تێرۆریستانە کە هەڕەشە لە وڵاتمان دەکەن و لە هەر شوێنێك بن ڕاو دەنێین. بنەمای سەرەکی سەرۆکایەتی من ئەمەیە: ئەگەر هەڕەشە لە ئەمەریکا بکەن، هیچ پەناگەیەك نابێت خۆی تێدا حەشار بدەن.
ئێمە ٤٧٥ هێزی تر دەنێرینە عێراق بۆ پشتگیریکردن لە هێزەکانی عێراقی و کوردی بۆ ڕاهێنان، زانیاری و کەرەستەی لەشکری.
لە خاڵی دووەمی بەرنامەکەی ئۆباما هاتووە کە پەرە بە پشتیوانیمان دەدێن بۆ ئەو هێزانەی لەسەر ئەرد شەڕی ئەم تێرۆریستانە دەکەن. لە مانگی شەش، چەند سەد سەربازی ئەمەریکا-م لە عێراق جێگیر کرد بۆ ئەوەی دۆخەکە هەڵبسەنگێنن تا بزانین چۆن بە باشترین شێوە دەتوانین یارمەتی هێزەکانی ئاسایشی عێراق بدەین. ئێستا کە ئەو هێزانە ئەرکەکەیان بە جێ گەیاند- وعێراق حکومەتی نوێ پێکهێنا- ئێمە ٤٧٥ هێزی تر دەنێرینە عێراق. هەر وەك لە ڕابردوودا گوتومە، ئەم هێزە ئەمەریکاییانە ئەرکی شەڕکردنیان نابێت- ئێمە ڕاناکێشرێنە ناو شەڕێکی تر لەناو عێراق. بەڵام پێویستی بەم هێزانە هەیە بۆ پشتگیریکردن لە هێزەکانی عێراقی و کوردی بۆ ڕاهێنان، زانیاری و کەل و کەرەستەی لەشکری. ئێمە هەروەها پشتیوانی لە هەوڵەکانی عێراق دەکەین بۆ بەکار هێنانی یەکەکانی پاسەوانی نیشتیمانی بۆ ئەوەی یارمەتی کۆمەڵگای سوننەکان بدەن ئازادی خۆیان مسۆگەر بکەن و لە ژێر کۆنترۆڵی داعش بێنە دەر.

له سەرانسەری سنووری سوریا، ئێمە هاوکاری لەشکریمان بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا بە هێز کردووە. ئەم شەو، جارێکی دیکە بانگەوازی کۆنگرە دەکەم کە دەسەڵات و سەرچاوەی زیاتر بۆ مەشق پێکردن بۆ ئەو شەڕوانانە دابین و تەیاریان بکات لە شەڕی دژی داعش دا، ئێمە ناتوانین پشت بە ڕژیمی ئەسەد ببەستین کە لە ڕێگای ترس وەبەرنانی خەڵکی خۆی حکومەت دەکات: ڕژیمێك کە هەرگیز ئەو ڕەوایی نەتوانی بە دەست بێنێتەوە کە لە دەستی داوە. بە جێگای ئەوە، ئێمە دەبێت ئوپوزسیۆنی سوریا وەك باشترین پارسەنگ بۆ توندڕەوانی وەك داعش بە هیز بکەین، لە دەمێکیشدا بە دوای ڕێگایەکی پێویستی سیاسی دەگەڕێین کە قەیرانی سوریا جارێك و بۆ هەمیشە چارەسەر بکات.

سێهەم، ئێمە هەروا هەرە توانایی یەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بۆ پێشگیری کردن لە هێرشەکانی داعش تەرخان دەکەین. لە دەمێکدا کار لە گەڵ لایەنەکانی هاوکار دەکەین، ئێمە هەوڵی خۆمان بۆ ڕاگرتنی گەیشتنی دارایی داعش دوو هێندە دەکەین؛ وەدست هێنانی زانیاری نهێنی مان باشتر دەکەین، بەرگریمان بە هێز دەکەین؛ بەرەنگاری بیر و باوەڕی دوور لە ڕاستی داعش دەبین؛ و چوون و هاتنی شەڕەوانانی بیانی بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دا ڕیشەکێش دەکەین. وە لە ماوەی دوو حەوتوان دا، خۆم سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەم بۆ ئەوەی زیاتر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە دەوری ئەو هەوڵە کۆبکەمەوە و ئامادەیان بکەم.

چوارەم، ئێمە درێژە بە دابین کردنی کۆمەك بۆ مەدەنێکانی بێ تاوان دەدەین ئەوانەی بە هۆی ئەو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئاوارە بوونە. ئەوە ئەو شیعە و سونی یانەش دەگرێتەوە کە لە ئەو پەڕی مەترسی دان، و هەروەها دەیان هەزار لە مەسیحی یەکان و کەمینەکانی تری ئاینیش دەگرنەوە. ئێمە ناتوانین ڕێگا بدەین ئەو کۆمەڵگایانە لە خاکی لە مێژینەیان پەڕیوە بکرێن.

### کاتی پێدەوێت شێرپەنجەیەکی وەك داعش لەناو ببردرێت

ئۆباما دەڵێت ئەمەیە ڕێبازی ئێمە و لە هەریەك لەو چواربەشەی ڕێبازەکەماندا، هاوپەیمانییەکی بەرفراوان شان بە شانی ئەمەریکا دەبێت. هەر لە ئێستاوە، فڕۆکەکانی هاوپەیمانانمان لەگەڵ هی ئێمە بەسەر ئاسمانی عێراق دەستیان لە کرداران داوە، چەك و یارمەتی بۆ هێزەکانی ئاسایشی عێراق و ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەڕێ دەکەین، زانیاریان لەگەڵ ئالوگۆڕ دەکەین و بە

میلیارد دۆلار یارمەتی مرۆڤی بەردەست دەکەین. ئەمڕۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق بوو چاوی بە حکومەتی نویێ کەوت و پشتگیری نیشاندا بۆ پێشخستنی یەکڕیزی و لە ڕۆژانی داهاتودا، ئەو بەناو سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا دەگەڕێت بۆ ئەوەی هاوپەیمانی زیاتر لەو شەڕە پێکبهێنێت، بە تایبەتی وڵاتانی عەرەب کە دەتوانن کۆمەڵگای سوننەکان لە عێراق و سوریا ڕێکبخەن بۆ دەرپەڕاندنی ئەم تیرۆریستانە لەسەر خاکی خۆیان. ئەمە باشترین ڕێبەرایەتیکردنی ئەمەریکایە: ئێمە شان بە شانی ئەو خەڵکانە دەوەستین کە لە پێناو ئازادی خۆیان شەڕ دەکەن، ئێمە پشتیوانی وڵاتانی تر وەدەست دەهێنین لە پێناو ئاسایشی هاوبەش و مرۆڤایەتی هاوبەشمان.

هەروەها لە ناو وڵاتیش، بەڕێوەبەرایەتییەکەم پشتیوانی هەردوو پارتەکانی بۆ ئەم ڕێبازە مسۆگەر کردووە. من دەسەڵاتی ئەوەم هەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڕەشەی داعش بکەم. بەڵام ، من لەو باوەڕەدام ئێمە وەك وڵات ئەو کاتە لە بەهێزترین پێگە دادەبین کە سەرۆك و کۆنگرێس پێکەوە کار بکەن. جا بۆیە من پێشوازی لە پشتگیری کۆنگریس لەو هەوڵە دەکەم بۆ ئەوەی بە جیهانی نیشان بدەین کە ئەمەریکاییەکان لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی مەترسی یەکگرتوون.

کاتی پێدەوێت شێرپەنجەیەکی وەك داعش لە ناو ببردرێت. هەر کاتێك ئێمە دەست لە کرداری لەشکری دەدەین، مەترسیشی لەگەڵ دادەبن-بە تایبەتی لەسەر گیانی سەربازانی پیاو و ژن-مان کە دەست لەو ئەرکانە دەدەن. بەڵام من دەخوازم گەلی ئەمەریکا بزانێت چۆن ئەم هەوڵە جیاواز دەبێت لە شەڕەکان لە عێراق و ئەفغانستان. هێزەکانی شەڕکەری ئەمەریکا ناگەڕێنەوە سەر خاکی بێگانە شەڕ بکەن. سیاسەتی کوشتنی تیرۆریستان کە هەڕەشەمان لێدەکەن، لە کاتێك پشتیوانی لە هاوپەیمانانمان لە بەرەکانی شەڕ دەکەین سەرکەوتوو بووە و چەند ساڵە لە یەمەن و سۆمالیا جێ بە جێ کراون و لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی پێشتر ئەمساڵ باسم کرد دەگونجێن: هێز بەکار بهێنین بە دژی هەرکەسێك هەڕەشە لە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئەمەریکا دەکات، بەڵام لە هەرشوێنێك بکرێت هاوپەیمانان ڕێکدەخەین بۆ چارەسەری ئاستەنگەکانی فراوان تر لە سەر ئاسایشی جیهان.

**دەقی وتارەکە**

لـه مـاوەی ڕابـردوودا توانیومانـه گـورزی گـەورە لـه زۆر شـوێنەوە لـه تیرۆریستەکان بدەین، ئـەوە بـوو ئوسامه بـن لادنمـان لـه نـاو بـرد، هـەروەها تیرۆریستانمان له ئەفغانستان و پاکستان له ناو برد. جگه لـەوەش لـه یەمـەن و سۆماڵدا ڕووبەڕووی لایەنگرانی قاعیدە بووینەتەوە.

لـه کارەکانماندا باشمان هێنا، توانیمـان ١٤٠ هـەزار سـەربازی ئـەمریکی لـه عێـراق و ئەفغانسـتانەوە بگەڕێنینـەوە. ئێـوە دەزانـن ئـەرکی هێـزە شـەڕکەرەکانمان لـه ئەفغانسـتاندا بـه کۆتـایی هـاتنی ئەمسـاڵ کۆتـایی دێـت. ئەمریکاش له ئێستادا زیاتر ئارامتر و پارێزراوترە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ئێمـه لـه بەرانبـەر هەڕەشـەیەکی تیرۆریستیداین، دەشـتوانین بـەدوای هـەموو سـەرەداوەکانی ئـەو گروپانـەدا بـڕۆین کـه ڕەنگـه ئازارێکی زۆر بگەیـەنن. ئـەو هەڕەشـەیه لـه پێش ١١ی سێپتەمبەرەوە سـەری هەڵداوە و تاکو ئێستا بەردەوامه. لەبەر ئەوە پێویسته به ئاگابین بەرانبـەر هـەر مەترسیەك که ڕەنگه سەر هەڵبدات.

لـەم کـات و سـاتەدا، وادیـارە هەڕەشـه گەورەکـه لـه ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و باکووری ئەفریقاوە دێ، لەوێدا گروپێك پەیدا بووە به ناوی داعش، ناوی خۆی ناوە ( دەوڵـەتی ئیسلامی) لێرەدا پێویسته دوو خاڵی سەرەکی ڕوون بکەینەوە:

داعش دەوڵـەتێکی ئیسلامی نیه، چونکه هیچ ئاینێك نیه ڕێگـه بدات بـه کوشـتنی خەڵکی بێ تاوانی موسوڵمان. هەروەها ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسـلامی دەوڵـەت نیـه بـەڵکو بەشـێکه لـه ڕێکخـراوی قاعیـدە لـه عێراقدا.سـودی وەرگرتـووە لـەو ناکۆکیه ئیتنیکی و جەنگه ئەهلیەی لـه عێراقدا هەیـه. هـەر بۆیـەش توانیویـەتی دەسـت بگرێـت بەسـەر ناوچەیـەکی بـەرفروانی سـنووری نێـوان عێـراق و سوریادا. بـەڵام نـەیتوانیوە دان پێدانانی هیچ دەوڵـەت و لایـەنێکی نێودەوڵـەتی بەدەست بهێنێت.بەڵکو زۆر به سادەیی ڕێکخراوێکی تیرۆریستە.

جگه لەوانەش، داعش هیچ ڕوئیایەکی نیه، جگه له کوشتنی بـێ تاوانـەکان، لـه ناوچەیەکدا کـه هـەمووتان دەزانـن پڕە لـه مەترسـی. ڕێکخراوەکـه بـه دڕنـدەیی ناوبانگی دەرکردووە. له کوشتنی منداڵ و خەڵکی بێ تاوانـا و بـه کۆیلـەکردنی خەڵك. داعش به شێوەیەکی دڕندانه منداڵ دەڕفێنن.

لەبەر ئەوە ئـەو ڕێکخـراوە بـه هەڕەشـه دەژمێردرێت بـۆ سـەر هـەردوو گـەلی عێـراق و سـوریا و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت. هـەروەها بـۆ سـەر کارمەنـدە ئەمریکیـەکان و دامـەزراوە ئەمریکیـەکان. گومـانی تێـدا نیـه ئـەو ڕێکخـراوە تیرۆرێکی بەرپاکردووە که لەو ناوچەیه تێدەپەڕێت و ڕەنگه بگاتە ئەمریکاش. بـەڵام لـه ئێسـتادا هـیچ هەڕەشـەیەك لـه سـەر نیشـتیمانەکەمان نیـه. ئەگـەرچی

دەزگـای هـەواڵگری بـاس لـەوە دەکـات کـە هـەزاران هـاوڵاتی ئـەوروپی و ئەمریکی پەیوەندییان کردووە بە داعشـەوە لـە سوریا و عێراقدا.ئـەوان خـەڵکی مەشـق پێکـراون و توانایـان هەیـە. دوور نیـە ئـەو کەسـانە بگەڕێنـەوە بـۆ وڵاتەکانی خۆیان و لێرە هێرشـی کوشندە ئـەنجام بدەن. ئەمریکیـەکان ترسیان لەو جۆرە هەڕەشانە هەیە.
بۆیە دەمـەوێ پێتان بڵێم کە وڵاتـە یـەکگرتووەکان بـە پشت ئەستوریەکی بـێ وێنـەوە کـار دەکـات. لـە مـانگی ڕابـردوودا فـەرمانم دەرکـرد بـۆ کـارکردن بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی داعـش، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی زیـاتر لـە ١٣٠ هێرشی ئاسمانی لـە عێراقدا ئـەنجام بدرێ، هێرشـەکان یارمـەتی دەربوون بۆ پاراسـتنی دامـەزراوە ئەمریکیـەکان و کوشـتنی چەکـدارەکانی داعـش و دەستگرتن بەسەر چەکەکانیاندا. هەروەها زەمینـە سازییان کـرد بـۆ هێزەکـانی عێـراق و هێـزە کوردیـەکان تـاکو دەسـت بەسـەر ئـەو ناوچانـەدا بگرنـەوە کـە داعـش داگیـری کردبـوون. هـەروەها پلانەکـەمان بـووە هـۆی ڕزگـارکردنی هەزاران کەس لە ژن وپیاو ومنداڵ بە بێ جیاوازی.
ئەمە تەنها شەڕی ئێمە نیە، چونکە نـاکرێ هێـزی ئـەمریکا جیـاوازی دروست بکات. بەڵام نەدەکرا واز بهێنین عێراقیەکان ئەوە بـە تـەنها بکـەن. بـەڵکو داوای هاوکاری لە دەوڵەتە عەرەبیەکان دەکەین. بۆیە من داوام لـە حکومـەتی عێراق کردووە کە حکومەتێکی تەواو و کامڵ دروست بکەن.
ئەمڕۆ لە پـەنای هـەبوونی حکومـەتێکی عێراقی تـەواو و ڕاوێـژی نـاوخۆیی و نێودەوڵەتیـدا، دەمـەوێ ڕاییگەیـەنم کـە وڵاتـە یـەکگرتووەکان سـەرکردایەتی هاوپەیمانیـەکی بـەرفراوان دەکـات بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی ئـەو هەڕەشـە تیرۆریستیە. لە ڕاستیدا ئامانجی ئێمە زۆر ڕۆشنە. هەڵدەستین بە لاوازکردنـی تواناکانی داعش و پاشان بە تەواوی لە ناوبردنی. بۆ ئەو مەبەستە ستراتیژێکی تەواومان هەیە لەم خاڵانەدا:
١: شاڵاوێکی تێروتەواوی ئاسمانی دەکەینە سەر داعش، ئەوەش بـە کارسـازی و هەماهـەنگی لەگـەڵ حکومـەتی عێراقـدا دەبێـت. هـەروەها هەڵدەسـتین بـە پاراستنی فەرمانبـەر و تیم و کارمەنـدەکانمان. لەگـەڵ بـەردەوام بـوونی هێزە عێراقیـەکان لـە جەنگەکەیانـدا، ئێمـەش بـەردەوام دەبـین لـە بـە ئامـانج کردنـی داعش. تیرۆریستەکان لە هەر جێگەیەك بن، ڕاوەدویـان دەنێین. ئەمـەش یـانی ئێمە دوودڵ نین لەوەی لە داعش بدەین، چ لـە سوریا یـاخود لـە عێراقدا. ئەمـە پرنسـیپی سـەرەکی کارەکـانم و سـتراتیژەکەمانە. تـاکو هەڕەشـەکـە دوور

بکەوێتەوە لە ئەمریکا و ئەو چەکدارانە هیچ بنکە و پێگەیەکی ئارامیان لە ناو ئەمریکادا بۆ نەمێنێتەوە.
٢: لە ماوەی ئایندەدا هاوکاریەکانمان بۆ ئەو هێزانە زیاتر دەکەین کە لە سەر زەویدا شەڕی داعش دەکەن. لە مانگی یۆنیۆدا نزیکەی ٧٠٠ ڕاوێژکارم نارد بۆ ئەوەی بە وردی
ڕەوشی هاوکاری کردنی هێزەکانی عێراق و هێزە کوردیەکان هەڵبسەنگێنن. لە ئێستادا ئەو تیمە کاری خۆیان تەواو کردووە، لە عێراقیشدا حکومەت دروستکراوە.ئێمەش ٤٧٥ ڕاوێژکاری تری سەربازی تر دەنێرین. بەڵام ئەو هێزانە بەشداری شەڕ ناکەن. پەلکێش ناکرێین بۆ نێو شەڕێکی زەمینی لە عێراقدا. بەڵکو کار دەکەن بۆ هاوکاری کردنی هێزە کوردیەکان و هێزەکانی عێراق و بەخشینی کەل و پەل و چەك و شارەزایی هەواڵگری پێیان. هەروەها کار دەکەین بۆ یارمەتی دانی کۆمەڵگە سوننیەکان تاکو ئازادی خۆیان بەدەست بهێنن لە دەستی داعش.
سەبارەت بەوەی لە سەر سنورەکانی سوریا دەگوزەرێ، یارمەتی و کۆمەك پێشکەشی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکەین.
ئەمڕۆ داوا لە کۆنگریس دەکەم بودجەی زیاتر تەرخان بکات، بۆ مەشق پێکردن و پڕ چەك کردنی ئەو ئۆپۆزسیۆنە میانڕەوە. لەبەر بەرەنگار بوونەوەی داعش نابێ ڕێگە بدەین بە ڕژێمی ئەسەد کە بەشداری بکات چونکە شەرعیەتی لەدەستداوە. بەڵکو پێویستە ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەهێز بکەین بۆ بەرەنگار بوونەوەی داعش. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین چارەسەری سیاسی تاکە ڕێگەیە بۆ دەرچوون لە دەمی شوشەی قەیرانەکە لە سوریا.
٣: بەردەوام دەبین لە بەهێزتر کردنی تواناکانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. لەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا کار دەکەین بۆ تۆکمەکردنی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگریەکان سەبارەت بە جموجۆڵی هەموو ئایدۆلۆژیاکان. هەروەها چاودێری ئەو چەکدارانە دەکەین کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەگەڕێنەوە. لە ماوەی دوو ڕۆژی داهاتوودا ڕاوێژ دەکەم لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشدا بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم ئاراستەیە.
٤: بەردەوام دەبین لەسەر پێشکەش کردنی کۆمەکە مرۆییەکان، بۆ هاوڵاتیانی سڤیل و ئاوارەکان و ئەو کەسانەی کە بە هۆی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەوە ماڵ و حاڵی خۆیان جێ هێشتووە. ئەم کۆمەکانە شیعە و سوننە و مەسیحیەکان و کەمایەتیە ئاینیەکانی تریش دەگرێتەوە. ئێمە ڕێگە نادەین ئەو کۆمەڵگایانە لە ڕیشە دەربهێنرێن لە زێدی خۆیاندا.

ئەم خاڵانە ستراتیژی ئێمەن، لە هەر خاڵێکیدا، هاوپەیمانیەکی فراوان کۆمەکی ئـەمریکا دەکـات. فڕۆکـەی وڵاتـانی تـریش بـە ئاسـمانی عێراقدا دەسوڕێنەوە. هـەروەها یارمـەتی ئۆپۆزسیۆنی سـوریا دەدەن و کۆمـەکی مرۆیـی بـە بـەهای ملیارەها دۆلار پێشکەش دەکەن.
ئەمڕۆ وەزیر کێری لـە عێراقە و چـاوی بـە حکومـەتی تـازە دەکەوێ،یارمـەتی هەوڵـەکانی دەدا بـەو ئاراستەیەدا. لـە چەنـد ڕۆژی داهاتووشـدا ڕوو دەکاتـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەوروپا بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی بە تایبەت لـە لایـەن دەوڵەتـە عەرەبیەکانـەوە. بۆ یارمـەتی دانـی کۆمەڵگـە سوننیەکان لـە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا.
ئەمە بریتیە لـە سـەرکردایەتی ئـەمریکا لـە ئەوپـەڕی گەشـانەوەیدا، ئـەوەتا ئێمـە لەگەڵ ئـەو گەلانـەدا ڕادەوەستین کـە دەیانـەوێ ئـازادی خۆیـان بەدەست بێنن، هەروەها لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەشدا دەوەستین کە چاویان لەوەیە ئارامی زیـاتری خۆیان مسۆگەر بکەن. ئیدارەکەی من توانیویەتی پشتیوانی هەردوو حیزبەکە ( کۆماری و دیموکراتەکان) بەدەست بهێنێت. من دەزانم دەتوانم بە پشت بەستن بە دەسەڵاتەکانی خۆم بڕیار بدەم. بەڵام ئێمە هەر بەهێزترین نەتـەوەین چ وەك سەرۆك کار بکەم، یان بە هەماهەنگی نێوان هـەردوو حیزبەکـە. گەڕامـەوە بۆ لای هـەردوو حیزبەکـە، چونکـە بـەوە بـۆ جیهـان دەردەکـەوێ کـە ئـەمریکا بـە شێوەیەکی یەکگرتوو ئەم جۆرە هەنگاوانە دەنێت.
دەزانین بۆ لەناوبردنی ئەو شێرپەنجەیە کاتمان دەوێت. هەر کـاتێکیش بڕیـاری کردەوە سەربازی بدەین، مەترسی تێدایە، بە تایبەت بۆ ئـەو ژن وپیاوانـەی کـە لە سەر زەوی کار دەکەن و ئەرکەکە ڕادەپەڕێنن.
بەڵام دەمەوێ تێتان بگەیەنم کە بە چ شێوەیەك ئەم گەڕە، جیاوازە لە گەڕەکانی تر لە ئەفغانستان و پاکستان. ئەمجارەیان هیچ هێزێکی وشکانی لـە سـەر زەوی ئـەرکی نابێت. بـەڵکو هەوڵـەکان دەدرێـن بـۆ ڕیشـە کێشکردنی داعش لـە هـەر جێگەیەك بن. لە سەر زەویشدا کۆمـەك لـە هاوپەیمانـەکانمان وەردەگرین. ئـەم سـتراتیژەش کـە مەبەسـتی ڕیشەکێشـکردنی تیـرۆرە، پشـت دەبەسـتێ بـەو سەرکەوتنانەی لە ساڵانی ڕابردوودا لـە یەمـەن و سۆماڵ بەدەستمان هێنـاون. هەروەها تەواو دەشگونجێن لە گەڵ ئەو هەنگاوانەدا کە لـە سـەرەتای ئەمسـاڵدا گرتماننە بەر. بـە هاوبەشـی لەگـەڵ هاوپەیمانـەکانمان بـەرەنگاری هـەموو ئـەو هەڕەشانە دەبینەوە کە ڕوو دەکەنە هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

**ئەی گەلی ئەمریکی....**

ئێمە لە کاتێکدا دەژین کە گۆڕانکاری مەزن ڕوو دەدەن. سبەینێ س١٣ هەمین یادی کارەساتی ١١/ سێپتەمبەرە. ئەوە بوو ئەمریکیەکان بە هۆی ئەو هێرشانەوە توشی دەردەسەری زۆر بوون. بەڵام سەرباری ئەو ئازارانەی لە ماوەی رابردوودا ئەمریکیەکان چەشتیان. ئێستا ئەمریکا لە باروودۆخێکی باشتردایە. باشترە لە هەر دەوڵەتێکی تر لەسەر گۆی زەوی.
کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا و زانکۆکانی ئەمریکا، ڕکابەریان نیە.هەروەها بواری پیشەسازی و بوارەکانی تریش ڕکابەریان نیە. ئێمە ئێستا لەو پێشکەوتنە نزیکترین کە لە ماوەی سەدەکانی پێشوتردا بەدەستمان هێناوە. کۆمپانیاکانی بازرگانی و کار، لە ئێستادا باشترینن بە درێژایی مێژووی ئەمریکا، سەرباری هەموو ناکۆکیەکان کە لەم وڵاتە دیموکراسیەدا دەی بینین، بەڵام من پشت ئەستوریەکی ئاشکرا دەبینم کە خەڵك و گەلی ئەمریکا یەك دەخات. ئەمەش وام لێدەکات متمانەیەکی زۆرم هەبێت بە ئایندەی وڵاتەکەمان.
سەرکردایەتی ئەمریکا لە جیهاندا، هیچ نیە جگە لە نمونەیەکی هەستی سەرکردایەتیەی کە ئەمریکا هەیەتی بۆ یەکخستنی جیهان. ئەوەتا ئەمریکا توانی بەربگرێت بە دەستدرێژیەکانی ڕوسیا لەسەر ئۆکرانیا، ئەوە ئەمریکایە بە زاناکان و پزیشکەکان و پەرستارەکانیەوە، کە هاوکاری پیشکەش دەکات بۆ کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی و (ڤایرۆسی ئیبۆلا). ئەوە هەر ئەمریکابوو کە توانی ڕژێمی سوریا دابڕنێ لە جبەخانەی چەکە کۆکوژەکانی. ئەوە ئەمریکایە کە یارمەتی کۆمەڵگە موسوڵمانەکان دەدات لە جەنگەکەیاندا لە دژی تیرۆر. تاکو ئایندەیەکی ئارام بنیات بنێن.
خودا ئەمریکای پاراستوە لە نێو فەڕو بەرەکەتی زۆردا. ئێمە گەلی ئەمریکاین کە سەرکردایەتی جیهان دەکەین. لە ئەوروپاوە تاکو ئاسیا تاکو دەگاتە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێمە بەرگری دەکەین لە بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری. بەرگری دەکەین لە شکۆ.
ئەمە ئەو بەهایانەن کە نەتەوەکەمان کاری لەسەر کردوون، ئەمرۆش لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەهایانەدا سەرکردایەتی ئەو شاڵاوە دەکەین. شانازی دەکەین بەو کارانەوە کە پیاوان و فڕۆکەوانەکان و ئەو سەربازانە دەیکەن کە لە سەر زەوی کار دەکەن. لە کاتێکدا کار دەکەین بۆ ڕاگرتنی قەسابخانەیەك لە شوێنێکی وەکو چیای شنگال، ئەو کاتە هەست بە شانازی ئەکەین بەرانبەر ئەو کارە پاڵەوانانەی ئەوان، منداڵ و نەوەکانمان هەمیشە بیری ئەوە دەکەنەوە کە باوك وباپیریان ماوەیەکی دوور ودرێژیان بڕیوە بۆ پاراستنی خەڵکانی بێ

تاوان لـه جیهانـدا. ئەمـە لـە خـودی خۆیدا ئـەو جیاوازیەیـە کـە ئێمـە لـە جیهانـدا دروستی دەکەین و بەدەستی دەهێنین.
ئەو کارانە دەکەین کە دەبنە هۆی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ئەم وڵاتە و ئەو بەهایانەی کە لە سەریان ڕادەوەستین. ئەگەرچی ڕەنگە بەرەنگار بوونـەوەی ئەوانەی کە ڕقیان لە ئەمریکایە ماوەیەکی درێژ بخایەنێت.

خودا پیرۆزی بخاتە هێزەکانمان...
خودا پیرۆزی بخاتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

(١٧)
**ئۆباما ستایشی رۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات**
٢٠١٤/٩/١٨

بـاراك ئۆبامـا سـەرۆکی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا لـە وتارێکیـدا سەبارەت بە رەوشی عێراق لە بەردەم سەربازە ئەمەریکاییەکاندا لـە ویلایـەتی فلۆریدا دووپاتی کردەوە کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ هەموو جیهان جێی هەڕەشەیە و روونی کردەوە کە هێشتا وڵاتەکەی لە لایەن تیرۆریستانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت و هێزەکـانی ئەمـەریکا بۆ درێژترین مـاوە بـەرەنگاری تیرۆریزم بوونـەتەوە.
سـەبارەت بـە گورزەشـاندن لـە داعشیش لـە عێراق ئۆبامـا روونـی کـردەوە کـە فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا تا ئێستا پتر لە سەدو شەست گورزیان لە پێگە و مۆڵگەکانی داعش وەشاندووە و ستایشی ڕۆڵـی هێزەکـانی پێشمەرگەیشـی کـرد لـــە روو بەرووبوونـــەوەی تیرۆریســـتانی داعـــش و رووی قســـەی کـــردە سەربازەکان کە ئەوان ئەرکی شەڕکردنیان لە عێراق پێ ناسپێرێت.
گوتیشی چل دەوڵـەت هاتوونەتـە ریزی هاوپەیمانیـەتی دژ بـە داعش. جـەختی لەسەر ئەوەیش کردەوە کە پێویستە راوەدووی تیرۆریستان بنێن لـە هـەر یەکـە لـە عێـراق و سـووریا. روونیشـی کـردەوە کـە هەنـدێك لـە وڵاتـان لـە گـورزە ئاسمانییەکاندا یارمەتی ئەمەریکا دەدەن.

(١٨)
## ئۆباما لە فلۆریدا چرکەساتی سەرکردایەتی ئەمریکای دیاری کرد
٢٠١٤/٩/١٧

سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما لە ویلایەتی فلۆریدا وتارێکی گرنگی بۆ بەشێك لە سەربازەکانی وڵاتەکەی پێشکەش کرد... بە گوتەی شارەزایان و پسپۆڕان وتارەکە سروشتێکی تەعبەوی هەبووە و مەبەست لێی ئامادەکردنی سەربازان و هاوڵاتیانی ئەمریکایە بۆ جەنگێکی درێژخایەن لەگەڵ داعشدا... لە خوارەوە دەقی بڕگە گرنگەکانی وتارەکە دەخەینە روو:

**دەقی گرنگترین بڕگەکانی وتارەکەی باراك ئۆباما**
- ئەمریکا خواست و توانای ئەوەی هەیە جەنگی تیرۆریستەکان بکات، بەو تیرۆریستانەیشەوە کە ناوی خۆیان ناوە داعش لە عێراقدا.
- دەزگا هەواڵگریەکانمان دەزانن کە داعش هەڕەشەیە لەسەر خەڵکی عێراق و سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە فەرمانبەر و دامەزراوە و کونسوڵخانەکانی ئێمەیشەوە.
- ئەگەر وازیان لێ بهێنین بە ئارەزووی خۆیان بجوڵێن، ئەوا مەترسی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەمریکاش دروست دەکەن.
- مانگی ڕابردوو فەرمانمان کرد بە سەربازەکانمان تاکو هێرش بکەنە سەر داعش، لەو کاتەوە تا ئێستا فڕۆکەوانە قارەمانەکانمان زیاتر لە ١٦٠ هێرشی ئاسمانییان کردۆتە سەر مۆڵگەکانی ئەو گروپە.
- بە هیممەتی ئێوە توانیمان بەشێك لە چەکدارەکانی داعش بکوژین و دەرفەتیش دروست بکەین بۆ هێزەکانی عێراق و هێزە کوردیەکان، تاکو ئەو زەویانە کۆنترۆڵ بکەنەوە کە داعش دەستی بەسەردا گرتبوون.
- توانیمان گەمارۆکانی داعش بشکێنین و ژیانی هەزاران ژن و منداڵ و پیر و گەنج ڕزگار بکەین.
- بە شێوەیەکی پلەبەند، داعش لە ناو دەبەین، ئیتر لە سوریا بێت یان لە عێراقدا.
- ئەو وانەیە بەم تیرۆریستانەش دەدەین، کە بە سەرانی قاعیدەمان دا.
- وانەکەش ئەوەیە: دەستمان درێژە و پێتان دەگات. ئەگەر هەڕەشە لە ئەمریکا بکەن، دواجار دەگەینە سەرتان. هیچ بستەخاکێکی ئارام لەسەر زەویدا بۆ ئێوە نیە.

- لێرەدا دەمەوێ شتێکی گرنگ بڵێم: ئەم جەنگە بە تەنها جەنگی ئەمریکا نیە.
- لە دە ساڵی ڕابردوودا ئەوە سەلمێنراوە کە ئەمریکا دەتوانێ جیاوازی زۆر بخوڵقێنێت. بەڵام ئەو سەربازانەی لە عێراقدا بڵاومان کردونەتەوە، ئەرکی جەنگی ڕاستەوخۆیان لە سەر زەوی نابێت.
- من وەکو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان فەرمانی ئەوەتان پێنادەم جەنگی ڕاستەوخۆ بکەن لە عێراقدا.
- لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا ئەوە سەلمێنراوە کە کۆکردنەوەی زۆرترین هێز بۆ پاڵپشتی و هاوکاری هاوپەیمانەکانمان لە سەر زەوی باشترین ڕێگە چارەیە. تاکو ئەوان بتوانن ئایندەی خۆیان مسۆگەر بکەن.
- بەڵێ هێزی ئاسمانیمان بە کار دەهێنین، ڕاوێژ و مەشقیان پێشکەش دەکەین، سەرکردایەتی هاوپەیمانێتیەك دەکەین کە لە چەندین دەوڵەت پێکهاتوە.لەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندییان لەم جەنگەدا هەیە.
- هەموو جیهان لە دژی داعشە، نەك تەنها ئەمریکا یان ناوچەیەکی دیاری کراو.
- تاکو ئێستا ٤٠ دەوڵەت بەشدارییان لە هاوپەیمانێتیەکەدا کردووە، ٣٠ دەوڵەتیش کۆمەکی مرۆییان بەخشیوە.
- هەندێ لە دەوڵەتەکان بە هێزی ئاسمانی بەشداری دەکەن، لە ئێستادا فڕۆکەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لەگەڵ فڕۆکەکانی ئێمەدا دەستیان بە جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیان کردووە.
- هەندێ دەوڵەتی تر هاوکاری ترمان پێشکەش دەکەن، وەك سعودیە کە ئامادەیە زەویەکانی بەکاربهێنرێن بۆ مەشق پێکردن و یارمەتیدانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا.
- سەربازە پاراشوتدارەکانی ئەڵمانیا هاوکاری هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەی کورد دەکەن.
- کۆمەکی دارایی داعش و دزەکردنی چەکداری نوێ بۆ ڕیزی ئەو گروپە دەوەستێنین.
- دوێنێ لە کۆشکی سپی پێشوازیم کرد لە ( جۆن ئالن) کە سەرکردەیەکی سەربازی خانەنشین کراوی سوپای ئەمریکایە، ئەو ماوەیەك لەگەڵ هۆزە سوننیەکاندا کاری کردوە بۆ لە ناوبردنی قاعیدە لە عێراقدا، لە ئێستاشدا دەبێتە کارسازی ئەو هاوپەیمانیە نێودەوڵەتیەی کە لە دژی داعش دروست بووە.
- داوا لە کۆنگریس دەکەم هەموو پێویستیەکانتان بۆ دابین بکات. تاکو بتوانن ئەرکەکانی سەرشانتان ڕابپەڕێنن.

- بەڵام خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین لە بری عێراقیەکان ئەو کارە بکەین کە پێویستە ئەوان خۆیان بیکەن. ناتوانین جێگەی هاوپەیمانەکانیان بۆ بگرینەوە یان ئایندەیەکی گەشتر بۆ گەلەکانیان مسۆگەر بکەین.
- ناتوانین لە بریتی عێراقیەکان ئەو کارانە بکەین کە ئیشی ئەوانە بیکەن.
- جیهان زۆر قەرەباڵغ و جەنجاڵە و تەنها ئەمریکاش ئەو توانایەی هەیە کە هێزەکان کۆبکاتەوە بۆ دژایەتی کردنی داعش.
- ئەگەر لە جیهاندا گەردەلولێك، یان بومەلەرزەیەك یان هەرشتێکی تر ڕوویدات، کارەساتێکی سروشتی بێت، یان جیهان ڕووبەڕووی مەترسیەك بێتەوە، خەڵکی بە گشتی چاویان لەوەیە ئەمریکا فریایان بکەوێت.
- تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش کە لە ئەمریکا بێزارن و سکاڵای لەدەست دەکەن، کاتێ پێویستیان بە هاوکاری دەبێت ڕوو لە کێ دەکەن؟ ڕوو لە ئێمە دەکەن و داوای هاوکاری دەکەن.
- هێز و توانا گەلێك هەن، تەنها ئێمە هەمانە و هیچ لایەنێکی تر نیەتی. ئەوەش بە هیممەتی ئێوەیە.
- بە هیممەت و لە خۆبردوویی و هاوکاری وپشتیوانی خێزانەکانتان و پەیکەری سەرکردایەتی سوپاکەتان گەیشتوینەتە ئەم ئاستە.
- هێزی چەکداری ئێمە، هێزێکە هیچ هێزێکی تر ناتوانێ شان بدات لە شانی لە هەموو جیهاندا.
- هەر بۆیە کاتێ کێشەیەکی گەورە ڕوو لە جیهان دەکات، ئێمە دەبێ چاری بکەین. هەر لەبەرئەوەیشە ئێمە جیاوازین، هەر لەبەر ئەوەیشە ئێمە ئەمریکامان پێ دەوترێ.
- چواردە ساڵی سەرەتای ئەم سەدەیە ئاسان نەبوو، بەڵام من لە ئێستادا کە لە نێو ئێوەدا ڕاوەستاوم متمانەی تەواوم هەیە بەوەی ئەم سەدەیەش، وەك سەدەی پێشوو، سەدەیەکی ئەمریکی دەبێت.
- ئێمە ئێستا لە دۆخێکی باشتردایین بۆ ئەوەی ئەو پێگەیە بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین.
- ئەگەرچی هەندێ کات وا دیارە سیاسەتی ناوخۆییمان دابەشی کردووین، بەڵام لە ڕاستیدا کە بێتە سەر ئێوە و یارمەتیدانی ئێوە، هەموومان پشتتان دەگرین و شانازیتان پێوە دەکەین.
- تەنها ١% ی خەڵکی ئەمریکا بەرگی سەربازی دەپۆشن، بەڵام ١٠٠%ی خەڵکی ئەمریکا پشتیوانی لەو ١%ە دەکەن کە ئێوەن.

- ئەمەیە چرکەساتی سەرکردایەتی ئەمریکا. ئەوەش بە هیممەتی ئێوەیە. منیش بەردەوام بەرگری لە بەرژەوەندیەکانتان دەکەم. هەروەها بەرگری لە ئاسایشی خۆمان و مافی مرۆڤ دەکەم. بەرگری لە شکۆی مرۆڤ دەکەم.
- لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان شەڕی تیرۆریستان دەکەین لە هەرکوێ بن. چونکە ئەوان تەنها زمانی کوشتن دەزانن. ئێمە دروست دەکەین و ئەوان تێك دەدەن.
- بە هیممەتی نیشتمان پەروەرانی وەك ئێوە ئەمریکا بەردەوام گەورەترین هێزی ئازادی دەبێت.
سوپاس بۆ ئێوە.
خودا بتان پارێزێت...
خودا ئەمریکا بپارێزێت.

(١٩)

**ئۆباما: یەکڕیزین لە دژی ئەو ڕێکخراوەی کە زۆرێك هاوڵاتی بێ گوناهی سەربڕیوە**

٢٠١٤/٩/١٩

نیوەشەوی ١٨لە سەر ١٩ی ئەیلول ٢٠١٤ سەرۆکی ئەمریکا (باراك ئۆباما) تازەترین وتاری خۆی بە بۆنەی دەنگدانی کۆنگریس لەسەر یاسای مەشق پێکردن و چەکدارکردنی ئۆپۆزسیۆنی میانڕەوی سوریا پێشکەش کرد.
ئۆباما گوتی: ئەو پاڵپشتیە بە هێزەی هەردوو حیزبی کۆماری و دیموکرات لە کۆنگریسدا بۆ مەشق پێکردن و چەکدارکردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، نیشانەی ئەوەیە ئەمریکیەکان لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی یەکڕیز و هاوهەڵوێستن.
ئۆباما لە کۆشکی سپیەوە، لە پاش ماوەیەکی کورت لە دەنگدانی کۆنگریس بە زۆرینەی ٧٨ دەنگ لە بەرانبەر ٢٢ دەنگدا لە بەرژەوەندی چەکدارکردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا تازەترین لێدوانی خۆی پێشکەش کرد. ئۆباما سوپاسی گۆنگریس مانەکانی کرد و گوتی: دەرکەوت ئێمە یەکڕیزین لە دژی ئەو ڕێکخراوەی کە زۆرێك هاوڵاتی بێ گوناهی سەربڕیوە.
ئۆباما هەروەها گوتی: ئەو بەرنامەیەی کۆنگریس ڕەزامەندی لەسەر پیشاندا، یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی میانەڕەوی سوریا دەدات، کە لە دژی توندڕەوەکان بجەنگن لە ناوخۆی سوریادا.

هــەروەها گــوتی: وەك بــە سەربازەكانیشــمانم ڕاگەیانــد، دەكــرێ بچینــە هاوپەیمانێتیەكەوە بۆ بە بێ ئەوەی ناچاریش بین سـەربازەكانمان بنێرینـە سـەر زەوی لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا... هـەروەها ئاماژەیشیدا بـەوەی فەرەنسـاش بەشداری دەكات لە وەشاندنی گورزە ئاسمانیەكاندا لـە دژی دەوڵـەتی ئیسـلامی (داعش).

شـیاوی باسـە، كۆنگریسـی ئـەمریكا بـە زۆرینـەی ٧٨ دەنـگ بەرنامەكـەی ئۆبامای پەسەند كرد. ٢٢ دەنـگ بـە نـەخێر دەنگیاندا. كـە بریتـی بـوون لـە ١٠ دەنگی نەیاری دیموكراتیەكان و ١٢ دەنگی نـەیاری كۆماریـەكان. پاسـاوی بـە نەخێر دەنگدانیشیان ئەوە بوو كە ڕەنگە چەكداركردنی ئۆپۆزسیۆن ببێتە هۆی تێوەگلانی زیـاتر لـە عێراقـدا، یـان هەڵایسـانی جـەنگی ئـەهلی لـە سـوریا لـێ بكەوێتەوە. یاخود بكەوێتە دەستی (هەڵە) و دواجـار لـە دژی خـودی ئـەمریكا و هاوپەیمانەكانی بەكار بهێنرێن.

كۆی گشتی دەنگدانەكە بریتی بوو لە: ٢٧٣ دەنگی بەڵێ، ١٥٦ دەنگی نـەخێر. یاساكەیش كاتیە و لە١١/ئەیلولی داهاتوودا كۆتایی بەم ڕێپێدانەی ئۆبامـا دێت. واتە لە پاش نزیكەی یەك ساڵ یاساكە كاریگەری خۆی لەدەست دەدات. بـەڵام پێـدەچێت یاسـاكە، تــەنها ســەرەتایەك بێــت بــۆ تــاوتوێ كردنــی ڕۆڵێكــی درێژخایەنی سەربازی ئەمریكا لە ناوچەكەدا.

## (٢٠)
## پوختەی لێدوانەكانی ئۆباما سەبارەت بە هێرشەكانی سەر داعش
٢٠١٤/٩/٢٣

سـەرۆكی ئـەمریكا ستایشـی ڕۆڵـی وڵاتـە عەرەبیـەكانی كـرد سـەبارەت بـە هاوكاری كردنیان لە بەگژداچوونەوەی داعشدا.

جەختیشی كردەوە لەوەی ئەوەی ڕوویدا بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی واشنتۆن لـەم جەنگەدا تەنها نیە.

هـەروەها دووپاتیشـی كـردەوە، كـە ئیـدارەی ئـەمریكا هەڵدەسـتێ بـە مەشـق پێكردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا.

سـەرۆكی ئـەمریكا لـە لێدوانێكی بە پەلـەدا لـە نێو باخچـەی كۆشـكی سپیەوە، ڕۆژی ٣ شــەممە ٢٣ی ئــەیلولی ٢٠١٤ دووپــاتی كــردەوە، هاوپەیمانــە

عەرەبەکانمان بەشداری یەکەم ئۆپەراسیۆنیان لە دژی داعش کرد. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئەمریکا لە جەنگەکەیدا بە تەنها نیە.
ئۆباما هەروەها گوتی: هێرشەکان بە هاوبەشی لەگەڵ سعودیە، ئەردەن، بەحرەین، قەتەر، ئیمارات ئەنجام دراون. پرۆسەی لەناوبردنی داعشیش ماوەیەك دەخایەنێت. هەروەها گوتی: ئەمریکا هەرچی پێویست بێت دەیکات بۆ هەرەس پێهێنانی داعش.
ئۆباما لەو لێدوانەیدا کە لە پاش یەکەم هێرش بۆ سەر داعش لە سوریادا پێشکەشی کرد، بەرلەوەی بەرەو نیویۆرك بڕوات بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی لووتکەی کەش وهەوا، پێداگری لەوە کرد کە ئەمریکا مەشق بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا و سوپای عێراق دەکات. هەروەها بەڵێنیدا: تیرۆریستەکان هیچ پەناگەیەکیان لە عێراق و سوریادا بۆ نامێنێتەوە.
سەرۆکی ئەمریکا زیاتر گوتی: جەنگەکە، جەنگی هەموو ئەو دەوڵەتانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تیرۆر ڕەت دەکەنەوە.
وڵاتە یەکگرتووەکانیش شان بە شانی هەموو ئەوانە دەوەستێ کە لە دژی ڕێکخراوی داعشن... هەروەها گوتی: شانازی دەکەین بەوەی بە ناوی ئاسایشی هاوبەشمانەوە شان بدەینە بەر شانی یەکتر و ڕابوەستین... چونکە ئەوە تەنها جەنگی ئەمریکا نیە...

(٢١)

## ئۆباما: پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە و سوپـــای عێراق دەکەین و بنی داعش دەبڕینەوە

٢٠١٤/٩/٢٤

باراك ئۆبامای سەرکۆماری ئەمەریکا لە بارەی هێرشکردنی داعش بۆ سەر ئەمەریکا گوتی: تا ئێستا هیچ زانیارییەکمان لە بارەی هێرشی تیرۆریستانەی داعش بۆ سەر ئەمەریکا بەدەست نەگەیشتووە.
باراك ئۆباما لە لێدوانەکەی بۆ ڕۆژنامەی تەمپا بەی تایم " Tampa Bay Times" گوتی: ئێمە زۆر بە چڕی چاودێری داعش و توندڕەوەکانی ناو ئەمەریکا دەکەین. بەردەوام ڕێبەرانی داعش هەڕەشەی کردەوەی تیرۆریستانە لە ئەمەریکا دەکەن، تا ئێستا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام لە هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەوان ئاگادارین.

لێدوانەکەی باراك ئۆباما دوای ئەوە بوو کە دەزگا زانیارییەکانی ئەمەریکا هۆشداری مەترسییە ڕاستوخۆکانی داعشیان بە خەڵکی ڕاگەیاند، داعشیش دوای هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان لە هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد.
باراك ئۆباما لە درێژەی لێدوانەکەی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە باسی هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی داعشی کرد و گوتی: داعش دەبێ لەناو بچێت و هەر بۆیەیش مانگی ڕابردوو فەرمانم بە سوپای ئەمەریکا کرد بۆ ئەوەی بۆمبارانی چڕی مۆڵگەی داعشەکان لە هەرێمی کوردستان، عێراقدا بکەن. لەو کاتەوە تا ئێستا فڕۆکەوانە ئازا و بویرەکانی ئەمەریکا زیاتر لە ١٧٠ جار بۆمبارانی داعشەکانیان کردووە.
باراك ئۆباما گوتی: بەردەوامبوون لە هێرشی ئاسمانی سەر داعشەکان، بێهێزیان دەکات و لە کۆتاییشدا دەبێتە هۆی لەناوچوونیان. داعشیش بە دەردی قاعیدە دەبەین. ئێمە لە بڕیاری خۆمان سڵ نابینەوە. ئامانجی ئێمە بۆ لەناوبردنی داعش درێژخایەنە و ئەگەر هەڕەشە لە ئەمەریکا بکرێت، بێشك شوێنی حەسانەوەشیان نابێت.

## ئەمەریکا تەنیا پاڵپشتی پێشمەرگە و سوپای عێراقە

باراك ئۆباما لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەمەریکا تەنیا دەبێ پشتگیری لە هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق بۆ بەرەنگابوونەوەی داعش بکات.
سەرکۆماری ئەمەریکا لەو بارەیەوە زۆرجار ڕای گەیاندووە، فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا بە هانای هێزی پێشمەرگەوە چوونە و لە ئاسمانەوە و بە ڕاوێژکاری سەربازیش بەردەوام پاڵپشتیان دەبین.
سەرکۆماری ئەمەریکا لە بارەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی دژ بە داعشیش گوتی: شەڕی داعش، تەنیا شەڕی ئەمەریکا نییە.؟ هەر بۆیەیش بەرەیەکی هاوپەیمانیمان ڕێکخستووە و چاوەڕوانی هەندێ وڵاتی تریش دەکەین بۆ لەناوبردنی داعش هەڵوێستیان هەبێت.
فڕۆکە شەڕکەرەکانی فەرەنسا و بریتانیا لەگەڵ فڕۆکە شەڕەکانی ئێمە چالاکی هاوبەشیان هەیە ، وڵاتانی تریش بەڵێنی بەشداریکردنی شەڕی داعشیان داوە.
زیاتر لە ٤٠ وڵات ئێستا لە بەرەی شەڕی داعشدان، چەند وڵاتێکی عەرەبیش پێشنیازی هاتنە ناو بەرەی هاوپەیمانیان داوە، بەو زووانە شەڕی گەورەی دژ بە داعش دەست پێ دەکرێت.

**ئێرانیش دەبێ چۆنییەتی شەڕی داعش ڕابگەیەنێت**
نوێنەری ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە توندی هەڕەشە لە داعش دەکات و ڕای گەیاند، ئەمەریکا بۆ هێرشکردنە سەر داعشەکانی ناو سووریا بە تەنیا نییە، دەبێ کونە مشکیان لێ بکرێتە کۆشکی پاشایەتی.
نوێنەری ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێدوان لەگەڵ کەناڵی ئەی بی سی ئەمەریکا گوتی: تەنانەت داوا لە ئێرانیش دەکەین لە دەسەڵاتەکەی خۆی لە سووریا بە باشترین شێوە و بە ئەرێنی، بۆ چارەسەری قەیرانەکە دژ بە داعش کەڵك وەربگرێت.
بە گوێرەی هەواڵگەی فەرەنسا، "سامانتا پۆوێر" لە لێدوانەکەیدا گوتی: بە هیچ شێوەیەك لە هێرشە ئاسمانییەکانی سەر داعشەکانی سووریادا، ئەمەریکا بە تەنیا نییە، چەند وڵاتێکیش لە ئاسمانەوە شەڕی داعش دەکەن، بەڵام تا ئێستا کاتی هێرشەکان دیاری نەکراوە.

لێدوانەکەی پۆوێر لە کاتێکدایە کە ئەمەریکا بە دوای بەرەیەکی هاوپەیمانی دژ بە داعشەکانە، ڕێگەی بە ئێران نەدا لە کۆنفرانسەکەی پاریسدا بۆ چوونە ناو بەرەکە بەشدار بێت.

**فەرەنسا دوای ئەمەریکا هێرشی سەر داعشی کرد**
جگە لە ئەمەریکا، یەکەم وڵات کە لە ڕێگەی ئاسمانەوە هێرشی کردە سەر داعشەکانی عێراق، فەرەنسا بوو، بەڵام تا ئێستا هیچ فڕۆکەیەك داعشەکانی ناو سووریای نەکوتاوە.
سامانتا لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی بە بڕیارەکانی سەرکۆماری وڵاتەکەی "باراك ئۆباما" کرد و گوتی: سەرکۆماری ئەمەریکا ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە ڕێگە بە داعش نادەین لە سووریایش هەست بە ئارامی بکەن، دەبێ هەموو ڕۆژ ئاواتی مردنیان هەبێت. بڕیاری هێرشکردن دراوە، بەڵام تەنیا ماوەتەوە کاتەکەی، ئەویش بەو زووانە هێرشەکان دەست پێدەکەن.
سامانتا بە دڵنیاییەوە باس لە لەناوچوونی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەکات و گوتی: داعش ڕاستە ناوچەیەکی بەربڵاوی عێراق و سووریای بەدەستەوەیە، بەڵام بەرامبەر بە ئیرادە و تواناکانی هەرێمە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی خۆی ناگرێت.

**شەڕی داعشەکانی سووریا زۆر ئاڵۆز دەبێت**

هەواڵگەی فەرەنسا دەڵێت: شەڕی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دژ بە داعش لە سووریادا زۆر ئاڵۆز دەبێت، چونکە لە لایەك شەڕی ناوخۆ، شەڕی بەرهەڵستکاران دژ بە حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد، شەڕی کوردەکان دژ بە داعش و زۆر شەڕی تر، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات.
جۆن کیری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستبوونی بەرەی هاوپەیمانیدا هەیە، حەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو کە هەموو وڵاتانی جیهان دەتوانن ڕۆڵی کاریگەریان دژ بە داعش هەبێت، تەنانەت بە ئێرانیشەوە.

سامانتا لە بارەی ئێران و لێدوانەکەی جۆن کیری لەمەڕ ئەو حکوومەتەوە گوتی: بە بڕوای من، مەبەستی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەوە بووە کە ئێرانیش خۆی دژ بە داعش یەکلاکردووەتەوە و داعش دوژمنێکی هاوبەشی ئێران و ئەمەریکایە، ئێرانیش دەوڵەتی ئیسلامی بە هەڕەشەی سەر خۆی دەزانێت.
سامانتا لە کۆتاییدا گوتی: هەموو هەوڵ و چالاکییەکانی هەرێمە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی داعشە، ئێستایش چاوەڕوانی ئەوە دەکەین بزانین ئێران چۆن شەڕی داعش دەکات، چ ڕۆڵێك لە ناوچەکەدا دەگێڕێت.

**پێنتاگۆن: تورکیا دەبێ دژ بە داعش بوەستێتەوە**
وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پێنتاگۆن) ڕای گەیاند: سەبارەت بە هاوسنووربوونی تورکیا لەگەڵ داعش لە ڕووی جوگرافییەوە، دەبێ ئەو وڵاتەیش بێتە بەرەی دژ بە داعش و هەڵوێستی خۆی بۆ هاتنە ناو بەرەی شەڕی داعش یەکلابکاتەوە.
جۆن کربی وتەبێژی پێنتاگۆن لە دوایین لێدوانی لەمەڕ هەڵوێست وەرنەگرتنی تورکیا بۆ هاتنە ناو بەرەی هاوپەیمانیی دژ بە داعش گوتی: ئەوەی کە تورکیا بییەوێ لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژ بە داعش بەشداری بکات بۆ ئێمە زۆر گرینگە، بەڵام خۆی دەبێ هەڵوێست وەربگرێت. ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووینەتە ئەنقەرا هەتا داوایەکی ئەوتۆیان لێ بکەین. ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی لە هەڵوێستیان تێ بگەین. گەورە بەرپرسانی تورکیا هەندێ پێشنیازیان داوە کە ڕەنگە چارەنووسساز بن. بەڵام دەبێ هەڵوێستی یەکلاکەرەوەیان هەبێت.
جۆن کربی گوتی: کەمپێنی هاوپەیمانی دژ بە داعش تەنیا شەڕ لە خۆوە ناگرێت، تورکیا لە ڕووی جوگرافییەوە بۆ شەڕی داعش شوێنێکی

ستراتژیکییه و دەتوانێ هاوبەشێکی گرینگی بەرەی هاوپەیمانی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی بێت.
شەڕی داعش دەستی پێ کردووە، سیاسەت، دیپلۆماسی، ئابووری، هێزی سەربازی دەوری خۆیان هەیە. ئێمە باش دەزانین کە تورکیا خاوەن بەرژەوەندییەکی وڵاتپارێزی نیشتمانی گرینگە. ئەوان ڕۆژانە دەبێ هاوکاری زیاتر لە یەك ملیۆن ئاوارە بکەن، داعشیش لەگەڵ ئەو وڵاتە هاوسنوورە و مەترسییەکی گەورە بۆ سەر شار و شارۆچکەکانی سەر سنووری تورکیان.
ئێمە چاوەڕوانی تورکیاین بۆ ئەوەی بەشداری کەمپێنەکە بکات.
جۆن کربی لە کۆتاییدا لە بارەی مەترسییەکانی داعش بۆ سەر تورکیا گوتی: باش لە تورکیا دەگەین، بە دوای ڕێگەیەك بۆ بەردەوامبوون لە هاوکاریی یەکتردااین. ئێمە باش دەزانین تورکیا چ مەترسییەکی لەسەرە و هەر بۆیەیش لەگەڵی لە سەرەخۆین.

(٢٢)

**وتاری باراك ئۆباما لە بەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆتایی هات**

٢٠١٤/٩/٢٤

گرنگترین ئەو خاڵانەی لە وتاری ساڵانەی باراك ئۆباما لە بەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختیان لێکرایەوە، بریتی بوون لەم بڕگانەی خوارەوە:
-هاوپەیمانیەکمان لە دژی تیرۆر ڕاگەیاندووە، داوا دەکەین هەموو وڵاتانی جیهان پەیوەندی پێوە بکەن.
-٤٠ دەوڵەت لەو هاوپەیمانیەدا بەشداری دەکەن.
- دەبێ داعش بە زووترین کات گۆڕەپانەکانی جەنگ چۆڵ بکەن.
- نابێ منداڵان فێری ڕق بکرێن. پیاوانی ئاینی نابێ چیتر خەڵك فێری ڕق بوون لە ئاینەکانی تر بکەن.
- نابێ چاوپۆشی لەو پیاوە ئاینیانە بکرێت، کە خەڵکی فێری ڕق لێ بوونەوە دەکەن.

- ئێستا کاتی ئەوەیە جیهانی هاوچەرخ، ڕێکەوتنێکی نوێ بکات، لە پێناوی لەناوبردنی خراپە لە نێو سەرچاوەی سەرەکیەکانیدا.
- هەموو ئاینەکان، لە کاتی خۆیاندا لە لایەن توندڕەوەکانەوە هێرش کراوەتە سەریان.
- چیت بۆ خۆت پێ خۆشە، بۆ هاوڕێکەت پێت خۆش بێت.
- ئەگەر بە ڕۆژی ڕووناك ئایدۆلۆژیای داعش و قاعیدە و بۆکۆ حەرام، ڕیسوا بکرێت، ئیدی لەناو دەچێت.
- دەبێ جەنگ لە دژی جەنگ ڕابگەیەنین. تاکو جیهان لە ئاشتی و ئارامیدا بژی.
- ماوەیەکی دی، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێك دەردەکات و تیایدا پابەندی وڵاتان بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دیاری دەکات.
- دەبێ لە دژی توندوتیژی تایفی ڕابوەستین کە خۆراك دەدات بە توندوتیژی و توندڕەوی.
- ئەمڕۆ توندوتیژی نێو کۆمەڵگە ئیسلامیەکان، دەرەنجامی زۆر ناخۆشی لێ کەوتۆتەوە.
- کاتی ئەوەهاتووە سەرکردەکانی شیعە و سوننە و سەرکردە سیاسیەکان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو ناکۆکیانە ڕەت بکەنەوە کە توندوتیژی لێکەوتۆتەوە.
- با ڕاشکاوانەتر بین: جەنگی ئەهلی و تایفی لە سوریا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسی کوشتوە.
- عێراق لە لێواری گەڕانەوەدایە بۆ ململانێ و ئاشوب.
- بەڵام هەواڵی خۆشیش هەیە، لە عێراق حکومەتێکی گشتگیر پێکهاتووە. سەرۆك وەزیرانێکی نوێ هەیە.
- لە لوبنانیش حکومەتێك هەیە، ڕەتی ئەوە دەکاتەوە پەلکێش بکرێت بۆ نێو جەنگ.
- ئەمریکا مەشق بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکات، پاڵپشتی ئاڵوگۆڕێکی سیاسیش دەکات لەو وڵاتەدا.
- کاتی ئەوە هاتووە وڵاتە گەورەکان دانوستانی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدەن.لە بری جەنگی بەوەکالەت.
- ئەبێ وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی پشت بە تواناکانی خۆیان، بە تایبەت پشت بە توانای گەنجەکانیان ببەستن.

- ڕوو لـه لاوانـی وڵاتـانی ئیسـلامی و عـەرەبی دەکـەم و دەڵـێم: ئێـوە توانـای باشتان هەیە لە خوێندەواری و زانستەکان و ماتماتیکدا. هەرکـەس بیـەوێ لـەو ڕیگەیە دوورتان بخاتەوە و بەرەو نەزانینتان بەرێت، ناپاکی لێ کردوون.
- ئێمە پشتوانی بەشداری کردنی ژنانین لە پەرلەماندا.
- هـیچ هێزێکـی دەرەکـی نـاتوانێ گۆڕانکـاری لـە دڵ و بیـروڕا و ئـەقڵی مرۆڤەکاندا بکات.
- ئەمریکا هاوبەشێك دەبێت، ڕێز لەو نەریتانە دەگرێت.
- لە کاتێکدا کار لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانێتیەك دەکەین لـە دژی تیرۆر. قبوڵی هیچ پەناگەیەکی ئارام بۆ تیرۆریستەکان ناکـەین. بـەرگری لـە ئاسایشـی خۆمان و هاوپەیمانەکانمان دەکەین.
- بەرنامـەی بەگژاچونـەوەی فیکـری تونـدڕەوی پـەیڕەو دەکـەین، لەگـەڵ هاوکاری کردنی بەرنامەی سەرکردایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ئەگـەرچی وێنەکـە ڕەشبینانەیە، بـەڵام ئـەمریکا دەست بـەرداری هەوڵـەکانی دروستکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێت.
- ئەمریکا ناترسێ لەوەی بەرگری لە ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی بکات، بەڵام بـەرگریش دەکـات لـەم دامەزراوەیـە( مەبەسـت لـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـە) و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دەکات.
- ئەمریکا کێشەی گەورەی لەناو خۆدا هەیە.
- ئەمریکا وەك دەساڵ لەمەوبەر نەماوە. چونکە ئێستا لە پێناوی بیروباوەڕماندا دەجەنگین.
- بۆیـە هـەرکات کەمتەرخـەمی بنـوێنین بەرانبـەر ئەرکـەکانمان، ڕەخنـە لـە خۆمان دەگرین.
- میدیایەکی ئازاد و دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆمان هەیە.
- هـەموو مرۆڤـەکان جێگـەیان لێـرە هەیـە، بـەبێ سـەیر کردنـی بیروبـاوەڕی ئاینیان.
- بەڵێنتان پێدەدەم ئەمریکا لە ڕێڕەوی خۆی لانادات.
- ئێمە میراتگری بۆ ماوەیەکی گەورەی ئازادین.

(٢٣)
## ئۆباما: وەڵامی قوتابییەکی کورد دەداتەوە
٢٠١٤/١٢/٢٣

باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا وەڵامی نامەی قوتابییەکی کورد دەداتەوە و لە نامەکەدا بۆی نووسیووە کە هەموو کەسێك لە عێراق مافی ئەوەی هەیە بە ئاسایی بژی، بێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ نەتەوە و تایفەیەکە.
ئازاد مستەفا، ئەو خوێندکارە کوردەیە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لە ولایەتی تاکساسی ئەمریکا لە زانکۆ دەخوێنێت و لە دوای شەڕی داعش و هێرشەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نامەیەك بۆ سەرۆکی ئەمریکا دەنێرێت و ئۆباماش وەڵامی نامەکەی دەداتەوە.
ئازاد مستەفا، سەبارەت بە بیرۆکەی ناردنی ئەو نامەیە بۆ سەرۆکی ئەمریکا، دەڵێت:" لە دوای داگیرکردنی شنگالەوە لە لایەن گروپی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) و ئەو کارە دڕندانانەی کە بەرانبەر بە خوشك و برا ئێزیدییەکانمان کردیان و ئەمەش زۆر دڵگرانی کردم. منیش وەکو سەرۆکی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە زانکۆی تاکساس و بەشداریمان لە چەندین بۆنەدا کردووە و لەو کاتەشدا ئەوەمان کردە ئەرکی سەرشانی خۆمان کە نامەیەك لە ڕێگای ئیمایلەوە بنێرین بۆ باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا، تاوەکو سوپاسی بکەین بۆ ئەو هاوکارییەی کە حکومەتی ئەمریکی پێشکەشی کورد و هێزی پێشمەرگەی کردووە".
ئازاد دەشڵێت: لە زانکۆکەیان هەموو قوتابیانی جیهان کۆمەڵەی خۆیان هەیە و کوردیش وەکو سەرجەم نەتەوەکانی دیکە ئەو کۆمەڵەیان لە زانکۆکە دامەزراندووە و ئەو سەرۆکایەتی دەکات.
ناوبراو دەڵێ لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ نامەکەی بۆ سەرۆکی ئەمریکا ڕەوانە کردووە و دوای چەند هەفتەیەك ئۆباما وەڵامی داوەتەوە، بەڵام لە مانگی کانوونی یەکەم نامەکەی بەدەست گەیشتووە.
ئازادی تەمەن ٤٢ ساڵ، لە شاری کەرکووك لە باشووری کوردستان لەدایکبووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ کاتێك ڕژێمی بەعس برایەکی دەکوژن، ئەو لەگەڵ خانەوادەکەی ناچار دەبن، ئەو شارە بەجێبێڵن و ڕوو لە شاری هەولێر بکەن و ئازادیش لەو کاتەوە لە شاری هەولێر دەژی.

ناوبراو له ساڵی ٢٠١٢وه له ڕێگای بەرنامەی تواناسازی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، له زانکۆی ئەی-ئێمی تاکساسی ئەمریکی ماستەر له بواری ئەندازیاری شارستانی دەخوێنێت.
ئۆباما له نامەکەیدا بۆ ئازاد، نووسیوویەتی:"سوپاست دەکەم بۆ تەرخانکردنی کاتی خۆت و ناردنی ئەم نامەیە بۆم و نامەکەت سەرنجی ڕاکێشام و هەستم بە خۆشی کرد بەرانبەر به وشه جوانەکانت".
له درێژەی نامەکەدا ئۆباما دەڵێ:"هەموو عێراقییەك، جا گرنگ نییە سەر به چ ئایینێکن، دەبێ ئەو هەستەیان هەبێت که دەتوانن بە ئارامی له وڵاتی خۆیاندا دەژین و بەرژەوەندییەکانی خۆیان له ڕێگای پڕۆسەی سیاسییەوە بەرەو پێشەوە بەرن، نەك له ڕێگای شەڕ و کوشتار. دەبێ ئێمە هەموو کارێك بکەین بۆ دابینکردنی سەقامگیریی و خۆشگوزەرانی له سەرانسەری جیهاندا که هەموو منداڵ و نەوەکانمان پێویستیان پێیەتی".
له کۆتایی نامەکەیدا بۆ ئازاد، سەرۆکی ئەمریکا دەڵێ:"جارێکی دیکە سوپاست دەکەم بۆ ناردنی ئەو نامەیە هیوای سەرکەوتنیشت بۆ دەخوازم له خوێندنەکەت".

(٢٤)
**ئۆباما: ئەمریکا بۆ سەر له نوێ ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بەشداری دەکات**
٢٠١٤/١٢/٢٩

سەرۆکی ئەمریکا له لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕادیۆی"ئێن. بی. ئاڕ" ئاشکرای کرد:" ئەمریکا، پارەی زیاتر له شەڕی داعشدا خەرج ناکات، بەڵام سەر له نوێ ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بەشداری دەکات".
ئۆباما هەروەها گوتی:" ئەمریکا پێویستی بەوەیە یەك تریلیۆن دۆلار له دروستکردنی قوتابخانە و ڕێگەوبان و زانستە بنەڕەتییەکان و لێکۆڵینەوەی زانستیدا خەرج بکات".
گوتیشی:"ئەو بڕە پارەیە له شەڕی داعشدا خەرج ناکەین".
ئۆباما له بەشێکی تری لێدوانەکانیدا گوتی:"ئەمریکا له توانایدا هەیە سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتانەدا که وەك عێراق و لیبیا و سوریا، جەنگ وێرانی کردوون، بەشداربێت". لەگەڵ ئەوەشدا جەختی کردەوە

لەوەی:" تەنانەت پرۆسەی ئاوەدان کردنەوەش، پێویستە وڵاتەکان خۆیان پێی هەستن".
گوتیشی:" دەکرێ ئێمە هاوکاربین، بەڵام ناکرێت لە بری ئەوان کارەکە بکەین، بڕوام وایە خەڵکی ئەمریکا لەم پەیامە تێدەگات".
پێشتر (جۆن کیری) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو:" سەر لە نوێ ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچانەی کە داعش لە عێراقدا دەستی بەسەردا گرتوون، دوو ملیار دۆلاری پێویستە".

(٢٥)

**ئۆباما: هاوپەیمانین لەگەڵ ئەو وڵاتانەی رووبەڕووی تیرۆر دەبنەوە**

٢٠١٥/١/٢١

باراك ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وتارێکدا کە لە بەردەم کۆنگرێس پێشکەشی کرد رایگەیاند: "سەرکردایەتیکردنی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی وایکردووە داعش لاواز بێت".
ئۆباما لە وتارەکەیدا ئاماژی بەوەدا کە: "١٥ ساڵ بەسەر ئەم سەدە نوێیەدا تێپەڕیوە، ١٥ ساڵ لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، کۆمەڵێك کێشەی شەڕی بەردەوام هەبوو کە ئەم نەوە نوێیە رووبەڕووی بووەوە، هەروەها هەندێك هەڕەشە بۆ سەر ئێمە و جیهان هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لاپەڕەیەکی نوێ دەکەینەوە". گوتیشی: "بە بەراوردکردن لەگەڵ ساڵی ١٩٩٩ تاوەکو ئێستا ئابوورییەکەمان بەهێزتر و گەورەتر بووە، رێژەی بێکاریش کەمترین ئاستی بە خۆیەوە بینیوە و هاونیشتیمانییەکانمان باشتر ژیانیان دابینکراوە و کەمترین پشتبەستنمان هەیە بە نەوتی بیانی".
ئۆباما کۆتاییهاتنی ئەرکی شەڕکردنی هێزەکانیان لە ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ـەوە لە ئەفغانستان راگەیاند و گوتی: "٦ ساڵ بەر لە ئێستا نزیکەی ١٨٠ هەزار سەربازی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق بوون، ئەمڕۆ لە ١٥ هەزار کەمترن". ئۆباما دەڵێ: "ئەوەی دەمەوێ بیکەم وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە چۆن سەرۆکایەتیکردنی دونیا لە لایەن ئەمریکاوە وەك خۆی بهێڵمەوە، یەکێك لە وەڵامەکان ئەوەیە هێزی ئەمریکا بنێرینە ئەو شوێنانەی کە لێوەی رووبەڕووی هەڕەشە دەبینەوە، بەڵام ئەم رێگایە دوژمنەکانمان

دەیانەوێ، لە جیاتی ئەمە دیبلۆماسیەت تێکەڵی هێزی سەربازی دەکەین، کە ڕێگەیەکی زیرەکانەترە".
ئۆباما پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بە گرنگ وەسفکرد و گوتی: "دەمانەوێ لە جیهاندا جیاوازییەك دروست بکەین، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لە پاکستانەوە تاوەکو پاریس ڕووبەڕووی تیرۆر دەبنەوە بە هاوپەیمان دەمێنینەوە، بەردەوام دەبین لە ڕاوەدونانی تیرۆریستان و نەهێشتنی ئەو تۆڕانەی هەیانە". هەروەها گوتیشی: "ڕووبەڕووی هەموو ئەو تیرۆریستانە دەبینەوە کە هەڕەشەن بۆ سەر ئێمە و دۆستەکانمان".
باراك ئۆباما ئاماژەی بە فێربوونی کۆمەڵێك وانە کرد لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوودا و گوتی: "لە بری ئەوەی ئێمە سەربازی ئەمریکی بنێرینە ئەفغانستان، ئێمە مەشق بە سەربازە ئەفغانییەکان دەکەین و بەڕێوەیان دەبەین". لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش گوتی: "سەرکردایەتیکردنی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی وایکردووە داعش لاواز بێت و بەرەو پێشچوونەکانی بوەستێندرێ".
جەختیشی لە هاوکاری و هەماهەنگی وڵاتەکەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کردەوە و گوتی: "ئێمە سەرکەوتوو دەبین، دەمەوێ ئەمشەو داوا لە کۆنگرێس بکەم کە نیشانی بدەین هەموومان بەیەکەوەین و یاسایەکی نوێ دەربکەین بۆ ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێز دژ بە داعش".
لە بارەی ڕووسیا و کوباوە، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوتی: "ئەمڕۆ ئەمریکا بە هێزەوە لەگەڵ دۆستەکانی ماوەتەوە و دۆستی هەیە، بەڵام ڕووسیا بێکەس بووە، ئەوەیە ئەو کارەی ئەمریکا دەیکات و بەردەوام دەبین لە سەری". لە بارەی سیستمی کوباشەوە گوتی: "لە کوبا کۆتایی بە سیاسەتێك دەهێنین کە ماوەیەکی زۆر بوو بەسەرچووبوو". لە بارەی ئێرانیشەوە گوتی: "لە ماوی ١٠ ساڵی ڕابردوودا بۆ یەکەمجار توانیمان ڕێگە لە پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بگرین، تا بەهاری ئەمساڵ چانسمان هەیە وتووێژ بکەین و ڕێگە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بگرین، بۆ ئەوەی هەم ئەمریکا هەم دۆستەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەست بە ئارامی بکەن، بۆ نموونە ئیسرائیل".

## (٢٦)
## ئۆباما: باسی داعش و ئاینی ئیسلام دەکات
٢٠١٥/٢/٤

سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت نابێت بە هیچ شێوەیەك بڕوا بە پڕوپاگەندەکانی داعش بکرێت، چونکە هەمووی درۆیە و نابێت مەشرووعیەت بەو ئاینەش بدەین کە داعش دەیەوێت.
باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا لە چوارچێوەی لوتکەی دژی توندڕەوی و توندوتیژی لە کۆشکی سپی وتەیەکی پێشکەش کرد و رایگەیاند: "داعش خۆی وەکو دەوڵەتی ئیسلامی و پاسەوانی ئیسلام دەناسێنێت، پێویستە ئێمە زۆر هۆشیار بین و بە هیچ شێوەیەك بڕوا بەو پڕوپاگەندانەی داعش نەکەین، چونکە هەموویان درۆن و نابێت بە هیچ شێوەیەك مەشرووعیەت بەو ئاینە بدەین کە داعش داوای دەکات".
ئۆباما لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی کوشتنی سێ گەنجی موسڵمانی لە ئەمریکا کرد و وتی: "ئەو گەنجانە بە شێوەیەکی زاڵمانە کوژراون و ئەم کارەساتە بووە هۆی نیگەرانی موسڵمانانی ئەمریکا، تا پێشم بکرێت دەمەوێ بە راشکاوانە بڵێم ئێمە وەکو هەموو ئەمریکییەکان هاوبەشی خەمی ئێوەین و خۆشەویستی و پشتگیری خۆمان بۆتان دەردەبڕین.
وتیشی: "لێرە و لە سەرانسەری جیهان چەند گرووپێکی ئاینی تاوانیان لە بەرامبەر چەند گرووپێکی دیکەی ئاینی ئەنجام داوە کە بە هیچ شێوەیەك مرۆڤ ناتوانێت لێیان خۆش بێت و ئەمەش بە مانای خیانەت کردن لە هەموو ئاینەکانە".
سەرۆکی ئەمریکا ئاماژەی بەوەشکرد، شەڕی دژی توندڕەوی تەنیا بە شەڕی سەربازیی ناکرێت، بەڵکو پێویستە لە بواری ئایدیۆلۆژیك، ئابووری و سیاسیشەوە شەڕی دژی تیرۆر بکرێت.
ئۆباما باسی لە ناکۆکییەکانی میدیا و رۆشنبیران لە بارەی پێناسە کردنی داعش کرد و وتی: "ئەو تیرۆریستانە خۆیان وەکو پاسەوانی ئاینی ئیسلام پێناسە دەکەن، بۆیە خۆیان وەکو دەوڵەتی ئیسلامی پێناسە کردووە و پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە ئەمریکا و جیهانی ڕۆژئاوا لە شەڕی دژی ئیسلام دایە".
دەشڵێت: بەو جۆرە هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی زیاتری جیهادییە تیرۆریستەکان دەدەن و هەوڵ بۆ هاندانی گەنجان بۆ توندڕەوی و توندوتیژی دەدەن بۆیە نابێت بە هیچ شێوەیەك ئێمە بڕوا بەو پێوانانە بکەین کە لە لایەن

تیرۆریستانەوە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرێت، چونکە هەموویان درۆن و نابێت مەشروعییەت بەو ئاینە بدەین کە تیرۆریستان دەیانەوێت، ئێمە لەگەڵ ئیسلام دا شەڕمان نییە بەڵکو لەگەڵ ئەوانەدا شەڕمان هەیە کە هەوڵ بۆ ناوزڕاندن و خراپ کردنی ئیسلام دەدەن".
ئۆباما لە بەردەوامی قسەکانی دا وتی: "پێویستە موسڵمانان پڕۆپاگەندەکانی تیرۆریستانی داعش لە بارەی شەڕی نێوان جیهانی ڕۆژئاوا و ئیسلام ڕەت بکەنەوە و پێویستە مامۆستایانی ئاینی ئیسلامیش واز لەو بیروڕایانە بهێنن کە ئاماژە بەوە دەکەن جیهانی ڕۆژئاوا گوشار دەخاتە سەر ئیسلام و نابێت بە هیچ شێوەیەك متمانە بەو جۆرە قسە و قسەڵۆکانە بکرێت".

(٢٧)

**ئۆباما: ئەڵمانیا هەنگاوێکی گرنگی گرتەبەر کە ئەویش پێدانی چەك بوو بە هێزەکانی کورد**

٢٠١٥/٢/١٠

کۆبوونەوەی دوو هاوپەیمانی دێرین و بەهێزی یەکدی. ڕۆژی دووشەممە لە کۆشکی سپی سەرۆکی ئەمریکا، باراك ئۆباما، سوپاسی هاوتا ئەڵمانییەکەی، ئەنگێلا مێرکلی کرد بۆ پاڵپشتیکردنی کورد لە شەڕی دژی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش).
باراك ئۆباما گوتی،" سوپاسی ئەنگێلا مێرکلم کرد بۆ ئەو پاڵپشتییە بەهێزەی وەکو ئەندامێکی هاوپەیمانێتییە نێودەڵەتییەکە پێشکەشی کردووە لە عێراق. لە پێشڤەچوونێکی گرنگی سیاسەتی دەرەوەیدا، ئەڵمانیا هەنگاوێکی گرنگی گرتەبەر کە ئەویش پێدانی چەك بوو بە هێزەکانی کورد لە عێراق. ئەڵمانیا لە ئامادەباشیدایە تا مەشق بە هێزە نێوخۆییەکان بکات لە هەولێر."
حکومەتەکەی مێرکل کە چەکی گرنگی هاوشێوەی مووشەکی تانکبڕی میلانی پێشکەش بە پێشمەرگە کردووە، بەڵێنی هاوکاری زیاتری داوە. بەڵام کورد دەڵێن گرفتێك هەیە کە چەکەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەمریکاوە دێن، درەنگ دەگەن و بە پێی پێویست نین.
جێن ساکی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت:" ئێمە بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق کۆمەك پێشکەش دەکەین. سیاسەتمان

ئەوەیە کە هەمـوو گواسـتنەوەیەکی چەك دەبێـت بە تەنسـیق لەگەڵ حکـومەتی خـاوەن سـەروەری عێـراق بێـت. ئەمە بە پێـی پێداویسـتییەکی یاسـاییە بە پێـی یاسای ئەمریکا."

ئەم پـێگەیەی حکـومەتی ئەمریکـا لـە نـاوخۆی ئەمریکاشـدا لە کەنـاڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە رەخنەی لێدەگیرێت. یەکێك لەو رەخنەگرانە ئەم سیناتۆرە بەناوبانگەیە کە دەنگۆی ئەوە هەیە یەکێك بێت لە کاندیدەکانی ساڵی ٢٠١٦ بۆ سەرۆکی ئەمریکا.

تێد کروز دەڵێت،"حکومەتەکەمان بە پێی پێویست چەك بۆ کورد دابین ناکات و هەمووی دەنێرن بۆ بەغدا. بەغداش زۆر بە خاوی ئەو چەکانە دەگەیەنێتە کورد. پێویستە چەك بدەین بە کورد. دەبێت پێشمەرگە وەکو ئەو هێزی خۆمـان هەژمـار بکەیـن لەسـەر ئەرزی واقیـع، کـاریگەرن، ئامـادەن و هاوپەیمـانی نزیکمانن."

سـەرەڕای ئەوە حکـومەتی ئەمریکـا دەڵێـت برێکـی زۆر چەکیـان گەیانـدووەتە پێشمەرگە کە ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت.

١٠٠ تانك و ئۆتۆمبیل و ئامێرێ دژە بۆمب.

١٥٠٠ تەن کەلوپەلی سەربازی کە بە ٦٠ فڕۆکە گواستراوەتەوە.

١٥ هەزار روومانە.

١٨ هەزار تفەنگ (یاخود رایفەڵ)

٤٥ هەزار گوولە هاوەن.

(٢٨)

**ئۆباما: ئەڵمانیا لە هەولێر سەرپەرشتی راهێنانی هێزە لۆکاڵییەکان دەکات**

٢٠١٥/٢/١٠

لە کـۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیـدا، سـەرۆکی ئەمریکـا و راوێژکـاری ئەڵمانیـا پشـتیوانی خۆیـان بـۆ هاوپەیمـانیی نێـودەوڵەتی دژی داعـش دووپـاتکردەوە و هەردوولا بەڵێنیان دا ئەو گرووپە لە ناو ببەن.

لە کۆنگرە ڕۆژنـامەوانییەکەدا، بـاراک ئۆبامـا، سـەرۆکی ئەمریکـا، سوپاسـی ئەنگێلا مێرکڵ، راوێژکـاری ئەڵمانیـای کـرد بـۆ هاوکارییەکـانی بەرامبەر بە

"هێزە کوردییەکان" و گوتی: "لە هەنگاوێکی گرنگدا لە سیاسیەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، ئەو وڵاتە هاوکاریی سەربازیی پێشکەشی هێزە کوردییەکان کردووە".
هەروەها ئۆباما ئاشکرای کرد، کە ئەڵمانیا بڕیاریداوە سەرپەرشتی ڕاهێنانێکی نێودەوڵەتی بکات بۆ هێزە ناوخۆییەکان لە هەولێر.
ئۆباما باسی لەوەشکرد، کە لەگەڵ مێرکڵ "هاوڕان بۆ لە ناوبردنی داعش، کە گرووپێکی بەربەرییە".
ئەڵمانیا لە سەرەتای شەڕی داعش هاوکاریی بە پەلەی نارد بۆ هێزی پێشمەرگە و هەروەها لە وڵاتەکەشی کەمپی ڕاهێنانی بۆ هێزێکی پیشمەرگە کردەوە.
لە هەفتەی ڕابردووشدا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە میانی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، چاویکەوت بە مێرکڵ و گوتی، "ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بەڵێنیداوە هاوکاریی زیاتری کورد بکات".

(٢٩)

**ئۆباما: داواکارییەکەی لە بارەی داعشەوە ئاراستەی کۆنگریس کرد**

٢٠١٥/٢/١١

سەرۆکی ئەمریکا، بە شێوەیەکی فەرمی دەقی داواکارییەکی ئاراستەی کۆنگریس کرد کە بۆ بەکارهێنانی هێز لە دژی داعش، بە گوێرەی ئەو دەقە فەرمییە، ماوەی ئۆپەراسیۆنەکان لە دژی داعش ٣ ساڵ دەبێت و بە هیچ شێوەیەکیش هێزی وشکانی ئەمریکاش لە شەڕەکاندا بەشدار نابن.
بە گوێرەی ئەو دەقە، ئۆباما دەیەوێت ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا دەرکراوە و ڕێگە ئەدات بە شەڕی عێراق. بەڵام پێشنیارەکەی ئۆباما ئەو بڕیارە دەهێڵێتەوە کە لە ساڵێ ٢٠٠١دا و کەمێك لە پاش هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر دەرکراوە، ڕێگە ئەدات بە هێرش کردنە سەر تاڵیبان و قاعیدە.
لە دەقی نامەیەکدا کە هاوپێچی نوسراوەکە کراوە، ئۆباما دەڵێت: "فەرمانم داوە بە پەیڕەو کردنی ستراتیژێکی بەردەوام و گشتگیر بۆ کەم کردنەوەی تواناکانی دەوڵەتی ئیسلامی و شکست پێ هێنانی".
هەروەها دەڵێت:" پێویستە هێزی ناوخۆیی بەکار بهێنرێت بۆ ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنە، نەوەك هێزی ئەمریکی".

کۆشکی سپی ڕایگەیاند: کاتژمێر ۳:۳۰ خولەك بە کاتی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا، ئۆباما لە بارەی داواکاریەکەیەوە پەخشنامەوە ڕوونکردنەوە بڵاودەکاتەوە.
پێویستە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران وپیران داواکارییەکەی ئۆباما پەسەند بکەن، چاوەڕوان دەکرێت مشتومڕێکی زۆر لە نێوان دیموکراتەکان کە هەست بە نیگەرانی دەکەن لە جەنگێکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ کۆمارییەکان کە زۆرێکیان فشار دەکەن بۆ ئەوەی ڕێ وشوێنی توند تر لە دژی داعش بگیرێتە بەر.
ئۆباما بەرگری لە بڕیارەکانی بۆ گرتنە ئەستۆی سەرکردایەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی دەکات، بەوەی ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتەکانی خۆیدایە،لە مانگی هەشتی ڕابردووەوە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان دەستیان بە بۆردوومانی پێگەکانی داعش کردووە. بەڵام ڕووبەڕووی ڕەخنە ببویەوە بەو هۆیەوە کە داوای مۆڵەتی لە کۆنگریس نەکردبوو.. لەو سۆنگەیەوە هەندێ ڕەخنەی لێدەگرن بەوەی لە دەسەڵاتە دەستورییەکانی لایداوە.
لە بەرانبەر ئەو ڕەخنانەدا، هەروەها بۆ ئەوەی بوار بداتە یاسادانەرەکان تاکو مشتومڕ بکەن لەسەر بڕیارێکی گرنگی وەك بەکارهێنانی هێز، ئۆباما لە مانگی ۲۰۱٤/۱۱دا ڕایگەیاند کە بڕیاریداوە داوای مۆڵەت لە کۆنگریس بکات.
لەو بارەیەوە "جۆن کیری" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە پەخشنامەیەکدا گوتی:"گرنگە ئیدارە لەگەڵ کۆنگریسدا هاوکاری بکات، بۆ پەسەندکردنی مۆڵەتەکە".
گوتیشی:"ئەگەر کۆنگریس بە مۆڵەتەکە قایل ببێت، ئەوا ئەو هاوپەیمانێتییەی لە دژی داعش دروست بووە، زۆر بەهێزتر دەبێت".
جگە لەوە گوتی:"دەبێ هەموو جیهان ببیستێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان بە یەك دەنگ لە دژی داعش دەدوێت".

(۳۰)

**ناوەڕۆکی داواکارییەکەی ئۆباما لە کۆنگرێس**

۲۰۱٥/۲/۱۱

باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا نامەیەک و رەشنووسی یاسایەکی نوێی جەنگ ئاراستەی کۆنگرێس دەکات، کە تایبەتە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژ بە داعش.
ئۆباما داوا دەکات دەسەڵاتەکانی لە جەنگی دژ بە داعش فراوان بکرێت، هەروەها رێگای پێبدرێت هێزی سەربازی تایبەت دژی داعش بەکار بهێنێت، تاوەکو سەرکردەکانی داعش بکاتە ئامانج.
لە نامەکەدا ئۆباما داوا لە کۆنگرێس دەکات بۆ ماوەی سێ ساڵ رێگای پێبدرێت هێزی سەربازی لە دژی داعش لە هەر شوێنێک بێت بەکار بهێنێت، لەوانەش سووریا و عێراق، هەروەها دەستکراوە بێت لە شەڕی دژ بە داعشدا.
نامەکە لە سێ لاپەڕە پێکهاتووە، لە پێشەکییەکەیدا هاتووە،" ئەوەی کە پێیدەگوترێت دەوڵەتی ئیسلامی هەڕەشە لە گەل و سەقامگیری عێراق و سووریا دەکات، هەروەها هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا".
لە بەشێکی داواکەی کۆشکی سپیدا ئاماژە بە ستراتیژییەتی ئەمریکا دژ بە داعش کراوە، ئۆباما نووسیویەتی:" من ستراتیژییەتێکی گشتگیر و درێژخایەنم بۆ لە ناوبردن و تێکشکاندنی داعش داڕشتووە. وەکو بەشێک لەم ستراتیژییەتە ئەمریکا هێرشی ئاسمانی دژ بە داعش بەکار هێناوە".

**سەرۆکی ئەمریکا داوا لە کۆنگرێس دەکات رەشنووسی یاسای ئەی یو ئێم ئێف تێپەڕێنرێت.**

**یاسای ئەی یو ئێم ئێف چییە؟ کە ئۆباما داوای دەکات لە کۆنگرێس تێپەڕینرێت**

یاسای ئەی یو ئێم ئێف کورتراوەی ( Authorzinig for Use of Military Force) ئەم یاسایە بۆ یەکەمجار، لە چواردەی سێپەتەمبەری ٢٠٠١ لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە پەسەند کرا، بە پێی ئەم یاسا ئیدارییە کۆشکی سپی ساڵی ٢٠٠١ لە سەردەمی 'جۆرج دەبلیو بۆش' جەنگی دژ بە ئەفغانستانی بەرپا کرد.
بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ لە جەنگی دژ بە عێراق، کۆنگرێس یاسایەکی نوێی دەرکرد، بۆیە ئۆباما بە کۆنگرێس دەڵێت نامەوێت "هەمان ئەو یاسایەی ساڵی ٢٠٠١ پێشنیاز بکەم".
راوێژکاری کۆنگرێسی ئەمریکا رایگەیاند، ئەم گوتەیەی ئۆباما یاسای جەنگی ساڵی ٢٠٠٢ ی تایبەت بە عێراق بەکار دەهێنێت.

باراك ئۆباما لە نامەکەی بۆ کۆنگرێس دەنووسێت:" رەشنووسی ئەو یاسایە کە مـن پێشـنیازی دەکەم، دەسـەڵاتم پێنـادات بڕیـاری جەنگێکـی هاوشـێوەی ئەفغانستان دەربکەم، بەڵکو دەسەڵاتم دەبێت کە هێز رەوانە بکەم بۆ هەندێک ئۆپەراسـیۆن، لەوانە ئۆپەراسـیۆنی وشـکانی لە هەلـومەرجی دیـاریکراودا، ئۆپەراسیۆنی رزگارکردن و بەکارهێنـانی هێزی تـایبەت بۆ بە ئەمانجگرتنی سەرکردەکانی داعش".

**کاردانەوەکانی کۆنگرێس**
ئەم پڕۆژە یاسـایە و داواکەی ئۆبامـا دوای رەخنەیەکـی زۆری کۆمارییەکـان هات لە ئەدا و ستراتیژییەتی ئەمریکا بەرامبەر داعش.
کۆمیتەی باڵای کۆمارییەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکا رەتیـان کـردەوە دەنـگ بە یاسایەک بدەن کە بە روونی ئاماژە بەوە نەکات هێزی وشکانی دژی بە داعش بەکار بهێنرێت.
بەڵام دیموکراتەکـان کە نـزیکەی ٤٤% ی کورسـی کۆنگرێسـیان بەدەسـتە، دوودڵن لە دەنگدان بە یاساکە، رەنگە ئەمریکاش پەلکێش بکـات بۆ جەنگێکـی نوێ.
لینزی گراهام، سیناتۆری کۆمارییەکـان رایگەیاند، دەنـگ بە یاسـایەک نـادات رێگا بە بەکارهێنانی هێزی وشکانی دژ بە داعش نەدات.
هاوکات بۆب گرۆکەر رایگەیاند، دەنـگ بە یاسایەکی جەنـگ دژی بە داعش دەدەم، کە هیچ سنوورێکی جوگرافی دیاریکراوی نەبێت.

(٣١)
**ئۆباما: یارمەتیی هێزە کوردییەکان دەدەین**
٢٠١٥/٢/١٢

لـە بـارەی پێشـکەش کردنـی داواکـاری وەرگرتنـی مۆڵـەت لـە کـۆنگریس، بـۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی داعش، سەرۆکی ئەمریکا، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بە پەلەی گرێدا.
لـە سـەرەتاوە ئۆبامـا باسـی ئـەوەی کـرد کـە داعش شکستی هێنا لـەوەدا دەست بەسـەر کۆبانێـدا بگرێـت. چونکـە لـەو ناوچەیـەدا زیـانێکی زۆر گـەورەیان لێکەوت.

لــــەناوبردنی ئـــەو تیرۆریســـتانە ماوەیـــەکی دەوێـــت، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هاوپەیمانێتییەکەمان لە حاڵەتی هێرش برندنایە، داعش لە حاڵەتی بەرگریدایە، بە دڵنیاییەوە جەنگەکە دەدۆڕێنێت. ئەو تاوانبارە مرۆڤ کوژانە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان کوشتووە بە بارمتەکانیشەوە، بێ ئومێد بوون و پەنا دەبەنە بەر کوشتنی بارمتەکان، دەیانەوێ ترس لە دڵی خەڵکیدا بچێنن، چونکە دڵنیان لەوەی ناتوانن بە فیکر بەسەر خەڵکیدا زاڵ بن.

ئۆباما گوتیشی:"لەگەڵ ئەو جۆرە هێزەدا ئێمە تەنها یەك ڕێگەمان لەبەردەمدایە، ئەویش ئەوەیە هاوپەیمانەکانمان کۆتایی بەو هێزە دێنن، ئەو کاتەی لە مانگی سێپتەمبەر ستراتیژەکەم ڕاگەیاند گوتم، ئێمە بەهێزتر دەبین ئەگەر کۆنگریس و کۆشکی سپی پێکەوە کار بکەین، ئەمڕۆش پرۆژەی بڕیارێکم ناردووە بۆ کۆنگریس و داوام لێکردوون سەرپشکمان بکەن لە بەکارهاوردنی هێز لە دژی داعش".

هەروەها گوتی:"دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە ئەم بڕیارە چی دەکات و چی ناکات؟ بڕیارەکە پشتیوانی ئەو ستراتیژە گشتگیرە دەکات کە لەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا لە دژی داعش گرتومانەتە بەر. لەگەڵ بەردەوامی هێرشە ئاسمانییەکاندا، بەردەوام دەبین لە پێشکەش کردنی کۆمەکی بۆ هێزەکان لەسەر زەوی، مەشق بەهێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکەین، تانکەکانیان تێك دەشکێنین و ناوچەکە پاك دەکەینەوە لە چەکدارە بیانییەکان.

هاوکارییەکانی ئێمە حکوومەتی عێراقیش دەگرێتەوە، پشت ئەستورکردنی هێزە عێراقییەکان دەگرێتەوە. کۆمەکی مرۆیی بۆ هاووڵاتیانی بێ گوناه. کە لە ژێر دەستی داعشدا ناسۆری زۆر دەچێژن".

هەروەها گوتی:" دەمەوێ سوپاسی جێگری سەرۆك و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری بکەم، کە ئێمە پێکەوە بەرەنگاری ئەو دوژمنە بوینەتەوە، هەمووومان یەکڕاین لەسەر ئەوەی بەهێزترین چەکمان لە بەرنگاربوونەوەی دوژمنێکی وەکو داعشدا ئەوەیە بەرگری بکەین لە بەهاکانی خۆمان لە ناو وڵاتدا. بەرەنگاری بیروباوەڕی ڕق بەخشینەوە ببینەوە، کە دەیانەوێ هەر شتێك لێبوردەیی تێدا بێت لە ناوی بەرن".

ئۆباما بڕیارەکەی زیاتر ڕوون کردەوە و گوتی:" ئەو بڕیارە ڕێگە نادات بە ناردنی هێز بۆ عێراق و سوریا، وە ڕێگە نادات بە جەنگی وشکانی لەسەر زەوی، وەك ئەوەی لە ئەفغانستان وعێراق ڕوویدا، ئەو سەربازانەی لەوێ دایان دەنێین، تەنها لە سەربازگەکانی خۆیاندا دەبن، ڕاستە لەو حاڵەتەشدا هەر دووچاری مەترسی دەبنەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ شەڕ ناکەن، تەنها مەشق بە

هێـزە عێراقییـەکان و هێزەکـانی کـورد دەکـەن. مـن وەك پێشـتریش گوتومـە، نـاکرێ جـارێکی تـر ئـەمریکا پەلکێشـی جـەنگێکی تـری وشکانی بکرێتـەوە لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوە لە بەرژەوەندی نیشتمانی ئێمەدا نییە، ئەوە ئەرك و بەرپرسارێتی ئێمە نییە داعش ببەزێنین. ئەو هێزە وشکانیانەی لەسەر زەوی هەن، دەزانن چۆن شەڕی داعش دەکەن، لە ئێستاشدا هەر ئـەوە دەکـەن. بـەڵام لە هەمان کاتدا ئـەو بڕیارە نـەرمی پێویستمان پـێ ئەبەخشێت کـە هاوسـەنگی بگێڕینەوە لە کاتە سەختەکاندا. بۆ نمونە: ئەگەر زانیاری هـەواڵگری ڕاستمان لەبەردەستدا بێت سـەبارەت بـە کۆبوونـەوەی سـەرکردەکانی داعش، ئـەوا مـن ئامادەییم تێدایە فەرمان بدەم بە هێزە تایبەتەکانمان تاکو هێرش بکەینە سەریان، بۆ ئەوەی ئەو تیرۆریستانە ئارامگایان بۆ نەمێنێتەوە".

لە بەشێکی تری قسەکانیدا گوتی:" دەبـێ ورد بین، چونکـە هیچ بڕیارێك لـەوە قورستر نییە داوا لە سەربازەکانمان بکـەین ژیـانی خۆیـان بخـەنـە مەترسییەوە، وەك فەرمانـدەی بـاڵای هێـزە چەکـدارەکان، تـەنها لـە کاتێکدا سـەربازەکانمان ڕووبـەڕووی مەترسـی دەکەمـەوە، کـە بەرژەوەندییـەکی ڕاسـتەقینەی وڵاتەکەمانی تێدا بێت".

(٣٢)

**ئۆبامـا: ئـەمریکـا و هاوپەیمانـان بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئیسلامدا لە جەنگدا نین**

٢٠١٥/٢/١٨

لـوتکەی کۆشـکی سـپی بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توونـدڕەوی و گفتوگـۆکردن لەسـەر ئەو پرسـە جیهـانییە، ڕۆژی چوارشـەممە ٢٠١٥/٠٢/١٨ دەسـتی بە کارەکـانی خـۆی کـرد. لە کۆبوونەوەکـانی ئەو لـووتکەیەدا قسـە لەسـەر سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەوەکان لە جیهاندا دەکرێت بە تایبەت (داعش).

لە یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەکاندا باراك ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەمریکا و هاوپەیمانان بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئیسلامدا لە جەنگدا نین، ئەوەشی داعـش و گـرووپە ئیسـلامییە توونـدڕەوەکان ئەنجـامی دەدەن، تەنهـا کـارێکی تیرۆریستییە و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە.

هەر لە ڕۆژی یەكەمی كۆنگرەی واشنتن  ئاماژە بەوە كرا، كە لە پاڵ هێرشی سەربازیدا، پێویستە جیهان لە رووی فیكرییەوە دژایەتی تیرۆریزم  و توندڕەوی بكات.
لووتكەی واشینتن تەنها قسەكردن نییە لەسەر رادیكاڵیزمی ئیسلامی و گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەكان وەك داعش و ئەوانی دیكە، بەڵكو لەو لووتكەیەدا نوێنەران و بەرپرسانی رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ بەشداری دەكەن و قسە لەسەر ئەو پرسەش دەكرێت، كە دیارترینیان پرسی مافی مرۆڤە لە كۆریای باكوور و هەوڵدان بۆ ناردنی ئەو دۆسیەیە بۆ دادگای نێودەوڵەتی.
واشینتن دەستتێوەردانی رووسیا لە كاروباری ئۆكراینا بە نموونەیەكی دیكەی توندڕەوی دەزانێت لە جیهاندا، بۆیە ئەو كۆبوونەوانە بێبەش نابن لە گفتوگۆكردن لەسەر ئەو پرسە.

(٣٣)
**ئۆباما: پەیامێک بۆ موسڵمانان دەنێرێ**
٢٠١٥/٢/١٨

سەرۆكی ئەمەریكا داوای لە موسڵمانانی وڵاتەكەی كرد تاوەكوو هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بەگژداچوونەوەی توندوتیژی بە نێوی ئیسلامەوە.
ڕۆژی چوارشەممە (١٨.٢.٢٠١٥) باراک ئۆباما، سەرۆكی ئەمەریكا، لە گوتاری دەستپێكردنی كۆنگرەیەك كە سێ ڕۆژ دەخایەنێ، ڕایگەیاند كە پێویستە گەورە پیاوانی موسڵمانان، هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی ئەو بیرە بڕەوێننەوە كە گوایە وڵاتانی ئێمە، دژی بڵاوبوونەوەی ئیسلامین، ئەمەش وەك وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ پەیامی ئیسلامییە توندڕەوەكان كە هەردەم بڵاوی دەكەنەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا پیلان لە دژی ئیسلام دادەڕێژن.
ئۆباما لە گوتارەكەیدا، پەیامێكی تایبەتیشی بۆ گەنجانی موسڵمان هەبوو، لە پەیامەكەیدا ئاشكرای كرد كە لاوان زیاتر لە ژێر مەترسیی ئەوەدان بچنە نێو گرووپە توندڕەوەكان، بۆیە داوای كرد كە پێویستە پەیامی ئاشتیی ئایینی ئیسلام تەشەنە پێ بكرێت.
بە پێی ڕاگەیاندراوی بەرپرسە هەواڵگرییەكانی ئەمەریكا، تا ئێستا نزیكی ١٥٠ ئەمەریكی هەوڵی چوونیان داوە بۆ سووریا تاوەكوو بەشداری لە شەڕی داعشدا بكەن، بەڵام هێزە تەناهییەكانی ئەو وڵاتە، دەستبەسەریان كردوون.

(٣٤)
**ئۆباما: نوری مالیکی هۆکاری توندوتیژییەکانی عێراقە**
٢٠١٥/٢/٢٠

باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند:" سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق هۆکاری سەرەکیی توندوتیژییەکانی ئەو وڵاتەیە و دووبەرەیەکی تائیفیی ترسناکی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا خولقاندووە".
باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا لە گوتەیەکدا لە کۆنگرەی لەناوبردنی توندڕەویی و تیرۆر لە واشنتۆن ڕایگەیاند:" بە هۆی سیاسەتە تاکڕەوییەکانی نوری مالکی عێراق بەرەو شەڕێکی تائیفی و ئایدۆلۆژی بردووە و لە ئاکامی ئەو سیاسەی توندوتیژییەکانی عێراق گەیشتۆتە لوتکە".
هەروەها ئۆباما گوتی:" ئیسلام ئاینێکی دادپەروەری و لێبوردەییە و بە هیچ شێوەییەك ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانی وەك داعش و قاعیدە و تیرۆریستەکانی دیکەی هاوشێوەیان نوێنەری زیاتر لە یەك ملیار موسڵمان لە جیهان ناکەن".
ئۆباما داوای لە سەرکردەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئیسلامی کرد پێکەوە کار لە پێناو لە ناوبردن و بە حەرامکردنی کارەکانی تیرۆرستانی داعش بکەن بۆ ئەوەی زیاتر ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە کەسی دیکە توندڕەو نەکات.
لە گوتەکەیدا سەرۆکی ئەمەریکا چوار پێشنیاری بۆ لاوازکردنی تواناکانی داعش لە بارەی چەکدارکردنی کەسانی دیکە خستە ڕوو لەوانەش: ڕووبەڕبوونەوەی باوەڕی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە، چارەسەری ستەمکاری کۆمەڵایەتی کە گروپە توندڕەوەکان وەك بەرژەوەندی بۆ خۆیان بەکاری دەهێنن، مامەڵە نەکردن لەگەڵ ستەمکارە سیاسییەکانی ناوخۆی وڵاتان، هەروەها ڕێگریگرتن لەو کەسانە کە دەیانەوێت بە دزییەوە بچنە ناو ڕێکخراوە توندڕەوەکانی وەك داعش.
لە بەشێکی گوتەکەیدا سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەشدا، چارەسەری باوەڕی توندڕەوی تەنها پشت بەستن بە ڕێگەی سەربازی نابێت، بەڵکو دەبێت ژێرخانی توندڕەویی تیرۆر هەڵبکەندرێت و لە ناویش ببیرێت.
باراك ئۆباما ڕوونیشیکردەوە، قاعیدە و داعش هەوڵدەدەن وێنەی خۆیان وەك دوو سەرکردایەتیی ڕێبەرانی ئاینی نیشان بدەن کە ئەوان بەو باوەڕەوە پەیڕەویی دەکەن بەرگری لە ئاینی ئیسلام بکەن کە لە ڕاستییشدا وا نییە و

ئەوان لە هەموو کردەوە و ڕەفتاری ئـاینی ئیسلامەوە دوورن و نـوێنەری یەك ملیار موسڵمان لە جیهان ناکەن.

(٣٥)

**ئۆباما: بۆ لەناوبردنی داعش پرۆژەیەك دەخاتە ڕوو**

٢٠١٥/٣/١٢

ئۆبامـا سـەرۆکی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـە مەبەسـتی لـەناوبردنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، پرۆژەیەکی نوێ دەخاتە ڕوو.
جـۆن کیـری وەزیـری دەرەوەی ئــەمریکا وێـڕای ئامــاژەکردن بــە پـرۆژە نوێیەکــەی بــاراك ئۆبامــا ســەرۆکی ئــەمریکا بــۆ لــەناوبردنی ڕێکخــراوی تیرۆرستی داعش، ڕایگەیاندووە: پرۆژە نوێیەکەی سەرۆك ئۆباما سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراوی نییە و داعش لەهەر شوێنێك بێت لـە ئەماندا نابێت و دەکەوێتە بەر هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی.
ڕاشـیگەیاندووە: بـەکارهێنانی هێـزی سـەربازی ئـەمریکی لـە دژی داعـش سنوورێکی تایبەت و دیاریکراو و سنوورداری نییە و نابێت داعش دڵنیـابن کـە لە ئەماندان.
پرۆژە نوێیەکەی ئۆباما دەستی بەرپرسانی وڵاتەکەی کراوە دەکات، کە هێزی سەربازی ئەمریکا لەهەر شوێنێك کە پێویست بێت گورزی خۆیان لـە داعش بوەشێنن و ئامانجی خۆیان بپێکن.
کیری ئاشکراشیکردووە کـە لـە ئێستادا ئۆبامـا دەسـەڵاتی تـەواوی هەیـە کـە لـە دژی داعش هـەنگاو بنێت و پشـتیوانیکردنی کـۆنگرێس لـە پرۆژەکـەی ئۆبامـا دەیسەلمێنێت کە ئەمریکییەکان بۆ لەناوبردنی داعش یەکهەڵوێست و یەکدەنگن.

**سەرچاوەکان**


(١) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)
(٢) ماڵپەری باسنیوز، نووار فەقێ
(٣) ماڵپەری باسنیوز، شۆڕش محەمەد
(٤) ماڵپەری باسنیوز، بێستون کاکەیی
(٥) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)
(٦) ماڵپەری باسنیوز، بێستون کاکەیی
(٧) ماڵپەری باسنیوز، بێستون کاکەیی
(٨) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)
(٩) ماڵپەری باسنیوز، بێستون کاکەیی
(١٠) ماڵپەری باسنیوز، دیار عەزیز
(١١) ماڵپەری باسنیوز، مەشخەڵ کەوڵۆسی
(١٢) ماڵپەری باسنیوز، دیار عەزیز
(١٣) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)
(١٤) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
(١٥) ماڵپەری باسنیوز
(١٦) سایتی پارێزگای هەولێر، هەروەها ماڵپەری باسنیوز، مەشخەڵ کەوڵۆسی
(١٧) ماڵپەری ڕۆژنامەی خەبات
(١٨) ماڵپەری باسنیوز، مەشخەڵ کەوڵۆسی
(١٩) ماڵپەری باسنیوز، ئاریا
(٢٠) ماڵپەری باسنیوز، ئاریا
(٢١) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
(٢٢) ماڵپەری باسنیوز، مەشخەڵ کەوڵۆسی
(٢٣) ماڵپەری باسنیوز، هاوار عەبدولڕەزاق
(٢٤) ماڵپەری باسنیوز، ئاریا کوردستانی
(٢٥) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)، فەرهاد چۆمانی
(٢٦) ماڵپەری خەندان
(٢٧) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)، نامۆ عەبدوڵڵا
(٢٨) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)
(٢٩) ماڵپەری باسنیوز، ئاریا کوردستانی
(٣٠) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)، ئاسۆ محەممەد
(٣١) ماڵپەری باسنیوز
(٣٢) تۆری میدیایی rووداو ( rووداو نێت)،
(٣٣) ماڵپەری باسنیوز، هەردی مەڵکەندی
(٣٤) ماڵپەری باسنیوز، نووار فەقێ
(35) ماڵپەری لڤین پریس

# بەشی سێیەم

# **پاپای ڤاتیکان**

# پاپا فرانسیس

(١)
## کەنیسەی ڤاتیکان هەڵوێستێکی دەگمەن رادەگەیەنێت
٢٠١٤/٨/١٢

بە درێژایی دەیەی رابردوو، ڤاتیکان دژایەتی هەموو جۆرە شەڕێك و ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ئەمریکای کردووە. لە هەر جێیەکی جیهان و زۆربەی جار پاپا و قەشە دەست رۆشتووەکانی کەنیسەی کاسۆلیکی داوای چارەسەری ئاشتیان کردووە، بەڵام ڤاتیکان ئەم هەڵوێستەی لە شەڕی داعش و پێشمەرگە گۆڕی.
باڵیۆزی پاپا لە بەغدا پشتگیری کەنیسە و پاپای بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی ئەمریکا راگەیاند. جۆرجیا لینگوا، باڵیۆزی پاپا لە بەغدا بە بۆستۆن گلۆبی ڕۆژنامەی ئەمریکی گوتووە "دەبوایە شتێك بکرایە، دەنا داعش نەدەوستێندرا".
لینگوا ئاوارەکردنی مەسیحییەکان لە لایەن داعش وەکو پاڵنەرێك بۆ ئەو هەڵوێستە دەگمەنەی ڤاتیکان باسکردووە. بە گوێرەی ڤاتیکان، ئێستا لە عێراق١٠٠هەزار مەسیحی ئاوارەن و ماڵ و حاڵیان جێهێشتووە.
کەنیسەی کاسۆلیکی بە تەواوی هەڵوێستی گۆڕیوە، ساڵی ٢٠١٣ ڤاتیکان رایگەیاند کە لە دژی هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییە لە دژی رژێمی بەشار ئەسەد، دوای ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما هەڕەشەی لە سووریا کرد، لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٣ پاپا داوای لە زیاتر لە ملیارێك کاسۆلیکی جیهان کرد کە هەستنەوە و "نوێژ بۆ ئاشتی بکەن".
ڤاتیکان لە دژی هەردوو شەڕەکانی ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ یش بوو کە ئەمریکا لە دژی عێراق بەرپای کرد.
ساڵی ٢٠٠٣، پاپای ڤاتیکان داوای لە باڵیۆزی ئیتاڵیا لە واشنتن کرد کە "بچێتە لای بۆش و داوا بکات کە لە عێراق نەدات".
تەنانەت لە شەڕی ئەفغانستانیش کە دوای هێرشەکانی شاری نیویۆرکی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ئەنجامدرا، ڤاتیکان لە ریزی ئێران بوو وەکو تاکە دوو وڵات کە پشتگیری تەواویان بۆ ئەمریکا رانەگەیاند لە شەڕی دژی تالیبان، بەڵام ئەم جارە ڤاتیکان بە فەرمی پشتگیری لە ئۆپەراسیۆنەکەی ئەمریکا دەکات لە دژی داعش.
ئەمەش بەشێکە لە پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی فراوان بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە لە دژی چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش).

(٢)

## نوێنەری پاپای ڤاتیکان: پێشمەرگە لە ئەوروپا بووەتە سیمبول

٢٠١٤/٨/١٤

نوێنەری پاپای ڤاتیکان سوپاسی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و دەڵێت "ئێستا پێشمەرگە لە ئەورووپا بووەتە سیمبولی خۆڕاگری و شەڕکردن لەسەر حەق".

ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی ٨ی ٢٠١٤ لە سەلاحەدین مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کاردینال فێرناندۆ فیلۆنی نوێنەری قەداسەتی پاپای ڤاتیکان و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەك مەتران و پیاوانی ئایینیی مەسیحی لە کوردستان و عێراق .

لە دیدارێکدا نوێنەری قەداسەتی پاپای ڤاتیکان نامەی تایبەتی قەداسەتی پاپای پێشکەشی بارزانی کرد و سوپاسی گەلی کوردستانی کرد کە باوەشی خۆی بۆ هەموو لێقەوماو و ئاوارەیەك کردووەتەوە.

ئاماژەی بەو خەبات و خۆڕاگری و ئەو تاوانانە کرد کە بەسەر گەلی کورددا هاتوونە لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد هەمیشە بەها و ڕەسەنایەتیی خۆی لە پێکەوەژیان و لێبووردەیی پاراستووە.

وتیشی "کوردستان بەوە ناسراوە کە هەموو نەتەوە و ئایینێکی لەخۆ گرتووە و ئەو پارچە خاکەی کە هەموو جیاوازییەك لەخۆ دەگرێت بۆ ئێمە زۆر بە نرخە و پێویستە هەموو دونیا بیناسێت".

نوێنەری قەداسەتی پاپای ڤاتیکان لە درێژەی قسەکانی خۆیدا سوپاسی ڕۆڵی پێشمەرگەی کرد و هێمای بەوەدا کە ئێستا پێشمەرگە لە ئەورووپا بووەتە سیمبولی خۆڕاگری و شەڕکردن لەسەر حەق.

جەختیشی لەوە کردەوە کە کۆدەنگییەکی زۆر باش لە نێو وڵاتانی ئەوروپاییدا دروست بووە کە دەبێ پاڵپشتی کوردستان بن لە هەموو ڕوویەکەوە.

لە بەرانبەردا بارزانی ڕایگەیاند کە نامەی قەداسەتی پاپا نیشانەی ئەوەیە کە کوردستان پشتیوانێکی بەهێزی هەیە. سەبارەت بە هەڕەشەی تیرۆریستان وتی "هەتا دوایین هەناسە لە دژی تیرۆریستان دەجەنگین و خوشك و برا مەسیحی و ئێزیدی و هەموو پێکهاتەکان دەپارێزین".

بارزانی ئەوەیشی خستە ڕوو "لە سەرکەوتنمان دڵنیاین و ڕەنگە گەلێك لە ڕووی سەربازییەوە تووشی شکست بێت بەڵام نابێ ئیرادەی بشکێت و پێویستە ئیرادەی مانەوەی هەبێت".

(٣)
**پاپای ڤاتیکان داوای لەناوبردنی داعش دەکات**
٢٠١٤/٨/١٦

ڕێبەری کاسولیکەکانی جیهان داوای بەکارهێنانی هێزی سەربازی نێودەوڵەتی دژی چەکدارانی داعش لە عێراق دەکات.
پاپا فرانسیس لە نامەیەکدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان داوای دەستێوەردانی سەربازی بەپەلەی کردووە بۆ کۆتایی هێنان بە جینۆسایدی کەمینەکانی ناو عێراق بە تایبەت کوردە ئێزیدی و مەسیحییەکان.
پاپا لە نامەکەیدا بۆ بان کی مۆن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نووسیویە هێرشە درندانەکانی داعش بۆ سەر کوردە ئێزیدی و مەسیحییەکان پێویستی بە یارمەتی بە پەلە هەیە بۆ ئەوەی ئاسایش بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە.
لە بەشێك لەو نامەیەدا هاتووە: ئەزمونە خەمبارەکانی سەدەی ٢١ لەگەڵ چەمکە بنەرەتییەکانی کەرامەتی مرۆڤایەتی وا لە کۆمەڵگای جیهانی دەکات، سەرجەم هەوڵەکانیان بخەنە گەر بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لە جینۆسایدی سیستماتیکی کەمینە مەزهەبی و تایفییەکانی ناو عێراق لە ئێستا و داهاتووشدا.
ئاژانسی ئیرنای ئێران بڵاویشی کردەوە قەشە توماس چاودێری ڤاتیکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بارەیەوە گوتی: نابێ مۆڵەتی ئەوە بدەین کە کارەساتێکی وەکوو ڕواندا ڕوو بدات. هەموو ساڵێك لە یادی جینۆسایدی یەك ملیۆنی ڕواندا بڕیار بە یەکتر دەدەین ئیتر ناهێڵین ڕووداوی وەکوو ڕواندا ڕوو بدات و کەسانی بێ تاوان بکوژرێن.

(٤)
**پاپای ڤاتیکان لە کۆنگرێس داوای پاراستنی هەرێمی کوردستان دەکات**
٢٠١٤/٨/٢١

دوای ئەوەی پەتریارکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کۆدەبنەوە، سەردانی ئاوارە مەسیحی و کوردە ئێزیدییەکان دەکەن، داوای هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان دەکەن.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠-٨-٢٠١٤ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا پەتریارکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەرۆکایەتی مار بەشارا سەرۆکی پەتریارکەکانی ڕۆژهەڵات بارودۆخی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستانیان خستە ڕوو، دەستخۆشیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بە پێشکەشکردنی ئەو هاوکارییەی بۆ ئاوارەکانی مەسیحی و کوردی ئێزیدی و شەبەك و لایەنەکانی تر خستوویانەتە ڕوو.

ئاشکراشیان کرد "لە ساڵی ٢٠٠٤وە هەرێمی کوردستان بووەتە پەناگەی مەسیحییەکان و داواش لە وڵاتانی دنیا دەکەن هاوکاری مرۆیی و سەربازی هەرێمی کوردستان بکەن".

خالید جەمال سەرپەرشتیاری کاروباری مەسیحیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی وتی:" پەتریارکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای گەڕانەوەیان بۆ لای پاپای ڤاتیکان، ڕاپۆرتێك لەسەر رەوشی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان دەدەنە پاپای ڤاتیکان".

گوتیشی:"بڕیارە پاپای ڤاتیکان بچێتە کۆنگرێسی ئەمەریکا و داوای هاوکاری سەربازی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان بکات و داواش بکات ئەمەریکا لە رێگەی هێڵی ئاسمانییەوە هەرێمی کوردستان بپارێزێ و چەك و پێداویستی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێ و پەتریارکەکانیش داوای گەڕانەوەی مەسیحییەکان بۆ شوێنی خۆیان بکات، داواش دەکەن قەرەبووی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە".

## (٥)
## پاپای ڤاتیکان پشتگیریی کوردانی ئێزیدی دەکات
٢٠١٥/١/٨

ڕۆژی پێنجشەممە (٨-١-٢٠١٥) لەسەر بانگهێشتی فەرمی پاپای ڤاتیکان کۆبوونەوەیەك لە نێوان پاپا و شاندێکی کوردانی ئێزیدی لە ڤاتیکان ئەنجامدرا ، ئەوە یەکەمجارە کە شاندێکی کوردانی ئێزیدی لە لایەن پاپایەکی کرستیانەکانەوە بانگهێشت بکرێن.

لە کۆبوونەوەکەدا باسی دۆخی کوردانی ئێزیدی بە گشتی و بارودۆخیان لە باشووری کوردستان بە تایبەتی کرا. لەو بارەیەوە "شاندی کوردانی ئێزیدی زانیارییان لە بارەی رەوشی ئێزیدییەکان دا بە پاپا و سوپاسی پاپایان کرد بۆ پشتگیریکردنیان لەو کاتە دژوارەدا".
هەر لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەو پێنج هەزار کچ و ژنە ئێزیدییە کراوە، کە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە رفێنراون.
لە لای خۆشیەوە پاپا فرانسیس پاپای ڤاتیکان "بەڵێنی پشتگیری زیاتری خۆی بە کوردانی ئێزیدی دا و دڵخۆشی خۆیشی دەربڕی بەرامبەر ئەو دڵسۆزییەی لە نێوان ئێزیدییەکان و کرستیانەکاندا هەیە".
تاهیر بابە شێخ سکرتێری ڕۆژنامەوانی باباشێخ مەرجەعی باڵای ئاینی ئێزیدیەکان وتی:" پێمان راگەیەندراوە نێوەرۆکی کۆبوونەوەکە و مەبەستی سەرەکی ئاشکرا نەکرێت، بەڵام شاندەکە راپۆرتێکی بە هەردوو زمانی (عەرەبی وئینگلیزی) داوەتە دەست پاپا".
کامەران قاسم، بەرپرسی بنکەی رۆشنبیری لالش لە ئەڵمانیا گوتی:"ئەو کۆبوونەوە زیاتر کۆبوونەوەیەکەی ئاینی نێوان هەردوولا بووە، هیچ پەیوەندی بە لایەنی سیاسی نەبووە".
کامەران قاسم گوتیشی:"ئەو کەسانەی بەشدارییان لە کۆبوونەوەکە کردووە، کەسی ئاینی بوون پەیوەندی بە سیاسی نەبووە".
لە بارەی بەڵێنی هاوکاری بۆ ئێزیدیەکان کامران قاسم گوتی:"پاپا لە رووی سیاسیەوە کار ناکات و قسەش لەسەر ئەو بارودۆخە نەکراوە، بەڵام لە رووی مرۆییەوە بەڵێنی داوە هاوکاری ئێزیدییەکان بکرێت".
بەرپرسی بنکەی رۆشنبیری لالش گوتیشی پاپا گوتوویەتی:"لەگەڵ رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە ئاوارەکان قسە دەکات، بۆ ئەوەی لە رووی مرۆییەوە هاوکاری ئەو ئێزیدیانە بکرێت، کە روو لە دەرەوەی کوردستان دەکەن و ئاسانکاری نیشتەجێبوونیان بۆ بکرێت".
بە پێی ڕاگەیەنراوێکی نووسینگەی پاپای ڤاتیکان، ئەو کۆبوونەوەیە (٣٠) خولەکی خایاندوە و لە ئۆفیسی تایبەتی پاپا ئەنجام دراوە.
فیردریک لۆمباردی، بەرپرسی ئۆفیسی راگەیاندنی پاپا ئاشکرای کردووە، شاندی باڵای ئێزیدییەکان سوپاسی پاپای ڤاتیکانیان کردووە، کە پێشکیری ئێزیدییەکان کردووە لە کاتی روودانی تاوانەکەی شنگال.
لۆمباردی باسی لەوەش کردووە:" شاندە ئێزیدییەکە داوایان کردووە، هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ ئازادکردنی ئەو ٥٠٠٠ کچ و ژنە ئێزیدییانەی، کە

وەک کۆیلە لە لایەن چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت".
بە گوتەی لۆمباردی:"پاپا هیوای ئاشتی و دادپەروەری بۆ ئێزیدییەکان و هەموو کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە خواستووە و هیوای ژیانێکی ئارامی بۆ هەمووان خواستووە".

(٦)
**نێچیرڤان بارزانی پەیامێك بۆ پاپای ڤاتیکان دەنێرێت**
٢٠١٥/١/١٨

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە هەرێمی کوردستان پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەنێرین و خوازیاری ئەو ڕۆژەین کە ئاوارە و پەنابەران بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. داوایشی لە ئاوارەکان کرد خۆڕاگر بن تا ئەم قۆناغە کاتییە دەڕوا و ئارامی دەگەڕێتەوە شوێنەکانیان. هەروەها پێزانینی خۆی بۆ قەداسەتی پاپای ڤاتیکان دووپات کردوەتەوە.
ئەمڕۆ یەکشەممە (١٨/١/٢٠١٥) نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە جۆرجیۆ لینگۆ، باڵیۆزی ڤاتیکان لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.
باڵیۆزی ڤاتیکان لە عێراق دووپاتی کردەوە کە ڤاتیکان زۆر لە نزیك و بە بایەخەوە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و سوپاس و پێزانینی ڤاتیکانی بۆ سیاسەتی کرانەوە و پێشوازیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئاوارە و پەنابەران و بە تایبەتیش پێکهاتەی مەسیحی و دابین کردنی ئارامی و سەقامگیری بۆ ئەوان، دەربڕی.
هەروەها دەربارەی بارودۆخی ئێستایان و پێداویستییەکانیان لە ڕووی پەروەردەیی و تەندروستی و نیشتەجێکردن و لایەنەکانی دیکە و ئەو کار و خزمەتگوزارییانەی تا ئێستا پێشکەش بە ئاوارەکان کراوە، پوختەیەك پێشکەش سەرۆك وەزیران کرا و بۆ ئەمەش سوپاس و پێزانینیان بۆ حکوومەتی

هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. بۆ قۆناغی ئێستاش جەخت لەسەر گرنگیی مانەوەی ئاوارە مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان کرایەوە.
نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی حکوومەت و پابەندیی گەل و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کوردستان بە بنەماکانی پێکەوەژیان و کەلتووری لێبوردەیی و پێشکەش کردنی کۆمەك و هاوکاری بۆ تەواوی ئاوارە و پەنابەران بێ جیاوازی کردەوە، بە تایبەتیش لەم قۆناغە سەختەدا کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوێکی دڕەندەی تیرۆریستی دەبینەوە.
نێچیرڤان بارزانی گوتیشی"لە هەرێمی کوردستان پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەنێرین و خوازیاری ئەو ڕۆژەین کە ئاوارە و پەنابەران بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان". داوایشی لە ئاوارەکان کرد خۆڕاگر بن تا ئەم قۆناغە کاتیە دەڕوا و ئارامی دەگەڕێتەوە شوێنەکانیان. هەروەها وێڕای ناردنی سڵاو و ڕێز، پێزانینی خۆی بۆ قەداسەتی پاپای ڤاتیکان دووپات کردەوە.
کونسوڵی ڤاتیکان، سوپاس و پێزانینی پێشکەش سەرۆك وەزیران کرد بۆ بەشداری کردنی لە ڕێوڕەسمی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحدا و ئەو وتارەی لەو ڕێوڕەسمەدا پێشکەشی کرد کە بووە هۆی هاندانی هەموو لایەك بۆ قووڵترکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی و سوپاسی خەڵك و حکومەت و سەرۆك وەزیران کرا، بۆ ئەو پشتگیرییەی لە هەرێمی کوردستان لە ئاوارە مەسیحییەکان کراوە.

(٧)
## نێچیرڤان بارزانی و پاپای ڤاتیکان ڕەوشی هەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکەن
٢٠١٥/٣/٢

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی ڕایگەیاند، کە هەرێمی کوردستان بە هۆی زۆریی ژمارەی ئاوارە و پەنابەرانەوە لە دۆخێکی زۆر سەختدایە و باری حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر قورسە، بۆیە داوای لە پاپا کرد کە هانی وڵاتانی کۆمەکبەخش

و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات بۆ ئەوەی باشتر بە هانای ئاوارە و پەنابەرانەوە بێن و لە ڕووی مرۆییەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەن.
بە پێی ڕاگەیاندراوێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢-٣-٢٠١٥ لە ڤاتیکان، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری لە لایەن پاپای ڤاتیکان پاپا فرانسیسەوە پێشوازییان لێ کرا.
لە دیدارێکدا هەردوولا خۆشحاڵیی خۆیان بەم دیدارە نیشان دا و بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەیان بە گشتی تاوتوێ کرد و تیشکیان خستە سەر دوایین پێشهاتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و شەڕی دژی داعش و باس لە گرنگیی پێکهێنانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان کرا، کە نەك تەنیا لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، بەڵکوو لەسەر تەواوی جیهان و مرۆڤایەتی مەترسییەکی ڕاستەقینەن.
لە دیدارەکەدا نێچیرڤان بارزانی پوختەیەکی دەربارەی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاکان و ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بە گشتی خستە ڕوو، کە لە ئەنجامی هێرشی تیرۆرستانی داعشدا بۆ سەر ناوچەکانیان لە دەشتی نەینەوا و شنگال و دەوروبەریان و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق، لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی مەسیحی، ئێزیدی و موسڵمانان، ناچار بوون زێد و ماڵ و حاڵی خۆیان جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە هەرێمی کوردستان. هەروەها دووپاتی کردەوە کە خەڵك و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێ جیاوازی و وەك خوشك و برایانی خۆیان پێشوازییان لێ کردوون و هەرچی لە توانای حکوومەتدا بێت بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی ئەوان، هیچ درێغییەکیان نەکردووە.
سەرۆك وەزیران هەروەها جەختی لەوە کردەوە هەرێمی کوردستان بە هۆی زۆریی ژمارەی ئاوارە و پەنابەرانەوە لە دۆخێکی زۆر سەختدایە و باری حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر قورسە، بۆیە داوای لە پاپا کرد کە هانی وڵاتانی کۆمەکبەخش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات بۆ ئەوەی باشتر بە هانای ئاوارە و پەنابەرانەوە بێن و لە ڕووی مرۆییەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەن.
لە دیدارەکەدا پاپای ڤاتیکان سوپاس و دەستخۆشی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە بێ جیاوازی بە پیر ئاوارە و پەنابەرانەوە چووە و لانە و پەناگەی داونەتێ و کۆمەك و هاوکاری پێشکەش کردوون. هەروەها ستایشی

ئەو پێکەوەژیان و تەباییەی کرد کە لە دێرزەمانەوە لە نێو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستاندا هەبووە و هەیە، ڕۆڵی هەرێمی کوردستانیشی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی خەڵکی ناوچەکەدا، بە مایەی ڕێز و پێزانین لە قەڵەم دا.
لەم دیدارەدا شاندی یاوەری سەرۆك وەزیران، هەر یەکە لە جێگری سەرۆك وەزیران، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، وتەبێژی فەرمیی حکوومەت و نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتالیا، ئامادە بوون.

(٨)

## پاپای ڤاتیکان : هێرشەکانتان ڕابگرن

٢٠١٥/٣/١١

پاپای ڤاتیکان داوای لە هەموو جیهان کرد کار بکەن بۆ راگرتنی کوشتنی کریستیانەکان و کەمایەتییەکانی دیکە بە دەستی تیرۆرستانی داعش لە عێراق و سوریا.
لە کاتی نوێژی یەکشەممەدا لە فاتیکان پاپا فرانسیس پاپای ڤاتیکان پەیامێکی بڵاو کردەوە و تیایدا داوای لە هەموو جیهان کرد هەرچی زووە کار بکەن بۆ راگرتنی کوشتنی کریستیانەکان و کەمایەتییەکانی دیکە بە دەستی تیرۆرستانی داعش لە عێراق و سوریا. پەیامەکەی پاپا دوای ئەوە هات کە هەفتەی رابردوو داعش هێرشی کردە سەر گوندێکی ئاشووری لە پارێزگای حەسەکەی سوریا و دوو سەد و بیست ئاشوورییان فڕاند و بێ سەروشوێن کران .
لە لایەکی دیکەوە، ریبەری کاسۆلیکێکانی جیهان گوتی هەر دەوڵەتێک پاڵپشتی لەم وەحشیگەرییەی تیرۆرستان بکات هەرگیز لێی خۆش نابین و دەیخەینە لیستی تیرۆرەوە.

**سەرچاوەکان**

(١) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)، مەجید نیزامەدین گلی
(٢) ماڵپەری کەی ئێن ئێن سی (knnc)
(٣) ماڵپەری باسنیوز، بێستون کاکەیی
(٤) ماڵپەری باسنیوز، هۆشمەند سادق
(٥) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)، هەروەها ماڵپەری باسنیوز
(٦) ماڵپەری باسنیوز، هۆشمەند سادق
(٧) ماڵپەری باسنیوز
(٨) ماڵپەری لڤین پرێس

# بەشی چوارەم

# میدیا جیهانییەکان
# کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی

(١)

## ڕۆژنامە و میدیاکانی ئەڵمانیا بە فراوانی مەترسی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئێزیدیەکان و ڕۆڵی پیشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بڵاو دەکەنەوە
٢٠١٤/٨/٥

میدیا و ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی فراوان ڕووداوەکانی شنگال و زوممار و ئەو ناوچانەی بوونە ئامانجی هێزە تیرۆریستەکانی داعش و کارەساتی کوشتاری بە کۆمەڵ و ئاوارە بوونی ئێزیدیەکانی لێکەوتەوە، کردە بابەتی هەواڵ و هەڵوەستە کردن لە سەر ئەو ڕەوشە مەترسیدارە و بە ئاگا هێنانەوەی شەقامی ئەوروپی بە تایبەتی ئەڵمانی و خستنە ڕووی مەترسیەکانی ئەو هێزە تیرۆریستە و کاریگەریەکانی نەک بە تەنیا لە سەر ئەو ناوچانە بەڵکو لەسەر تێکڕای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.
ڕۆژنامە و سایتە بە ناوبانگەکانی ئەڵمانیا وەک(دێرشپیگل و شپیگل ئۆنلاین و دی ڤیلت و فرانکفۆرتەرئەلگماینەو فرانکفۆرتە ڕوندشا و هەروەها زود دۆیتشەتسایتونگ و دویتشەڤیللەو ئۆسنەبرو کە تسایتونگ و چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی وەک ئین تی ڤاو)هەموو تێکڕا ئاماژەیان بە هێرشی تیرۆرستانی داعش کردووە کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان و هەوڵدان بۆ هەڵتەکاندنی مێژو و ئاین و سڕینەوەی کلتور و شوێنەوارەکانیان بە مەترسیەکی گەورە ناوبردووە.
ئەگەرچی ڕۆژنامە و کەناڵەکان بە شێوازی جۆراوجۆر هەواڵەکەیان بڵاو کردۆتەوە بەڵام هەموویان کۆکبوون لە سەر مەترسیەکانی داعش نەک بۆ سەر ئەو ناوچانە بگرە بۆ سەر ئارامی وسەقامگیری لە دنیادا.
ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بەوە داوە دوای ئەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە پاشەکشەیان کرد..!!هێزەکانی داعش ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و ئەو کارەساتەی لێکەوتۆتەوە کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کوردی کەمینە ئاینی ئێزیدی تیا ئاوارە بووە و سەدانیان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی کوشتن و شەهید کراون، ڕۆژنامەکان ئەوەشیان خستۆتە ڕوو کە پێشمەرگە لە خۆئامادەکردندایە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تیرۆریستانە و هێرشی خۆیان بۆ سەریان ڕاگەیاندووە و چاوەڕوان دەکرێ لە ماوەی نزیکدا ناوچەکە لەو تیرۆریستانە پاک بکەنەوە.
دیرشپیگل نووسیویەتی"... مالکی فەرمانی دەرکرد بە پشتگیری هێزی پێشمەرگە لە ڕێی هێزی ئاسمانیەوە..."

شـپیگل لە زمـانی ئەفسـەرێکی پێشـمەرگەوە نووسـیویەتی "کە هەمـوو ئەو ناوچانە دەگەڕێننەوە و ئـازادی دەکەن تەنـانەت بە موسڵیشـەوە و هیچ ڕەحم و بەزەییەکیش بەرامبەر بەو تیرۆریستانە ناکرێ... ".
لە درێـژەی هەواڵەکەیـدا نووسـیویەتی" ئەمە یەکەمـین جـار نـیە ئێزیـدیەکان بکەونە بەر شاڵاوی لە نـاوبردن و لە ڕابـردوودا چەنـدین جـاری تـر هێرشیان کراوەتە سەر".
شپیگل لە ڕاپۆرتەکەیدا لە زمانی وتەبێژێکـی ئێزیدیەکانەوە بڵاوی کـردۆتەوە "کە تیرۆریسـتە سـەلەفیەکان هەزارانیـان کوشـتووە و هەوڵـی ئەوەیـان داوە دەستبەرداری ئاینەکەیان بن و هەر ئەوەش وایکردووە کە ٦٧ گەنج لە شنگال ئەو داوایانەیان ڕەتکـردۆتەوە و دواجـار جینۆسـایدیان کـردوون و هەواڵەکـانی داعشـیش پشتڕاسـتیان کـردەوە و ئاژانسـی هەواڵـی کوردسـتانیش هەواڵـی تیرۆرکردنـی ٨٨ گەنجـی ئێزیـدیان بڵاوکـردەوە لە بەر ئەوەی نەبـوون بە ئیسلام...
ڕۆژنـامەی دی ڤیلـت Die welt لە ڕاپۆرتێکـدا سـەبارەت بە داعـش نووسـیویەتی"لە نـاو هێزەکـانی داعش دا یەکەیەکـی تـورکی هەیە و زۆربەی چەکدارەکانی تریشیان لە وڵاتانی ئیسلامیەوە بەشداری تیـا دەکەن و تورکیـاش بـۆتە ڕاڕەوی پەڕیـنەوە و پەیوەنـدیەکانیان بە دەرەوە و تەنـانەت لە ئەوروپاشەوە بە ڕێگەی تورکیا و بردنەوەیان بۆ ناو ئەو هێزانە"، ڕاپۆرتەکە نووسیویەتی"مەزەندە دەکرێ ١٠٠٠ تورک لە ریزەکانی ئەو هێزانەی داعشدا بـن"ئەم زانیـاریەش وەک لە ڕاپـۆرتەکەدا هـاتووە "پشـتی بە سـەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا بەستووە".
ڕۆژنامەی دی ڤێلت پێیشی وایە بەشداری کردنی هاوڵاتیانی تورکی لەو هێزە مەترسیدارەی داعشدا رەنگە کێشەی تـر لە نێوان تورکیـا و یەکێتـی ئەوروپـادا بێنێتە گۆڕێ چونکە ئەو تیرۆریستانە بە تورکیـادا دەچنە عێراق و سوریا و لەوێشەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا...
دی ڤێلت نووسیویەتی"ڕاگەیاندنەکانی تورکیـا لە سۆراخی ئەو دیـاردەیەدان و ڕۆژانە چەندین ڕاپۆرت بڵاو دەکرێتەوە کە پڕن لە نیگەرانیەکـانی ئەو دایـک و باوکانەی کە کوڕەکانیان پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە بە تایبەتی زۆرێک لەو تورکانە لە ئەوروپاوە بە ڕێگەی تورکیادا پەیوەندیان بەوهێزانەوە کردووە تیایاندایە لە ئەڵمانیا و نەمسا".

ڕاپۆرتەکەی دی ڤێلت نیگەرانی هێزە ئەمنیەکانی تورکیاشی خستۆتە ڕوو لە کاتێکدا کە دەزانن هەزاران تورک ڕاهێنان و مەشقی تیرۆریستیان لە سەر دەستی داعش کردووە و کە بوونیان لە وڵاتەکەیاندا هەیە...
ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاو Frankfurter Rundschau نووسیویەتی"دوای ئەوەی کە هێزە تیرۆرستەکانی داعش پێشڕەویان کرد هێزەکانی پێشمەرگەی کوردیش خۆیان بۆ هێرشێکی بەرفراوان لە دژی تیرۆریستان ئامادە دەکەن و نوری مالکیش بۆ یەکەم جار فەرمان بە هێزە ئاسمانیەکان دەکا کە هاوکاری پێشمەرگە بکەن هەمان کات کورد داوای لە ئەمریکا کردووە کە هێزەکانی پێشمەرگە پڕ چەک بکات...".
فرانکفورتەر ڕوندشاو لە زمانی نوێنەرانی کوردەوە کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە وەریان گرتووە هێزەکانی کورد لە ئامادەباشی هێرشێکی فراواندان بۆ سەر هێزە چەکدارەکانی داعش و رزگار کردنی ئەو ناوچانەی کە داگیریان کردووە...
هەر لە زمانی بەرپرسانی کوردەوە ڕۆژنامەکە نووسیویەتی"کورد داوای یارمەتی چەک و تەقەمەنی سەربازی لە مالکی و ئەمریکا کردووە" هەروەها دەڵی "کورد لە عێراقدا خاوەنی قەوارەیەکی فیدراڵی خۆیەتی و کێشەکانی لە گەڵ بەغداد دا لە سەر نەوت و گاز و پێشمەرگە و بودجەیە و ڕەخنەیەکی زۆر لە سەر سیاسەتی مالکی بوونی هەیە بەوەی کە کەمە ئاینی و پێکهاتەکانی تری پەراوێز خستووە و کێشەکانی لە گەڵ کوردا قوڵکردۆتەوە...
".ڕۆژنامەکە لە زمانی ئەفسەرێکی باڵای پێشمەرگەوە نووسیویەتی "ئێمە هێرش دەکەین و هیچ بەزەییەکیشمان پێیاندا نایەتەوە و وایان لێدەکەین کە ناوچەکە بە جێبێڵن و ئەو پرۆسەیەش ٤٨ بۆ ٧٢ دەمژمێری داهاتووی پێویستە... ".
لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا نووسیویەتی"سەبارەت بە بەنداوی موسڵ تەمومژێک هەیە کە ئایا بە دەست چەکدارانی داعشەوەیە یان هێزەکانی پێشمەرگەوەیە روونیشی کردۆتەوە کە پێشتر پێشمەرگە ڕایگەیاندووە کە ئەوان هێزەکانی داعشیان دەرپەڕاندووە و ئێستا لە ژێر دەستی پێشمەرگەدایە..."
دیسان هەمان ڕۆژنامە فرانکفورتەر ڕوندشاو Frankfurter Rundschau لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویەتی"... شەڕی ناوخۆی عێراق مەترسیدارە و هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکان لە فراوانبووندان و کوشتار ڕوو لە زیاد بوونە و ئێزیدیەکانیش لە بەردەم هەڕەشە و بەرگریکردندان و هێزە کوردیەکانیش بۆ بەرگری لە ناوچەکە و گەڕانەوەی شوێنە داگیرکراوەکان لە شەڕێکی

قورسدان و له گەڵ هێزەكانی دەوڵەتی ئیسلامی و لیوای موسڵ كه لەم دواییەدا له هاوپەیمانی سونەكان دروستیان كردووە و پێكهاتووە...".
ڕۆژنامەكه هەمان كات وتارێكی نووسەری ناودار راینر هێرمانی بڵاو كردۆتەوە و تیایدا هاتووە" داوای دەركردنی (مەسیحیەكانی موسڵ)هێزە توندڕەوە ئیسلامیەكان له سەرەتای هەفتەوە دەستیان كرد به دەركردنی ئیزیدیەكان و كۆنتڕۆڵ كردنی ناوچەكانیان وتەنانەت بەنداوی موسڵیش كه ناوچەیەكی ستراتیژیە و ناوچە شاخاویەكانی شنگالیش زێدی باو و باپیری ئێزیدیان و ئاڵای ڕەشیان تیا هەڵكردوە و داوایان لێكردن دان به ئیسلامدا بنێن..!!هەر ئەوەش وایكرد كه ڕۆژی یەكشەممە كوشتاریان دەرهەق ئەنجام بدرێ... "، نووسەرەكه دەڵێ" ئەو كوشتارە له سەر بڕیاری هێزە تیرۆریستەكان دەرهەق به ئێزیدیەكان ئەنجام دەدرێ و مەسیحیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش له لیستی ئامانجەكانی ئەو هێزە ئیسلامیانەدایە"، نووسەر دەڵێ:"ئێزیدیەكان كوردن و دینەكەشیان پێكهاتووە له ڕەگەزە هاوبەشەكانی كتێبە ئاسمانیەكان وخاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن وهەوڵدانی ئیسلامیەكان بۆ داگیر كردنی چیای شنگال بۆ ئەوەیە تا بتوانن ڕاڕەوێك بۆ هاتووچۆیان بكەنەوە و لەوێوە پەلاماری ناوچەی خۆجێیەتی كوردەكان بدەن و زاڵبن به سەر ناوچەكانی حەسەكه له باكووری سوریا بەڵام هێزەكانی پاراستنی گەل(YPG) له ڕۆژی یەكشەممەی ڕابردووەوە بۆ هاوكاری پێشمەرگه بەرەو ئەو ناوچانه بەڕێكەوتوون...".
ڕاپۆرتەكه ئاماژەی به زانیاریەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان داوە كه ٢٠٠ هەزار ئێزیدی له بەر هێرشی توندڕەوە ئیسلامیەكان ئاوارە بوون و خەڵكەكەش له ترسی كوشتن و سەر بڕین ناچار دەستیان به هەڵاتن كردووە و نوسینگەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیەكانیش به ڤیدیۆ له ناو ناوەندی شاردا لاشەی سەر بڕاویان بڵاو كردۆتەوە...
سایتی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیاDW به پشت بەستن به سەرچاوەیەكی هێزەكانی پێشمەرگه ڕاپۆرتێكی بڵاو كردۆتەوە و تیایدا هاتووە "كه هێزەكانی پێشمەرگه دوای ئەوەی كه هێرشێكی بەربڵاویان بۆ سەر هێزەكانی داعش له ناوچەكەدا دەست پێ كرد توانیویانه بەشێك له ناوچەی شنگال رزگار بكەن".

(٢)
## شنگال لە میدیای تورکیدا
٢٠١٤/٨/٥

دوای ئەوەی لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی شنگال و دەوروبەری، دەنگدانەوەی لە نێو میدیای تورکیدا دروستکرد و بە "پاکتاوکردنی نەژادی" لە قەڵەمیاندا.
ڕۆژنامەی حورییەت نووسیویەتی "لە ترسی تیرۆری داعش ڕایانکردە چیا" و باس لە ڕووداوی هەڵاتنی خەڵکی شنگال و مەترسییەکانیان دەکات لە بەرامبەر هەڕەشەکانی داعش لە کوشتنی خەڵك ئەگەر نەبنە مسوڵمان.
ڕۆژنامەی سەباح، دەنووسێت "ئێزیدی و تورکمانەکان لە دڕندەیی ڕادەکەن" و ئەوە دەخاتە ڕوو کە داعش دەستی بە کۆمەڵکوژی کردووە.
ڕۆژنامەی میللییەت-یش باس لە "پاکتاوکردنی نەژادی ئێزیدییەکان" دەکات و مەترسییەکانی سەریان دەخاتە ڕوو.
ڕۆژنامەی جمهوریەت بەرفراوانترین ڕووماڵی نێو ڕۆژنامەکانی تورکیای کردووە و لە هەولێرەوە چاودێری ڕووداوەکە دەکات و نووسیویەتی "لە سەر ڕێگای هەڵاتن" بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕوومالّی پێشهاتەکانی کردووە.
ڕۆژنامەی گوندەم، کە بە ڕۆژنامەیەکی کوردی دادەنرێ و بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی تورکی دەردەچێت، مانشێتی "هەرچوار پارچە ڕابنە سەر پێ" نووسیوە و باس لە بانگەوازی گێڕانەوەی شنگال دەکات.
ڕۆژنامەی تەرەف نووسیویەتی، "کورد یەکی گرت و داعش پاشەکشە دەکات". نووسیویەتی کە پێشمەرگە و هێزەکانی یەپەگە یەکیانگرتووە و دژی داعش وەستاونەتەوە.
هاوکات هەریەکە لە ڕۆژانامەکانی یەنی شەفەق، ئاکشام و بەشی تورکی کەناڵی جەزیرەی قەتەری باسیان لە هۆشدارییەکەی بارزانی و فەرمانی هێرشکردنەکە کردووە.

(٣)
## میدیا جیهانییەکان باس لە رەوشی پەنابەرانی شنگال دەکەن
٢٠١٤/٨/٨

پرسی کوردی ئێزیدی و کەوتنەبەر مەترسی هەڕەشەکانی داعش لە جیهاندا بووەتە پرسێکی ترسناکی ئایینی. نووسەرێکی بەریتانی لەو بارەیەوە بابەتێکی بە ناونیشانی، "مردنی ئاین، ئێزیدی و داعش" بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت:"کوردی ئێزیدی مومارەسەی ئاینێک دەکەن کە لەوانەیە بکرێت بڵێین کۆنترین ئایینە لە جیهاندا تا ئێستا مابێتەوە، بەڵام ئەو ئایینە دوای نزیکەی ٦٠٠٠ ساڵ خەریکە لە ژێر هەڕەشەی داعشدا گورزی بەردەکەوێت و خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت".

سین تۆماس ئەو نووسەرە بەریتانیایەیە کە باس لەو مەترسییە دەکات و پێی وایە "یەکێکە لە ترسناکترین پرسەکان لە جیهاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی جیهان چاوی لە سەر غەززەیە ئێستا ئەو پرسە تا رادەیەک فەرامۆشکراوە و هێندەی خۆی باسی لێوە نەکراوە، لە کاتێکدا دەبێت ئەوە بزانین ئێستا لە عێراقدا کاری بەربەرییانە دڕندانە بەرامبەر ژن و منداڵی ئێزیدی و هەروەها مەسیحییەکانیش دەکرێت".

بە بڕوای ئەو نووسەرە "ئەوەی لە ناوچەکانی شنگال ڕوودەدات جینۆسایدی کوردی ئێزیدیە لە لایەن داعشەوە، کە هەوڵدانێکە بۆ نەهێشتن و داڕمانی کولتوورێکی مێژوویی کە تا ئێستا ماوەتەوە".

ئەو نووسەرە دەڵێت "ئاینێک کە لە ئیسلام و مەسیحییەت کۆنترە دەبێت هەمووان بە پەرۆشییەوە هەوڵی پاراستنی بدەن، چونکە ئەو ئاینە ئاماژە و رەگەزەکانی ئیمانی چەندین ئاینی دیکەی لە خۆگرتووە، وەک ئیسلام، مەسیحییەت، بودیزیم و زەردەشتی".

ڕۆژنامەی هوفینگتۆن پۆستی ئەمریکی سەبارەت بە مەترسییەکان لە سەر ژیان و کەلتوری کوردی ئیزیدی لە راپۆرتێکیدا ئاماژە بەوە دەکات،"بە هەزارەها خەڵک لە کەمینەی ئێزیدی بە ژن و منداڵەوە ڕووبەڕووی بژاردەیەکی ڕەش بوونەتەوە، ئەویش یان ئەوەتا بکوژرێن، یان لە چیاکاندا خۆیان بشارنەوە".

ئەو ڕۆژنامەیە باس لەوە دەکات "ئاینی ئێزیدی ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون دەبێتەوە ئەگەر هەوڵی بە پەلەی بەهاناوەچوونیان نەدرێت، چونکە

گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، بە شەیتان پەرست ناویان دەبەن و ئەم ناوەش ڕژێمی سەدام حوسێن ڕژێمی پێشووی عێراق بۆی دروست کردوون".
هەر سەبارەت بە ڕەوشی کوردی ئێزیدی، ئاژانسی هەواڵی بلوومبێرگ بڵاوی کردووەتەوە "هەزارەها کوردی ئێزیدی لە چیاکاندا ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبنەوە و پێویستیان بە هاوکاری بە پەلە هەیە و جگە لە پێنەگەیشتنی خۆراک و هاوکارییە مرۆییەکان، لە هەمان کاتیشدا هەڕەشەی ئیسلامییە توندڕەوەکان و میلیشیا سوننەکانی عێراق هێندەی دیکە ژیانی خستوونەتە مەترسییەوە".

## (٤)
## داعش بە بەرنامە هەوڵدەدات جینۆساید ئەنجام بدات
٢٠١٤/٨/١٢

لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک فرانس تیممەرمانس، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا راگەیاندراوێکی لە بارەی گرووپی چەکداری داعش بڵاو کردووەتەوە.
لە راگەیەندراوەکەدا وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا دەڵێت:"لە هەفتەی رابردووەوە خەڵکێکی بێتاوان ئازارێکی لە ڕادەبەدەر دەکێشن، لە گەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی یەکێتیی ئەوروپا هەوڵ دەدەین کە لە ڕێگەی خاچی سووری نێودەوڵەتی هەرچی زووە یارمەتی بگەیەنینە ئاوارەکان، وەک ئاو، خۆراک، هەروەها پێداویستی نووستن دەنێرین بۆ ئاوارەکانی چیای شنگال و شوێنەکانی دیکە کە ئاوارەکانی لێن".
وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا هەروەها دەڵێت:"داعش دڕندەترین کردەوەی ئەنجامداوە دژ بە مرۆڤایەتی، تەنانەت داعش زۆر بە بەرنامە هەوڵدەدات جینۆساید ئەنجام بدات. داواش دەکات کە کۆمەڵگایی نێو دەوڵەتی بۆ ڕێگریکردن لەو کارەساتە هەنگاوی خێرا بنێت و تەنانەت ڕێگری بکرێت لە ئاڵۆزبوونی زیاتری بارودۆخی عێراق".
وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا راشیگەیاندووە، پشتگیری تەواوی فەرەنسا دەکەن کە داوای کردووە هەرچی زووە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بڕیاری پێویست بدەن لەو بارەیەوە.

(٥)
**کاردانەوەی کارەساتی مرۆیی ئێزیدییەکان لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا**
٢٠١٤/٨/١٣

پاش داگیرکردنی شنگال لە لایەن چەکدارانی داعش و ئاوارە بوونی کوردانی ئێزیدی بۆ چیای شنگال، ئەم کارەساتە مرۆییە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی بەریتانیا دەنگدانەوەی هەبوو.
Daily Mirror لە لاپەڕەی یەکەمدا بە وێنەیەکی بەهێزی کوڕە ئاوارەیەکی ئێزیدی زاڵ دەبێ، کە جزمەی لە پێدایە و لە دەشتاییەک ڕێ دەکات لە ترسی چەکدارە ئیسلامیە توندڕەوەکان ڕایکردوە. لە ژێر مانشێتەکەدا نووسراوە "تکایە ئێمە رزگار بکەن".
The Times لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیەش تایبەتە بە کوردە ئێزیدیەکان و لە مانشێتەکەیدا هاتووە،"چاوەڕوان دەکرێت بەریتانیا، هێزە کوردیەکان پڕ چەک بکات. لە گەڵ ئەوەشدا فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی شاهانە هاوکاری مرۆیی دەگەیەننە باکووری عێراق".
The Guardian لە لاپەڕەی یەکەمدا تیشکی خستۆتە سەر ڕەوشی سیاسی عێراق و نووسراوە؛"ئەمەریکا لە ئێستادا بەڵێن دەدات کوردەکان پڕ چەک بکات دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی. هەروەها کاری مالکی کۆتایی هات دوای ئەوەی سەرۆک کۆمار کاندیدی تازەی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حوکمەتی تازە".
The Financial Times ئەویش لە لاپەڕەی یەکەمدا باسی پڕ چەک کردنی هێزی کوردی دەکات لە لایەن ئەمەریکاوە. هەروەها دەڵێ" گرووپی کوردی و سونە و بەشێک لە شیعەکان مالکی تۆمەتبار دەکەن بە قوڵکردنەوەی قەیرانەکانی عێراق و سەرهەڵدانی داعش و جیاکاری نەژادی و تایەفەگەری".
The Independent وێنەیەکی ئاوارە بوونی ئێزیدیەکان بە هەمان شێوە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەی داگیر کردووە، لە گەڵ ئەوەشدا نووسراوە بەریتانیا ئامادەیە بێتە ناو کێشەکەوە.
The Daily Telegraph لە لاپەڕەی یەکەمدا و لە گۆشەی سەرەوە وێنەی منداڵێکی دەم و چاو خۆڵاوی و ماندووی ئاوارە ئێزیدیەکان دانراوە و نووسراوە "شەو من لە سەر چیای دۆزەخەکە"، "شەست کەسیان لە یەک ڕیزدا دادەنا و یەک بە یەک دەیان کوشتن".

هاوکات زۆربەی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و سایتەکانی دیکەی بەریتانیا بەردەوام وێنەی ئاوارە بوونی ئەو هەزاران کوردە ئێزیدی و مەسیحانە دەگوازنەوە کە لە دەست چەکدارە توندڕەوە ئیسلامیەکان ڕایان کردووە.

## (٦)
## ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا قاسم شەشۆ بە شێرەکەی شنگال ناو دەبەن
## ٢٠١٤/٨/١٧

"قاسم شەشۆ"، لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا بە شێرەکەی شنگال ناو دەبرێت و دەڵێن، ئەو باخەوانەی لە شاری بۆینهاوزنی ئەڵمانیا دەژیا، توانی لە کەش و هەوایەکی گەرم، کە زیاتر لە(٤٠) پلەی سیلیزی دەبوو، بەرگری لە خەڵکەکەی خۆی بکات و تا گەیشتنی هاوکارییەکان و رزگار کردنیان، لە هەڕەشەکانی داعش بیانپارێزێت.
ڕۆژنامەی دی ڤێلتی ئەڵمانی، سەبارەت بە شەشۆ نووسیویەتی" ناوی ڕاستەقینەی شێرەکەی شنگال، قاسم شەشۆیە، کە خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەڵمانییە و لە ساڵانی نەوەدەکانەوە هاتووەتە ئەڵمانیا و لە شاری باد ئۆینهاوزنی ئەڵمانیا ژیاوە و لەوێ خەریکی کاری باخەوانی بووە".
ڕۆژنامەکە دەڵێت"شەشۆ پاڵەوانێکی دەگمەنی ناوچەکە بووە و هیچ نەبێت توانی ئەو خەڵکەی سەر چیای شنگال بپارێزێت و بە زیندوویی بمێننەوە، تا ئەو کاتەی ڕێگەیان بۆ کراوەتەوە تا لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستانەوە دابەزن و لە هەڕەشەکانی داعش دوور بکەونەوە".
ئەو ڕۆژنامەیە باس لەوەش دەکات" شەشۆ کاتێك لە ئەڵمانیا بووە، بەوەی زانیوە ناوچەکەیان لە ژێر هەڕەشەدایە، بۆیە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و چووەتە شنگال بۆ ئەوەی لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا بێت، کاتێك ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەك دەبنەوە.
قاسم شەشۆ، کارگێری لقی(١٧)ی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ڕەگەزنامەی ئەڵمانی هەیە و(٢٤) ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی، لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە گەڕاوەتەوە کوردستان و جار جار دەچێتەوە ئەڵمانیا و دوایین جار لە ٢٠١٤/٧/٥ لە ئەڵمانیاوە گەڕاوەتەوە کوردستان.

(٧)

**نیویۆرك تایمز هۆكاری پشتیوانیكردنی پێشمەرگە لە لایەن ئەمریكا دەخاتە ڕوو**

٢٠١٤/٨/١٩

ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمریكا بڵاویكردەوە، راپۆرتی راوێژكارە سەربازییەكانی ئەمریكا لە بارەی توانای سەربازیی هێزەكانی عیراق ئەوەی ئاشكرا كرد كە توانای هێزەكانی پێشمەرگە لە ئاستێكی بەرزدایە لە رووبەڕوو بوونەوەی داعش، هەر بۆیە ئیدارەی ئەمریكا بڕیاریدا پشتیوانیی پێشمەرگە بكات لەجەنگی دژ بە تیرۆر.

لە راپۆرتێكیدا ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزی چاپی ئەمریكا باس لەوە دەكات، "بڕیاری پشتیوانیی كردنی واشنتۆن بۆ هەرێمی كوردستان وایكرد ئەمریكا داوا لە هاوپەیمانەكانی لە لەندەن و بەرلین بكات ، بۆ گەیاندنی پشتیوانیی سەربازیی و مرۆیی زیاتر بۆ هەرێمی كوردستان".

ڕۆژنامەكە ئەوەشی راگەیاند، "ستراتیجی سەربازیی ئۆباما لە بەرامبەر سوپای عێراق روونە، دوای راپۆرتی راوێژكارە سەربازییەكانی ئەمریكا لە عێراق كە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای هێزە چەكدارەكانی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش لە لایەن ئۆباماوە رەوانەی عێراق كرابوون".

ڕۆژنامەكە لەسەر زاری بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری ئەمریكا، دەڵێت: تیمی راوێژكارانی سەربازی ئەمریكا بە خێرایی توانای پێشمەرگەیان هەڵسەنگاند لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و ئەوەیان خستە ڕوو، گەر پێشمەرگە و هەندێك یەكەی تایبەتی ناسراو بە ( فیرقە ئاڵتوونیەكان) پشتیوانیی بكرێن و توانای لۆجستیان بەهێز بێت، ئەوە بە ئاسانی دەتوانن داعش دەرپەڕێنن.

ڕۆژنامەكە باس لەوەش دەكات:"توانای پێشمەرگە و رێكخستن و مەشقپێكردنی هۆكاری سەرەكی گەیاندنی پشتیوانییە سەربازییەكانی ئەمریكایە بۆ لە ناوبردنی چەكدارە تیرۆریستەكان".

(٨)

## ڕۆژنامە جیهانیەکان: هەرێم ئارامترینە

٢٠١٤/٨/٢٥

سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردەکان، تەنها خەون نییە، بەڵکو بابەتێکی جێگەی مشتومڕی نێوان نووسەرە بەناوبانگەکانی دونیا و هەروەها چارەسەرێکی گونجاویشە بۆ ئەو کێشانەی کە لە ناوچەکەدا هەن.
لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا چەند نووسەرێك لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤارە جیاوازەکانی دنیادا، باسیان لە بابەتی سەربەخۆیی کوردستان کردووە و بە چارەسەرێکی هەنووکەیی دەزانن و هەروەها دەڵێن کە مافێکی مێژوویی کوردەکانە و چەندین ساڵە ئەو مافەیان لێ زەوت کراوە.

### کورد، گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت

لە ناو فەرهەنگە بەناوبانگەکانی دونیادا، کاتێك بە دوای مانای وشەی کورد دا دەگەڕێیت، لە بەرامبەر ئەو وشەیەدا نووسراوە، (کوردەکان گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن لە دونیادا)، ئەم بابەتەش رەهەند و هۆکار و لێکدانەوەی مێژوویی هەیە و دوای رووداوەکانی ئەم دوواییەی عێراق و هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش)، ئەو بابەتە جارێکی تر بوو بە جێگەی مشتومڕ و لێکدانەوە.
نووسەری ئەمریکی "رۆبەرت فۆکس" بابەتێکی لەو بارەیەوە لە گۆڤاری (زە ویك) دا بڵاوکردۆتەوە، بە ناونیشانی (رزگار کردنی کوردەکان، ئەرکی هەنووکەیی ڕۆژئاوایە)، لە سەرەتای بابەتەکەدا نووسیویەتی : کاتێك پێشمەرگە هەزاران کەسی ئاوارە دەپارێزێت، بەنداوی موسڵ کۆنترۆڵ دەکات بە ناوچەکانی دەوروبەری موسڵیشەوە، هەروەها رێکخراوی توندڕەوی داعش تێك دەشکێنێت، لە بەرامبەردا ئەوان دەبنە هاوڕێ و هاوئامانجی ئۆباما و کامیرۆن، کە هەردووکیان داوای لەناو بردنی داعش دەکەن و ناشیانەوێ هێزەکانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە.بە درێژاییی سەدەی رابردوو، کوردەکان قوربانی بوون و فەرامۆش کرابوون، وڵاتە زلهێزەکانی دنیا بە ئەمریکا و بەریتانیاشەوە بەرامبەریان بێ بەڵێن بوون.
رووداوەکانی ئەم دوواییەی سوریا و عێراق و هاتنی گرووپی تیرۆریستیی داعش، کوردی هێنایەوە نێو بازنەی ململانێکان و، لێرەوە ئیتر کورد شایەنی ئەوەیە کە وەڵامێکی بە جێی داخوازییەکانی بدرێتەوە.

"فۆکس" بەشی زۆری گوتارەکەی تایبەت دەکات بۆ باسکردن لە مێژووی کورد و ئەو ڕووداوانەی کە تیایدا کورد قوربانی و جیهانیش بێدەنگ بووە. باس لەو پرسیارە جەوهەرییانە دەکات کە پەیوەستن بە مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و هەمیشە خۆیان خستۆتە ڕوو، بەڵام جیهان گوێی پێ نەداون، ئەو نووسەرە دەنووسێت : پرسیارەکانی وەك :کوردەکان کێن؟ چۆن و لە کوێ دەکرێت ڕێگایان پێ بدرێت خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن؟، لەو جۆرە پرسیارانەن کە بە درێژاییی مێژوو خۆیان دووبارە کردۆتەوە. هەمیشە لە کوردەکانم بیستووە و هەموو دونیاش ئەوە دەزانێت، کە ئەوان گەورەترین نەتەوەی دونیان کە تا ئێستا وڵاتیان نییە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە (تاکە دۆستی کوردەکان چیاکانن).

## هەرێمی کوردستان ئارامترینە

یەکێکی تر لەو گوتارانەی کە جەخت لە سەر دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان دەکاتەوە و هەرێمی کوردستان بە ئارامترین شوێنی ناوچەکە ناودەبات، گوتارێکە و لە لایەن "ڕانداڵ فلۆید" ەوە نووسراوە و لە ڕۆژنامەی (ئۆگەستا کرۆنیکڵ) دا بڵاو بووەتەوە بە ناونیشانی (کارەکانی داعش، پرسی سەربەخۆیی کوردستانی هێنایەوە بەرباس)، نووسەر لەو گوتارەدا نووسیویەتی : لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، ئارامترین و پێشکەوتووترین ناوچە لە عێراقدا کوردستانە، زۆر جار بە (عێراقێکی تر) ناو دەبرێت، ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوتە و شوێنیکی لە بارە بۆ ڕۆژئاواییەکان بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری تیا بکەن. هەموو ئەو پێشکەوتنانە هاوشانن لە گەڵ گەشە کردنی خەونی کوردەکان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. ئێستا کە عێراق لە هەموو کات زیاتر لە هەڵوەشاندنەوە نزیك بووەتەوە، خەونی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی لە هەموو کات بەهێزترە لە ناو دڵی هەموو تاکێکی ئەو نەتەوەیە دا.

## کوردەکان باش دەزانن چۆن خاکەکەیان دەپارێزن

لە ناوچەیەکی ئاڵۆز بە جەنگ و تیرۆر، ڕشتنی بەردەوامی خوێنی هەزاران مرۆڤی بێتاوان و بەزاندنی سنوورەکانی یەکتری و سەدان جیاوازیی ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی و عەشیرەتی، لە ناو ئەم ئاگرەدا، هەرێمی کوردستان ئەو خاکەیە کە خەڵکەکەی بە دڵ و بە گیان دەیپارێزن و لە تین و بڵێسەی ئەو ئاگرە خۆیان دوور دەخەنەوە.

ئـەم بابەتــە وای لــە نووســەرێکی ئــەمریکی کــردووە بابــەتێك بنووســێت بــە ناونیشانی (لێگەڕێ با کوردەکان خۆیان بجەنگن)، (جـەیمس جـەی کارافانۆ) نووسیویەتی تەنها کوردەکان خۆیان دەزانن چۆن دوژمنـەکانیان تێك بشکێنن. بەڵام ئەوەی لە سەر باقی وڵاتانی تری دونیایە، ئەوەیە کە هاوکارییان بکەن و پشــتیان بــەر نــەدەن. ئــەو نووســەرە لــە ماڵپــەڕی (پیلــۆت) ی ئەمریکیــدا نووســیویەتی : چارەســەری ئــەو قەیرانانــە پەیوەســتە بــە هاوکــاریکردنی دانیشتووانی ئەو ناوچانەی تیرۆری تێدایە، چونکە ئـەوان باشـتر لـە سروشـتی ناوچەکـەیان تێدەگـەن، دەزانـن چـۆن رووبـەرووی مەترسییەکان ببنـەوە. بـۆ نموونە کوردەکان لە هەموو کەس باشتر دەزانن چۆن وڵاتەکەیان بپارێزن.

بـە تـەواوی روونـە کـە چـۆن دەکرێـت هاوکـاری بکـرێن، هاوکـاریی هێـزی ئاسمانی، سوود وەرگرتن لـە کەسـانی بـە ئـەزموون، مەشق پێکردن، نـاردنی چـەك و شـتومەکی پێویسـت بۆیـان، لـە گرنگترینـی ئـەو شـتانەن کـە پێویسـتە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان پێیان ببەخشێت.

## تیرۆر مەترسییە بۆ هەموو جیهان

"کارافانۆ" لـەو گوتـارەدا بـاس لـە بابـەتێکی زۆر گرنـگ دەکـات، کـە ئـەویش بابەتی ئامادەییی تیرۆرە لە ناو مێشکی مرۆڤەکاندا. بە رای ئەو مەترسیدارترە لە بوونی تیرۆر لە ناوچەیەکدا، چونکە هەبوونی تیـرۆر وەك چـەمك و لـە نـاو بیـری تاکـەکانی هـەر وڵاتێکـدا، دەبێتـە جێ"ـی مەترسـی لـە داهـاتوودا و بـۆ هـەموو جیهـان بـە ئـەمریکا و ئەورووپایشـەوە، ئـەو نووسـیویەتی: باشـترین رێگـای بردنـەوە و سـەرکـەوتن، رێگرتنـە لـە دۆڕانـدن. بـە گـوێرەی هەنـدێك ئامار، ئێستا زیاتر لە ١٠ هـەزار تیرۆریستی بێگانـە لـە نـاو عێراقدا هـەن، لـە ناویاندا ٣ هـەزاریان خـەڵکی ئـەمریکا و وڵاتـانی ڕۆژئـاوان، ئـەم تیرۆرسـتانە دوور نییـە لـە داهـاتوودا، بگەڕێنـەوە بـۆ وڵاتـەکانیان و شـانەی تیرۆریسـتی دروست بکەن، ئەوە گرنـگ نییە کە چۆن ئـەم تیرۆرستانە لە ناوچەیەکدا کپ دەکەیت، کێشەی گەورە ئەوەیە چۆن بیری تیرۆر لە ناو مێشکی ئـەو کەسـانەدا نەهێڵیت و نەبنە مەترسی بۆ سەر ئێمە و هەموو جیهان.

## ئیتر هەر چیاکان تاکە دۆستی کوردەکان نین

لـەو گوتارەیدا (رۆبـرەت فـۆکس)ی نووسـەری ئـەمریکی، بـاس لـەو رووداوە مێژووییانە دەکات کـە لـە سـەدان ساڵ لەمەوبـەرەوە بـە سـەر کـوردا هـاتووە و هەمیشـەیش کوردەکـان بـەڵێنیان پـێ دراوە و دواتـر ئـەو وڵاتانـە بەڵێنـەکانیان

شکاندووه، هەر بۆیە وتراوە (چیا تاکە دۆستی کوردەکانن)، بەڵام ئیتر پێویستە هەمووان چاو بە هەڵوێستەکانیاندا بخشێننەوە، (فۆکس) نووسیویەتی: گرنگترین شت ئەوەیە، کوردەکان شایەنی ئەوەن کە پشتیوانی بکرێن و گەرەنتیی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی تەواویان لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا پێ بدرێت، ئەم دەسەڵاتانەیش بنووسرێنەوە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش گەرەنتیان بکات. ئەمەیش دەبێتە پرەنسیپ و پلانی داهاتووی وڵاتان بۆ بەستنی پەیوەندی لە گەڵ کوردەکاندا و دڵسۆزیی باراك ئۆباما و کامیرۆنیش دەردەخات، هەرچەندە من ئەگەر کورد بوومایە، هێشتا وازم لە دۆستایەتیی چیاکان نەدەهێنا.

(٩)

**داعش کوردە ئێزیدیەکان جینۆساید دەکات**

٢٠١٤/٨/٢٧

دوای کۆمەڵکوژی و ئاوارەکردنی کوردانی ئێزیدی لە باشووری کوردستان، ئەم کەمینە ئایینیە بووە جێی ئاوڕ و باسی میدیا جیهانییەکان، میدیاکانی جیهان ئێزیدی بە ئاینێکی دێرین ناو دەبەن کە نەریت و کولتوور و ڕێورەسمی تایبەتیان هەیە.

سایتی (دویچە ڤیلە)ی ئەڵمانیا لە وێنە ڕاپۆرتێکیدا چەندین وێنەی کوردانی ئێزیدی و شوێنە پیرۆزەکەیانی داناوە و لەو بارەیەوە نووسیویەتی:"مێژووی ئایینی ئێزیدی کۆنترە لە کریستیان و ئیسلام، ئێزیدی ئایینی یەک خواوەندییە و باوەڕیان بە بوونی شەیتان نییە. تاوسی فریشتە، واتا مەلەک تاوس پێگەیەکی تایبەتی لەو ئایینەدا هەیە، پێگەی مەلەک تاوس لای یەزدان پایەبەرزترە لە ٧ فریشتەی تری ئەو ئایینە.

پیرۆزترین شوێنی کوردانی ئێزیدی لالشە لە هەرێمی کوردستان. لەو شوێنەدا دوو کانیاوی پیرۆز هەیە. مەزارگەی شێخ عودەی بن موسافر کە گەورەترین پیاوی پیرۆزی ئێزیدیەکانە لە لالشە. مێژووی پیرۆز بوونی لالش هێشتا بە تەواوەتی ئاشکرا نییە. ئێستا پێشمەرگە ئەو شوێنە پیرۆزە دەپارێزێت.

هەموو ساڵێک هەزاران پەیڕەوکاری ئێزیدی سەردانی لالش دەکەن و ڕێورەسمی رێزگرتن لە شوێنە پیرۆزەکان بە ژەنینی مۆسیقا بەڕێوە دەبەن. ئێزیدیەکان ئەم مەراسیمە ئایینییانە وەکوو کۆبوونەوە و دیداری ئێزیدیەکان سەیر دەکەن. ڕێورەسمەکە لە مانگی ئۆکتۆبر(پاییز) بەڕێوە دەچێ.

رێژەی کوردانی ئێزیدی ٨٠٠ هەزار کەسە. زیاترینیان لە باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان)دەژین. ژمارەیەکیشیان لە سووریا و تورکیا و ئەرمەنیا و جۆرجیان. زیاترین کوردانی ئێزیدی لە ئەورووپا لە ئاڵمانیا دەژین. ئەنجومەنێکیان لەو وڵاتە هەیە کە ٦٠ هەزار کەس ئەندامی هەیە.

کوردانی ئێزیدی تەنها لە لایەن چەکدارانی داعشەوە تالان نەکراون و پێشتریش لە سەردەمی دەسەڵاتداری سەدام حسێن دیکتاتۆری پێشووی ئەو وڵاتە لە ساڵانی ١٩٧٩ تا ٢٠٠٣ لە ژێر گوشاردا بوون. هەندێ لە لایەنە ئیسلامییەکان، کوردانی ئێزیدی بە مورتەد و کافر ناو دەبەن.

لە هەفتەی ڕابردوودا خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی گەورە لە ناوچە جیاجیاکانی ئەڵمانیا بۆ پشتیوانی لە کوردانی ئێزیدی ئەنجام دراوە. خۆپیشاندەران داوا لە

وڵاتـــانی ئەورووپـــی دەکەن بە تونـــدی ڕووبەڕووی چەکـــدارانی دەوڵەتـــی ئیسلامی ببنەوە.
ئێزیدیەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٨٠ ڕوویان لەو وڵاتە کردووە.
کوردانی ئێزیدی لە مەراسیمەکانیاندا جل و بەرگی تایبەت دەپۆشن.
لە شارەکانی ئەڵمانیا کە ڕێژەی دانیشتووی کوردانی ئێزیدی زۆرە، گۆڕستانی تایبەت بە ناشتنی ئێزیدی هەیە و ئەو هاووڵاتیانە ئازادانە دەتوانن مەراسیمی ناشـتنی مردووەکانیـان بەڕێـوە بـبەن. پـێش بـوونی ئەو گۆڕسـتانە، کـوردانی ئێزیدی ناچار بوون تەرمی مردووەکانیان بگوازنەوە بۆ کوردستان".

(١٠)
## ميـــدياكانى ئەمەريكـــا داوا دەكەن واشـــنتۆن پشـــتگيرى لە ســـەربەخۆيى كوردستان بكات
٢٠١٤/٩/٢

دامەزراوە ميدياييەكانى ئەمەريكا دەستخۆشى لە بڕيارى سەرۆكى وڵاتەكەيان (باراك ئۆباما) دەكەن بۆ بۆردومانكردنى مۆڵگە و تيرۆريستانى "داعش" و يارمەتيدانى هێزى پێشمەرگەى كوردستان.
بەڵام ژمارەيەك لە گۆڤار و ڕۆژنامەكان خوازيارن واشنتۆن لێكدانەوەيەكى ورد بۆ بارودۆخى ناوچەكە و عێراق بكات و ستراتيژيەتێكى ماوەدرێژ پەيڕەو بكات و هەر بۆيەش پشتگيرى لە سەربەخۆيى كوردستان بكات.

### كورد دەيەوێت خۆى كاروبارى خۆى بباتە ڕێوە
گۆڤارى "ئەمێريكەن تينكەر"ى ئەمەريكايى لە ڕاپۆرتێكدا دەنوسێت، خاكى كوردان بە سەر عێراق و ئێران و سووريا و توركيادا دابەشكراوە. كوردەكان لەم وڵاتانەدا هەست بە هيچ جۆرە خۆشحاڵييەك ناكەن چونكە ئەوان دەيانەوێت كاروبارى خۆيان بەڕێوە ببەن، نەوەك ئەوەى نەتەوەيەكى ديكە كاروبارى نيشتمانەكەيان ڕاپەڕێنێت.
لە ماوەى دوو دەيەى ڕابردوودا ئەمەريكا بە چەند شێوەيەك يارمەتى كوردى داوە، بەڵام بارودۆخى جيۆپۆلەتيكى ناوچەكەيشى لەبەرچاو گرتووە و ئەم لەبەرچاوگرتنەش وايكردووە يارمەتيدانەكە وەكو پێويست نەبێت. ئێستا ڕەوشى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست بە تەواوى گۆڕاوە و هەربۆيەش كاتى ئەوە هاتووە واشنتۆن سياسەتى خۆى بە گشتى بگۆڕێت و پشتگيرى لە سەركردايەتى سياسى كوردستان بكات بە ئاراستەى دامەزراندنى دەوڵەتى سەربەخۆى كوردى.

### كورد گەلێكى ميانڕەوى دژە تيرۆرە
لە بەشێكى ديكەى ڕاپۆرتەكەدا هاتووە، ئەمەريكا بەرژەوەندى تايبەتى لە ناوچەى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستدا هەيە و دەكرێت دەوڵەتێكى سەربەخۆى كورديش ببێتە يارمەتيدەرێك بۆ پاراستنى ئەو بەرژەوەنديانە. كوردەكان دژى ئيمپرياليزمى عەرەبين و بە درێژايى مێژوويش كورد بووەتە قوربانى چەندين جۆرى جياواز لە ئيمپرياليزم.

کورد گەلێکی میانڕەوە و دژی تیرۆرە. کوردەکان داوای ئەوە دەکەن لە ناو وڵاتی خۆیاندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ بژین و نایانەوێت کێشەیشیان لەگەڵ دراوسێکانیان هەبێت. کوردەکان خاوەنی خاك و نیشتمانی خۆیانن و نایانەوێت لەو نیشتمانەیاندا لە لایەن خەڵکانی دیکەوە بچەوسێنرێنەوە. ئارامی و ئازادی تەواو لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و ئەگەریش کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەوا ئەو ئازادی و دیموکراسییە زیاتر گەشە دەکات. لە سەرانسەری ناوچەکەدا پێکهاتە جیاوازەکان دەچەوسێنرێنەوە لەوانەش مەسیحیەکان، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا هیچ پێکهاتەیەك ناچەوسێنرێتەوە. دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیش دەبێتە نیشتمانێکی نوێ بۆ ئەو خەڵکە چەوساوەیە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوویشدا ڕوون بووەتەوە کە هەرێمی کوردستان شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەو خەڵکانەی لە شوێنەکانی دیکەی عێراق ڕووبەڕووی چەوساندنەوە دەبنەوە و ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەوەی لەوێ دەست بە ژیانێکی نوێ بکەن.

## ئەمەریکا و پشتگیری لە گەلانی چەوساوە

"ئەمێریکەن تینکەر" نوسیویەتی، بەرپرسانی ئەمەریکا بە ئاشکرا دەڵێن ئەوان پشتگیری لە گەلانی چەوساوە دەکەن و هەموو گەلێکیش مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.

کورد داوای سەربەخۆیی دەکات و مافی خۆیشیەتی. بەرپرسانی ئەمەریکا پشتگیریان لە زۆرینەی ئەو وڵاتانە کرد کە لە یەکیەتی سۆڤیەت جیابوونەوە. واشنتۆن ڕۆڵێکی گەورەی لە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سڕبیەکان لە یوگسلافیای پێشوودا گێڕا و وەکو دەرئەنجامی ئەوەش چەندین وڵاتی نوێ لە یوگسلافیا دروست بوون. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکرێت و یارمەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بدرێت بۆ ئەوەی بەو ئامانجەی بگات.

## کوردستان هێزێکی گەورەی تایبەت بە دابینکردنی ئاسایش

هاوکات ڕۆژنامەی "لانکاستار"ی ئەمەریکاییش ڕاپۆرتێکی بڵاوکردوەتەوە و تیایدا هاتووە، پێویستە بەرپرسانی واشنتۆن لە سەر یارمەتیدان و پشتگیریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بن، ئەوەش لە بەر چەند هۆکارێك: کوردستان دۆستێکی ڕاستەقینەی ئەمەریکایە و دەکرێت متمانەش بە حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بکرێت،

کوردستان شوێنێکه که تیایدا یەکتری قەبوڵکردن ڕەنگی داوەتەوە و کوردەکانیش ڕێز لە تەواوی کەمایەتییە ئاینی و تائیفیەکان دەگرن، زیاتر لە یەك ملیۆن کەس ڕوویکردووەتە هەرێمی کوردستان و حکومەت و خەڵکی کوردستانیش بە گوێرەی توانا یارمەتی ئەم خەڵکە ئاوارەبووە دەدات، کوردستان لە بواری نەوتەوە زۆر دەوڵەمەندە و پێویستە ئەم سامانە گەورەیەش بپارێزرێت، کوردستان خاوەن هێزێکی گەورەی تایبەت بە دابینکردنی ئارامی و ئاسایشە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تەواوی ئەم هۆکارانە بەسن بۆ ئەوەی ئەمەریکا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات و یارمەتی کورد بدات ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

(١١)
## زۆربەی ئاوارەكانی عێراق ڕوویان لە هەرێمی كوردستان كردووە
٢٠١٤/٩/١٠

ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) ی ئەمریكی ڕاپۆرتێكی، لە ژێر ناونیشانی (ڕابردوو ئایندەی كەمینەكان لە عێراقدا)بڵاو كردۆتەوە، هەردوو ڕۆژنامەنووسی ئەمریكی "ئێلیزابێس فێرس" و "ئابێتەیلەر" نووسیویانە و بە داتا و بەڵگە باس لە ژیانی پڕ لە نەهامەتی و ئاوارە بوونی ملیۆنان كەس دەكات كە تەنها لە بەر ئەوەی كەمینەن، یان ناچار كراون ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ بێڵن یان كوژراون.
لەم راپۆرتەدا نووسیویانە:" لە مانگی (ئاب ) دا ئاژانسەكان بڵاویان كردەوە، دەیان هەزار كوردی ئێزیدی لە عێراق ئاوارە بوون و لە پێناوی مانەوەدا ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتووە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەكگرتووەكان، ئەمساڵ لە عێراق زیاتر لە ملیۆنێك و ٨٠٠ هەزار كەس ناچار كراون زێدی خۆیان بە جێ بهێڵن، زۆربەیان ڕوویان لە كوردستان كردووە، كە لەوێ حكوومەتی هەرێم و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان هاوكارییان دەكەن".
لە بەشێكی تری راپۆرتەكەدا هاتووە:" لە عێراقدا بەهێز لاواز دەخوا".
هەر لە راپۆرتەكەدا هاتووە:"ئەوەی بە سەر ئێزیدیەكان و، مەسیحییەكانی موسڵ هاتووە، كاتێك پێیان گوتن یان ماڵەكانتان بە جێ بێڵن یان ببنە موسڵمان ئەگەرنا دەتانكوژین.
لە بەشێكی تری راپۆرتەكەدا هاتووە:"ئێزیدیەكان كە ژمارەیان نزیكەی ٧٠٠ هەزار بوو، لە ئێستادا كەم بوونەتەوە بۆ ٥٠٠ هەزار، تەنانەت بە هۆی توندوتیژی و كوشتوبڕەكانی داعشەوە زیاتر لە ١٠٠ هەزار ئێزیدی ئاوارە بوون و ڕوویان لە شارەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان كردووە یان چوونەتە سوریا...".

## (١٢)
## ڕۆژنامەی ئیڤینینگ ستاندارد: چیرۆکی ئازایەتی پێشمەرگە بۆ بەریتانییەکان دەگێڕێتەوە
٢٠١٤/٩/٢١

"سبستیان مایەر"، لە ساڵی(٢٠٠٤)ەوە وەك فۆتۆگرافەر ناسراوە، لەو کاتەوە کاری بۆ چەندین ناوەندی ڕۆژنامەنووسی جیهانی کردووە، وەك؛(تایم، نیو یۆرك تایمز، وڵ ستریت جۆرناڵ)، هەروەها گۆڤاری (سەندەی تایمز) و زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری تر، لە ساڵی(٢٠٠٩)ەوە لە عێراق جێگیر بووە و ڕاپۆرتەکانی تایبەتن بە ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە.

**هەر شوێنێك پێشمەرگەی لێ بێت ترسی لێ نییە**

ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانی بە ناوی "سبستیان مایەر" ماوەیەك لەمەوبەر هاتووەتە کوردستان و سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە لە تلکێف و لە گەڵیاندا ماوەتەوە، بە چاوی خۆی بوێری و ئازایەتی هێزەکانی پێشمەرگەی بینیوە، دواتر لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژنامەی بەریتانیادا (ڕۆژنامەی ئیڤینینگ ستاندارد) کە یەکێکە لە پڕ خوێنەرترین ڕۆژنامەکانی بەریتانیا و لە لەندەن چاپ و بڵاو دەبێتەوە، ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکە دەگێڕێتەوە و لە سەرەتای نووسینەکەیدا بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:"ئەگەر ئەو گەنجێکی ئەمریکی بووایە، ئێستا بە شەپقەیەکی ئەمریکییەوە، جگەرەیەکی لە سەر لێوی دادەنا و لە شەقامێکی ئارامدا خۆشترین ساتەکانی تەمەنی بەسەر دەبرد، بەڵام لە بری ئەو شتانە، کلێتەیەکی ڕەشی کردووەتە سەری و شەرواڵێکی لە بەردایە و ڕۆژی چوار پاکەت جگەرە دەکێشێت، ئەو چەند هەنگاوێك چووە پێشەوە و ڕووبەڕووی بارەگاکانی چەکدارانی داعش ڕاوەستابوو، ئەو لیوا (واحید) بوو، کە پلەیەکی بەرزی سەربازی هەیە لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدا، بە دەم و چاوێکی ماندوو، جەستەیەکی شەکەت، لە ناو تۆز و غوباری بیابانی جەنگاویدا، لەو کەسانە دەچوو کە هەموو تەمەنی لاوی خۆی لە بەرەکانی جەنگدا بردبێتە سەر،کاتێك لێم پرسی (چ هەستێکت هەیە سەبارەت بە شەڕ کردن لە دژی داعش؟) یەکێك لە ئەفسەرە پێشمەرگەکان بە خێرایی مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و وێنەی لاشەی چەند داعشێکی پیشان دام کە لیوا (واحید) لە شەڕێکدا چیرۆکێکی سەرکەوتنی ناوازەی تۆمار کردبوو، هەر لەو جەنگەدا ئەو تیرۆریستانەی کوشتبوو.

به شێوەیەکی گشتی (واحید) بێ ئومێد ببوو لە ئارەزووە تایبەتییەکانی، قاچێکی خستبووە سەر ئەو دیوارەی کە تاکە پەرێز بوو لە نێوان ئەوان و داعشدا، من زۆر لە قەناس بەدەستەکانی داعش دەترسام، بەڵام ئەو هیچ ترسێکی نەبوو، زۆر ئازایانە لە سەر ئەو دیوارە وەستابوو، بە دووربینێکەوە تەماشای ئەو شوێنەی دەکرد کە دوژمنانی لێ بوون. ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لەو شوێنە بوون، تەنها من دەترسام و لە دڵەراوکێدا بووم، هیچ ترسێکم لە نێوچەوانی ئەواندا بەدی نەدەکرد، هەر شوێنێك پێشمەرگەی لێ بێت بێگومان ترسی لێ نییە"

## لیڤەرپول بە جێدێڵێت و دەبێتە پێشمەرگە

"سبستیان" چەند وێنەیەکی ناوازە پیشانی خوێنەران دەدات، وێنەی گەرمای تاقەت پڕوکێنی هاوین و ئامادەیی پێشمەرگە بۆ بەرگە گرتنی هەموو ئازار و ناخۆشییەك لە پێناو پاراستنی کوردستاندا، وێنەی ورە بەرزی ئەو پێشمەرگانە و شایی و هەڵهەڵە لێدانی سەرکەوتن، وێنەی لاوێکی کورد کە هەشت ساڵ لە بەریتانیا ژیاوە و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و شانبەشانی هێزەکانی پێشمەرگە نیشتمان دەپارێزێت. ئەو نووسیویەتی:"تۆزێك لەملای ئەو دیوارەوە، ژمارەیەك پێشمەرگە شاییان دەکرد، بە گوێرەی ڕیتمی مۆزیکێکی فۆلکلۆری دەجوولانەوە و کەسێك لە بەردەمیاندا گۆرانی بۆ دەوتن و چەپڵەی لێدەدا، چەند پێشمەرگەیەك لەولاتر، پاڵیان دابووەوە و گەرمای تاقەت پڕوکێنی دوای نێوەڕۆی ئەو ڕۆژەی هاوین بێزاری کردبوون.

(وێر ئار یوو فرۆم)، یەکێك لە پشتمەوە بە زمانی ئینگلیزی و بە شێوەزاری لیڤەرپوولی ئەم پرسیارەی لێ کردم، واتا (تۆ خەڵکی کوێیت؟)، سەرم سوڕما و ئاورم دایەوە، سەربازێکی کەڵەگەت و بە قەد و قیافەیەکی ڕێکەوە، سەری خۆی تاشی بوو، تفەنگێکی ئێم(٤)ی لە شاندا بوو، بزەیەکی جوان لە سەر لێوەکانی بوو. گوتی:"من ناوم (حامد)ە و ماوەی هەشت ساڵ لە لیڤەرپوڵ ژیاوە و تازە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، ئەو بە تەواوی کەوتبووە داوی خۆشەویستی نیشتمانەکەیەوە، هەر بەو شێوەزارە و بە ئینگلیزی باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە (ئینگلیزەکان چۆن بوون)، دەمێك ڕاوەستا و هەوڵی دەدا لە ناو دەریای پەنگخواردووی وشەکانیدا، چەند وشەیەك هەڵبژێرێت و جوانترین پەیام بە من بگەیەنێت. دەیگوت، لە هەموو شوێنێك باش و خراپ هەیە، من ئاماژەم بۆ تفەنگە ئەمریکییەکەی کرد و لێم پرسی (دەزانی چۆن بەکاری بهێنیت؟)، سەری بەڵێی بۆ لەقاندم و پاشان باسی مەترسی ئەو بۆمبانەی بۆ

کردم کە چەکدارانی داعش دوای ڕۆیشتنیان لە هەر شوێنێك بە جێی دەهێڵن، دواتر دوو وایەری پێ پیشان دام و سەری وایەرەکانی لێك خشاند، بۆ ئەوەی پێم بڵێت کە پووچەڵی کردوونەتەوە. بەڵێنم پێدا کە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و هەموو ئەو شتانەی بینیومن و بیستوومن بیاننووسم و بۆ خەڵکی بگێڕمەوە".

**هەولێر و بەغدا، ئەمیان شوێنی ژیان و ئەویان هی مەرگ**

وەك هەموو چیرۆکەکانی دیکە، کات و شوێن لەم چیرۆکەی "سبستیان مایەر" دا ڕۆڵی خۆی هەیە و بە جوانی نووسەر ئاماژەی پێ کردوون، سەبارەت بە کات، ماوەکە نزیکەی شەش ساڵە، ئەو دوو جار هەولێر دەبینێت، جارێك لە ساڵی(٢٠٠٨) و جارەکەی تر لە ساڵی(٢٠١٤). بەڵام لەو ماوەیەدا زۆر شت گۆڕاون و هەولێر لە شارێکی کەم ڕەنگ و ڕووی سادەوە، بووەتە پایتەختێکی پڕ لە جوانی و شوێنێك بۆ ژیان و گەشە کردن، سەبارەت بە شوێن گرنگی بە دوو شوێن دەدات لە چیرۆکەکەیدا، سەفەر بۆ بەغدای پایتەختی عێراق و سەفەر بۆ پایتەختی کوردستان، لەو ماوەیەدا بەغدا وەك ئەوەی شەش ساڵ لەمەوبەر بینیویەتی، هیچ نەگۆڕاوە و تەنانەت ئەوەندە شوێنێکی ترسناکە، بەشی ڕۆژنامەنووسێکی بیانیش ژیانی تێدا نەبووە و هەولیان داوە خۆدی نووسەری ئەم چیرۆکە بڕفێنن و تیرۆری بکەن، بەڵام کوردستان و چیرۆکە جوانەکانی دونیایەکی دیکەن، خۆی بەم شێوەیە باسی دەکات: "بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە ناو تەکسیدا بووم، بۆ ئەوەی لەو شوێنەوە بگەمە هەولێر.
بە چاوی خۆم بینیم هەولێر چەندە پێشکەوتووە، چونکە من لە ساڵی(٢٠٠٨)ەوە ئەو شارەم نەدیبوو. شەش ساڵ لەمەوبەر، کاتێك بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیم چوومە عێراق، بەغدا شوێنێکی زۆر ترسناك بوو، هەموو شوێنێك پڕ بوو لە بۆمب و تەقینەوە، تیرۆر کردن و ڕفاندن و سەر بڕین باڵی بە سەر ئەو شارەدا کێشابوو، بەڵام لە ئێستا بارودۆخەکە لە بەغدا زۆر نەگۆڕاوە و ساڵی ڕابردوو بە هەزار حاڵ خۆم دەرباز کرد کاتێك لە نزیك شەقامی حەیفا هێرشم کرایە سەر. بەڵام هەرێمی کوردستان، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بووەتە مێرگێك لە ئارامی، ئێستا لە ژێر ترس و هەڕەشەی ئەو تیرۆرستانەدایە کە خەڵکی بێ تاوان سەر دەبڕن و خەریك بوو منیش بەو دەردە ببەن".

**کۆتاییەکی خەمناك**

چیرۆکی نووسراوی ناو ئەم ڕۆژنامەیە، کە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی پێشمەرگەیە کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەوەی کۆتایی پێنایەت و تا هەتایە

دەمێنێتــەوە، ئــاڵای شــەکاوەی کوردســتان و نــاوی پیــرۆزی پێشــمەرگەیە، پێشمەرگە شـەهید دەکرێت، بـەڵام بـە خوێنی ئـاڵی ئایندەی نیشتمان ڕەنگینتر دەکــات. ئــەم ڕۆژنامەنووســە ماڵئــاوایی لــە بــەرەکانی جــەنگ لــە تلکێـف و هێزەکـانی پێشـمەرگە دەکـات و دەگەڕێتـەوە بـۆ شـاری هـەولێر، لـەو کاتـەدا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە لایەن یەکێك لە هاوڕێکانییەوە بۆ دێت، هەواڵێکی پێ دەدات، هەواڵێك کە نـەك تـەنها ئێمـەی کورد بـە بیستنی دڵمـان دادەخورپێت و ڕەوتی فرمێسك بـەری چاومـان دەگرێت، بـەڵکو بێگانـەکان و ئەوانەشـی تـەنها جارێك یان دووان هاتوونەتە کوردستان پێـی دڵتـەنگ دەبن و ئـازار دەچێژن، چونکـە پێشـمەرگە خۆشەویستی هەمووانـە، "مایـەر" بـەم جۆرە کۆتـایی ئـەم چیرۆکـە پڕ لـە شـانازییەی پێشـمەرگەمان بـۆ دەگێڕێتـەوە:" لـە درەنگانی ئـەو شەودا، کاتێك من لە سەر پێخەفەکەم بووم، پەیوەندییـەکی تەلـەفۆنیم لـە یـەکێك لـەو هاوڕێیانەمـەوە بۆ هـات کـە لـە بـەرەکانی جەنگدا لـە گـەڵما بـوون، چەند کاتژمێرێك دوای ئەوەی ئێمە ئەو شوێنەمان بـە جـێ هێشـت، داعش هێزەکـانی پێشمەرگەی بۆمب باران کردبوو، لیوا واحد بـە بریندار‌ی گواسترابووەوە بـۆ نەخۆشخانە و ئـەو ئەفسـەرە پێشمەرگەیەش کـە وێنـەکانی پیشـانی مندا شـەهید بوو بوو".

(١٣)
## كه له فڕۆكه دادەبەزيت و هەولێر دەبـــــينيت، تەزووى خۆشـى بە گيانتـدا دێت
٢٠١٤/٩/٢٩

فـرەش ئێـر، بەناوبـانگترين بەرنــامەى ڕاديـۆييە، هەفتـانە لە لايەن "تێـرى گـرۆس" ەوە لە فلادلفيــاى ئەمريكــا تۆمــار دەكرێـت و لە ٤٥٠ وێســتگەى ڕاديـۆيى فەرمـى نيشـتمانيى (NPR) ەوە پێشـكەش دەكرێـت و نـزيكەى پێـنج مليۆن بيسەرى هەيە لە ئەمريكا و ئەوروپا.

تێرى گرۆس: سڵاو: لە بەرنامەى FRESH AIR ەوە لە گەڵتانين، من تێرى گرۆسـم، زۆر شـتمان لە بـارەى عێـراق و هەرێمـى كوردسـتانەوە بيسـتووە، هەميشە بە شەوقەوە گوێ لەو ڕاپۆرتانە دەگرم كە (ديكستەر فيلّكينس) بڵاويان دەكــاتەوە و، بە ڕووداوەكــانى ئەوێ ئاشــنامان دەكــات، ئەمــرۆ دەرفەتێكــى گەورەترمان بۆ ڕەخساوە، چونكە "فيلّكينس" خۆى لێرە و لە بەرنامەكەى ئێمە ميوانە، با زيـاتر ئەم پەيامنێرەتـان پـێ بناسێنم، فيلّكينس، لە كـاتى هێرشـەكانى ئەمريكــا بــۆ ســەر عێــراق و ئەفغانســتان، لەو دوو وڵاتە كــارى كــردووە و ڕاپۆرتەكانى لە ڕۆژنامەى (نيويۆرك تـايمز) بڵاوكردۆتەوە و، ئێستا كـار بۆ گۆڤــارى (نيــو يــۆركەر) دەكــات، چەنــدين خەڵاتــى جيهــانيى لە بــوارى ڕۆژنامەنووسيدا بە دەستهێناوە، نووسەرى كتێبى ( جەنگێكى تاهەتايى) ە.

ئەم هـاوينە، فيلّكينس دووجـار سـەفەرى بـۆ كوردسـتان كـردووە، هەرێمـى كوردستان لە باكوورى عێراق، كە جۆرێك لە سـەربەخۆييان بەدەستهێناوە و تا رادەيەك لە عێراق جيا بوونەتەوە و لە هەوڵدان كە بە يەكجارى دەوڵەتێكـى سـەربەخۆى كـوردى دروسـت بـكەن. هێزەكـانى داعش هاوسنوورن لە گەڵ كوردسـتاندا، بەڵام هێزەكـانى پێشـمەرگە ڕووبەرووبـان بـوونەتەوە و خـاكى كوردستانيان لە مەترسيى ئەو تيرۆريستانە پاراستووە.

تێرى گرۆس: بەڕێز "فيلّكينس "بەخێر بێيت بۆ بەرنـامەى (فرەش ئێر)، تۆ گۆشەيەكت هەيە لە گۆڤارى (The New Yorker) بە ناونيشانى ( جەنگ لە پێناوى مانەوەدا، كۆشكى سپى داوا لە كورد دەكات، عێراق لە مەترسى داعش بپارێزن، كورد زيـاتر حەزيـان لەوەيە جيـا ببنەوە)، ئەمەوێ بپرسم، تەنها بۆ

کــۆکردنەوەی زانیــاری بە مەبەســتی نووســینی ئەو گۆشــەیە، ســەردانی کوردستانت کرد؟

فیڵکینس: زۆر کەس وا دەزانێت کوردستان و عێراق یەك شتن، یەکسەر بیری دەچێت بۆ لای جەنگ و ململانێ و خوێن ڕشتن و زۆر شتی تر، بەڵام کاتێك دەچیت بۆ کوردستان، ئەو بەشە بچووکە لە باکووری عێراق، لەوێ هەموو شتێك جیاوازە. من تووشی شۆك بووم کاتێك گەیشتمە کوردستان و ئەو هەموو جوانییەم بینی، پێشتر بۆ نووسینی گۆشەیەکی تایبەت بە مالیکی سەردانی بەغدام کرد، ئەو کات بیرم لەوە کردەوە سەردانی کوردستان بکەم. ماوەی سێ هەفتە لە بەغدا بووم، سەرەڕای ئەوەی کە حکوومەتی عێراق خاوەنی بڕێکی یەکجار زۆر نەوتە و ڕۆژانە پارەیەکی زۆری دەست دەکەوێت، دووەم وڵاتە لە زۆرترین بڕی بەرهەمهێنانی نەوتدا، من کە دەڵێم پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێت، مەبەستم لە دەیان ملیار دۆلارە، ٨٥ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، بەڵام سەرباری ئەو هەموو دەوڵەمەندییە، هیچ پێشکەوتنێك لە عێراقدا نابینیت، چونکە سەرکردەکانی عێراق زۆربەی ئەو پارەیە دەدزن، ئەمە جێگەی دڵخۆشی نییە. بە داخەوە.

دوای ئەوەی لە بەغداوە بە فڕۆکە سەفەرم کرد بۆ هەولێر، هەولێر پایتەختی کوردستانە، دەزانیت هەولێر چۆنە؟ زۆر سەیرە، کاتێك لە فڕۆکە دادەبەزیت و هەولێر دەبینیت، تەزووی خۆشی هەموو جەستەت داگیر دەکات. لەوێ شەقامەکان جمەیان دێت لە ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز، شار پڕە لە ڕیستۆرانتی خۆش مەزە و خواردنی سوشی و هۆڵی ئاهەنگ گێڕان، بیرمە شەوێکیان بۆ پیاسە کردن چوومە ناوشار لە کاتژمێر ٣ ی بەرەبەیان گەڕامەوە، هەموو شتێك ئاسایی بوو ژیان زۆر بە ئارامی ساتەکانی بەڕێدەکرد. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئارامییەکی هاوشێوە نابینیتەوە. ئیتر ئەو شتانە تووشی سەرسوڕمانت دەکەن، هیچ کەسێك ناتوانێت باوەڕت پێ بێنێت کە کوردستان بەشێکە لە عێراق، ئەمە ڕاستیی بابەتەکەیە، کوردستان هەرگیز بەشێك نییە لە عێراق، چیتر ناکرێت وەکو یەك وڵات تەماشایان بکەین.

گرۆس: ئەوانیش نایانەوێت چیتر بەشێك بن لە عێراق؟
فیڵکینس: نەخێر، مەبەستم ئەوەیە بابەتێکی تەکنیکییە، لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەوان هێشتا بەشێکن لە عێراق، بەڵام ئەوان نایانەوێت بەشێك بن، لێرەدا

ئەمری واقع هەیە، ڕێگایەکی زۆر دروستیان گرتووەتە بەر و سەربەخۆییان کردۆتە ئەمری واقع، ئێستا ئەوان بەشێك نین لە عێراق، ئەوان خۆیان کێشاوەتەوە، هێواش هێواش دەیانەوێت بیکەنە سەربەخۆییەکی فەرمی، دڵنیام بەم نزیکانە ئەوان دەبنە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام ناتوانم بڵێم کتومت کەی ئەوە ڕوودەدات.

گرۆس: ئێستا داعش نزیکە لە کوردستانەوە؟
فیڵکینس: ڕاستە ئەوان لە سنوورەکانی کوردستانن، ئەوەش بابەتێکی سەیرە، ئەو هەولێرەی کە بۆم باسکردی، ئەو شارەی مامەڵەی ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز و نرخ بەرزی تێدا دەکرێت، ئەو شارەی هەموو بستێکی ڕازاوەتەوە و بنیات نراوە، تەنها ٣٠ میل لە داعشەوە دوورە، من دەڵێم زۆر سەیرە، چونکە لە ناو ئەم هەموو جوانیەوە، تەنها سواری ئۆتۆمبێلێك ببە و یەك کاتژمێر لە ڕێگەدا بە، دەگەیتە ئەو شوێنەی کە داعشی لێیە، لەوێ سەیر دەکەیت، وەك ئەوەی من لە کەرکوك بینیم، لەوێ ڕووبارێکی لێیە، لەودیو ڕووبارەکەوە داعش هەیە، ئاڵا ڕەشەکانیان دەبینیت، دەبینیت کە ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕن و دەسوڕێنەوە، خاڵی پشکنینیان داناوە. ئەو ساتەی لەوێ بووم زۆر ترسناك بوو، واهەستم دەکرد کە لە سەر سنووری نێوان دوو دەوڵەت ڕاوەستاوم، کوردستان و داعش زۆر لە یەکەوە نزیکن.

گرۆس: کوردستان چی دەکات بۆ پاراستنی خۆی؟
فیڵکینس: ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە، کاتێك داعش هات بە ئاسانی دەستی گرت بە سەر ناوچەیەکی بەرفراوانی عێراقدا، ئەو ناوچانەی کە عەرەب نشینن، چونکە عەرەبەکان خۆیان هاوکاریی داعشیان دەکرد، بەڵام کوردەکان عەرەب نین، تۆش باش ئەوە دەزانیت، هەر کوردێك بدوێنیت لە سەر ئەم گۆی زەوییە، پێت دەڵێت "ئێمە عەرەب نیین، ئێمە تورك نیین، ئێمە فارس نیین، ئێمە کوردین"، لە بەر ئەوە داعش ئەو ناوچانەی داگیر کرد کە عەرەبی تێدایە لە دەوروبەری کوردستان.

کاتێك داعش دەستی گرت بە سەر چەند شارێکی کوردستاندا، ئەو کاتە بوو سەرۆك ئۆباما بڕیاری دا هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر داعش، چونکە نەیدەویست هەرێمی کوردستان بکەوێتە دەستیان و وێرانی بکەن، ئۆباما بە جددی دەیویست پشتگیری کوردەکان بکات، لە بەرئەوەی کوردستان لە ناو

سەنتەری ئاڵۆزییەکاندا بوو، بەلایەنی کەمەوە کۆشکی سپی ئەوەی دەزانی، وە تۆش باش ئەوە دەزانیت، کە بەرپرسانی کۆشکی سپی کوردیان خۆشدەوێ، چونکە کوردەکان لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان، لە ناو دڵی ئۆقیانووسێك لە کێشە و ململانێدان، ئەوان دۆستی ڕۆژئاوان، کوردستان ناوچەیەکی دیموکراتی سیکولارە، جێگیر و ئارامە، دەوڵەتێکی سەرکەوتووە، بەڵام دەوڵەتێکی ڕانەگەیەنراوە. بە نسبەت کۆشکی سپی، ئەوان لە لایەکەوە پشتیوانی کوردن و یارمەتییان دەدەن لە جەنگی دژ بە داعشدا، بەڵام لە لایەکی ترەوە، نایانەوێ کورد عێراق بە جێ بهێڵێت، ئەوان دژی سەربەخۆیی کوردستانن.

گرۆس: بە ڕاستی ئەم هەڵوێستە، کوردەکان لە دووڕییانێکدا ڕادەگرێت، چونکە کوردەکان سەربەخۆییان دەوێت و ساڵەهایە لە پێناو بەدیهێنانی ئەو خەونەدا دەجەنگن، بۆچی ئەمریکا و حکوومەتەکەی ئۆباما نایانەوێت کورد سەربەخۆیی وەربگرێت؟

فیلکینس: زۆر سەیرە، دەزانیت، کوردەکان و ئەمریکییەکان، زۆر لە مێژە، ٢٠ ساڵ زیاترە، پەیوەندییەکانیان بەم جۆرەیە، ئەگەر دەپرسیت بۆچی کورد لەو بارودۆخەدایە، من دەڵێم، بۆ شیکردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ کاتێك ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەدامیان لە کوێت وەدەرنا، ئەو کات کورد دژ بەو ڕژێمە ڕاپەڕی و هاوکات سەدام هێرشێکی زۆر دڕندانەی کردە سەریان، ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان هێڵی دژە فڕینیان لە بەرژەوەندی کورد دیاری کرد، کوردیان لە هێرشی فڕۆکە و چەکە دوورهاوێژەکان پاراست، لەو سەردەمەوە ناوچەی خۆبەڕێوەبەری کورد دروست بوو، لەوێوە بناغەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان دانرا، لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا تا ئەمڕۆ ئەوان بەردەوامن لە هەوڵی دروستکردنی ئەو دەوڵەتە، زۆر جار سوپاسی ئەمریکایان کردووە بۆ ئەو هاوکارییانە، بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە، ئێستا کە ئەوان لە نزیکترین کەناری گەیشتن بەو خەونەدان (خەونی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان)، کەچی ئەمریکا دەڵێت نابێت ئەو کارە بکەن.

گرۆس: بۆچی نا؟

فیلکینس: بە ڕای من هۆکارەکەی ئەوەیە هیچ کەسێك لە کۆشکی سپی نایەوێت شایەتی دابەشکردنی ئەو عێراقە بێت کە لە پێناو مانەوەیدا بە یەکپارچەیی ئەو هەموو خوێنە ڕژا و ئەو هەموو پارەیە سەرف کرا لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا، لێرەدا ئاماژەیەکی گرنگ هەیە، هەموویان پێکەوە هەوڵی پاراستنی شتێکیان داوە نایانەوێت لە بەرچاویاندا ئەو شتە تێك بشکێت. لێرەدا هۆکاری زیاتریش هەیە، بۆ نموونە ئەگەر ئەوان واژوو لە سەر دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بکەن، ئەی چی بەو کەسانە بڵێن کە دەیانەوێت دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن . ئەو کات سوریا هەڵدەوەشێتەوە و ئەو بەشەی لە عێراق دەمێنێتەوە ئەویش هەڵدەوەشێتەوە. پێم وایە ئەمریکا دەیەوێت هەموو شتێك بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە و ئەمەش زۆر سەختە، چونکە ئەو وڵاتانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کراون، زۆربەیان بە زۆر کراون بە دەوڵەت، مێژوویەکی سەد ساڵەیان نییە لە پێکەوە ژیان، ئەو پێکهاتانەی لەو دەوڵەتانەدا هەن ئامادە نین لە گەڵ یەکدا بژین، هیچ هێزێکیش ناتوانێت ناچاریان بکات بە یەکەوە بژین، هەوڵی گەیشتن بە سەربەخۆیی لەو ناوچەیەدا شەپۆلێکی بەهێزە و ئەمریکا لە دژی ئەو شەپۆلە مەلە دەکات.

گرۆس: کورد دەیەوێت سەربەخۆیی بەدەست بێنێت و لە عێراق جیا ببێتەوە، ئەمریکا دەیەوێت عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە. تۆش نووسیوتە کورد جەنگی دژ بە داعش بە دەرفەتێك دەزانێت بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، ئەم جیاوازییانە لە چ خاڵێکدا یەك دەگرنەوە؟

فیلکینس: پێم وایە ئەو پەیوەندییەمان بینی کاتێك داعش گەیشتە عێراق و، لە ماوەیەکی کەمدا سوپای عێراق تێکشکا، ٥٠ هەزار سەرباز و پۆلیس لە شەوێکدا دیار نەمان و خۆیان شاردەوە، من چاوپێکەوتنم لە گەڵ ژمارەیەك لەو هەڵهاتووانەدا کردووە، ئەوان تەنها سەرباز نەبوون، بەڵکو پڕچەکیش کرابوون بە چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی، ملیار ملیار دۆلار لە دروستکردنی ئەو هێزەدا خەرج کراوە، من پێم وایە ئەمە ئەو ڕاستییە پیشان دەدات کە دەوڵەتی عێراقیش لێرەوە دەوڵەتێکی ڕووخاوە و لە بنەڕەتەوە شکستی خواردووە، بەڵام دەوڵەتی کورد زۆر زۆر بەهێزە، بوونی خۆی چەسپاندووە.

کوردستان خۆبەڕێوەبردنی کردۆتە واقع، گومانم نییە لەوەی کوردەکان بیر لەو ماوەیە دەکەنەوە کە لەگەڵ عێراقدا بوون، بیر لە ماوەی ئەو بیست ساڵەش

دەکەنەوە کە لێی جیا بوون، دەڵێن خوێن و مەرگ و ئازار نەبێت هیچمان لە عێراق نەدیوە، ئێمە ئامادە نیین چیدیکە ئەو وڵاتە بپارێزین و کاتی ئەوەیە بە یەکجاری بەجێی بێڵین. ئەگەر چی کوردستان خاکێکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە و بە دەیان کۆمپانیای جیهانی تایبەت بە دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت کاری تێدا دەکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم بابەتانەشدا کوردستان کێشەیەکی زۆر گەورەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کوردستان سنوورەکانی داخراون، هەمیشە پێویستیان بە وڵاتێکی دراوسێ هەیە بۆ ئەوەی لەوێوە نەوتەکەیان بنێرن بۆ بازاڕەکانی جیهان. لەم ڕووەشەوە ئەوان بەربەستی زۆر سەختیان هاتۆتە پێش، عێراق ئامادە نییە لەم ڕووەوە هاوکارییان بکات، ئێران لایەنگرێکی باش نییە بۆیان، سوریا بەربەستە و تورکیاش لە دێر زەمانەوە دۆستی کورد نەبووە.

هەرچەندە لەم دواییەدا و لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا، کوردستان بوو بە فریادڕەسی باری ئابووریی تورکیا و چەندین کۆمپانیای تورکی بە هۆی کوردستانەوە دەوڵەمەند بوون و ئەمەش وەك قۆناغێکی نوێ تەماشا دەکرێت لە پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و تورکیادا،

لە ئێستادا بۆڕیی گواستنەوەی نەوت هەیە و تورکیا ڕێگە دەدات لە خاکەکەیەوە نەوتی کوردستان بگوازرێتەوە و بفرۆشرێت، بابەتی فرۆشتنی نەوتی کوردستانیش بابەتێکی ئاڵۆزە، ئەویش بە هۆی ئەمریکاوەیە، چونکە ئەمریکا دژی سەربەخۆیی کوردستانە، کێشە بۆ فرۆشتنی نەوتەکەیان دروست دەکرێت، چونکە ئەگەر بتوانن نەوتەکەیان بفرۆشن سەربەخۆییان ئاسان دەبێت، ئەگەر نەتوانن بیفرۆشن سەربەخۆییان زەحمەت دەبێت. ماوەیەکی زۆرە بەغدا هەموو سەرچاوەیەکی ئابووری لە سەر کوردستان داخستووە، تووشی قەیرانی کردوون، سنوورەکانیشیان لە سەر داخراوە، ئەگەر نەتوانن نەوتەکەشیان بفرۆشن ئەوا ناتوانن پارەی پسووڵەی گواستنەوەی ئەو کەشتییە نەوتانە بدەن. پێویستە ئەو ڕاستییەش بڵێم کە بەغدا ئیرەیی بەو هەموو پێشکەوتنەی کوردستان دەبات، هەوڵ دەدات ئابلۆقە بخاتە سەریان و پێشکەوتنیان ڕابگرێت، کار لە سەر برسی کردنیان دەکات، هەر لەبەر ئەمەش بوو کورد هەوڵی دا نەوتی خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی بتوانێت پارەی پسووڵەی گواستنەوەی ئەو تەنکەرە نەوتانە بدات و، ڕێگەش نەدات بژێوی خەڵکی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام بە هۆی هەموو ئەو کێشانەی بۆیان دروست دەکرێت، ئەوان لە ئێستادا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا دەژین.

(١٤)
## دەیڤید تافوری: دەبێت چەکی کاریگەرتر بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بنێرن
٢٠١٤/١٠/١٦

بەرپرسێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوا دەکات ئەمریکا لە هەموو روویەکەوە هاوکاری سەربازی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بکات و کورد بێبەش نەکات لە چەکی پێشکەوتووی جەنگی.
لە دوای ئەوەی مانگێک و دوو رۆژ بەر ئێستا باراک ئۆباما پلانێکی تۆکمەی بۆ رووبەرووبوونەوەی داعش راگەیاند و گووتی " هێرش دەکینە سەر رێکخراوێکی تیرۆرستی بەڵام، هێرشی زەمینی ئەنجام نادەین، داعش لە عێراق و بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان پاشەکشەی زۆر ی کردووە، بەڵام هێشتا بەشێکی چاودێران داعش بە مەترسی دەزانن و دەڵێن دەبێت پێشمەرگە چەکی کاریگەرتر و بەهێزتری پێ بدرێت بۆ ئەوەی بە تەواوی داعش لە زەوی بدات.
بەرپرسێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوا دەکات ئەمریکا لە هەموو روویەکەوە هاوکاری سەربازی هێزەکانی پێشمەرگە کوردستان بکات و کورد بێبەش نەکات لە چەکی پێشکەوتووی جەنگی .
دەیڤید تافوری، نووسەر و بەرپرس و رێکخەری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق لە نوسینێکدا لە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ دەڵێت " ئۆباما گووتی هێرشی زەمینی بۆ سەر داعش ئەنجام نادەین، بەڵام راوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکا دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە لە هەموو رووییەکەوە " راهێنان و هەواڵگری و چەک" هاوکاری پێشمەرگە بکەن.
ئەو بەرپرسە دەڵێت " هێشتا ئەمریکا بەشێکی زۆر کەمی لە پلانەکەی پێشکەشی کورد کردووە، بۆیە کورد پێی وایە دەبێت زیاتر چەک و کەرەستەی سەربازی پێبگات."
تافوری هەروەها باس لەوە دەکات کە لەوەتەی فرۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، بۆردومانی داعشیان کردووە، رەوشەکە بە تەواوی گۆڕاوە، چونکە ئێستا داعش تەنیا بەرگری دەکات و توانای هێرشبردنی نەماوە . بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەو سنوورە فراوانەی هەرێمی کوردستان هەیەتی کەمە و دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە و چەک و تەقەمەنی

زیاتریان پێبدرێت، نووسەر هەروەها دەڵێت کورد هاوپەیمانی ئێمەیە( ئەمریکا) نابێت درێخی بکەین لە هاوکاریکردنیان .
دەیڤید لە بەشێکی دیکەی قسەکانی نووسیویەتی "هاوپەیمانان کە ئێستا هێرشی ئاسمانی دەکەن سەر داعش،چ دەبێت چەکی کاریگەر و بەهێز پێشکەشی هێزەکانی پێشمەرگە بکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووە دژی داعش بەکاری بێنن و رێکخراوەکە هێندەی دیکە لاواز بکەن و نەهێڵن هەڕەشەکانی لە ناوچەکە بمێنێت، هەروەها دەشکرێت ئەمریکا و وڵاتانی دیکە تاوتوێی ناردنی هێزی زەمینی بۆ شەڕی داعش بکەن.
بە گوتەی دەیڤید ماوەیەک پێش ئێستا دوای داواکردنی چەک لە ئەمریکا ئەمریکا تەنیا بڕێکی کەم چەکی نارد و ئەمەش جێگای قبوڵ نییە، چونکە پێشمەرگە تاکە هێزە شەڕی زەمینی دژی داعش دەکات.
نووسەر دەڵێت "دەبوو سێ ساڵ پێش ئێستا هەموو ئەو چەک و تانکانەی کە ئەمریکا لە عێراق جێی هێشت بدرایە پێشمەرگە،بەڵام ئەو کات حکومەتی عێراق رێگر بوو لەو کارە، دواتریش دوای ئەوەی سوپای عێراق لە چاو تروکانێک شاری موسڵی بە تەواوی کەرەستە سەربازییەکان بۆ داعش جێهێشت، ئەو چەکە کەوتە دەست ئەو رێکخراوە مەترسیدارە".

**هۆکارەکەی عێراقە**

نووسەر دەڵێت، هۆکاری ئەوەی کە ئەمریکا هێشتا بە تەواوی هاوکارییە سەربازییەکانی نە گەیاندووەتە پێشمەرگە، هۆکارەکەی عێراقە، چونکە ئەمریکا هێشتا یەکپارچەیی عێراق بەلاوە گرنگە و دەیەوێت کارەکان لە رێگەی بەغداوە بێت، ئەمریکا پێشی وایە بەغدا هاوکاری کورد دەکات، بەڵام ئەمە وانییە، چونکە بەغدا لەگەڵ ئەوەش نییە چەک بە کورد بدرێت، بەڵام دەبێت لێرەوە ئەمریکا بزانێت کە یەکێک لە گرنگترین هاوپەیمانەکانی کە هەرێمی کوردستان شەڕی داعش دەکات و دەبێت بە تەواوی پاڵپشتی بکات، ئەگەریش وا بکات کورد دەتوانێت سەرکەوتنی گەورە دژی داعش تۆمار بکات...
دەیڤید تافوری باس لەوەش دەکات کە بەرپرسێکی هێزەکانی پێشمەرگە پێی راگەیاندووە کە پێشمەرگە تەنیا هێزە لە هێرشی زەمینی لەگەڵ داعش شەڕ دەکات، بۆیە ئێستا ئەوان پێویستییان بە چەک وکەلوپەلی زیاتر هەیە.
نووسەر هەروەها دەڵێت ئەمریکا بە چەند خاڵێک دەتوانێت سەرکەوتنی بەرچاو بە هاوکاری پێشمەرگە بەدەست بێنێت، ئەویش لەرێگای:

- پڕچەککردنی زیاتر هێزەکانی پێشمەرگە بە چەکی کاریگەر و بەهێز لەوانە تانک مووشەکی دوور هاوێژ و مووشەکی دژە تانک.
- رێـگە نەدات بەغـدا ئاسـتەنگ بـۆ چـوونی چەک بـۆ هێزەکـانی پێشـمەرگە دروست بکات .
- بەشـێکی سیاسـەتی دەرەوە بگۆڕدرێـت و رێـگە بـدرێت بـێ رووخسـەتی وەزارەتی دەرەوە چەکەکان رەوانە بکرێت.
- گواستنەوەی بە خێرایی ئەو چەکانەی کە دەتواندرێت بە بەردەوامی لە شـەڕ بکاربهێنـدرێ لەوانە رەشـاش، بە تـایبەت ئەو چەکـانەی ئەمریکـا لە نـاوچەکە هەیەتی.
"ڕۆژی ١٦مانگی رابردوو، جەنەڕال مـاتن دێمسـی، سوپا سـالاری ئەمریکـا رایگەیاند رەنگە پێویست بکات هێزی زەمینی بۆ شەڕی داعش بنێرنە عێراق، بەڵام هەنـدێک لایەن دژایەتـی ئەو بۆچوونەیـان کـرد، بۆ ئەوەشـی ئەمریکـا و وڵاتـان سـەرکەون لە شـەڕی دژی داعش، گومـانی تێدا نییە چەکـی زیـاتر بـۆ هێزەکانی پێشمەرگە بنێرن لە شەڕی دژی داعش."

(١٥)

**نێردەی تایبەتی ئۆباما: گەلی کورد ئازایە و بە بوێری پێشمەرگە سەرسام بووم**

٢٠١٥/١/٢٠

دوای ئەوەی نێردەی تایبەتی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جۆن ئالین) سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، لە کاتی گەڕانەوەیدا بە میدیاکانی راگەیاندووە کە ئەو بە ئازایەتی گەلی کورد و بوێری پێشمەرگە سەرسام بووە.

ماڵپەڕی aina نووسیویەتی کە (جۆن ئالین) رایگەیاندووە، ئەو بە ئازایەتی گەلی کورد و بوێری هێزەکانی پێشمەرگە سەرسام بووە.

هەروا راشیگەیاندووە کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و بە باشی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

بە گوێرەی ئاژانسەکانی دی ئەمریکا (جۆن ئالین) ئاماژەیشی کردووە کە پێویستە وڵاتەکەی پتر پاڵپشتی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، چونکە ئەوان بە جیددی رووبەڕووی داعش بوونەتەوە و توانیویانە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن.

## (١٦)
## ڕاپۆرتێکی ئەمریکی: کوردستان وڵاتی داهاتووی جیهانە
## ٢٠١٥/١/٢٢

لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ماڵپەری (فۆرێین پۆڵیسی) ئەمریکیدا بڵاوکراوەتەوە، باس لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکات، ڕاپۆرتەکەش بە ناونیشانی (وڵاتێکی داهاتوو لە جیهان) بلاوکراوەتەوە.
لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:"لە کاتێکدا کە بە شەقامەکانی هەولێردا پیاسە دەکەی کە دانیشتوانەکەی نزیك ٥٠٠,٠٠٠ کەسە، لە بیر دەکەی کە لە پایتەختی هەرێمێکی بچووکیت کە بەرەو بە دەوڵەت بوون هەنگاو دەنێت. ئەفسەرانی پۆلیس و سەربازەکان لەو شەقامانە دا وێنەی ئاڵای کوردستانیان لەسەر جلی سەربازییان داوە، هەمان ئەو ئاڵایەی کە بە شانازییەوە لەسەر باڵەخانە حکومییەکان و لە ناو جەرگەی شاردا هەڵیانواسیوە. سرووودی نیشتمانیی کوردەکان هەمووکات لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەبیسترێت، ئەو کەناڵانەی کە هەواڵەکان بە زمانی کوردی دەخوێننەوە. ئەگەر زیاتر بە ناو شادەمارەکانی شار دا گەشت بکەیت، ئەوا باڵەخانەی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی وەزیران و تەنانەت کۆنسوڵخانە و نوێنەرایەتیی وڵاتانی تریش دەبینیت کە هەندێك لەوان خزمەتگوزاری ڤیزاش پێشکەش دەکەن".
لە درێژەی ڕاپۆرتەکە دا هاتووە:"هەموو ئەوانە ڕواڵەتی هەڵخەڵێتێنەرن کەوا دەکات وا بیر بکەیتەوە کە لە وڵاتێکی سەربەخۆیت. بەڵام ئەوە وڵاتێکی سەربەخۆ نییە. لە ڕاستیدا بەشی باکووری عێراقە کە بە شێوەیەکی فەرمی بە (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ناسراوە. بەڵام کاتێك دەتەوێت پارە بۆ کڕینی کاڵایەك بدەیت، ئەو ڕاستییەت بیر دێتەوە کە هێشتا لە سنووری عێراقدایت. چونکە لەو هەرێمە هێشتا دیناری عێراقی بۆ مامەڵە بازرگانییەکان بەکار دێت (هەرچەند دۆلاری ئەمریکیش بەکارهێنانی ئاسایی و بەردەوامە). بەڵام هیچ یەك لەو وڵاتانەی کە کۆنسوڵخانە و نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە، وەك ویلایەتێکی سەربەخۆ کوردستان ناناسن چونکە هێشتا کوردستان لە ژێر حوکمی بەغدادایە".
بۆیە وشەی "هیشتا" مان لە دێری پێشوودا بەکار هێنا چونکە لە مانگی ٧ی ساڵی ڕابردوودا، مسعود بارزانی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان)، داوای لە پەرلەمان کرد کە ئامادەکارییەکانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی دەست پێ بکەن. ئەوە وڵامێك بوو بۆ ئەو شێوە حوکمەی کە لە سایەی نوری مالیکی (سەرۆك

وەزیرانی ئەو کات) بەڕێوە دەچوو. لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤دا، مالیکی لە بەرانبەر سەرچاوە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە کوردەکان خاوەندارێتییان دەکرد، ناردنی بەشە بودجەی ئەوانی ڕاگرت. بە هۆی قەهر و کینە و پەیوەندیی خراپی مالیکی لەگەڵ عەرەبە سوونەکان، تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی، ناسراو بە (داعش)، لەو ناوچانە سەریان هەڵدا. هاوینی ساڵی ڕابردوو هێزەکانی داعش کۆنتڕۆڵی موسڵ (دووەم گەورەشاری عێراق)یان گرتە دەست و جیهانیان تووشی شۆك کرد. پاشانیش چوونە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و تەنانەت تا ٤٠ کیلۆمەتریی شاری هەولێریش ڕۆشتن".
هەروەها لەو ڕاپۆرتە دا هاتووە:"هێرشە ئاسمانییەکان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ سەر پێگەکانی داعش، وای کرد هێزی پێشمەرگەی کوردستان بتوانێت پاشەکشە بە تیرۆریستان بکات. بەڵام کوردەکان هەر بەوەندە نەوەستان، دوای ئەوەی سوپای عێراق لە باکووری ئەو وڵاتە بە تەواوی تێکشکابوو، بۆشاییەك لەو ناوچەیە بەدی دەکرا کە هێزە کوردییەکان بە خۆشحاڵییەوە ئەو بۆشاییەیان پڕدەکردەوە. هەر دوای ئەمە بوو کە پێشڕەوییەکانی هێزە کوردییەکان وای کرد کە کورد کۆنترۆڵی ناوچەیەکی زۆر زیاتر بکات لەو ناوچانەی کە پێشووتر لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو.
یەکێك لەو ناوچانەی کە بۆ کوردەکان زۆر گرنگ بوو و کەوتبووە ژێر کۆنتڕۆڵی ئەوان، کەرکووك بوو، هەمان ئەو شارەی کە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ خاڵی کێشەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بوو و کوردەکان بە (قودسی کوردستان) ناوی دەبەن. هەروەها کەرکوك خاوەنی گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی عێراقە و دەتوانێت پێداویستییە داراییەکانی کوردستان بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی نوێ دابین بکات. هەر لە کۆنەوە کێشە لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمانەکانی شاری کەرکووك دا هەبووە بۆ کۆنترۆڵ کردنی شارەکە. لە ساڵانی ١٩٨٠دا سەددام حوسێن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکە دەستی بە کەمپینێك کرد کە بە (تەعریب) ناسراوە. بەڵام بە پێچەوانە، لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٤دا حکومەتی عێراقی، بێ ئەمەل لە سوپاکەی خۆی، چاو لە دەستی هێزە کوردییەکان ماوە بۆ پارێزگاری کردن لە شارەکە.
٣٠ میلیۆن کورد لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست دەژین کە بێگومان هەموویان هەر لە عێراق نین. بەڵام گۆڕانکارییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق موچڕکی خۆشی بە جەستەی هەموو کوردێکدا دێنێت. ئێران کە کەمینەیەکی کورد لەوێش دەژین، بە بەردەوامی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی

کوردستان پتەو ڕادەگرێت چونکە پێی وایە کوردستان سەنگەرێکی ئەمنە بۆ بەرەنگار بوونەوەی داعش. لە سوریا، بەهۆی بوونی شەڕی ناوخۆیی، کوردەکان هەلی بنیادنانی ئیدارەیەکی خۆجێیی لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتیان دەست کەوتووە. تورکیا، کە زۆرترین ژمارەی کوردەکان وەك کەمینە لەو وڵاتە دەژین، حکومەتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سیاسەتی ڕەت کردنی ناسنامەی کوردی جێبەجێ ناکات و گفتگۆی ئاشتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەست پێکردووە کە بەرپرسە لە نائارامی لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا.
ئەوانە بەو مانایەن کە کوردەکان- گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت – ئێستاکە خۆیان لەسەر لێواری بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ دەبیننەوە. دەوڵەتێك کە لە ١٩٤٦ دا بە پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران بنیاد نرا بەڵام هەر زوو، دوای ئەوەی یەکێتیی سۆڤیەت پشتگیرییەکانی لێ سەندنەوە، ئەو دەوڵەتە نوێیە شکستی هێنا.
لە کاتی چاوپێکەتنم لەگەڵ پێشمەرگەیەکی خانەنشینی تەمەن ٦٥ساڵ بەناوی (ڕەمزی مەعرووف)، گوتی:"دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، خەونی هەموو تاکێکی کوردە. منیش بەدرێژاییی تەمەنم چاوەڕێی بەدی هاتنی ئەو خەونە لەمێژینەم".
لە ڕاپۆرتەکە دا هاتووە، ئەگەر خەونی کوردەکان بۆ بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ببێتە ڕاستی، ئەوا وڵاتێك کە کوردەکان پێویستە سوپاسگوزاری بن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. هەرچەند ئەمریکا سیاسەتێکی واقیع گەرایانە لە ناوچەکە پەیڕەو دەکات، بەڵام لە دوو قۆناغی گرنگ دا ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هانای کوردەکانەوە هاتووە. یەکێکیان لە ساڵی ١٩٩١ دا و لەکاتی دروست کردنی ناوچەی دژە فڕین و ئەوی تریش لە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێك ئەمریکا سەددام حوسێنی دیکتاتۆری لەناو برد. هەر ئەو هۆکارانە وایان کردووە کە کوردەکان پشتگیری لە ئەمریکا بکەن و ئەو پشتگیرییە لەرز بخاتە جەستەی وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
بەڵام تاکو ئێستا، ئۆباما و سەرۆکەکانی پێشووتری ئەمریکاش، بۆ نزای دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی (ئامین) ناڵێن. چونکە پێیان وایە دروست بوونی ئەو دەوڵەتە لە بارودۆخی ئێستا دا لەوانەیە ببێتە هۆی ئاڵۆزیی زیاتر لە ناوچەکەدا. ڕاگەیاندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، دارمان و دابەش بوونی عێراق بۆ هەرێمی سوننە و شیعە خێراتر دەکات و شەڕی فیرقەیی هەڵدەگیرسێنێ.

لــە ڕاپۆرتەكــە دا هــاتووە، نیگەرانییــەكان كاتێــك دەردەكــەوێت كــە بەرپرســە كوردەكــان بــە پــارێزەوە لــەبارەی كــاتی ڕاگەیانــدنی دەوڵــەتی كــوردی دەدوێــن. فوئــاد حوســێن (ســەرۆكی دیــوان ســەرۆكایەتیی هــەرێمی كوردســتان) لــەو بارەیەوە دەڵێت:" بەربەستی زۆرمان لە پێشە و ڕێگایەكی درێژمان لە بەردەم دایە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆییی ئابووری". هەرچەند سەرچاوە نەوتییەكانی كەركوك دەتوانێت ئەم گرفتەیان چارەسەر بكات، بەڵام چونكە ئەو سەرچاوانە لەبەردەســتی كــورد دا نــین، بۆیــە ناچــارن چــاوەڕێی نییــەت پــاكیی بەغــدا و دراوسێكانیان بن بۆ هەناردەكردنی نەوت بەرەو بازاڕە جیهانییەكان.

بەڵام فوئـاد حوسێن لەبارەشـەوە دەڵێت: نییـەت پـاكی لەلایـەن بەغداوە شـتێكی چــاوەڕوان نــەكراوە. بــە درێژاییــی ســەدەی ڕابــردوو، حكومەتــە یــەك لــە دوای یەكەكانی عیراق سەركوتی هەموو هەوڵێكیان كردووە بۆ مافی دیاری كردنــی چارەنووســی كــوردان و ئێمــەش ئــەو كارەمــان لــەبیر نــەكردووە. لــە ئیســتاش دا دەبینین كـە كـورد بـە درێژاییی جەبهەیـەكی ١٠٠٠ كیلۆمـەتری، شـەڕ لەگـەڵ تیرۆریستانی داعش دا دەكـات و لـە لایـەكی تریشـەوە دابـەزینی نرخـی نـەوت بێگومان یارمەتیمان نادات بۆ پێكانی ئامانجەكانمان.

ســەرەڕای داوایەكــەی ســەرۆك بــارزانی بــۆ ڕاگەیانــدنی گشتپرســیی دەوڵــەتی ســەربەخۆی كوردســتان، بەرپرســە كوردەكــان ئێســتا هــەوڵی كــپ كردنــی ئــەو بابەتە دەدەن. قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەڵێت:"ڕۆژێك هەر دێت كە كوردستان دەبێتە وڵاتێكی سەربەخۆ، بـەڵام دیـار نییە كە ئێستا كاتی گونجاوە بۆ ئەم مەبەستە یان نا".

فوئاد حوسێن جەخت دەكاتەوە و دەڵێت: كورد حەز دەكات هەلێكی تر بدات بە حكومەتی عێراق؛ بە تایبەتی لە بارودۆخی ئێستا دا كـە مالیكی لـە مـانگی ٩ی ســاڵی ڕابــردوودا، دەســتی لــەكار كێشــاوە و جێگــەی خــۆی بــە حەیــدەر عــەبادی داوە. ئــەو ســەرۆك وەزیرانــە نوێیــەی كــە بــەم دواییانــە ڕێككــەوتنێكی لەگــەڵ كوردەكــان واژوو كــردووە بــۆ نــاردنی ١٧% لــە بەشــە نــەوتی عێــراق بــۆ كوردســتان و نــاردنی مووچــەی هێــزی ســەربازیی كوردســتان. (لەوانەیــە ئــەو فشــارەی كــە بــارزانی بــە ڕاگەیانــدنی گشتپرســی خســتییە ســەر بەغــدا، وای كردبێت كە بەغدا لە گفتوگۆكان دا جددییەتی زیاتر نیشان بدات).

فوئــاد حوســێن هــەروەها دەڵێت:"دەمانــەوێت هــەلێكی تــر بــدەین بــە بەغــدا بــۆ ئەوەی دیموكراتیتر بێت". بەڵام ئەو باسی ئـەو بابەتـەی نـەكرد كـە كوردەكـان زیاتر لە دە ساڵە چاوەڕێ دەكەن و ناكرێت بۆ هەمیشە هەر چاوەڕێ بن.

لە کۆتاییی ڕاپۆرتەکە دا هاتووە:"کوردەکان پێویستە بە وریایی هەنگاو بنێن. بەو پێیەی کە لە بارودۆخێکی هەستیار دان، ناکرێت ئەوان وەك بەرپرسیار لە مەرگی عێراق دا سەیر بکرێن. ئەگەر کوردستانی عێراق بیەوێت سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، پێویستە لە هەڵوێستی بەغدا و وڵاتانی دراوسێی و لە سەرووی هەموانیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دڵنیا بێتەوە".

فوئاد حوسێن دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە منداڵی تازە لەدایك بوو بەراورد دەکات و دەڵێت:" ئێمە نامانەوێت کە منداڵێکی نەخۆشمان هەبێت کە دوای چەند مانگێك بمرێت. منداڵ پێویستی بە کەش و هەوایەکی لەبار هەیە و دایك و باوکێك کە بیپارێزن. ئەگەر بڕیار وابێت کە کوردستانێکی سەربەخۆ لەدایك بێت، پێویستە ببێتە وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر لە ناوچەکە دا".

**سەرچاوەکان**

(١) پیوکەی میدیا، ئا: شەهاب عوسمان
(٢) تۆری میدیایی رووداو(رووداو نێت)، ئا: فەرهاد چۆمانی
(٣) تۆری میدیایی رووداو(رووداو نێت)
(٤) تۆری میدیایی رووداو(رووداو نێت)
(٥) سایتی سپی میدیا، ئا: کاوەڕەش
(٦) تۆری میدیایی رووداو (رووداونێت)
(٧) ماڵپەری خەندان
(٨) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
(٩) ماڵپەری باسنیوز، ئا: ئیدریس ئەحمەد
(١٠) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
(١١) سایتی ڕوژنامەی هەولێر، ئا: ئومێد عەلی جاف
(١٢) سایتی ڕوژنامەی هەولێر، ئا: ئومێد عەلی جاف
(١٣) سایتی ڕوژنامەی هەولێر
(١٤) سایتی ڕوژنامەی هەولێر
(١٥) ماڵپەری (پ.د.ک)، (kdp)
(١٦) ماڵپەری باسنیوز، سەردار ستار

# بەشی  پێنجەم

# چەند ڕاپۆرت و توێژینەوەیەکی تر

**باسی یەکەم:**

(١)
**چۆنێتی گرتنی شاری موسڵ لە زاری بەرپرسێکی ئەمریکییەوە**
٢٠١٤/٧/٢٧

لە ڕۆژی(٢٠١٤/٧/٢٣) کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بۆ یەکەمجار لە دوای هێرشەکانی داعش لە سەرەتای مانگی شەش بۆ ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق کۆبووەوە و بۆ نزیکەی سێ کاتژمێر داوایان لە برێت مەکگۆرگ یاریدەدەری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و نوێنەرێکی وەزارەتی بەرگری کرد، کە هەڵوێستی ئەمریکا لە سەر ئەو ڕووداوانەی عێراق روون بکەنەوە.
برێت مەکگۆرگ کە ماوەی حەوت هەفتە لە عێراق و باشووری کوردستان بووە و تازە گەڕاوەتەوە بۆ واشنتن، خوێندنەوەی خۆی لە سەر چۆنێتی هێرشەکانی داعش بەم شێوەیە بۆ ئەندامانی کۆنگرێس باس کرد: "من ٧ی مانگی ٦ گەیشتمە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، سێ ڕۆژ پێش ئەوەی کە شاری موسڵ بکەوێتە دەست چەکدارەکان، کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام پێشەنگیان بوو، ماوەی ساڵێك بوو کە ئێمە (ئەمریکا) نیگەرانی بارودۆخی شاری موسڵ بووین، چونکە ببووە سەنتەری چالاکی دارایی بۆ داعش و ئەو گرووپە مانگانە ١٢ ملیۆن دۆلاری لە ڕێگەی قاچاغ و بە زۆر وەرگرتن دەستدەکەوت، بە گوتەی ئەو کەسانەی کە زانیارییان لە موسڵەوە پێ دەداین کە لە ناویاندا ئەندامانی هێزە سەربازییەکانی عێراق و بەرپرسانی ناوچەکە بوون، ئەو شارە بە ڕۆژ ئاسایی بوو، بەڵام بە شەو داعش شارەکەی کۆنترۆڵ دەکرد".
برێت مەکگۆرك باسی کۆبوونەوەیەکی دەکات لە گەڵ ئەسیل نوجەیفی پارێزگاری موسڵ پێش دارمانی سوپای عێراق لەو ناوچە و دەڵێت: "یەکێك لە یەکەم کۆبوونەوەکانم لە هەولێر ڕۆژی ٨ی مانگی ٦ بوو لە گەڵ پارێزگاری موسڵ ئەسیل نوجەیفی. هەواڵەکانی زۆر جێی نیگەرانی بوون. ئەو ئاگاداری کردمەوە کە لە ٧٣ کاتژمێری رابردوودا، سەدان گەلابەی چەکداری بە چەکدار و چەکی قورسەوە سنووری سوریا و عێراقیان بڕیوە و لە نزیکی شاری رەبیعە و دواتر باکووری تەلەعفەریان تێپەڕاندووە و ئێستا لە ڕۆژئاوای موسڵ کۆبوونەتەوە. سوپای عێراقی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ

ئەوەی یـارمەتی موسـڵ بـدات، بەڵام پـێ دەچـوو فەرمانـدە عێراقییەکـان لە هەستیاری بارودۆخەکە تینەگەیشتبن و گوتیان کە هێزی پشتیوانی لەوانەیە تا هەفتەیەکی دیکە بگات. ئێمە پەیوەندیمان کرد بە ئەوانەی کە زانیارییان پێ دەداین لە ڕۆژئـاوای موسڵ و ئەوانیش ئەو هەواڵەیـان پشتڕاست کـردەوە کە داعش بە هێزەوە دێتە ئەمدیوی سنوورەوە. ئێمە هەر ئەو کاتە کەریم سنجاری وەزیـری نـاوخۆی هەرێمـی کوردسـتانمان بینـی کە بە پەیوەنـدیکردن پێـی ڕاگەیانــدین کە چەنــد گەڕەکێــك لە ڕۆژئــاوای موسـڵ لە ژێــر مەترســی هەنووکەیین و هەروەها پێی ڕاگەیاندین کە داعش بەردەوامە لە ناردنی هێزی پشـتیوانی لە سـوریاوە بـۆ عێـراق. هەر لەو کۆبـوونەوەیە کەریـم سـنجاری پەیوەندی کـرد بە مەسعود بـارزانی و ئەویش فەرمانیدا کە هێزی پێشمەرگە بچێـتە ڕۆژهەڵاتـی موسـڵ بە مەبەسـتی یارمەتیـدانی سـوپای عێراقـی و بەربەسـت دروسـتکردن لە هـاتنی هێزەکـانی داعـش و تێپەڕانـدنی رووبـاری دیجـلە و ڕۆیشـتن بەرەو ڕۆژهەڵات. ئەو (مەسـعود بـارزانی) رایگەیانـد کە پێشـمەرگە ئامـادەیە یـارمەتی بدات، بەڵام بە پێـی دەستوور دەبێت مۆڵەت لە حکومەتی عێراقی وەربگرن بۆ ئەو مەبەستە."

برێت مەککگۆرگ کە لەو کۆبوونەوەیە رەخنەی زۆری ئاراستە کرابوو لەبەر ئەوەی ئەندامانی کۆمیتەی کۆنگرێس حکومەتی باراك ئۆبامایان تۆمەتبار کرد بەوەی کەمتەرخەم بووە بەرامبەر بە هەڕەشـەکانی داعش، بەردەوام دەبێت و لە سەر ئامادەیی پێشمەرگە دەڵێت:"ئێمە پەیـامێکی خێرا و و بە پەلەمـان نـارد بـۆ بەغـدا بـۆ وەزیـری بەرگـری و بە راستـەوخۆیی بـۆ سـەرۆك وەزیـران و هەروەهـا سـەرۆکی هێـزە چەکدارەکانی عێـراق. ئەوان وەڵامیـان داینـەوە کە بـارودۆخەکە لە ژێر کۆنترۆڵدایە و ٩ لیوای سوپا بەم زووانە دەگەنە موسڵ. ئێمە تێبینیمـان خستە سـەر ئەو زانیـارییەی ئەوان و هـانی بەغدامان دا کە بە زووتـرین کـات داوای یـارمەتی بکـات لە هێزەکـانی پێشـمەرگە لە بەر ئەوەی پێشــمەرگە توانــای بەرگــری لە شــارەکە (موســڵ) هەیە و پێشــتریش دژی ئەلقاعیدە ئەو کارەیان کردووە. وەزیری بەرگری لە کۆتاییدا رازی بوو بەڵام سـەرۆك وەزیـران داوای بەڵێنـی کـرد کە هێزی پێشمەرگە لە دوای ئەوەی کە سوپا گەیشتە ئەو شوێنانە بکشێنەوە".

هەتـا ڕۆژی ٩ی مـانگی ٦، نـووری مـالیکی سـووربووە لە سـەر ئەوەی کە هەڕەشـەی مەترسیدار لە سـەر موسڵ نییە و نەیویسـتووە داوا لە هێزەکـانی پێشمەرگە بکات کە یارمەتی سوپاکەی بدەن.

برێت مەکگۆرگ کە زۆرجار هەوڵی دیپلۆماتیکی داوە بۆ ئەوەی باشووری کوردستان و حکومەتی عێراق لە یەك نزیك ببنەوە بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن و لە گەڵ میدیاکان زۆر قسەی نەکردووە، بە روونی لەم کۆبوونەوەی کۆنگرێس روونی دەکاتەوە کە هۆکاری سەرەکی ئەم قەیرانە نووری مالیکییە.

برێت مەکگۆرگ سەبارەت بە ڕۆژێك پێش دەستبەسەرداگرتنی داعش بەسەر موسڵ دەڵێت: "ڕۆژی ٩ی مانگی ٦ بارودۆخەکە بێ دەنگ بوو و حکومەتی عێراق دڵنیایی خۆی دەربڕی کە موسڵ لە ژێر مەترسی جدی نییە. بەڵام بە درێژایی ئەو ڕۆژە بەشە ڕۆژئاواییەکانی موسڵ کەوتنە دەستی داعش. چەکدارەکانی ئەو گرووپە دەستیان کرد بە هێرشکردنە سەر خاڵەکانی پشکنین و ئەو کەسانە کە بەرگرییان دەکرد دەکوژران. داعش بەو هێرشانە دەیویست سەرکەوتنی سایکۆلۆجیك بەدەست بێنن بە سەر سوپای عێراقیدا. لە گەڵ بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان میکانیزمێکمان دارشت بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕۆژئاوای ئەو شارە جێگیر بن تا ئەو کاتەی هێزەکانی سوپا دەگەن لە باشوورەوە و دوای سەقامگیری بارودۆخەکە بەغدا داوای کرد کە جارێکیتر هەڵسەنگاندن بکات بۆ بارودۆخەکە".

بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی رووداوەکانی ئەو ڕۆژە و دەڵێ "لە کاتژمێرەکانی بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ مانگی ٦، داعش گەڵابەیەکی بۆمبڕێژکراویان تەقاندەوە لە خاڵێکی پشکنین لە سەر پردێکی ستراتیجی و هێزەکانی ئەو گرووپە روویانکردە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە. یەکەکانی سوپا شوێنەکانیان بە جێهێشت و داعش لە ناو شاردا بڵاو بووەوە و باڵەخانەی شارەوانی و فڕۆکەخانە و دواجاریش دەستیان بە سەر سەربازگەکاندا گرت، نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس لە دوو ملیۆن دانیشتووانی ئەو شارە ئاوارە بوون و روویان کردە ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی کورد، لە نزیکی کاتژمێر ٣ ی بەرەبەیانی (٢٠١٤/٦/٩) بەرپرسانی عێراقی پەیامی خێرایان دەنارد و داوایان دەکرد پێشمەرگە بچێتە ناو موسڵ بە زووترین کات، بەڵام تازە کات درەنگ بوو".

لە بەشێکی دیکەی وەڵامەکانیدا، برێت مەکگۆرگ بە ئەندامانی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس دەڵێت کە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا ٥ فیرقەی سوپای عێراق و پۆلیسی فیدڕاڵ لە کۆی ١٨ فیرقەی سوپای عێراق هەڵوەشانەوە.

هەروەها گوتوویەتی "ئێستا هەوڵەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە نەهێڵێت داعش پێشڕەوی زۆرتر بکات و خەریکی هەڵساندنەوەی توانای بەرگری هێزەکانی عێراقین، بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەرچی دوو مانگ پێش ئێستا، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی ئەمریکا مانگی جارێك بە سەر ئاسمانی عێراق دەسووڕانەوە، بەڵام لە بەر هەستیاری بارودۆخەکە و ئەوەی کە سەرکەوتنی داعش لە عێراق مەترسیە بۆ سەر ئەمریکا، ئێستا ئەو فڕۆکانە ڕۆژانە ٥٠ جار بە سەر ئاسمانی عێراقدا دەفڕن".
برێت مەکگۆرگ مەترسی ئەمریکای لە داعش نەشاردەوە و گوتی "داعش وەکو سوپایەکی لێهاتووە و بووە بە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا".
برێت مەکگۆرگ راشیگەیاندووە، کە چەکدارانی داعش مانگانە ٣٠ تا ٥٠ جار کردەوەی خۆکوژی ئەنجام دەدەن و زۆریشیان پاسەپۆرتی ڕۆژئاواییان پێیە. نموونەی خۆتەقاندنەوەی چەند ڕۆژئاواییەکی نێو داعش دەهێنێتەوە و دەڵێ "تەنیا کاتی زۆرتریان دەوێت بۆ ئەوەی ئەم خۆکوژانە ئاراستەی شوێنەکانی دیکە بکەن".

**(٢)**
**هەڵوێستی یەکێتیی ئەوروپا لە بارەی ڕووداوەکانی شنگال و زوممارەوە**
٢٠١٤/٨/٤

نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەوروپا بۆ کاروباری دەرەوە، کاترین ئاشتۆن بە نووسراوێك رایگەیاند، کە هەست بە ئەندێشەیەکی زۆر دەکەن لە بارەی هێرشی داعش بۆ سەر زوممار و شنگال.
هەروەها راشیگەیاند کە "سەرکۆنەی کوشتن و رفاندنی هاوڵاتییان لە لایەن داعشەوە دەکەن."
ئاشتۆن نیگەرانی خۆی بەرامبەر هەڵاتنی ٢٠٠ هەزار کەس کە زۆربەیان ئێزیدین لە شنگال و ئابلۆقەدانیان لە لایەن داعشەوە دەربڕی، داواشی لە حکومەتی عێراق و هەرێم کرد هەماهەنگبن دژ بە داعش.
هەروەها خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر کردنەوەی سنوور و یارمەتییە مرۆییەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، بۆ ئەو ئاوارانەی لە شەڕ هەڵاتوون.

داواشیکرد حکومەتی عێراق و هەرێم هەموو کارئاسانییەك بکەن بۆ ئەو رێکخراوە مرۆییانەی یارمەتی رەوانەی ئەو ناوچانە دەکەن.

(٣)

**ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هێرشەکانی داعش بۆسەر کوردانی ئێزیدی بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی وەسف دەکات**

٢٠١٤/٨/٦

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەو تاوانانەی کە گرووپی تیرۆریستی داعش دژ بە کوردانی ئێزیدی ئەنجامی داون بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی ناو دەبات.

لە بەیاننامەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشدا هاتووە" نیگەرانی و ئیدانەی ئەو کوشتارگەری و تاوانە دژە مرۆڤایەتیانە دەکەین کە گروپە توندرەوەکانی داعش کردویانەتە سەر هاوڵاتیانی باکووری عێراق و کەمیننە ئێزیدییەکان و سەرەنجامیش هەزاران هاوڵاتی سیڤیلی ئاوارە و دەربەدەر کردووە".

هەروەك تێیدا هاتووە کە دەستدرێژی کردنی بەردەوامی ئەو گرووپە توندرەوانە بۆ سەر کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان بەرنامە داریژراوە و ئەوەندەی دیکە عێراق لە ماڵ وێرانی و شەری تایفەگەرییەتی نزیك دەکاتەوە .

(٤)

**ئەو رێکخراوە جیهانیانەی لەسەر ئێزیدی هاتنە دەنگ**

٢٠١٤/٨/٦

هێرشەکەی داعش بۆ سەر شنگال و کۆمەڵکوژکردنی ئێزیدیەکان، کاردانەوەی نێودەوڵەتییان لێدەکەوێتەوە و هەر یەك لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و رێکخراوی یونیسێف و مانگی سووری عێراقی و ڕوانگەی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە سەری هاتنە دەنگ و بە توندی ئیدانەی دەکەن.

هێرشـی دڕندانـەی چەکـدارانی داعـش بـۆ سـەر شـنگال و کۆمـەڵکوژکردنی ئێزیدیـەکان، کاردانـەوەی نێودەوڵـەتی لێدەکەوێتـەوە و لـەو چوارچێوەیەشـدا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بەیاننامەیەکدا، ئیدانەی هێرشەکانی داعشی کرد بۆ سەر قەزای شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری و هۆشداریدا کە هێرشی پلان بۆ دانراو بۆ سـەر خەڵکی مەدەنی بـە هۆی جیاوازی ئـایین و نەتـەوە و ڕەگەزەوە، تـاوانی دژی مرۆڤایەتییـە و چەکدارانی داعشـی بـە هەڕەشـەیەکی گەورە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە بە گشتی وەسف کرد.
ڕێکخـراوی یونیسێفی سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکانیش، لـە بەیاننامەیەکدا، نیگەرانی خۆی پیشاندا لە بەرامبەر ڕەوشی خراپی منداڵـە کوردە ئێزیدیـەکان و گیان لەدەستدانی ٤٠ منداڵ بە هۆی کـاری توندوتیژی چەکدارانی داعش و ڕاگواستن و برسێتی و تینوویەتییانەوە.
هاوکات، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، لە بەیاننامەیەکدا بە توندی ئیدانەی هێرشـەکەی داعشـی کـرد بـۆ سـەر ئێزیدیـەکان و ڕایگەیانـد: ئـەو ئێزیدیانـەی پـەنایان بردووەتـە چیاکـان و تـەنها هەڕەشـەی کوشتنیان لـە سـەر نییـە، بـەڵکو بەدەست بێ ئاوی و بێ نـانی و بێ دەرمانییـەوە، دەناڵێنن و داوای لـە کۆمـەڵی نێودەوڵـەتی و حکومـەتی عێـراق و حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کـرد، بـە هانایانەوە بچن و ڕزگاریان بکەن.
بە پێی بەیاننامەیەکی یونیسێف، ئەو خێزانانەی لە تاو توندوتیژی هەڵهاتوون، پێویستیان بە یارمەتی مرۆیی و فریاگوزاری بە پەلـە هەیـە کـە لـە نێویاندا ٢٥ هەزار منداڵ هەن و لە چیاکانی دەوروبەری شنگال گیریان خواردوە.
مانگی سوری عێراقیش ئاشکرای کرد: چەکدارانی داعش، سەدان ژن و کچی مەسیحی و ئێزیـدیان ڕفانـدوە و لـە بـازاڕێکی موسڵ وەکـو کۆیلـە نمایشـیان کردون.
ڕوانگەی مافی مرۆڤی عێراقیش لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد: لـە ئـەنجامی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەکانی زوممار و شنگال، ٣٠ هـەزار خێزانـی ئێزیـدی دانیشـتوی ئـەو ٢ شـارە بـەرەو چیـای شـنگال هـەڵاتوون و لـە لایـەن چەکـدارانی داعشــەوە گــەمارۆدراون و ژیانیــان لــە مەترسـیدایە و داوای لــە یەکێتی ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە مرۆییەکانی جیهـان کـرد، بـۆ ڕێگـرتن لـە ڕوودانـی کارەسـاتی مرۆیـی، بـە هانـای ئـاوارە ئێزیدیەکانی چیای شنگالەوە بچن.

(٥)
**ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئێزدییەکان دەکات**
٢٠١٤/٨/٦

دوای کۆنترۆڵکردنی قەزای شنگال و ئاوارەبوونی هەزاران هاوڵاتی، ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی تاوانەکانی داعش دژبە کەمە نەتەوەکانی عێراق دەکات و دەڵێت داعش تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە.
لە بەیاننامەیەکدا کە بە کۆی دەنگی هەر ١٥ ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش دەرکراوە، تییدا نیگەرانی قوڵی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر ئەو هەزاران هاوڵاتییەی عێراق کە بە هۆی هێرشەکانی داعشەوە ئاوارە بوون بە تایبەتی نیگەرانیان دەربڕیوە لە ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی ئێزیدی.
هەروەها ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەکەدا بە توندی ئیدانەی هێرشەکانی داعشی کردووە بۆ مەسیحییەکان و داوای لە هەموو لایەنە عێراقییەکان کردووە ڕووبەڕووی ئەو هێرشانە ببنەوە.
ئەنجومەنی ئاسایش ئاشکراشیکردووە کە داعش کۆنترۆڵی ناوچەیەکی فراوانی لە عێراق و سوریا کردووە و ئاماژەی بەوەشکردووە کە داعش تەنها هەڕەشە نییە لەسەر ئەو دوو وڵاتە بەڵکو هەڕەشەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە بە گشتی.
ئەنجومەنی ئاسایش ڕاشیگەیاندووە بە هۆی ئەوەی داعش لە لیستی ڕەشی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە و ڕێکخراوێکی توندڕەوی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە، پێویستە لەسەر وڵاتانی ئەندام پابەندبن بەو سزایانەی بەسەریدا سەپێنراوە و هیچ هاوکاریەکی پێشکەش نەکەن.

(٦)
**یەکێتی ئەورووپا کردارەکانی داعش ئیدانە دەکات**
٢٠١٤/٨/١٠

لە پەیامێکیدا یەکێتی ئەورووپا لە ١٠ی ئاب دەریکردووە، بە توندی ئیدانەی هەڕەشە و ڕەفتارەکانی تیرۆریستانی داعش لە عێراق دەکات ودووپاتیدەکاتەوە وڵاتانی ئەندام تیایدا بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کار بۆ دابینکردنی یارمەتی مرۆیی بکەن بۆ زەرەرمەندانی ئەم ڕەفتارانە لە ئاوارە و لێقەوماوان.

**ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە :**
ئێمە زۆر بە توندی ئیدانەی هێرشەکانی (ڕێکخراوی) بەناو دوڵەتی ئیسلام و گرووپە چەکدارەکانی تر لە عێراق دەکەین. ئێمە تووشی شۆک بووین بە تێکچوونی خێرای بارودۆخی مرۆیی سەدان هەزار هاوڵاتی مەدەنی، بە تایبەتی لە کەمایەتیەکان کە لە شوێنەکانی شەڕ هەڵاتن لە ترسی چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. هەندێک لەو تاوانانە لەوانەیە تاوانی دژی مرۆڤایەتی لێبکەوێتەوە و دەبێ بە پەلە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی تاوانباران لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.
یەکێتی ئەوروپا و وڵاتە ئەندامەکانی هەڵدەستن بە دابینکردنی یارمەتی مرۆیی بە پەلە بۆ دانیشتوانی مەدەنی، بە هاوکاری لەگەڵ شەریکە نێودەوڵەتیەکانیان، بە ڕاستەوخۆیی لە ڕێگەی ئاژانسەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتیەکانیان. داوا لە گشت لایەنەکان دەکەین کە گوێڕایەڵی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بن و ئاسانکاری بکەن بۆ گواستنەوەی هاوکارییەکان ودڵنیایی گەیشتنی کۆمەکی مرۆیی بدەن.
بروکسێل، ١٠ ئاب ٢٠١٤

(٧)
**هیومان رایتس ووچ: پێنج هەزار کەس لە چیای شنگال هیچ هاوکارییەکیان پێنەگەیشتووە**
٢٠١٤/٨/١٠

بەڕێوەبەرایەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ باسی رەوشی ئاوارەکانی کوردانی ئێزیدی دەکات و دەڵێت، ئەو ئاوارانە لە دۆخێکی خراپدا دەژین و پێویستییان بە هاوکاریی مرۆیی بە پەلە هەیە، چونکە ئێستا بە هۆی زۆریی ژمارەیانەوە جگە لە نان و ئاو هیچ شتێکی دیکەیان نییە و زۆربەیان لە شوێنێکدا دەژین، کە پلەی گەرما لەوپەڕی بەرزیدایە و هاوکارییەکان بۆ ئەوان تەنها هاوکاری سەرەتایی و سنووردارن.

جۆ ستۆرك، یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ، لە ماڵپەڕی فەرمی ڕێخکراوەکدا بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا باس لەوە دەکات، کە خۆی سەردانی کوردانی ئێزیدی لە ناوچەکانی زاخۆ و دهۆك کردووە و ئاماژە بەوانەش دەکات کە لە ڕۆژئاواوە بە هاوکاری شەڕڤانانی کورد لە ڕۆژئاوا و پێشمەرگە لە سنوورەکانی سووریاوە گەڕێنراونەتەوە بۆ باشووری کوردستان.

ئەو دەڵێت "هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە چیاکەدا ماون، ئەگەر بە زووترین کات هاوکارییان پێنەگات، وەك خۆیان لە رێگەی تەلەفۆنەوە بە کەسوکاریان لە خوار چیاکە راگەیاندووە، ئەوا گوێبیستی مردنی بەکۆمەڵ دەبن".

سکۆرت کە بە گوتەی خۆی بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ چەند کەسێك لەسەر چیای شنگال، دەڵێت "لە بەشێکی چیاکە کە نزیکەی ٥ هەزار کەسی لێیە، تەنها لە ناو ئەو ٥ هەزار کەسەدا ڕۆژانە ١٠-١٥ کەسیان دەمرن و تا ئێستا هیچ شتێکیان لەو هاوکارییانە پێنەگەشتووە، کە گەیەنراونەتە سەر چیاکە".

بە گوێرەی زانیارییەکانی سکۆرت، سەرەڕای ئەوەی چەند بەشێکی ئاوارەکان لەسەر چیا بە هیچ جۆرێك هاوکارییان پێنگەشتووە، زۆر دیمەن هەن کە تا ئێستا لە شاشەکانەوە نیشان نەدراون، کە باس لە رفاندنی ژن و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر خەڵك دەکەن لە تەلەعەفەر و هەروەها رەوشی خراپی ئاوارەکان.

(٨)

**ڕەشنووسی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی ڕێکخراوی داعش و بەرەی نوسرە**

٢٠١٤/٨/١٦

ڕەشنووسی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی ڕێکخراوی داعش و بەرەی نوسرا و ڕێکخستنی دیکە کە پەیوەندیان لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە هەیە لە عێراق و سوریا، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

ئامـانج لە گەڵاڵەکە کە لە لایەن وڵاتـی بریتانیـاوە ئامـادە کرابـوو، داڕشـتنی هەنـدێك ڕێ و شـوێنی پێویسـت لە دژی ڕێکخسـتنەکانی تیـرۆر لە عێـراق و سوریایە.
ڕەشنووسەکە کە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کراوە پێکهاتووە لە چوار ئامانج کە بریتین لە "ناردنی پەیامێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ تیرۆریزم، ڕێگری لە بەردەم دابین کردنی چەك و تەقەمەنی بۆ چەکداران و گرووپی بیانی، بڕینی پشتگیری و هاوکاری دارایی و هەروەها گرتنی ڕێ و شوێنی پێویست لە دژی شەش تیرۆریست کە پەیوەندیان لەگەڵ داعش و بەرەی نوسرا هەیە".
سـەرۆکی کـاتی ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوە یەکگرتووەکـان، مـارك گرانـت، ڕایگەیانـد "ئەم ڕەشنووسـە لە دژی گـرووپە تیرۆرسـتییەکان زۆر کـاریگەر دەبێت، بەڵام ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ئارادا نییە".

(٩)
## ئەنجوومـەنی ئاسایشـی نەتـەوە یـەکگرتووەکان داوای هەڵوەشـاندنەوەی داعش دەکات
٢٠١٤/٨/١٦

ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـە پەسـەندکردنی بڕیارێـك بـە کۆی دەنگ چالاکییە تیرۆریستییەکانی چەکدارانی داعش پڕۆتستۆ دەکات.
ئەنجوومـەنی ئاسـایش لـەو بڕیارەیـدا ٦ کەسـی خسـتە نـاو لیسـتی ڕەش کـە یارمەتی دارایی داعش دەدەن یان هێز و چەکدار بۆ ئەو گرووپە کۆدەکەنەوە.
ئەسوشێیتێدپرێس بـڵاوی کـردەوە، ئـەو شـەش کەسـە کـە ئەنجوومـەنی ئاسـایش ڕۆژی هـەینی بـە کۆی دەنـگ خستیە نـاو لیسـتی ڕەش، ئـەو کەسـانەن ڕۆڵـی گرنگیان لە بەهێزکردنی داعش و بەرەی نوسرە لە عێراق و سوریا هەیە.
ئەنجوومەنی ئاسایش هەروەها داوای چەك داماڵین و هەڵوەشاندنەوەی خێرای داعـش و بـەرەی نوسـرەی کـردووە لـە عێـراق و سـوریا کـە پەیوەنـدییان بـە گرووپی چەکداری ئەلقاعیدەوە هەیە، داوای سزادان و گەمارۆی سەرجەم ئەو گرووپ و وڵاتانـەش دەکـات لەگـەڵ داعـش و بـەرەی نوسرە پەیوەنـدیان هەیـە یان مامەڵەی بازرگانیان لەگەڵدا دەکەن.
ئەبوو محەمەد عەدنانی وتەبێژی داعش یەکێك لـەو ٦ کەسـەیە کەوتووەتـە نـاو لیستی ڕەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بـە گـوێرەی بڕیارەکـەی ئەنجوومـەنی ئاسـایش، ئـەبوو محەمـەد عـەدنانی هـاوولاتی عێراقـە و یەکێکـە لـە نزیکتـرین کەسـەکانی ئەبووبـەکر بەغـدادی خەلیفەی داعش.
سەعید عارفیش لە ناو ئەو لیستە ڕەشەدایە کە ئەفسەرێکی ئەلجەزایرییە و لـە ناو بەرەی نوسرەدا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

(١٠)
**جۆن کیری: وڵاتانی عەرەب رۆڵی بەرچاویان هەیە لە شەڕی دژ بە داعش**
٢٠١٤/٩/٧

جـۆن کیـری وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا ئاشـکرایکرد، هـیچ پلانێـك بـۆ رەوانـەکردنی هێزی سـەربازیی بۆ عێراق لـە ئارادا نیە ، دەشڵێت، وڵاتـانی عەرەب رۆڵی بەرچاویان هەیە لە شەڕی دژ بە داعش لە بواری سـەربازیی و مرۆیی و راگرتنی کۆمەکە ماددیەکانیان بۆ داعش .
لە کۆنگرەی ناوچەیی ـ ئەمریکا کە لە عەربستانی سعودیە بـەڕێوەچوو، جۆن کیـری رایگەیانـد، وڵاتـانی بەشـداربوو لـە کۆنفرانسـی رووبەڕووبوونـەوەی داعش رازی بوون بچنـە نێو ئـەو هەڵمەتـە سـەربازییەوە دژی داعش ئـەنجام دەدرێت.
کیـری باسـی لەوەشکرد، بـەردەوام دەبێت لـە دیدار و کۆبوونـەوەکانی لەگەڵ سـەرکردەی وڵاتــانی ناوچەکــە بــۆ مەبەســتی فراوانکردنــی هاوپەیمانیــە نێودەوڵەتیەکەی ئەمریکا بۆ لەناوبردنی داعش، وتیشـی:"ئەو وڵاتانـەی ئـەمڕۆ کۆبوونەتەوە ئامادەن ئەو ئەرکی لەناوبردنی داعش راپەڕێنن".
بە وتەی کیـری، "پلانــی ئەمریکـا بـۆ هاوپەیمـانیی نێـودەوڵەتی لەنـاوبردنی داعـش، مەسـەلەی رەوانەکردنــی هێـزی سـەربازیی نـاگرێتەوە لەلایەن ئەو وڵاتـانە بۆ بەشداریی کردن لە شـەڕی دژ بە داعش لە عێراق و سوریا"، بە پێویستیشــی زانــی پێکهــاتەی ســەربازیی ســوپای عیــراق ســەر لە نــوێ دابمەزرێنرێتەوە.
دوای یــەك ڕۆژ لــە گەیشـتنی جـۆن کیـری وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا بـۆ عەرەبسـتانی سـعودیە، هەریـەك لـە وڵاتـانی ئـەمریکا و عێـراق و میسـر و

ئوردون و لوبنان و وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەشداریی لێدانی داعش دەکەن کە ژمارەیان ٦ وڵاتە.
بەم شێوەیە ١٠ وڵاتی عەرەبی پشتیوانی خۆیان بۆ ئەمریکا راگەیاندووە و چوونە ناو هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا بە مەبەستی لێدانی چەکدارانی داعش کە ئێستا بەشێکی عێراق و سوریایان بە دەستەوەیە.

(١١)

## جۆن کێری: ئەرکی وڵاتە ئیسلامییەکانە بەها و سەنگ بۆ ئیسلام بگەڕێننەوە

٢٠١٤/٩/١٠

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایدەگەیەنێت کە بەشێک لەو وڵاتانەی لە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش پێکهێنراوە، وڵاتانی ئەندام لە کۆمکاری عەرەبی دەبن، بۆ ئەوەی پێناسەی راستەقینەی ئیسلام بکەن و ئەوە بخەنە ڕوو کە داعش شەرعییەتێکی نییە و ڕێز لە بنەماکانی ئایین ناگرێت، دەشڵێت ئەرکی ئەوانە جارێکی دیکە بەها و سەنگ بۆ ئیسلام بگەڕێننەوە، کە داعش شێواندوویەتی.
ڕۆژی چوار شەممە جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە بەغدای پایتەختی عێراق رایگەیاند "ئێستا ٤٠ وڵات هاوپەیمانن لە ڕووی مرۆیی و سەربازییەوە، بە هاریکاری هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا تا ئێستا توانراوە نزیکەی ١٥٠ هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگە و مۆڵگەکانی داعش ئەنجامبدرێت، ئامانجی هێرشەکانیش زیاتر بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر ئامرلی و چیای شنگال و بەنداوی موسڵ بووە".
کێری ئەوەشی راگەیاند "لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانمان توانیومانە هاریکاری بگەیەنینە زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارە، هەندێکیش لە هاوکارییەکان لە رێگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گەیەندراونەتە دەست ئاوارەکان".
سەبارەت بە گرنگی هاوپەیمانی وڵاتانی هەرێمی و وڵاتە ئیسلامییەکان لە رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعشدا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە پێویستی دەزانێت ئەوانیش بەشداری لەم هاوپەیمانییەتەدا بکەن و رێگربن لە جموجۆڵەکانی ئەم گرووپە .

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا راشیگەیاند "رەنگە هەندێک وڵات رێگربن لە هاتنە ناوەوەی داعش بۆ نێو سووریا و لە پاڵپشتی دارایی بۆ رێکخراوەکە، بەشێکیش لەو وڵاتانە، وڵاتە ئیسلامییەکان دەبن و ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە وێنەی راستەقینەی ئیسلام نیشان بدەن و ئەوە بخەنە ڕوو کە داعش شەرعیەتێکی نییە و رێز لە بنەماکانی ئایین ناگرێت، ئەرکی ئەوانە جارێکی دیکە بەها و ئابڕو بۆ ئیسلام بگەڕێننەوە، کە داعش شێواندوویەتی".
لە بارەی پشتگیریکردنی عێراق کێری رایگەیاند، لەم ساتە مێژووییەدا لە بەرژەوەندیماندایە پشتگیری لە عێراق بکەین، ئێستا ساتی هاریکارییەکی نێودەوڵەتییە لەپێناو بەهایەکی بەرز و مۆدێلێک لە ژیاندا، دەبێت هەموان دژی ئەم گرووپە بووەستینەوە بڵێین بەسە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئەمەش بەشێکە لە ستراتیژییەتی جیهانی ئێمە، نابێت جیهان چاوەڕێی ئەم شەڕانگێزییەی داعش بکات، ئێمە دەزانین ئەم هاوپەیمانییەتە نێودەوڵەتییە لە عێراق و جیهان لە کۆتاییدا سەردەکەوێ".

(١٢)
**قۆناغێکی سەرەکیی ستراتیژەکە یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە دەبێت**
٢٠١٤/٩/١٦

کۆنفرانسی "ئاشتی و ئاسایش لە عێراق" لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزم و گرووپی تیرۆریستی "داعش" بە بەشداری شاندی زیاتر لە ٣٠ وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەڕێوەچوو.
لە کۆنفرانسەکەدا هاوپەیمانیەتییەکی بەهێزی نێودەوڵەتی دروست بوو، ئەندامانی ئەو هاوپەیمانیەتییەیش ستراتیژیەتێك بۆ مەبەستی نەهێشتنی هەڕەشەکانی گرووپی تیرۆریستی "داعش" لە عێراق و سوریا دادەڕێژن.

**بەشداربووانی کۆنفرانسەکە**
لە کۆنفرانسەکەی پاریسدا وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بەهێزی ئەورووپا، وڵاتانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، وڵاتانی دراوسێی عێراق و وڵاتانی قەتەر و سعودیە و کوەیت و ئیمارات بەشدار بوون.

لەو کۆنفرانسەدا نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادە نەبوو. دیپلۆماتێکی فەرەنسیش لەو بارەوە ڕایگەیاند "دەمانویست هەموو وڵاتان هاوڕا بن لە سەر بەشداربوونی ئێران لەم کۆنفرانسەدا، بەڵام دواجار بەشداربوونی چەند وڵاتێکی عەرەبیمان لە بەشداربوونی ئێران بەلاوە گرنگتر بوو". هەندێك لە توێژەرەوان دەڵێن ئەم گوتەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر ئێران بەشداری بکردایە ئەوا سعودیە ئامادەی کۆنفرانسەکە نەدەبوو.

**"داعش" هەڕەشەیەکی گەورەیە**

سەرۆکی فەرەنسا (فرانسوا هۆلاند) لە وتەی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا ڕایگەیاند: "داعش" هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر تەواوی جیهان و هەر بۆیەیش پێویستە تەواوی وڵاتانی جیهانیش ئامادە بن شەڕی دژ بەو گرووپە تیرۆریستیە بکەن. ناوبراو هەروەها گوتی پێویستە وڵاتانی جیهان بە هەموو شێوەیەك یارمەتیی عێراق بدەن لە ڕووبەڕووبونەوە و نەهێشتنی هەڕەشەی ئەو گرووپە تیرۆریستیەدا.

سەرۆك کۆماری عێراقیش (فوئاد مەعسووم) ئومێدی خواست کە ئەم کۆنفرانسە بتوانێت وەڵامێکی خێرا و توندی "داعش" بداتەوە، کە گرووپێکی تیرۆریستیە و توانیویەتی ناوچەیەکی بەرفراوان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. (فوئاد مەعسوم) هەروەها گوتی تیرۆریستانی "داعش" چەندین تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی زۆر گەورەیان کردووە.

بابەتێکی سەرەکی کۆنفرانسەکە ئەنجامدانی کردەی سەربازی بوو بۆ مەبەستی نەهێشتنی هەڕەشەکانی "داعش". هەر لەو کۆنفرانسەدا ئاماژە بەوە کرا کە دەبێت یارمەتی مرۆییش پێشکەش بەو کەسانە بکرێت کە لە بەر هێرشەکانی ئەو گرووپە تیرۆریستیە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان لە شوێنی دیکە کردووە.

چەند بەرپرسێکی فەرەنسیش ئاشکرایان کرد کە دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەشداربووانی کۆنفرانسەکە پلانێکی سیاسیشیان بۆ عێراق هەبێت، ئەوەیش پاش ئەوەی هەڕەشەی "داعش" نەما.

**پلانی ئەمەریکا بۆ شەڕەکە**

سەرۆکی ئەمەریکا (باراك ئۆباما) ماوەی چەندین هەفتەیە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە وڵاتەکەی هێزی سەربازی ڕەوانەی عێراق و سووریا

ناکات بۆ شەڕی "داعش". ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە چ سوپایەك شەڕی زەمینی ئەو تیرۆریستانە دەکات؟
بەرپرسانی کۆشکی سپی ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێك لە ستراتیژیەتی ئەمەریکا بۆ ئەم شەڕە دروستکردن و یارمەتیدانی هێزی سوننەیە، چونکە ئەو ناوچەیەی "داعش" لە سووریا و عێراق کۆنترۆڵی کردووە ناوچەی سوننەنشینە.
بەرپرسی ستافی کۆشکی سپی (دێنس مکدۆنە) بە کەناڵی "سی ئێن ئێن"ی وڵاتەکەی ڕاگەیاند ئەمەریکا سەرباز ڕەوانەی عێراق و سووریا ناکات، بەڵام یارمەتی هێزە سوننەکانی ئەو دوو وڵاتە دەدات بۆ ئەوەی خۆیان ئەو شەڕە بکەن. ناوبراو گوتیشی (باراك ئۆباما) داوای لە کۆنگرێس کردووە ڕەزامەندی پیشان بدات بۆ ئەوەی سوپای ئەمەریکا یارمەتی سەربازیی پێشکەش بە گرووپە میانڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بکات و مەشق و ڕاهێنانیشیان پێ بکات.
ڕۆژنامەی "نیویۆرك تایمز"ی ئەمەریکایش بڵاوی کردەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق و گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا ڕۆڵێکی گەورە لەم شەڕەدا دەگێڕن. بە گوێرەی ڕۆژنامەکە، ١٢ ڕاوێژکاری سەربازی ئەمەریکایی سەرپەرشتی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر تیرۆریستانی داعش دەکەن.
پاشانیش، چەك و تەقەمەنی پێشکەوتوو و کەرەستەی دیکەی سەربازی پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێت، چونکە هەر ئێستاش پێشمەرگە دژ بەم تیرۆریستانە لە شەڕدایە.
ئیدارەی (ئۆباما)ش داوای لە کۆنگرێس کردووە کە ڕەزامەندی پیشان بدات بۆ ئەوەی بە بڕی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار چەك و تەقەمەنی پێشکەش بە گرووپە چەکدارە میانڕەوەکانی سووریا بکرێت.

## فەرەنسا و وڵاتانی عەرەبیش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن

چەند ڕۆژێك پێش ئێستا حکومەتی فەرەنسا ڕەزامەندی پیشاندا بۆ ئەوەی سوپای وڵاتەکەی بەشداری لە کردەی سەربازیدا بکات بۆ سەر مۆڵگە و تیرۆریستانی "داعش". وەزیری دەرەوەی فەرەنسا (لۆرێنت فابیەس) یش ڕایگەیاند، کە هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی وڵاتەکەی بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش لە عێراق لە ڕۆژی دووشەممەوە دەست پێدەکات. بەرپرسێکی سەربازی فەرەنسیش ئاشکرای کرد کە هەر دوێنێ دوو فڕۆکەی جەنگی

وڵاتەکەی چوونەتە ئاسمانی عێراق. سەرۆك وەزیرانی عێراقیش (حەیدەر عەبادی) ڕایگەیاند کە مۆڵەتی بە سوپای فەرەنسا داوە هێرش بکاتە سەر "داعش".
لە لایەن خۆیەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش (جۆن کێری) ئاماژەی بە هەبوونی هاوپەیمانیەتییەکی زۆر بەهێز کرد دژ بە "داعش". ناوبراو گوتی کە چەندین وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان ڕەزامەندیان پیشان داوە بەشدارییەکی گرنگ لەم شەڕەدا بکەن، لەوانەش لە ڕێگای فڕۆکە جەنگیەکانیانەوە. بەرپرسانی کۆشکی سپیش ئاشکرایان کرد کە چەند وڵاتێکی عەرەبی ئامادەیی خۆیان پیشان داوە بۆ ئەوەی داوا لە فڕۆکە جەنگیەکانیان بکەن مۆڵگەکانی "داعش" لە عێراق و سووریا بۆردومان بکەن.

(١٣)

**کلنتۆن: کورد و پێشمەرگە ئامادەی شەڕن لە دژی داعش**

٢٠١٤/٩/٢١

سەرۆکی پێشووتری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە کورد و پێشمەرگە ئامادەن لە دژی داعش شەڕ بکەن.
لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی سی ئێن ئێن، بیل کلنتۆن، سەرۆکی پێشووتری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانیی لە ستراتیژیەتەکەی باراك ئۆباما کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و رایگەیاند کە ئەو ستراتیژیەتە هەلی سەرکەوتنی هەیە.
وتیشی: "دەزانین کە کورد و پێشمەرگە ئامادەن شەڕی داعش بکەن، ئەگەر پشتیوانییان لێ بکەین و هاوکارییان پێشکەش بکەین، ئەوا جەنگی دژی داعش وەك ئەوەی ئێستا بەردەوام دەبێت، ئەمە ململانێیەکە بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی تاکە کەس."
یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو ستراتیژیەتە ئەوەیە کە حکومەتەکانی دوای رووخانی رژێمی سەدام لە عێراق گشتگیرە، سەرکەوتنی زیاتریش دەکەوێتە سەر رادەی بەشداریکردنی سوننە و هۆز و عەشیرەتەکان لە شەڕی دژی داعش.

سەرۆکی پێشووتری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دووریشی زانی داعش ئەو کارانە تەنها بۆ ئەوە بکات کە ئەمریکا بۆ جەنگێکی دیکە لە عێراق پەلکێش بکات و رایگەیاند ئەوەی داعش لە سەربڕین و کوشتار پەلکێشکردنی ئەمریکا نییە، بەڵکو ئەوە گێژاوێکە کە داعش خۆی تێی کەوتووە.

(١٤)

**هیومان رایتس ۆچ: هاوسەرگیری و بە موسوڵمانکردنی ناچارانە بەرامبەر ئێزیدییەکان ئەنجامدراوە**

٢٠١٤/١٠/١٢

رێکخراوی هیومان رایتس ۆچ رایدەگەیەنێت، رێکخراوی داعش هاوسەرگیری ناچارانە و بە موسوڵمان بوونی زۆرەملێی بەرامبەر هاولاتیانی مەدەنی ئێزیدی ئەنجامداوە و سەدانیشیان لە ژێر دەستی رێکخراوەکەدا دەستبەسەرن.
لە نوێترین راپۆرتی خۆیدا رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس ۆچ) ڕۆژی ١٠/١٢ رایگەیاند، رێکخراوی چەکداری ناوسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی سەدان کەس لە پیاو و ئافرەت و منداڵی ئێزیدی لە عێراق وەك بەندکراوی لە شوێنی بەندکردنی رەسمی و کاتی لە عێراق و سوریا دەستبەسەر کردووە.
بە پێی رێکخراوەکە، گروپەکە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو مێردمنداڵ و لاوەکانی لە خێزانەکانیان جیاکردوەتەوە و هەندێکیانی ناچار کردوە هاوسەرگیری لەگەڵ چەکدارانیان بکەن، ئەمەش بە پێی وتەی دەیان کەس لە کەسانی نزیکی بەندکراوان و ١٦ ئێزیدی لەوانەی لە دەستبەسەری داعش هەڵهاتون و دوان لەو کچە دەستبەسەرانەی لە رێی تەلەفۆنەوە قسەیان لەگەڵ کراوە، ئەو کەسانە رونیشان کردوەتەوە کە کوڕێکی گەنجیان بردوە و خێزانەکەیان ناچار کردوە کە ببنە موسوڵمان.
لای خۆیەوە فرید ئیبراهامز، راوێژکاری تایبەتی هیومان رایتس ۆچ رایگەیاند، لیستی تاوانە قێزەوەنەکان کە دەوڵەتی ئیسلامی بەرامبەر ئێزیدییەکان لە عێراق ئەنجامیانداوە روو لە زیادبونە، چیرۆکی سادیمەی زۆرمان بیستوە لە بارەی بە ئیسلام کردن و بە زۆر هاوسەرگیری کردنی

کچانی منداڵ، نەك ئەوە بەڵکو دەستدرێژی سێکسی و بە کۆیلە کردن، هەندێك لە قوربانیانیش ئافرەتان بوون.
هیچ کام لەو دەستگیرکراوانەی ئێستا و ئەوانەی پێشو کە هیومان رایتس ۆچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردون نەیانوت کە روبەڕوی دەستدرێژی سێکسی بونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی چواریان ئاماژەیان بەوەدا کە رێگرییان کردوە لە دەستدرێژی سێکسی توندوتیژانە، ئەوانی تریش لە ئافرەت و ژنە دەستگیرکراوەکان کەسانی تر پێیان وتون کە چەکدارانی داعش دەستدرێژییان کردونەتە سەر، یەکێکیشیان وتی چەکدارانی داعشی بینیوە کە ئافرەتیان کڕیوە، هەرزەکارێکیش رایگەیاند یەکێك لە چەکداران بە بڕی هەزار دۆلاری ئەمریکی کڕیویەتی.
رفاندن و پێشێلکردنی بەرنامەداری مافی مەدەنییە ئێزیدییەکان دەچێتە خانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بە پێی هیومان رایتس ۆچ.
ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە رایانگەیاند کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێزیدییەکانیان دەستبەسەر کردوە لە کاتی هێرشی رێکخراوەکە بۆ سەر شنگال کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای عێراق لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، لە ڕۆژی یەکەمدا رێکخراوەکە پیاوان و ئافرەتان و منداڵانیان پێکەوە دەستبەسەر کردوە، دواتریش دەوڵەتی ئیسلامی دەستیان کردوە بە دابەشکردنی خێزانەکان بۆ سێ بەش، ژنانی بەتەمەن و ئەو دایکانەی منداڵی بچوکیان لەگەڵ بووە، لەگەڵ پیاوانی بەتەمەن، لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیان و ئافرەتانی هەرزەکار، هەروەها گەنجان و کوڕانی گەورەتر.
هاوکات رێکخراوەکە چەندین دەیە لە کەسانی مەدەنی کەمایەتیە ئاینی و مەزهەبیەکانی تریان دەستگیر کردوە، لەوانە مەسیحییەکان و شیعە و شەبەك و تورکمان، بە پێی وتەی نوێنەرانی ئەو کۆمەڵانە و کەسانی نزیکیان.
بەڵام تا ئێستا هیچ کەس ژمارەی وردی دەستبەسەرکراوان نازانێت بە هۆی بەردەوامی رووبەڕووبونەوەکان لە عێراق، هەروەها بە هۆی هەڵهاتنی بەشێکی زۆری ئێزیدی و مەسیحی و شیعە و شەبەك و تورکمانەکان بۆ ناوچە جیاجیاکانی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە کاتێك گروپە چەکدارییە سەرگەرمی رفاندنی ئەندامانی تایفەکانیان بوون.

(١٥)
**یونسێف: ساڵی ٢٠١٤ ناخۆشترین ساڵ بوو بۆ منداڵان**
٢٠١٤/١٢/١٣

بە پێی ڕاگەیاندراوی ڕێکخراوی کاروباری منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ٢٠١٤ ساڵێکی ڕووخێنەر و نەهامەتی بووە بۆ منداڵان، چونکە لە نێو منداڵانی جیهاندا ١٥ ملیۆن منداڵ لە نێو ژیانێکی ناخۆش و پڕ دەردەسەریدا دەژین.
هەر وەك لە ڕاپۆرتەکەی یونسێفدا هاتووە، بە هۆی بەردەوامی شەڕ و پێکدادانەکاندا لە چەندین ناوچەی جیاوازی جیهاندا، منداڵانی ڕووبەڕووی توندو تیژی و ژیانێکی ناخۆش بوونەتەوە و کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی جەنگ.
بۆیە ئەمساڵ بە بەدبەخترین و ناخۆشترین ساڵ بۆ منداڵان تۆمار کراوە.
بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی یونسێف لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ساڵی ٢٠١٤ ساڵی دارمانی هیوا و ئاواتەکانی منداڵان بووە، بە هۆی بەرەنگاربوونەوەی جەنگ و لەدەستدانی دایکان و باوکانیان و ڕووبەروو بوونەوەی شێوازی جیاواز لە ئازار و ئەشکەنجە و ژمارەیەکیشیان وەك کۆیلە فرۆشتنیان پێکراوە.
هەروەك لە ڕاپۆرتەکەدا باسیش لەوە کراوە کە سەرجەم ئەو منداڵانەی بە هۆی پێکدادانەکانەوە بێ ماڵ و حاڵ بوونەتەوە و بە ناچاری وەك پەنابەر دەژین، ژمارەیان ١٥ ملیۆنە کە لە هەریەکە لە وڵاتانی ئەفریقای ناوەڕاست و عێراق و باشووری سودان و فەلەستین و سوریا و ئۆکرانیادا لە ناو جەنگدان و کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی جەنگەوە.

(١٦)
**جۆ بایدن بۆ بارزانی: هەموو جیهان ئومێدی بە کوردستانە**
٢٠١٤/١٢/١٧

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٤/١٢/١٧جێگری سەرۆکی ئەمەریکا پشتگیری وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتدەکاتەوە و ڕاشیدەگەیەنێت، ئێوە جێگەی ئومێدی هەموو دنیای ئازاد و هەموو ئەوانەن کە دژی "تیرۆرن".

جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کردووە. بە پێی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لەو پەیوەندییەدا جۆبایدن دەستخۆشی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە کە توانیویەتی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستبهێنن و سەرسامی خۆی بە توانا و ئازایەتی پێشمەرگە نیشانداوە.
جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جارێکی دیکە پشتگیریی وڵاتەکەی لە بەرەنگاربوونەوەی رێکخراوی داعش بۆ باشووری کوردستان دووپاتکردووەتەوە و رایگەیاندووە،" ئێوە جێگەی ئومێدی هەموو دنیای ئازاد و هەموو ئەوانەن کە دژی تیرۆرن، بۆیە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە پشتیوانیی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت".
وەك لە راگەیێندراوەکەدا هاتووە، لە بەرامبەردا بارزانی سوپاسی ئۆباما و بایدن و گەلی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کردووە بۆ ئەو پشتگیرییە، راشیگەیاندووە،" ئەو پشتگیریی و هاوکارییە هێزی زیاتری دایە گەلی کوردستان، بە تایبەتییش بەشدارییکردنی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان کاریگەریی زۆری هەبووە".

(١٧)

**ئەمنستی ئینتەرناشناڵ: چیرۆکی کچە ئێزیدییەکانی لای داعش بڵاو دەکاتەوە**

٢٠١٤/١٢/٢٣

ئەمنستی ئینتەرناشناڵ بە ناونیشانی(ڕاکردن لە دۆزەخ) ڕاپۆرتێك سەبارەت بە مامەڵەی وەحشیانەی داعش لە گەڵ دیل و رفێنراوە ئێزیدیەکان بڵاو دەکاتەوە. کەناڵی(Zuddeutschezeitung،RTL,Tagesschau,ZDF) بە تایبەتی و بە گشتی کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەڵمانیا و سایت و ڕۆژنامەکان راپۆرتی (دەربازبوون لە دۆزەخ)یان کردە مانشێتی هەواڵەکان..
ڕۆژی٢٣-١٢-٢٠١٤ رێکخراوی لێبوردنی جیهانی(ئەمنستی ئینتەرناسیونال) ڕاپۆرتێکی بە ناوی (دەربازبوون لە دۆزەخ) سەبارەت بە ڕەوشی ژن و کچ و

منداڵانی ئێزیدی رفێنراو لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی و وەحشیگەری دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە(داعش) بڵاو کردەوە.
لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کچان و منداڵانی ئێزیدی خۆکوشتنیان پێ باشترە لەوەی ناچار بکرێن بە زۆر شوو بە چەتەکانی داعش بکەن، ڕاپۆرتەکە تاوانی رفاندنی ئەو ژن و منداڵانە بە تاوان دژی مرۆڤایەتی ناودەبات و روونیکردۆتەوە هەزاران لە ژنان و کچانی کەمینەی ئێزیدی عێراق بوونەتە قوربانی قێزەونترین توندوتیژی سێکسی.
ڕاپۆرتەکە نوسیویەتی ئەو ژنانە دەفرۆشرێن، وەك دیاری سەیر دەکرێن، مارەکردنی بە زۆر و ئەشکەنجە و لاقەکردن. لە ڕاپۆرتی (دەربازبوون لە دۆزەخ)دا بە وردی باسیکراوە، ڕاپۆرتەکە پشتی بەستووە بە چاوپێکەوتنی ٤٠ کەس لەو ژنانەی کە لەو دۆزەخە دەربازبوون و گەواهی ئەوە دەدەن کە ژیانی سەدان ژن و کچی ئێزێدی لە مەترسیدان.
لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە بەشێك لەوانەی وەك هاوڕێی سێکس هێشتویاننەتەوە منداڵیان تێدایە، وەك ڕاپۆرتەکە دەڵێ تەمەنیان لە ١٠ بۆ ١٢ ساڵان زیاتر نییە..!! ئەتك و لاقەکردنیشیان وەك چەکێکی شەڕکردن بەکار دەهێنرێن و هەندێك لەو کچ و ژنانەی کە گەیشتونەتە ئەوپەڕی نائومێدی لە ماوەی چەندین مانگی رابردوودا پەنایان بۆ خۆکوژی بردووە و خۆیان کوشتووە.
ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەشداوە نەك تەنیا ئەو ژن و منداڵانە لە لایەن داعشەوە رفێنراون، بگرە هەزاران لە پیاوەکانیشیان کوشتویانن یان ناچارکراون بە زۆر ببنە ئیسلام، ڕاپۆرتەکەی ئەمنستی ئەوەشی نووسیوە کە هەندێك جار ئەو ژنانە وەك دەستکەوت دراونەتە چەتەکان و مافی فرۆشتن و مامەڵەی سێکسی شیان داونەتێ بە پێی ڕاپۆرتەکە ٣٠٠ لە ژنان و منداڵان توانیویانە لە سەربازگەکانی داعش رزگاریان ببێ و ئەو ٤٠ کەسەش کە ئەمنستی لە ڕاپۆرتەکەدا پشتی بە زانیاریەکانیان بەستووە لەو راپۆرتەدا لەو ژمارەیە بوون کە توانیویانە خۆیان دەرباز بکەن.
ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە"ژیلان"ناوێك دەدات کە تەمەنی١٩ ساڵان بووە و داعش ئەسیری کردووە و خانەوادەکەی دواتر زانیویانە کە خۆی کوشتووە، هەروەها"لۆنا"کە تەمەنی ٢٠ساڵانە و توانیویەتی خۆی دەرباز بکات دەیگێڕێتەوە: ئەوان ٢١ کچ بوون لە ژورێکدا دوان لەوانە زۆر بچوك بوون تەمەنیان لە ١٠ بۆ ١٢ ساڵان بووە، وەك ئەو دەڵێ ڕۆژێك جلوبەرگیان بۆ هێناین و وتیان دوای خۆشۆشتن ئەو جلانە لەبەر دەکەن کە جلی ڕەقسکردنە، لە زمانی"لۆنا"وە ڕاپۆرتەکە دەیگێڕێتەوە (جیلان) لە حەمامەکەدا هەردوو

شەراینی خوێنی خۆی بچڕاندووە و خۆی کوشت زۆر جوانیش بوو..!! بۆیە خۆشی کوشت لەوە دەترسا ناچار بکرێت کە شوو بە یەکێك لە چەتەکانی داعش بکات، هەروەها باس لەوانەی تریش دەکات کە دووچاری مامەڵەی خراپ و لێدان و ئازار و ئەشکەنجە و لاقەکردنی بە زۆر بوونەتەوە. ڕاپۆرتەکە لە زمانی ئەوانەوە کە رزگاریان بووە ئاشکرای دەکات کە هەندێك لەو کچانە دراونەتە ئەو پیاوانەی کە خاوەنی ژن ومنداڵیش بوون بە تایبەتی ئەو چەتانەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە پەیوەندییان بە داعشەوە کردبوو.
سەبارەت بە ژنی ئەو چەتانە و مامەڵەیان لە گەڵ ژن و کچانی دیلدا نووسیویەتی:"هەندێك لە ژنی ئەو چەتانە سۆزدار بوون لە گەڵ کچانی دیل دا، بەڵام لە زۆربەی کات دا بێ دەسەڵات بوون هەندێکیشیان کارئاسانیان بۆ هەڵاتنی ئەو ژنانە کردووە". یەکێك لەوانە باس لە ژنێك دەکات کە خۆی خستۆتە مەترسیەوە لە پێناو رزگارکردنی ئەوان دا بۆیە پێیان وایە کە ئەو ژنەیان بیرناچێتەوە..!!

(١٨)

## هەرێمی کوردستان ساڵێکی گرنگی دیبلۆماسیی تێپەڕاند

٢٠١٤/١٢/٣١

سبەی جیهان پێ دەنێتە ساڵێکی دیکە و لەگەڵ سەرەتای ساڵیش زۆر پرس هێشتا جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوو تووشی شەڕێکی نەخوازراو بوون، بەڵام ساڵی ٢٠١٤ لە رووی دیبلۆماسییەوە بە ساڵێکی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان دادەنرێت.
بەو پێیەی لەو ساڵەدا زۆربەی سەرکردە و دیبلۆماتکاران لە هەولێرەوە بڕیاریان لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوودا .
سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، داعش دووەم گەورەترین شاری لە عێراق داگیر کرد. دوای داگیرکردنی موسڵیش، داعش ویستی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان بکات. سەرەتای مانگی ئاب داعش شنگالی گرت، دواتر لە میحوەری گوێر- هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئیتر

وڵاتانی جیهان بەدەنگ هاتن و لەو ڕۆژە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئامادەییان بۆ هاوکاریی هەرێمی کوردستان دەربڕی.
چەند ڕۆژێک دوای هێرشی داعش بۆ سەر شنگال، باراک ئۆباما بۆ یەکەم جار دژی کردەوەکانی داعش هاتە دەنگ و ڕایگەیاند:"دەبێت کوردانی ئێزیدی لە دەستی داعش ڕزگار بکرێن" گوتیشی: " ڕێگە نادەین داعش ببێتە هەڕەشە بۆ سەر هەولێر".
ئەو گوتانەی ئۆباما بە خاڵی وەچەرخانی شەڕی داعش دادەنرێت، بەو پێیەی ئەمریکا لە گرتنی موسڵ و هەندێک ناوچەی دیکە بێدەنگیی هەڵبژارد، پێی وابوو شەڕەکە پەیوەندیی بە کێشەی تایفی و مەزهەبیی لە مێژینەی نێوان شیعە و سوننەوە هەیە لە عێراقدا. بەڵام لەگەڵ هەڕەشەی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمریکا وەڵامێکی توندی دایە داعش و لە چەند شوێنێک فڕۆکەکان داعشیان کوتایەوە، دواتر هەر لەو مانگەدا زۆربەی وڵاتانی، وەک ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و بەریتانیا و دەیان وڵاتی دیکە ئامادەییان دەربڕی بۆ ناردنی چەکی پێشکەوتوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و ئەڵمانیاش هەر زوو چەکی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە نارد. کۆتایی مانگی ئاب زیاتر لە ٤٠ وڵات لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانێتییەک ڕێککەوتن بۆ شەڕی داعش و هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە.
ئێستاش تەنیا دوای ٤ مانگ ژمارەی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی زیاتر لە ٦٠ وڵاتە و جیهان شەڕی داعش دەکات، خاڵی سەرەتای بڕیارەکانیش لە هەرێمی کوردستانەوە دەستپێکرد و هەموو بڕیارەکانیش هەر لە هەرێمی کوردستانەوە دەدرێن.
زۆرینەی شارەزایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگە شایەنی زۆر لەوە زیاترن کە وڵاتان بۆ پێشمەرگەیان کردووە، چونکە پێشمەرگە بە هێزێکی سەرەکی دادەنرێت کە شەڕی زەمینیی داعش دەکات، لە مانگی سێپتیمبەرەوە هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام گورزیان لە داعش داوە و لە زۆربەی ناوچە کوردستانییەکان دووریان خستوونەتەوە. بەڵام وەک مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چەندین بۆنەدا ڕایگەیاندووە: " پێدانی چەکی قورس و پێشکەوتوو بە پێشمەرگە سەرکەوتنەکان خێراتر دەکات ."
پێدانی چەکی زیاتر بە پێشمەرگە و هاوکاریی زیاتری وڵاتان تا ئێستا پرسێکە و بێ وەڵام ماوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەمریکاش سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێت بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا پێشمەرگە پڕ چەک بکرێت، پرۆژە یاسایەکی

لیـــژنەی پەیوەنـــدییەکانی دەرەوەی کۆنگرێســـی ئەمریکـــا لە چـــاوەڕوانیی پەسەندکردندایە. هەروەها ئەڵمانیا دوو کاروانی چەکی بۆ پێشمەرگە نـاردووە، بەریتانیـا و ئیتاڵیـا و فرەنسـاش لە ڕاوێـژ و ڕاهێنـانی پێشـمەرگە هاوکـاریی هەرێمی کوردستان دەکەن.

لە ماوەی ٥ مـانگی ڕابردوودا، زۆرتـرین سـەرکردە لە ڕێـگەی فڕۆکەخـانەی نێودەوڵەتییەوە هـاتوونەتە هەولێـر، مـاتیۆ ڕێنـزی، سـەرۆک وەزیرانـی ئیتاڵیـا، فرانـک شـتانمایەر، وەزیـری دەرەوەی ئەڵمانیـا، فرانسـوا ئۆلانـد، سـەرۆکی فرەنسـا، بـان کـی مـۆن، سـکرتێری گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان، ئۆرسـۆلا ڤۆنـدەر لەین،وەزیـری بەرگریـی ئـەڵمانیا، مایکـڵ فـالۆن، وەزیـری بەرگریـی بەریتانیا، فێـدریکا مۆگێرنـی، بەرپرسـی سیاسـەتی دەرەوەی یەکێتـی ئەوروپـا، بێـرت کۆینـدرێس وەزیـری دەرەوەی هۆڵەنـدا، هەمـوو ئـەمانە تەنیـا لە مـاوەی کەمتـــر لە چـــوار مانـــگ ســـەردانی هەرێمـــی کوردســـتانیان کـــرد و لەگەڵ ســـەرۆکایەتیی هەرێمـــی کوردســـتان دوایـــین ڕەوشـــی شـــەڕ و ڕاوێـــژی هەنگاوەکانی داهاتوویان کرد .

دواترینیشیان، سەردانی جۆن مەکەین، سیناتۆری دیاری کۆمارییەکان بوو، کە لە بەغدا و هەولێریش دووپاتی ئازایەتیی پێشمەرگەی کردەوە و ڕایگەیاند: " پێشمەرگە لە سوپای عێراق زۆر ئازاترە"

هاوکـــات لە نێـــو وڵاتـــانی نـــاوچەکەش، هەریەک لە ئەحـمەد داود ئۆغلـو و محەممەد جەواد زەریف، لە هەولێر پاڵپشتیی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند

**پێشمەرگە سنووری دوو وڵاتی بڕی**

هێزەکانی پێشمەرگە، سـەرەڕای ئەوەی کە لە میحوەرەکـانی شـەڕ لە هەرێمـی کوردســتان ســەرکەوتنی بەرچاویــان تۆمــار کــرد، چــوونە بەشــێکی دیــکەی کوردستان و لەوێش هاوکێشەی شەڕیان کورددا گۆڕی.

کۆتـــایی مـــانگی ئۆکتـــۆبەر، پەرلەمـــانی کوردســـتان لەســـەر داوای مەســـعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دانیشتنێکی تـایبەتی کرد بۆ نـاردنی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری کۆبـانێ لە ڕۆژئـاوای کوردستان، کە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول داعش هێرشێکی فراوانی کردبووە سەر شارەکە و نزیک بوو لەوەی بکەوێـت. بەڵام دوای پەسـەندکردنی بڕیـارەکە لەلایەن پەرلـەمـانەوە بە چەپڵەڕێزان، سـەرەتای مـانگی نۆڤەمبەر، پێشـمەرگە بۆ پاڵپشـتیی شـەڕڤانان گەیشتە کۆبـانێ. هاوکـات، سـەرۆکی هەرێمـی کوردستان هەوڵـی زۆری دا تـا

هاوپەیمانان ڕێگە لە داعش بگرن لە کۆبانێ. ئەنجام، هاوپەیمانان لە کۆبانێش داعشیان بۆردوومان کرد و بۆ یەکەم جاریش لە رێگەی فڕۆکەوە لە هەرێمی کوردستانەوە چەک بۆ شەڕڤانان لە کۆبانێ نێردرا .
مانگێک دوای بۆردوومان و شەڕ لەگەڵ داعش لە کۆبانێ، هێزەکانی پێشمەرگە هاوکێشەی هێزیان بەلای خۆیاندا شکاندەوە و لەگەڵ فڕۆکە و شەڕڤانان بەشێکی زۆری ناوچەکانیان ڕزگارکردەوە. پۆلێک پێشمەرگە گەڕایەوە هەرێمی کوردستان و ١٥٠ پێشمەرگەی دیکە چوونە شارەکە، ئێستاش ٨٠% کۆبانێ لەدەستی شەڕڤانان و پێشمەرگەدایە، فەرماندەکانی پێشمەرگە و یەپەگەش دەڵێن: " موژدەی سەرکەوتنی یەکجارەکی نزیکە". داعشیش لە شارەکە چی پێنەماوە و ئەوە نەبێت کە چاوەڕێی ڕەحمەتی بۆردومانەکانی پێشمەرگە و فڕۆکەکان بکات تا ڕۆژانە چەندین چەکداریان لێ بکوژرێت.

**ئۆپراسیۆنی شنگال**

١٧ی ئەو مانگە (واتە مانگی ٢٠١٤/١٢)، هێزەکانی پێشمەرگە لە ژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئۆپراسیۆنێکی فراوانی پاککردنەوەی ناوچەکانیان لە میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە دەستپێکرد و، تەنیا لە سێ ڕۆژدا زیاتر لە ٣ هەزارکیلۆمەتری چوارگۆشەیان کۆنترۆڵ کردەوە. دواتر پێشمەرگە گەیشتە ناو شنگال و ئێستایش لەگەڵ داعش لە نێو شارەکە لە شەڕدایە.
سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە زۆربەی کات شان بەشانی پێشمەرگە لە سەنگەردابووە، لەسەر چیای شنگال وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند: " ئاواتم ئەوە بوو لەسەر چیا وتارێک پێشکەش بکەم، ئاواتەکەشم هاتە دی."
چەند مانگێک شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش وایکردووە هەزاران چەکدار لە ڕێکخراوەکە بکوژرێت. ئێستا نزیکەی ٩٥% ناوچەکانی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە، لە عێراق داعش لە ئەنبار و چەند ناوچەیەکی دیکە ماوە، لەوانە تەلەعفەر و موسڵ، هێرشی هاوپەیمانان و سوپا و لایەنەکانیش بۆ سەر موسڵ پێدەچێت بکەوێتە ساڵی ٢٠١٥ .
زۆربەی شارەزایان کۆکن لەسەر ئەوەی، بۆ هەرێمێک کە هێشتا دەوڵەت نییە، سەردانی سەرۆک و بەرپرسانی وڵات و ڕاوێژ بە سەرۆکی هەرێم لە پرسەکاندا مانای تایبەتیی هەیە و وڵاتان هەرێمی کوردستان وەک وڵاتیکی

سەربەخۆ سەیر دەکەن. لەو پرسەشدا وەک پەیمانگایەکی ئەمریکی چەند ڕۆژ لەمەو پێش ڕایگەیاندبوو: " جیهان قەرزاری هەرێمی کوردستانە."

(١٩)
**هەولێر.. سەرکردەکانی جیهان لە سەردانی بەردەوامدان**
٢٠١٤/١٢/٣١

هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ کوردستان و فراوانبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی ٢٠١٤ بە گشتی و بە تایبەت دوای هێرشی چەکدارانی ناسراو بە داعش بۆ سەر شنگال و ناوچە کوردستانییەکان چووە قۆناغێکی دیکەوە و کوردستان جگە لەوەی هاوکاریی سەربازی لە چەندین وڵاتی جیهانەوە پێگەیشت، چەندین سەرکردەی گەورەی جیهانیش سەردانی هەولێریان کرد.
ڕۆژی ٣ی ئاب، چەکدارانی داعش هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچە کوردییەکان دەستپێکرد و یەکەمین قوربانی ئەو هێرشانەش شنگال و کوردانی ئێزیدی بوون، کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهاندا دروست کرد و ئەمەش ئەمریکای هێنایە سەرهێڵ، بۆ ئەوەی بڕیاری لێدانی داعش و ئەنجامدانی کردەی سەربازی دژ بەو گرووپە دەربکات، کە ماوەی دوو مانگ دوای کۆنترۆڵکردنی موسڵ بە بێدەنگی مابووەوە.
ڕۆژی ٧ی ئاب و چوار ڕۆژ دوای دەستپێکردنی هێرشەکانی داعش، باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وتارێکدا کە ڕاستەوخۆ لە رووداو و دەزگاکانی راگەیاندنی جیهان گواسترایەوە، باسی لە دۆخی خراپی عێراق بە تایبەت دۆخی کوردانی ئێزیدی کرد، ئەو باسی لەوەکرد کە بەتایبەت هێرشی سەر کوردانی ئێزیدی وای لە ئۆباما کردووە بڕیاری کردەی سەربازی دژ بە داعش بدات.
ئەمریکا یەک ڕۆژ دوای وتارەکەی ئۆباما دەستی بە هێرشی ئاسمانی کرد بۆ سەر پێگە و مۆڵگەکانی داعش، تەنها دوو ڕۆژ دوای هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا پێشمەرگە توانی مەخموور کۆنترۆڵ بکاتەوە، ئەمەش سەرەتای

دەستپێکردنی هێرشەکانی پێشمەرگە و گەیشتنی هاوکارییە سەربازییەکان بوون لە جیهانەوە.
ئەمریکا داوایکرد هاوکاریی سەربازی هێزی پێشمەرگە بکرێت لە شەڕی دژ بە داعشدا. ئەمەش دوای ئەوە هات کە هەفتەیەک پێشتر زاڵمای خەلیلزاد باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لە وتارێکیدا لە واشنتن پۆست پێشنیازی پڕ چەککردنی پێشمەرگەی کردبوو، بۆ ئەوەی بتوانن جەنگی دژ بە داعش بکەن. لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی کورد هەر زوو ئەو داواکارییەی خستە بەردەم ئەمریکا و پرسی پڕچەککردنی پێشمەرگە بوو بە پرسێکی نێودەوڵەتی.
هەر لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانییەکاندا حکومەتی ئیتالیا داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپای کرد بۆ هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و قسەکردن لەسەر هەڕەشەکانی داعش.
١١ی ئاب فەرەنسا هاوشێوەی ئیتالیا داوای کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپای کرد بۆ قسەکردنی لەسەر داواکارییەکانی دەسەڵاتدارێتی باشووری کوردستان سەبارەت بە پڕچەککردنی پێشمەرگە.
لە ١٣ی ئاب هەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا ئاشکرایانکرد، کە ئەوان جگە لە هاوکاریی مرۆیی بڕیاری ناردنی چەکیان داوە بۆ هێزی پێشمەرگە و چەکەکانیش بریتی دەبن لە کەلوپەلی سەربازی و چەکی قورس، لە نێویشیاندا وەک حکومەتی بەریتانیا رایگەیاند، چەکی ئەنتی تانک دەنێرێت.
دواتر لە ١٥ی ئاب حکومەتی کەنەدا بڕیاریدا دوو فڕۆکەی ترانسپۆرت بخاتە خزمەت گواستنەوەی چەک و کەلوپەلە سەربازییەکان بۆ هەولێر.
لە ڕۆژی ١٧ی هەمان مانگ بەرپرسانی کۆشکی سپی ئاشکرایانکرد کە ئەمریکا بیر لە ناردنی چەک دەکاتەوە بۆ کوردستان.
ڕۆژی ٢٦ی ئاب، حکومەتی دانیمارک بڕیاری هاوکاری سەربازی بۆ پێشمەرگەی کوردستان ئاشکرا کرد و رایگەیاند تیمێکی راوێژکاری سەربازی و کۆمەڵێک کەلوپەلی سەربازی بۆ پێشمەرگە دەنێرێت.
لە ڕۆژی یەکی سێپتێمبەر، حکومەتی ئەڵمانیا لە رێگەی وەزارەتی بەرگری وڵاتەکەیەوە ئاشکرایکرد کە چەک و کەلوپەلی سەربازی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەنێرێت. ئەمەش یەکەمین چالاکی سەربازی لەو جۆرەی ئەڵمانیا بوو لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە.
دواتر لە ٢٥ی هەمان مانگ لەگەڵ گەیشتنی یەکەمین کاروانی چەکە ئەڵمانییەکان ئورسولا فۆن دێر وەزیری بەرگری ئەڵمانیا گەیشتە هەولێر.

ڕۆژی ١٣ی سێپتێمبەر سەرۆکی فەرەنسا گەیشتە هەولێر و دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد، ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هاوکاری سەربازی و مرۆیی باشووری کوردستان و هێزی پێشمەرگە دووپاتکردەوە.
لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ وەزارەتی بەرگری بەریتانیا ئاشکرایکرد، کە چەند ڕاوێژکارێکی سەربازی بەریتانیا گەیشتوونەتە هەولێر و دەستیان کردووە بە ڕاهێنان بە پێشمەرگە لەسەر ئەو چەکانەی بەریتانیا لە چوارچێوەی هاوکارییە سەربازییەکاندا بۆ باشووری کوردستانی ناردوون.
هەروەها وەزارەتی بەرگری ئیتالیا لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕایگەیاند کە ٢٠٠ ڕاوێژکاری سەربازی ڕەوانەی هەولێر کردووە و ئەمەش لە چوارچێوەی هاوکارییە سەربازیی و مرۆییەکانیدا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.
لە ٦ی نۆڤێمبەر ئەڵمانیا جارێکی دیکە کاروانێکی دیکەی هاوکارییە سەربازییەکانی گەیاندە هەولێر، کە جگە لە هەزارەها پارچەی چەکی سووک، سەدەها موشەک و چەکی ئەنتی تانکی تێدابوو، لەوانەش چەکی ئەنتی تانکی میلان.
لە ٣ی دیمسەبەری ٢٠١٤ فراوانترین کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتی دژ بە داعش کە ٦٠ وڵات تێیدا بەشدارییان کرد لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا لە ژێر ناوی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بەسترا و لەو کۆبوونەوەشدا جارێکی دیکە هاوکاریکردنی سەربازی هێزی کورد گفتوگۆی لەسەر کرا و زۆربەی وڵاتان ئامادەیی خۆیان بۆ بەردەوامی هاوکارییەکان بۆ هێزی کوردی و عێراقی دووپاتکردەوە.

(٢٠)

**خاچی سور کار بۆ گەڕاندنەوەی کچ و ژنە ڕفێندراوەکانی لای داعش دەکات**

٢٠١٥/١/١٣

سەرۆکی کۆمیتەی خاچی سوری نێودەوڵەتی داوا لە کەسوکاری ئەو کچ و ژن و منداڵە ڕفێندراوەکان دەکات کە لای داعشن پەیوەندی بە خاچی سورەوە بکەن.
بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سەردانەکەی بۆ بەغدا و هەرێمی کوردستان و کۆبونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی عیراق و هەرێم و سەردانی ئاوارەکان

و لــە نزیکــەوە ئاگــاداربوون لــە ژیــان و گوزەرانیــان و بەســەر کردنــەوەی بەندیخانــە و زیندانیــەکان، ئــەمڕۆ ١١-١-٢٠١٥ پیتــەر مــاروەر ســەرۆکی کۆمیتــەی خــاچی ســوری نێودەوڵــەتی بــە یــاوەری پاتریــك یوسـف لــە هوتێـل چـوارچرای شـاری هـەولێر پـریس کۆنفرانسـێکی بـۆ کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن رێکخست .
سـەرەتای کۆنفرانسـەکە پیتـەر مـاروەر رایگەیانـد سـاڵی ٢٠١٤ نەهامـەتی و ناخۆشـی لـە ناوچەکـەدا زیادبووە و ئیشوکارەکانی خـاچی سوریش بـە هـەمان شێوە زیادبووە بە تایبـەتی لـە عێراق و سوریا ئـەویش بـە هـۆی ئـەو جەنگـەی بەرۆکی گرتـوون و ئـەو هـەموو ئـاوارە و پەناهەندەیـەی لـێ کـەوتۆتـەوە، بۆیـە کارەکانی ئێمە لە رووی گوزەران و تـەندروستی و کۆمەڵایـەتی ئەرکـەکانمانی قورستر کردوە .
ڕاشـگەیاند: لـەو سـەردانەمدا بـۆ بەغـدا و هـەرێم چـاوم بـە د.فوئـاد مەعسـوم سەرۆکی کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەردوو سـەرۆك وەزیــران و ســەرۆك پەرلــەمانی عیــراق و هــەرێم و نوێنــەری نــەتــەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و نوێنەرانی ئـەو وڵاتانـەی لـە عێراق نوێنەرایـەتیان هەیــە و ســەردانی بەندیخانــە و پڕۆژەکــان و زیندانیــەکانم کــردووە . هــەوا ئەوەشی خستە روو کە لە شاری کەرکوکیش چاوی بـە ئـاوارە و پەناهەنـدەکان کەوتووە کە بە هۆی جەنگەوە ئاوارە بوون .
لە درێژەی وتەکانیدا پیتـەر مـاروەر وتیشـی: ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئێمـە زۆر گرنگـە ئەگـەر سـەیری چالاکیـەکانی خـاچی سوری نێـو دەوڵـەتی بکـەین یەکەم چالاکی بە پلەی یەکەم لە سوریایە و بـە پلـەی چوارەمیش لـە عێراقدایـە کە یەمەن و ئوردن و لبنانیش بەشێکن لەو شوێنانە .
پیتـەر ڕاشـیگەیاند: ئـەوەی لـەو سـەردانەیدا بینیـوێتی کـە زۆر گرنـگ بـووە بەلایـەوە ئـەوە بـووە کاتێـك خـەڵك ئـاوارە دەبێـت یەکـەم لایـەن کـە هاوکارییـان دەکات ئەو کۆمەڵگەیە کـە پێـی دەکـەن و دالْدەیان دەدەن، هـەروەها وتـی: ئێمـە هەرچەنـدە دەمانـەوی بـە پەلـە هاوکـاری بگەیـەنین، بـەڵام دەبینـین خـەڵك پێشـی ئێمە ئەوەی کردووە .
وتیشـی: زۆر دڵخۆشـم کـە هـەردوو حکومـەتی عێـراق و هـەرێم هەماهـەنگ و هاوکارن لەگەڵ کۆمیتەی خاکی سور ئێمەش دووپاتی دەکەینـەوە بـۆ بـەردەوام دەبین لە کارەکانماندا.
پیتــەر وتیشــی: ئێمــە ١٥٠ ســاڵ ئــەزمونمان هەیــە و زیــاتر لــە ٥٠ وڵات نوێنەرایەتیمان هەیە و کار دەکەن لە بارەی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری

جەنگ و پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤ گرنگترین خاڵە لای ئێمە، وتیشی ئێمە لە عێراق ١٠ نوسینگەمان هەیە هاوکاری ٦٠٠ هەزار خێزانمان کردووە ئاوی خواردنەوەی یەك ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەسمان دابین کردووە هاوکاری ٢٥٠ هەزارکەسمان کردووە و بە گشتی هاوکاری ٢ملیۆن هاوولاتیمان کردووە .

دواتر پیتەر رایگەیاند: دەمانەوێ لە ژێر دەسەڵاتی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام داعش کار بکەین، بەڵام تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەوە بکەین کارکردن لەو شوێنانە زۆر قورسە، هەروەها پیتەر وتی: یەکێك لە کارە هەرە سەرەکییەکانی کۆمیتەی خاچی سور ئەوەیە سۆراخی ئەو کەسانەیە کە ون بوو رفێندراون، داوا دەکەم کەسوکاری ونبوو رفێندراوەکان پەیوەندی بە کۆمیتەی خاچی سورەوە بکەن و وتووێژمان لەگەڵ بکەن و داوامان لێبکەن هەموو کاتێك ئامادەین بیان بینین.

(٢١)

**داعش منداڵان وەکو کۆیلەی سێکس بەکاردەهێنێت**

٢٠١٥/٢/٦

رێکخراوی داعش منداڵان بۆ کاری تیرۆریستی بەکاردەهێنێت، هاوکات لە بازاڕەکاندا وەکو کۆیلەی سێکس دەینافرۆشن، یانیش لە ڕێگای لە خاچدانەوە دەیانکوژن و بە زیندووی لە گۆڕیان دەنێن. ئەمەش لە راپۆرتێکی کۆمیتەی مافی منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، کە رویتەرز بڵاویکردووەتەوە.

زیاتر منداڵانی سەر بە گرووپی کەمینە ئاینییەکان رووبەڕووی هەڕەشەکانی داعش دەبنەوە، بە تایبەتی منداڵانی مەسیحی و ئێزیدی دووچاری کوشتن و ئەشکەنجەدان دەبنەوە، هەروەها منداڵانی سوننی و شیعەش رووبەڕووی هەمان چارەنووس دەبنەوە.

ئەو ١٨ شارەزایەی کە راپۆرتەکەیان ئامادە کردووە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە داعش تاوانبارە بە رەتدان لە سیستەماتیک کە خۆی لە رفاندن و کۆیلایەتیدا دەبینێتەوە. ئەو کۆمیتەیە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات هەموو ڕێگایەکی پێویست بگرنەبەر بۆ رزگارکردنی ئەو منداڵانەی لە لایەن گرووپە

چەکدارەکانی سوننەوە رفێنراون و دەبێت تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنن.
- ئێمە زۆر نیگەرانین، بە تایبەتی بۆ منداڵانی کەمینەکان. کێشەکە زۆر گەورە و مەترسیدارە، ئەوە قسەی دادوەری نەمسایی (رێنایتەر وینتە). ئەو منداڵانەی کە عەقڵیان وەکو پێویست گەشەی نەکردووە، وەکو ئەسیری جەنگ لە لایەن داعشەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بۆمبیان لێ دەبەستن یانیش لە کاتی هێرشە هەوایەکاندا وەکو قەڵغانی زیندو بەکاریان دەهێنن.
هێنریک هاڵڤاردسۆن، لە رێکخراوی منداڵپارێزان لە هەولێر کار دەکات، ئەو بۆ تەلەفزیۆنی سویدی ئاشکرای دەکات کە ڕۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبێت کە چۆن منداڵان وەکو کەرەستەی شەڕ لە لایەن داعشەوە بەکاردەهێنرێن. ئەو دەڵێت ڕۆژانە سەردانی کەمپەکان دەکات و گوێبیستی چیرۆکی پەنابەران دەبێت، "باسی دایک و باوکێک دەکات کە چۆن بە دیار چاوی خۆیانەوە، داعش منداڵە چوار ساڵانەکەیان دەکوژن".
کۆمیتەی مافی منداڵانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٨ کەس پێکدێت و لە شاری جنێف کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

(٢٣)

**دوو ئەندامی کۆنگرێس: پێویستە راستەوخۆ پێشمەرگە پڕچەك بکرێت**

٢٠١٥/٢/٩

دوو ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا بە پێویستی دەزانن واشنتن راستەوخۆ چەک بە هێزەکانی پێشمەرگە بدات بۆ پاڵپشتیکردنیان لە رووبەڕووبوونەوەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، لە هەمان کاتیشدا ناردنی هێزی زەمینی ئەمریکی بۆ بەشداریکردن لە جەنگی دژ بە رێکخراوەکە رەتدەکەنەوە.
تید کرۆز، سیناتۆری کۆمارییەکان لە ویلایەتی تێکساس داوا لە وڵاتەکەی دەکات زیاتر هاوکاری پێشکەش بە سوپا عەرەبیی و هەرێمییەکان بکات، ئەوانەی بە فعلی لەسەر زەمین شەڕی داعش دەکەن، بە دیاریکراویش هێزەکانی پێشمەرگە، دەشڵێت "مەنتیقی نییە ئیدارەی ئۆباما پڕچەککردنی کورد بە راستەوخۆ رەتبکاتەوە".

ئەم سیناتۆرە کۆماریییە بە هەموو شێوەیەک ناردنی هێز بۆ عێراق رەتناکاتەوە، بەڵکو داوا دەکات سەرجەم بژاردەکان تاقیبکرێنەوە، وایدەبینێت "ناردنی هێزی زەمینی پێویستە دواهەمین هەنگاو بێت کە بیری لێبکاتەوە، دوای ئەوەی هەموو بژاردەکان تاقیبکاتەوە، ئێستا بەرەوپێشچوونێکی باشمان هەیە لە رووی ئاسمانییەوە، هاوکات هێزێکی زەمینیمان هەیە ئامادەییەکی تەواویان بۆ شەڕکردن هەیە، ئەوانیش هێزەکانی پێشمەرگەن، بەڵام لە رووی چەک و تەقەمەنییەوە پێویستییە سەربازییەکانەوە هەژارن".

لە بەرامبەریشدا تیم کین، هاوتا دیموکراتییەکەی لە ڤێرجینیا رەتیدەکاتەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو رۆڵە ببینێت و بە پێویستی دەزانێت هێزە عەرەبییەکان بە هێرشی زەمینی هەڵبستن، دەشڵێت "لەسەرمان پێویست نییە پارێزگاری لە ناوچەیەک بکەین، کە نەتوانن بە خۆیان پارێزگاری لێبکەن".

ئەو دەشڵێت:" پێویستە هێزە زەمینییەکانی ناوچەکە هێرشی زەمینی بکەن، بەڵام بە پاڵپشتی ئەمریکا لە رێگەی هەڵمەتی ئاسمانی و ئامادەکردنیان و یارمەتیدانیان، کە ئەمەش رۆڵی کاریگەری هەبووە".

(٢٤)

## ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٢١٩٩ی لە بارەی داعشەوە دەرکرد لە ژێر بەندی ٧ی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندایە

٢٠١٥/٢/١٣

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیارێکی سەبارەت بە وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی گرووپە تیرۆریستەکان لە عێراق و سوریادا دەرکرد، بە داعش و بەرەی نوسرەیشەوە، کە هەردووکیان بە باڵی جیاوازی ڕێکخراوی قاعیدە دەژمێردرێن.

بڕیارەکە لە ژێر بەندی ٧ی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا و بە پێشنیاری ڕووسیا دەرکراوە، بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنەکە پەسەند کرا.

بڕیاری ژمارە ٢١٩٩ی ساڵی ٢٠١٥یەو، بە تەواوکاری بڕیاری ٢١٧٠ی ساڵی ٢٠١٤ دەژمێردرێت.

بڕیارەکـە جـەخت دەکاتــەوە لــە پابەنـدی وڵاتـان بـە قـەڵاچۆکردنی مەترسـی گرووپــە تیرۆریسـتییەکانەوە، لــەم میانەیــەدا ئیدانــەی هــەرجۆرە بازرگــانی کردنێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە تایبەتی بازرگانی نەوت و پێکهاتەکانی نەوت لەگەڵ ئەندامان و گرووپەکاندا، ڕووبەڕووی سزا دەکاتەوە.
لەم چوارچێوەیەدا بڕیارەکە دووپاتی دەکاتـەوە: دەبێ وڵاتـان لیژنـەی تایبـەتی نەتــەوە یــەکگرتووەکان ئاگــادار بکەنــەوە، لــە هــەر جموجــوڵێکی نــەوت و پێکهاتەکانی لە زەویەکانی ئەوانەوە بەرەو ناوچـەکانی ژێر دەسـەڵاتی گرووپـە تیرۆریستەکان".
بڕیارەکە ئیدانەی تێکدان و وێرانکردنی کەلـەپوری فەرهەنگی، بـە کەلـەپوری ئاینیشـەوە، لـە عێـراق و سـوریادا دەکـات" داوا دەکـات ڕێـو شـوێنی پێویسـت بگیرێتە بەر بۆ ڕێگە گرتن لە بازرگانی نادروست بە کاڵا فەرهەنگییەکانـەوە، بە ئاسەوارەکانیشەوە".
ئەنجومەنی ئاسایش لە بڕگەی سێیەمی بڕیارەکەیدا ئیدانەی ڕفاندن دەکـات، بـە ڕفانـدنی ژنــان و منداڵانــەوە، هــەروەها ســەرکۆنەی لاقــەکردنی سێکســی ئــەو ڕفێنراوانە دەکات.

(٢٥)

## لێبوردنی نێودەوڵەتیی: ٢٠١٤ ساڵێکی کارەساتبار بوو

٢٠١٥/٢/٢٥

"هەوڵەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بـەرگریکردن لـە هاوڵاتیـانی مـەدەنیی لـەو ناوچانەی جەنگیان تێدایە شکستیان هێناوە"
ڕێکخراوی لێبورنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا ساڵی ٢٠١٤ بە ساڵێکی کارەسـاتاویی ناودەبـات کـە چەنـدین کارەسـات و تـاوانی بـە ڕووی مرۆڤـدا ئەنجامداوە بە بێ هەڵوێستێکی "کرداریی" کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.
ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ڕۆژی چوارشـەممە ٢٥ شوباتی ٢٠١٥ بڵاوی کردۆتـەوە، بـە تونـدی ڕەخنـەی کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتیی کردوە لـەوەی نـەیانتوانیوە ملیۆنـان مـرۆڤ بپـارێزن لـە وڵاتـەکانی وەک سـوریا و عێـراق و لوبنان.

راپۆرتەکە ئاماژە بە تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) دەکات و رایدەگەیەنێت کە ئەو تاوانەی ئەو چەکدارانە لە دژی هاوڵاتیان ئەنجامیانداوە، "وەسف" ناکرێت، وەک پاکتاوی ئیتنیکیی و سەربڕین و کۆیلەی سێکسیی.
هەروەها ئاماژەی بەوەش داوە کە گروپە چەکدارەکان لە لیبیا چەندین کەسیان فڕاندوە و کوشتویانە بەبێ هیچ دادگاییکردنێک.
راپۆرتەکە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە بری بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، مافی ڤیتۆیان بۆ ئامانجی سیاسیی خۆیان بەکار هێناوە. هەروەها ئاماژەی بەوەش دەکات کە هەوڵەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەرگریکردن لە هاوڵاتیانی مەدەنیی لەو ناوچانەی جەنگیان تێدایە، شکستیان هێناوە.
راپۆرتەکەی لێبووردنی نێودەوڵەتی، کە رێکخراوێکی تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤ، رەخنە لە یەکێتی ئەوروپا دەگرێت بەوەی کە لە ئاستی پێویستدا نەبووە، لە پێشوازیکردن لە پەنابەرەکان و ئاوارەکان.
رێکخراوەکە رایگەیاندوە کە لە ناوەڕاستی ساڵی رابردودا، ٣٤٠٠ پەنابەر گیانیان لەدەستداوە کاتێک ویستویانە بگەنە ئەوروپا.

(٢٦)
**جۆن ئاڵن: دەبێ داواکارییەکانی پێشمەرگە جێبەجێ بکرێ**
٢٠١٥/٢/٢٦

جۆن ئاڵن، نوێنەری باراک ئۆباما لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، دەڵێ "دەبێ داواکارییەکانی پێشمەرگە جێبەجێ بکرێ". دڵنیاییش دەدات کە "زۆربەی سەرکردەکانی داعش لە عێراق کوژراون".
ئەم وتانەی جۆن ئاڵن لە میانی کۆبوونەوەیدا هات لەگەڵ کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا، کە تێیدا باسی دوایین هەوڵەکانی هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکەی کرد دژی رێکخراوی داعش. ئەو بە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیەی گوتووە "دەتوانن دڵنیابن لەوەی نیوەی سەرکردەکانی داعش لە عێراق کوژراون". پێشتریش بەرپرسانی ئەمریکا

رایانگەیاندبوو کە ئامانجی یەکەمی هاوپەیمانێتییەکە کوشتنی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکەیە.
لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا نوێنەرەکەی ئۆباما باسی ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دەکات و دەڵێ "دەبێ ڕێزێکی زۆرمان بۆ پێشمەرگە هەبێ". ئاڵن رایگەیاندووە "دەبێ داواکارییەکانی پێشمەرگە جێبەجێ بکرێ و هاوکاریی بکرێن، چونکە زۆربەی شوێنەکانیان کۆنترۆڵ کردووەتەوە".
جۆن ئاڵن باسی لە هەنگاوی داهاتووی هاوپەیمانێتییەکەش کردووە. بە گوتەی ئەو، هەنگاوی داهاتوویان بریتییە لە بچڕاندنی پەیوەندییەکانی داعش لەگەڵ دەرەوە. ئاڵن داوای ئارامگرتنیش دەکات بۆ لەنێوبردنی داعش بە یەکجاریی.
ئەو بەرپرسە ئەمریکییە باسی ئێران و تورکیا و سوننەکانی عێراقیشی کردووە لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ ئەو چەند ئەندامەی ئەنجوومەنی پیران.
سەبارەت بە تورکیا رایگەیاندووە، کە ئەنقەرە و واشنتن "هەنگاوی گەورەیان ناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش"، بەڵام ڕەتیدەکاتەوە هیچ هاوئاهەنگییەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن و دەڵێ "بە هیچ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئێران ناکەین لە نێو عێراق، ئێمە ئەوەی کاری لەگەڵ دەکەین، عێراقییەکانن".
جۆن ئاڵن ئاماژەی بەوەشکردووە کە سوننەکانی عێراقیش کەوتوونەتە خۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و باسی لەوە کردووە کە ئەوانیش لە هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی ریزەکانیان. دەشڵێ "داعش ئیتر ئەو خەونەیان بەتاڵبووەوە کە بە بەغدا و کەربەلاوە دەیانبینی".

(٢٧)

**ئەمریکا:دەبێ دەوڵەتێك بۆ کوردەکان دروست ببێت**

٢٠١٥/٣/١٠

سیناتۆر راند پاول پێشتر زۆر سووربوو لەسەر پڕچەککردنی پێشمەرگە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بەڵام ئێستا ئەو بە جدی داوا لە ئەمریکا دەکات دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان دروست بکات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی ناوچەکە.

پێگەی "نیوزماکس"ی ئەمریکی لە زاری پۆل بڵاوی کردەوە کە دەڵێ، دەبێ نەخشەی ناوچەکە بکێشرێتەوە و کوردستان بێتە ئاراوە، ئەگەر ئێمە بەڵێنیان پێ بدەین و هاوکاریان بین دەوڵەتی خۆیان ئاوا بکەن، زۆر باشتر دژ بە تیرۆریستان شەڕ دەکەن و بەڵام پێویستە ئێمە سەرەتا هەنگاو بهاوێژین.
هەروەها دەڵێ، لەو باوەڕەدام کە ئەگەر ئەم کارە بکەین، دەگەین بە ئاشتی نێوان کورد و تورك، ئەوکات تورکەکانیش بە واقیعی شەڕ دەکەن، ئەگەر دڵنیا بن کوردەکان هیچ کردەیەکی توندوتیژی لە تورکیا ئەنجام نادەن، بۆیە دەبێ چەك بدەین بە کوردەکان و نیشتمانێکی سەربەخۆیان هەبێت.
راند پۆل دەڵێ، دەتوانین دەوڵەتێك لە ناوچە کوردییەکانی عێراق و باکووری سووریا بۆ کوردەکان دروست بکەین، کە ئێستا ئەو دوو وڵاتە شیرازەیان تێکچووە و تیرۆریستانی داعش دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی زۆری ئەو ٢ وڵاتە هەیە.
ئەو دەڵێ: بۆ بە واقیعی کردنی تێکشکانی داعش و پێکانی ئامانجەکان و دوور خستنەوەی مەترسییەکان لەسەر ئەمریکا و وڵاتان، پێویستە گوێ لە هاوپەیمانە کوردەکانمان بگرین و پڕچەکیان بکەین، چونکە ئەوان لە توانایاندایە تیرۆریستان بە قورسی تێك بشکێنن.
بە پێی راپرسییەکی ڕۆژنامەی "وۆل ستریت جۆرنال و ئێن بی سی نیوز" دەرکەوت کە ٧٩٪ دەنگدەرانی کۆمارییەکان و ٥٢٪ ئەو رێژەیە لەگەڵ پرۆژەی پشتیوانیکردنی ئەو هێزانەدان کە لەسەر زەمین شەڕی داعش دەکەن، لەلایەن وڵاتەکەیانەوە.
سیناتۆر راند هاوارد پۆل لە ساڵی ١٩٦٣ لەدایکبووە و لە ویلایەتی پەنسلڤانیان و لە لیستی پارتی کۆماری ئەمریکا ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکایە.

(٢٨)
## هەڕەشەی داعش زۆر گەورەیە
٢٠١٥/٣/١٢

کۆتا پانێڵی دیداری سلێمانی لە رێکەوتی (١٢-٣-٢٠١٥) ئەنجامدرا، لە پانێڵەکەشدا ئەندامێکی گروپی ئاشتی نێودەوڵەتی رایگەیاند، کە هەڕەشەی

داعش زۆر گەورەیە، ئاماژەی بەوەشکرد، کە "داعش بەرهەمی چەند هەڵەیەکی تەکنیکی ناوچەکە و فەرامۆشکردنی چەند شتێکی گرنگە".
لە پانێڵەکەدا، جۆزەف باهۆت ئەندام لە گروپی ئاشتی نێودەوڵەتی، وتی: "داعش بەرهەمی چەند کارێك و پرۆسەیەکە، کە ماوەی چەند ساڵێکە لەم ناوچەیەدا گوزەر دەکات، جگە لەوەش بەرهەمی چەند هەڵەیەکی تەکنیکی ناوچەکە و فەرامۆشکردنی چەند شتێکی گرنگە".
وتیشی: "پێویستە هەوڵ بدەین بۆ یەکخستنەوەی هەموولایەك، بۆ ئەوەی رووبەرووی داعش ببینەوە، من دان بەوە دادەنێم کە هەڕەشەی داعش زۆر گەورەیە ئەویش بەو پێیەی کە چەند کردارێکی ترسناك ئەنجام دەدەن".
دواتر نیڵ کوڵیام هاوسەرۆکی پرۆگرامی قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، ئاماژەی بەوەکرد: "پێویستە هەموو لایەك کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەنجامدانی هەنگاوی زیاتر، ئەویش لەبەرئەوەی تا ئێستا هیچ بەڵگەیەك نیە کە ئەم کێشانە لە عێراق و سوریا کەی کۆتاییان دێت، کەس نازانێت".
ئەوەشی خستە ڕوو: "کێشەی ئاوارەکان لەسەر سنورەکان بابەتێکی گرنگە دەبێت لە هەموو روویەکەوە کێشەکانیان چارەسەر بکرێت، بەهاری عەرەبی کۆتایی هاتووە، بەڵام فاکتەرەکانی دوای ئەو و کێشەکانی دوای بەهاری عەرەبی تا ئێستا کۆتاییان پێنەهاتووە، بۆیە دەبێت بە باشی کار لەو فاکتەرانە بکرێت".
لە لایەکی دیکەوە لە کۆتا پانێڵی دیداری سلێمانیدا، ئەزام ئەلواش، ئەندامی بنیات نان و ئەندامی بۆردی زانکۆی ئەمریکا، باسی لەوەکرد: "کورد و عەرەب هەموو بەرژوەندی تایبەتمان پێکەوە هەیە، خەڵکی عێراق پێویستی بەوەیە کە کار بکات بە سیستەمی دیموکراسی".
رونیشیکردەوە: "ئێمە پێیوستمان بە یەکڕیزی هەیە، بۆ ئەوەی عێراق بنیات بنێین".

(٢٩)
**هێڵتەرمان: کردەوەکانی داعش کاریگەرییەکی زۆریان بۆ سەر نرخی مرۆڤایەتی هەبووە**
٢٠١٥/٣/١٢

بەڕێوبەری پرۆگرامی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بۆ گروپی قەیرانی جیهانی، رایدەگەیەنێت کە کردەوەکانی داعش کاریگەرییەکی زۆریان بۆ سەر نرخی مرۆڤایەتی هەبووە.
جوست هیڵتەرمان، باسی لە رۆڵی گروپەکەیان کرد کە بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆرە خزمەتیان بە عێراق و ناوچەکە کردوە.
وتیشی: "کردەوەکانی داعش کاریگەرییەکی زۆریان بۆ سەر نرخی مرۆڤایەتی هەبووە. هیوادارین بەڵێنەکانی نێوان هەموو لایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە کار بکەن بۆ لەناو بردنی داعش".
وتیشی: "پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە پاراستنی سنورەکانی بدات، پێویستە پەیوەندییەکی باش لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا هەبێت بۆ پاراستنی سنورەکان، لە دوای (٢٠٠٣)ەوە کوردستان پەیوەندییەکی باشی بە بەغدادەوە کردووە بۆ یەکخستنەوەی کارەکانیان".

(٣٠)
**ماکگورک: هێرشی داعش بۆ کوردستان بە زیانی خۆیان شکایەوە**
٢٠١٥/٣/١٢

برێت ماکگورک، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران و عێراق، لە دووەم ڕۆژی دیداری سلێمانی، ستایشی رۆڵی پێشمەرگەی کرد لە رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش. ئەو دەڵێ هەرچەندە چاوەڕوانی شتی خراپتریان کردووە لە داعش، "بەڵام هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بڕیارێکی هەڵەیان بووە و سەری خۆیانی خوارد".
برێت ماکگورک سەبارەت بە هێرشی داعش لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو بۆ سەر موسڵ، گوتی: "ئێمە لە باڵیۆزخانە سەیری رووداوەکانمان دەکرد و باسی ئەوەمان دەکرد، کە ئەمە هەڕەشەیە بۆ گەلی عێراق و چاوەڕوانی شتی خراپمان لە داعش دەکرد".

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران و عێراق، ستایشی رۆڵی پێشمەرگەی کرد لە شەڕ دژی داعش و گوتی:"ئەو شوێنانەی ئێستا داعش لێی کشاوەتەوە بە ئازایەتی ئەو پێشمەرگە ئازایانە بووە کە شەڕێکی قارەمانانە دەکەن لەگەڵ داعش و توانییان ئەوان رابگرن و بە هەماهەنگی لە گەڵ هێزی هاوپەیمانان توانییان داعش لە هەندێ ناوچە دەربکەن". گوتیشی: " ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مانگی ١١-ی ساڵی پار، دەبینین ئەو شوێنانەی کە لە دەستی داعش بووە رزگارکراون و کێرڤەکە لە بەرژەوەندی داعش نییە".
بە باوەڕی برێت ماکگورک، بڕیاری هێرشی داعش بۆ هەرێمی کوردستان، "سەری داعشی خواردووە". ئەو دەڵێ: " داعش بڕیاریدا کە بێت پەلاماری کوردستان بدات، کە بەڕاستی بڕیارێکی هەڵە بوو و سەری خۆیانی خوارد، ئێمە یەکسەر هاتینە سەر خەت و وەڵاممان دانەوە و بڕیارماندا کە لێیان بدەین، ئێمە زانیمان کە دەبێت بە بێ ئۆپەراسیۆنی سەربازی، هێرشی فڕۆکە دەستپێبکەین".
هەروەها گوتی:" ئەو کاتە کە داعش پەلاماری کوردستانیدا، ئێمە سەنتەری هەماهەنگی هاوبەشمان لەگەڵ پێشمەرگە هەبوو و لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و دژەتیرۆری عێراقی پلانێکی هاوبەشمان دانا لە شنگال و هێرشی فڕۆکەکانمان لە مانگی ٨ دەستپێکرد".

(٣١)
## راپۆرتێکی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی

لە راپۆرتێکی نوێی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیدا بە وردی باس لە کردەوە و رەفتارە نامرۆڤانەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش" دەکرێت، و باس لەوەش دەکات "کوشتنی بە کۆمەڵ، رفاندن" لە بەرامبەر کەمینە و ئاینەکان لە باکووری عێراق "شنگال و دەورو بەری" ئەنجام دەدەن.
راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بە ناونیشانی (پاکتاوی ڕەگەزی لە سەر ئاستی مێژوو) یاخۆد (پاکتاوی ڕەگەزی بە پێوەرە مێژووییەکان) ئاماژە

بۆ ئەوە دەکات کە دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" کەمینەکانی لە باکووری عێراق "شنگال و دەورو بەری" بە شێوەیەکی سیستماتیك کردووەتە ئامانج، هەروەك ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ئەوانەی لە ژێر دەستی چەکدارەکانی "داعش" و کوشتنی بە کۆمەڵ رزگاریان بووە لە ناوچەی شنگال و دەورو بەری زنجیرەیەکن لە گێڕانەوەی ترسناك.
هەروەها راپۆرتەکە لە زمانی رزگاربووەکانەوە ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە چەکدارەکانی "داعش" بە ئۆتۆمبێلی پیکاب خەڵکەکە بارکراون و بەرەو دەرەوەی گوندەکە براون بە مەبەستی کوشتنیان بە کۆمەڵ یان بە تاك.
هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات بە سەدان بگرە هەزاران کەس لە ئێزیدیەکان رفێنراون و بێسەرو شوێن کراون لە " ئافرەت، منداڵ"و پیاوەکانیان کوشتوون.
یەکێك لە گەورە راوێژکارەکانی بەرنامەی روو بە روو بوونەوەی قەیرانەکان لە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی "دوناتیلا رووفیرا" کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانە دەڵێ" کوشتارگە و رفاندن کە دەوڵەتی ئیسلامی پێی هەڵساوە، بەڵگەی نوێ پێشکەش دەکات لە سەر شەپۆلی پاکتاوی ڕەگەزی دژی کەمینەکان لە باکووری عێراق "شنگال و دەورو بەری".
هەروەها راپۆرتەکە بە روونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش" تاوانی ترسناکی ئەنجامداوە و ناوچە ریفیەکانی لە شنگال کێڵگەی خوێن لە ئەنجامی کوشتن و شاڵاوەکانی دژی هەموو ئەوانەی عەرەب و سوونە نین.
رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك دیکۆمێنتی بە بایەخ و گرنگی کۆکردووەتەوە، لە نێویاندا ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی کۆشتنی بە کۆمەڵ لە شنگال و دەورو بەری دەسەلمێنن. لە دوو توێی زانیارییەکانی رێکخراوی ناوبراو، باسی دوو حاڵەتی زۆر خوێناوی دەکات، کاتێك چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو گووندی "قەنیە" هاتوون ل٢٠١٤-٨-٣ و گوندی "کۆچۆ" لە ١٥-٨-٢٠١٤ لە هەردوو گوندەکە کۆمەڵکوژییان ئەنجامداوە، لە یەکێکیاندا بە سەدان ئەژمار دەکرێ.
هەروەها راپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات چەکدارەکانی "داعش لە هەردوو گوندەکە" کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیان کۆکردووەتەوە و دەستگیر کردووە، لە نێویاندا "پیاو، ئافرەت، منداڵ" کە تەمەنی منداڵەکان نەگەشتبوونە سەرووی "١٢" ساڵ ، بە فیشەك کوشتویانن.

یەکێک لە دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی "کۆچۆ" ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئاگادار کردووەتەوە، کە کردەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو نەبوو، بەڵکو چەکدارەکانی "دەوڵەتی ئیسلامی" دووگەنجیان بە شێوەیەکی خوڕسکی بە ئۆتۆمبێلەکانەوە هەڵواسی و ئاراستەی گولەیان کردە "سەعید" کە بە عاجباتی لە مەرگ لە گەڵ خالدی برای رزگاری بوو بۆ پێنجەمین جار، سێ فیشەك بەر دەستی چەپی کەوت و حەوت خوشکی لە کۆمەڵکوژیەکە لە دەستدا.
سالم کە رزگاربوویەکی تری نێوکۆمەڵکوژیەکەیە، کە بۆ ماوەی "١٢" ڕۆژ خۆی شاردوەتەوە، بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی گێڕاوەتەوە، کە ئەو ترسەی لە دەنگی ئەوانی ترەوە گوێی لێبوە لە تاو ئازار زۆر کاریگەر بووە، هەروەها باسی ئەوەش دەکات هەندێك نەیاندەتوانی بجوڵێن و نەیاندەتوانی رزگاریان بێت. دووان لە گوڵە بارانکراوەکان بە ئازارەوە چاوەڕوانی مەرگ بوون، مردن مردنێکی ترسناك.
هەروەك "سالم"گێڕاویەتیەوە و دەڵێ "توانیم پاشەکشێ بکەم بۆ دوو، یەکێك لە دراوسێ موسڵمانەکان مەترسی خستە بەردەم ژیانی خۆی و رزگاری کردم، ئەو لە برا زۆرترە بۆ من، بە درێژایی ١٢ ڕۆژ بە شەوان خواردن و ئاوی بۆ ئامادە دەکردم و دەیهێنا.
نەمدەتوانی بە پێ ڕێبکەم، هیچ هیوایەکیشم نەمابوو بۆ رۆشتن و مانەوەشم لێرە مەترسی بۆ سەر ژیانم زیاتر دەکرد. دواتر توانیم بە سواری گوێدرێژێك هەڵبێم بۆ چیا، لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق.
راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شاڵاوەکانی کوشتنی بە کۆمەڵ و رفاندن، وایان کرد هەزاران کەس لە ترسی ژیانیان هەڵبێن، تا ئێستاش بە سەدان ئێزیدی کە لە لایەن "داعش"وە رفێنراون چارەنوسیان نادیارە. بەشێکی زۆریش لە دەستبەسەرکراوەکان لە لایەن "دەوڵەتی ئیسلامیەوە" روو بە رووی ترساندن و هەڕەشە و دەستدرێژی سێکسی و زۆر لێکردن بۆ گۆڕینی ئاین بۆ سەر ئاینی ئیسلام بوونەتەوە.
راپۆرتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەوەش باس دەکات کە کەسێك لیستی ناوی "٤٥" کەسی داونەتێ لە مناڵ و ژن کە بێسەرو شوێن کراون. ئەوەشی وتووە"هەواڵمان لە هەندێکیانەوە پێگەیشتوە، بەڵام ئەوانی تر دەنگ و باسیان نیە نازانین مردوون یان زیندوون یان چیان بەسەر هاتووە".

دۆنـاتیلا روفـیلا، بەوە کۆتـایی پێهێنـاوە و دەڵـێ" لە جێگەی قورسکردنەوەی جەنگ لە ڕێگای داخستنی دەروازەکانی پڕ چەککردنـی میلیشیاتی تـائیفی یـان شیعی دژی دەوڵەتـی ئیسلامی، پێویستـە لە سـەر حکومـەتی عێراقـی تـەرکیـز بخـاتە سـەر پاراسـتنی هەمـوو خەڵکـی مەدەنـی بە بـێ جیـاوازی دیـن یـان ڕەگەزی".

باسـی ئەوەش دەکـات خەڵکـی بـاکووری عێـراق "شـنگال و دەورو بەری" شایستەی ژیانی ئازادن بە دوور لە هەموو چەوسانەوەیەك، کە ئێستاش ترس لەسەر ژیانیان لە هەموو گۆڕانکارییەکدا هەیە".

ئەوەش روون دەکـاتەوە و باسـی ئەوە دەکـات، ئەوەی پەیوەنـدی بە تاوانەکـانی جەنـگ و ئەنجامدەرانی یـان هاوکـارانی هەیە، پێویسـتە بڕیـاری گرتنیـان بـۆ دەربچێ و بهێنرێنە گۆڕەپانی دادپەروەری".

لەو کـاتەوەی چەکدارەکانی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێـراق و شـام "داعـش" لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ موسڵیان داگیر کرد، تـا ئەمڕۆ جگە لە جینۆسـایدی ئێزیـدیەکان و شـەبەك و مەسیحی و کـاکەیی، رفانـدن و دەسـتدرێژی بۆ سـەر ئافرەتان، فرۆشتنی ئافرەتانی ئێزیدی، داگیرکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی نیشتەجێی شنگال و شارۆچکە و گوندەکانی دەورو بەری، ئاوارەکردنی سەدان هەزار خەڵك، چەندین شوێنی پیرۆزی ئـاینی ئێزیـدی و مەسـیحی و کـاکەیی و شــەبەك و شــیعە مەزهەبیــان بە شــێوەیەکی سیســتماتیك وێــران کــردوە و تەقاندوەتەوە.

تێبینـی: راپـۆرتەکە بە زمـانی عەرەبـی بـووە و بە کـوردی ئامـادە کـراوە و دارێـژراوەتەوە، چـونکە ئەوان لە راپۆرتەکەیانـدا تەنهـا باسـی "بـاکووری عێراق" دەکەن، ناوی کوردستان و ئەو ناوچانەیان نەهێناوە کە کوردستانین و دابڕێنراون.

**سەرچاوەکان**


(١) رووداو - فازڵ هۆرامی
(٢) ماڵپەری کەی ئێن ئێن سی ( KNNC )
(٣) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
(٤) ماڵپەری کەی ئێن ئێن سی ( KNNC )
(٥) ماڵپەری کوردی پوست
(٦) ماڵپەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، نوێنەرایەتی ئوستراليا
(٧) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)
(٨) ماڵپەری هاوڵاتی
(٩) ماڵپەری باسنیوز، بێستون کاکەیی
(١٠) ماڵپەری خەندان
(١١) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)
(١٢) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
(١٣) ماڵپەری خەندان
(١٤) ماڵپەری ئاوێنەنیوز
(١٥) ماڵپەری باسنیوز، محەمەد دەرگەڵەیی
(١٦) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)
(١٧) لە چەندین ماڵپەر و کەنالی راگەیاندن وەك هەواڵ بڵاوکرایەوە
(١٨) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
(١٩) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)
(٢٠) ماڵپەری پیوکەی میدیا، PUKmedia، هەڵۆ حەسەن
(٢١) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)
(٢٣) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)، گۆڤەند مستەفا
(٢٤) ماڵپەری باسنیوز، ئاریا کوردستانی
(٢٥) ماڵپەری ئاوێنەنیوز
(٢٦) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)، بەهێز کامیل
(٢٧) ماڵپەری وشە
(٢٨) ماڵپەری خەندان، هۆگر کەمال
(٢٩)ماڵپەری خەندان، هۆگر کەمال
(٣٠) تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)، عومەر شایان
(٣١) ماڵپەری جینوسایدی کورد

## باسی دووەم:

### ئاماری پەناخوازان لە جیهاندا و ئاوارەکانی لە هەرێمی کوردستان
٢٠١٤/١٠/١

کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایدەگەیەنێت لە سەرەتای ئەمساڵەوە(٢٠١٤) هەتا کۆتایی حوزەیران هەمان ساڵ، ٣٣٠ هەزار و ٧٠٠ کەس داوای مافی پەنابەرێتیان لە ٤٤ وولاتە پیشەسازیەکەی جیهان کردووە، ئەمەش زیادبوونێك بە ڕێژەی لە سەدا ٢٤ نیشان دەدات بە بەراود بە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو.
لە دواهەمین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە ئاماری پەناخوازان لە جیهاندا لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی (٢٠١٤)، لە سەر ماڵپەری فەرمی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران هۆشداری دەدات کە ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن لەو ٤٤ وولاتە بەوجۆرە زیاد بکات تا کۆتایی ئەمساڵ (٢٠١٤)، پێدەچێت ژمارەکە بچێتە ٧٠٠ هەزار پەناخواز، بەمەش بەرزترین ئاست تۆمار دەکرێت لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا.
لە بارەی زیادبوونی ژمارەی پەناخوازان لە جیهاندا، ئەنتۆنیۆ گوتێرێس، بەرپرسی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان، وتی "دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو ڕاستیەی کە لە نەبوونی چارەسەر بۆ ململانێیەکان ژمارەی ئەو کەسانەی پێویستیان بە پەنابەرێتی و دالدەدان هەیە زیاتر و زیاتر دەبن لە داهاتوودا".
هەرچەندە لە زۆربەی ئەو ٤٤ وولاتەدا ژمارەی پەناخوازان زیادیکردووە، بەڵام لە هەندێکیش لەو وولاتانە ژمارەکە کەمیکردووە وەك بەشێك لە وولاتانی ناوەڕاستی ئەوروپا و هەروەها ئوسترالیاش کە پێدەچێت سیاسەتە توندەکانی ئەو وولاتە، کە خودی کۆمیسیۆنەکە بە توندی ڕەخنەی لێدەگرێت، سەبارەت بەو پەناخوازانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی و لە ڕێگەی دەریاوە دەگەنە ئەو وولاتە لەوانەش دەستگیرکردنیان و ناردنیان بۆ وولاتانی تری ناوچەکە یان گێرانەوەیان بە بەلەمەکانیانەوە بۆ ئەو وولاتەی کە لێوەی هاتوون کاریگەری هەبووبێت لە سەر کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو پەناخوازانە لەو وولاتە.
سەبارەت بە ئاماری ئەو هاوڵاتیە بە ڕەگەز عێراقیانەش کە داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە، ڕاپۆتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە شەش مانگی

یەکـەمی سـاڵی(٢٠١٤)، ٢١ هـەزار و ٣٠٠ هـاوڵاتی عێراقـی داوای مـافی پەنابەرێتیان لە ووڵاتانی جیهان کردووە، بەمەش عێراق لە ڕیزبەندی دووەمی ئـەو ووڵاتانـەدا دەبینرێـت کـە زۆرتـرین هاوڵاتیـانی داوای مـافی پەنابـەرێتیان پێشکەش کردووە، ئەمەش لە کاتێکدایە بۆ تـەواوی سـاڵی ڕابردوو، عێراق لـە ڕیزبەندی چوارەمدا بووە.
بـەردەوامی خراپـی ڕەوشـی سـووریا وایکـردووە کـە سـووریا لـە ڕیزبەنـدی یەکـەمی ئـەو ووڵاتانـەدا بمێنێـتەوە کـە زۆرتـرین داوای مـافی پەنابـەرێتی پێشکەش کردووە و ژمارەیان بۆ شەش مـانگی یەکـەمی ئەمسـاڵ ٤٨ هـەزار و ٤٠٠ کەس بوون کە دەکاتە دوو ئەوەندەی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو.
بەوەش، لە سەدا ١٥ ی سەرجەم پەناخوازانی جیهان بە ڕەگەز سووری بوون لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا.
بە پێی ئامـارە فەرمییەکـانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، تـا ئێسـتا نـزیکەی ١٠٠٠ کەمپـی تایبەتیـان بـۆ نیشـتەجێکردنی ئاوارەکـان دابینکـردووە، بەوەش هەرێمـی کوردسـتان چـووەتە سـەر نەخشـەی ئەو ناوچـانەی کە خـاوەنی زۆرتـرین کەمپـی ئاوارەکـانن لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا و بە یەکێـك لە گەورەترین ئەو ناوچانەش دادەنرێ لە رووی داڵدەدانی ئاوارەکانەوە لە دوای کەمپی داداب لە کینیا و دۆلۆدۆب لە ئەسیوبیا و زەعتەری لە ئوردن و بیدا لە باشووری سوودان و عرسال لە لوبنان.
لە بەیاننـامەیەکی هاوبەشـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە ڕۆژی ١٤ی ئەیلول بڵاویانکردەوە، ژمارەی ئاوارەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان تـاوەکو سـەرەتای مـانگی ئەیلول گەیشتووەتە ملیۆنێك و ٤٠١ هەزار کەس، بە شـێوەیەك لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٤ ەوە هەتـاوەکو مانگی ئەیلولی هەمان ساڵ ٨٥٠ هەزار کەس لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. لەو ژمارەیە ٦٠٠ هەزار کەسیان لە نێوان حـوزەیران بـۆ ئـابی ٢٠١٤دا ئـاوارە بـوون، دوای ئەوەی چەکدارانی داعش شاری موسڵ و تکریت و چەند شار و شارۆچکەیەکیان لە باکووری ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی عێراق داگیر کرد.
بە پێـی رووپێـوییەکی ئاژانسـی ئۆکـا OCHA کە ئاژانسێکی سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکـانە و تـایبەتە بە هاوکـاریی مرۆیـی لە عێـراق، دەرکەوتـووە لەو ٨٥٠ هەزار ئـاوارە عێـراقیەی بە هـۆی هێرشـەکانی چەکـدارانی داعشـەوە ئـاوارەی هەرێمـی کوردستان بـوون، ٤٩%یـان خەڵکـی پارێزگـای نەینـەوان،

٢١%یان خەڵکی پارێزگای ئەنبارن، ١٧%یان خەڵکی پارێزگای سەلاحەدین و ٩%یان خەڵکی پارێزگای بەغدا و ٢%یان خەڵکی پارێزگای کەرکووك و هەریەك لە پارێزگاکانی دیالە و بابلیش ١% پێکدێنن.
پێشتر و لە سەرەتایساڵی ٢٠١٣شدا نزیکەی ٢٢٦ هەزار کەس لە سووریاوە پەنایان هێنایە بەر هەرێمی کوردستان، هەروەك پێش ٢٠١٤ش، ٣٢٥ هەزار کەسی دیکە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەوەش کۆی ژمارەی ئەو ئاوارانەی لە کوردستان داڵدەدراون ژمارەیان ملیۆنێك و ٤٠١ هەزار کەسە.
ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا زیادبوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و لە ٥ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسەوە گەیشتە ٦ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس، لەو ژمارەیە ٢٦%یان لە ئاوارەکان پێکهاتوون.
ئەم زیادبوونە وەکو چاودێران ئاماژەی بۆ دەکەن، زیادبوونێکی ناسروشتیە و دابەشبوونی ئاوارەکانیش لە هەریەك لە سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان وەکو یەك نییە، بە پێی زانیارییەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، پارێزگای دهۆك پشکی شێری بەرکەوتووە لە داڵدەدانی ئاوارەکان کە ٦١%ی رێژەی ئاوارەکان لەو پارێزگایە نیشتەجێ بوون، پارێزگای هەولێر ٢٤% و سلێمانیش ١٦%ی ئاوارەکان تێیدا نیشتەجێ بوون. بەڵام بە پێی ئامارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای دهۆك ٦٤% و هەولێر ٢٠%و سلێمانی ١٦%ی رێژەی ئاوارەکانیان بەرکەوتووە.
هەر چۆنێك بێت پارێزگای دهۆك بە هەر حەوت قەزاکەیەوە پشکی شێری بەرکەوتووە و زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارە لەخۆدەگرێت، ٨٩%ی ئاوارەکان تەنها لە مانگی ئابی ٢٠١٤ روویان لەو پارێزگایە کردووە.
کێڤن کێندی، جێگری رێکخەری کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، رایگەیاند ئەم قەیرانی ئاوارەبوونە، هاوشێوەی کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ی کورد سەخت و دژوارە و دەبێ هەموو لایەك بە هەستێکی لێپرسراوێتییەوە بە دەنگەوەی بێن بە مەبەستی رێکخستن و گەیاندنی یارمەتی مرۆیی پێویست.
یەکێك لە مەترسییە هەرە سەرەکیەکانی کە لە بەردەم ئاوارەکاندایە، هاتنی وەرزی زستانە کە بە هۆی دابەزینی پلەی گەرما و سەختی کەشوهەواوە پێدەچێت بارودۆخێکی قورس چاوەڕێیان بکات، بەو پێیەی هەتا ئێستاش ٧٨%ی ئاوارەکان نازانن چارەنووسیان چی دەبێت و هیچ پلانێکی ئایندەییان نییە بۆ رێکخستنەوەی ژیانیان.

ئەو ئامارانە كە لە لایەن ئاژانسی ئۆكا بڵاوكراونەتەوە، ئاماژە بە دۆخی ئاوارەكان دەكەن لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بە شێوەیەك ٥٣%ی ئاوارەكان بۆ نموونە لە پارێزگای دهۆك لە نێو خێوەتی ئاساییدان و ٢٧%یان لە نێو شوێنی ئاینی و پارك و قوتابخانەدان و ٢٠%ی ئاوارەكانی پارێزگای دهۆكیش نازانن لە كوێ بمێننەوە.
لە پارێزگای هەولێر ٥٠%ی ئاوارەكان نازانن لە كوێ بمێننەوە و ٢٦%ی ئاوارەكان لە خانووی كرێدان و ١٢%یان لە پارك و شوێنە ئاینییەكان دەمێننەوە و ١٢%یشیان لەگەڵ خێزانی دیكەدا دەژین.
هەرچی دۆخی ئاوارەكانیشە لە پارێزگای سلێمانی، ٦٩%یان لە خانووی كرێدان و ٢٤%یان نازانن لە كوێ بمێننەوەو ٤%یان تا ئێستا لە هۆتێلەكان دەمێننەوە و ٣%یشیان لەگەڵ خێزانی دیكەدا دەژین.
ئەوە لە كاتێكدایە ٤٥%ی ئاوارەكانی هەرێمی كوردستان بە شێوەیەكی گشتی هیچ پاڵپشتی و بژێوییەكی داراییان نییە.
لەو بارەیەوە سەرۆكی یەكێتی نێودەوڵەتی كۆمەڵەكانی خاچی سوور و مانگی سوور، ئیف داكور سەردانی هەرێمی كوردستانی كرد و كەمپی خانكێی لە پارێزگای دهۆك بەسەركردەوە گوتی "بارودۆخی ئاوارەكان نەك تەنها لە كەمپی خانكێ، بەڵكو لە تەواوی ناوچەكە جێی نیگەرانیە، چونكە بە هۆی ئاڵۆزی و توندوتیژیەكان و بەردەوامی جەنگەوە پێناچێت وا بە زوویی ئەو ئاوارانە توانای گەڕانەوەیان هەبێ بۆ ناوچەكانی خۆیان، ئەوەش مانای وایە ماوەی ئاوارەییان درێژە دەكێشێ".
ئەو لێدوانەی ئیف داكوور لە كاتێكدایە كە جۆرێك لە نیگەرانی هەیە لەسەر ئاستی شەقامی كوردی بەرامبەر مانەوەی ئاوارە عەرەبەكان لە هەرێمی كوردستان، ئەوەش بە ئاشكرا لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی فەیسبووك و تویتەر رەنگیداوەتەوە، بە گشتیش ترسی جێگیربوونی ئاوارە عەرەبەكانیان هەیە كە رەنگە لە ڕووی دیمۆگرافیەوە كاریگەری لەسەر پێكهاتەی دانیشتووانی هەرێمی كوردستان دروست بكەن.
پێدەچێ ئەو ترسە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ كە ئەزموونی جێگیربوونی ئاوارەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێكی نوێ نییە، لەو بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە جێگیربوونی ئاوارە فەلەستینیەكان بكەین لە وڵاتانی دەروبەری، لەوانە ئوردن كە نزیكەی ٤٥٠ هەزار ئاوارەی فەلەستینی لێ نیشتەجێیە لە ١٠ كەمپدا، سووریا نزیكەی ٤٥٠ هەزار ئاوارەی فەلەستینی تێدا نیشتەجێیە لە ١١ كەمپدا، لوبنانیش زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئاوارەی فەلەستینی لێ

نیشتەجێیە لە ١٢ کەمپدا. جێگیربوونی ئەو ئاوارانە لەو وڵاتانەدا، کەمپی ئاوارەکانی وەکو جۆرێك لە گەڕەکی نیشتەجێبوون لێکردووە لە هەریەکە لەو وڵاتانەدا.
سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش دۆخەکە هەرچۆنێك بێت، ئاماژەیەکی بەرچاو هەیە بۆ کارەساتێکی مرۆیی گەورە لە رووبەرێکی بەرفراواندا، ئەمەش ئەو راستیەیە کە زۆرینەی بەرپرسە باڵاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، هاوکات ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەن بۆ ئیدارەدانی کاروباری ئاوارەکان.
فالێری ئامۆس، جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی ١٤ی ئەیلول بە سەردانێك لە هەرێمی کوردستان بوو، رایگەیاند "هەرێمی کوردستان پێگە و ناوبانگێکی گەورە و باشی پەیدا کردووە لە نێوەندە نێودەوڵەتیەکاندا، بەو پێیەی یەکێکە لە شوێنە ئارامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئامێزێکی میهرەبانیش بووە بۆ داڵدەدانی ئاوارەکان، ئەوەش جێگەی ئومێدی رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکانە".

**سەرچاوەکان**

- چاودێر نیوز
سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
ماڵپەری فەرمی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران ، ڕۆیتەرز
تۆری میدیایی رووداو ( رووداو نێت)، فەرمان عەبدولڕەحمان

## Daily Mirror

لە لاپەڕەی یەکەمدا وێنەیەکی بەهێزی کوڕە ئاوارەیەکی ئێزیدی زاڵ دەبێ، کە جزمەی لە پێدایە و لە دەشتاییەک ڕێ دەکات لە ترسی چەکدارە ئیسلامیە توندڕەوەکان ڕایکردوە. لە ژێر مانشێتەکەدا نووسراوە "تکایە ئێمە ڕزگار بکەن".


DAILY Mirror
55P TUESDAY AUGUST 12, 2014

Maloney: I'll get back in boxing as a woman
EXCLUSIVE: SEE PAGES 10&11

# PLEASE SAVE US

As 250,000 flee from murderous fanatics in Iraq, America admits air strikes won't stop slaughter

DESPAIR Boy on the Yazidi exodus from the mountains

BY JASON BEATTIE Political Editor

A WEARY boy in boots that are too big desperately tries to escape the Islamic State terrorists.

He was among thousands of Yazidi refugees fleeing the bloodshed in the Sinjar mountains of Iraq.

But the US admitted its air strikes had done little to stop the militants.

FULL STORY: PAGES 4&5

FEARSOME Jihadi fighter

# The Times

لاپەڕەی یەکەمـــی ئەو ڕۆژنـــامەیەش تـــایبەتە بە کـــوردە ئێزیـــدیەکان و لە مانشێتەکەیدا هاتووە،"چاوەڕوان دەکرێت بەڕیتانیا، هێزە کوردیەکان پڕ چەک بکات. لە گەڵ ئەوەشدا فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی شاهانە هاوکاری مرۆیی دەگەیەننە باکووری عێراق".



THE TIMES

DIEU ET MON DROIT

Max 22C Min 8C

Tuesday August 12 2014 | thetimes.co.uk | No 71273

Only 60p to members £1.20

Reasons to be cheerful

The world's in pretty good shape after all, says Matt Ridley

2

Simon Pegg

Why I'm enjoying my mid-life crisis

# Jets ready for combat

● RAF Tornados to fly surveillance missions ● Britain expected to arm Kurdish troops

Displaced Iraqis from the Yazidi community gather for aid on the Syria-Iraq border at Fishkabur, northern Iraq. Some 45,000 have crossed the border there in the past week. Thousands more remain stranded

**Deborah Haynes** Defence Editor
**Sam Coates** Deputy Political Editor

Heavily armed RAF warplanes will fly over northern Iraq as part of Britain's effort to help thousands of starving refugees trapped by Islamist militants.

Up to eight Tornado fighter bombers, deployed from an RAF base in Cyprus, will operate in a surveillance role rather than join the United States in conducting airstrikes against Islamic State jihadists.

Defence sources indicated last night, however, that the mission — code-named Operation Shader — could quickly evolve into a wider combat role.

David Cameron was under renewed pressure to recall parliament for a vote on possible military intervention. British arming of Kurdish peshmerga forces who are fighting Islamic State, also known as Isis, also looked increasingly likely.

France called on the European Union yesterday to respond to an appeal from the semi-autonomous Kurdish north of Iraq for arms and ammunition to combat Isis fighters who have stolen powerful weapons from the Iraqi army. The US is already providing automatic rifles and bullets.

Militants have conducted a brutal push forward in recent weeks, apparently carrying out beheadings and crucifixions. Reports have also emerged of the massacre of 500 members of the Yazidi religious sect, with some buried alive. Thousands of starving members of the sect are trapped on a mountainside surrounded by militants after being forced to flee their homes more than a week ago.

A spokeswoman for Mr Cameron said that a move to arm the peshmerga could probably be made without a Commons vote. "We will look at what options there are that might enable that," she said. "But there have not been discussions, substantive discussions yet. There are certainly no decisions."

A senior general dismissed Britain's response to the crisis so far as meaningless posturing designed to be seen to be doing something. General Sir Richard Shirreff, until recently Britain's top-ranking officer in Nato, said that the government was terrified of sending troops to fight the Sunni Islamist militant group before next year's election — a deployment that he regarded as vital to combat the threat posed by Isis.

"We have politicians who want to posture, who make a lot of noise but do not have any stick," he said. "It is the opposite of walk softly and carry a big stick. These politicians shout loudly and carry a very, very small stick."

Bayan Rahman, a senior official representing Iraqi Kurdistan, said that Britain could play a leading role in restoring stability to the once-prosperous north of Iraq, which was thrown into turmoil by the advance across swathes of territory by Islamist fighters two months ago.

"Britain shouldn't be shy about using its weight," Ms Rahman, the high representative to London of the Kurdistan regional government, said.

Jack Straw, who was foreign secretary during the Iraq war, applauded the decision to send the warplanes but urged the government to look at what more could be done, short of sending ground forces.

Mr Straw said that the need to recall parliament to debate Iraq was growing — a belief held by a number of senior figures from all three main political parties.

Sir Menzies Campbell, the former Lib Dem leader, Ann Clwyd, the Labour Iraq envoy for Tony Blair, and Andrew Robathan, a former Tory defence minister, all called for MPs to return.

Two Tory MPs, Nick de Bois and David Burrowes, wrote to Mr Cameron on holiday, while the Labour MP Dave Anderson, co-president of Labour

Continued on page 6, col 1
Leading article, page 28

## Massacre on holy mountain

Hannah Lucinda Smith
ZAKHO, NORTHERN IRAQ

**From his hiding place on the Sinjar mountains, Ismail Alo could hear the volley of gunshots that rang through the valley below. But it wasn't until a blood-stained and terrified man came running up into the dusty plateau a few hours later that his worst suspicions were confirmed. There had been a massacre in Tappa. "We saved ourselves, but the other group stayed," said Ismail. "When we saw Isis fighters coming, we ran up into the mountain."**

**Below him, 150 men, women and children ranging in age from the newborn to the elderly were herded into lines for their final stand in the searing sun. Their executioners, bearded and black-clad men who waved flags bearing the seal of the Prophet Muhammad, killed in an industrial fashion, spraying bullets into the crowd with the nonchalance of those who believe that murder is blessed by Allah. Only one man from this group escaped. He had fallen under bodies dropping around him, the corpses of his friends and relatives shielding him from the bullets. For two hours he waited underneath the grim canopy until he was sure that the killers had gone. Then he ran up the mountain to join the thousands of other Yazidis waiting out a slow death by thirst and starvation. He filled in the**

Continued on page 6, col 5

## The Guardian

لە لاپەڕەی یەکەمـدا تیشـکی خسـتۆتە سـەر ڕەوشـی سیاسـی عێـراق و نووسراوە؛"ئەمەریکا لە ئێستادا بەڵێن دەدات کوردەکان پڕ چەک بکات دژی چەکدارانی دەوڵەتـی ئیسـلامی. هەروەهـا کـاری مـالکی کۆتـایی هـات دوای ئەوەی سەرۆک کۆمار کاندیدی تازەی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حوکمەتی تازە".



Polly Toynbee Millions suffer in Iain Duncan Smith's delusional world of welfare

Tuesday 12.08.14
Published in London and Manchester
£1.60 (Ch. Islands £2.00)

the guardian

theguardian.com

winner of the Pulitzer prize 2014 newspaper of the year

Comedy, drama ... and bingo
Get yourself completely fest up

A G2 FRINGE SPECIAL

EDINBURGH FESTIVAL

PLUS
BRIDGET CHRISTIE
A festival survival guide
JOSIE LONG
Walt Whitman and me

# Iraq PM forced out over jihadi crisis

● Defiant Maliki says he will fight 'coup' ● US now pledges to arm Kurds against Isis

Martin Chulov Irbil
Luke Harding
Dan Roberts Washington

Iraq's embattled prime minister, Nouri al-Maliki, appeared to have lost his job last night, after the country's president appointed a rival Shia candidate to form a new government in a bid to end the deadlock that has paralysed the Baghdad government while jihadists have swept through the country's north.

Maliki appeared to be clinging to his post last night, but he was abandoned by party allies and sidelined by religious and regional backers who no longer believe he can save the crumbling state.

His defiance sets the scene for yet another volatile period in Iraqi politics at a time when the Islamic State (Isis) jihadist group continues to rampage through the country, fast diminishing the authority of the central government.

Iraq's military leadership was being closely watched by regional players yesterday. The US warned military officials not to get involved in the political process.

The US government said yesterday that it would arm Iraqi Kurdish militias to prevent the fall of the final bastion of pro-US territory in Iraq, while Britain is deploying RAF Tornado jets to provide greater surveillance in the north of the country.

The move to effectively remove Maliki came after the White House launched a fresh volley of phone calls to politicians in Baghdad yesterday. In his fourth diplomatic intervention in as many days, the US vice-president, Joe Biden, called both the Iraqi president, Fouad Massoum, and the man he has selected to try to replace Maliki, Haider al-Abadi, indicating that further US military support could follow swiftly if they succeed in their efforts to form a new government.

In what amounted to a revolt within his own Dawa party yesterday, Massoum announced that Abadi, a long-time ally of Maliki, would be nominated as prime minister. The nomination makes it all but impossible for Maliki, who was backed by Washington during his last two terms as leader, to assemble a government. However, his supporters angrily vowed to oppose Abadi's appointment, claiming it had no legitimacy and insisting Maliki should be called to form a government because his bloc won most seats in the 30 April election.

Maliki's dramatic fall from grace came hours after he gave a midnight press conference on Sunday accusing Massoum of violating the constitution by failing to name a prime minister within 15 days. Pointedly, he also sent Iraq government forces on Sunday evening to the green zone, the home of Iraq's government, and to the president's residence. The international community has put pressure on Maliki to step down since the start of the jihadist insurrection in June that saw Mosul, Tikrit, and much of western Iraq fall to Isis and Kirkuk fall to the Kurds. Iraq's army abandoned its posts in the north in one of the more spectacular routs in modern military history.

14-15»

Continued on page 15 »

Najia Warshagha at her uncle's house in Beit Lahiya, Gaza. In the background are her mother, Majdolen, and injured brother, Ali Photograph: Sean Smith for the Guardian

## The girl whose anguish stood for that of all Gaza's children

## Labour vows to overhaul Gove's A-level reforms

Richard Adams
Education editor

Labour says it will overhaul the A-level reforms of the Michael Gove era if it wins power next year, accusing Conservatives of "turning the clock back on social mobility" as hundreds of thousands of sixth formers in England anxiously await their exam results on Thursday.

The shadow education secretary, Tristram Hunt, is poised to announce that Labour would put on hold all A-level reforms due to be introduced next year and scrap the central plan to abolish AS-levels. Gove's reforms were designed to toughen up the A-levels, moving away from coursework towards end-of-course examinations.

But the move has been deeply unpopular with university admissions officers, teachers and pupils, who complained that their subject choices were restricted. There were also claims that scrapping AS-levels disadvantaged comprehensive school pupils in university admissions because they were the most likely to make rapid progress between getting their GCSE and AS results.

Labour sources said that elements of the new A-levels would be retained, but that a delay is needed to consult and give schools the opportunity to embed the new GCSEs. The move is designed to ease the pace and scale of the reforms currently

Continued on page 2 »

the easy way to

## The Financial Times

ئەویش لە لاپەڕەی یەکەمدا باسی پڕ چەک کردنی هێزی کوردی دەکات لە لایەن ئەمەریکاوە. هەروەها دەڵێ" گرووپی کوردی و سونە و بەشێک لە شیعەکان مالکی تۆمەتبار دەکەن بە قوڵکردنەوەی قەیرانەکانی عێراق و سەرهەڵدانی داعش و جیاکاری نەژادی و تایەفەگەری".



FINANCIAL TIMES

Tuesday August 12 2014

UK £2.50 Channel Islands £2.80 Republic of Ireland €3.00

The Amazon wars
Publishers battle their biggest customer, Page 10

Angry office outbursts are good for business
Andrew Hill, Page 10

World Business Newspaper

News Briefing

Kinder Morgan hails $44bn shake-up

Barneys settles case

Nuclear plants shut

Ukraine aid mission

House prices slowing

Shoppers spend less

EU plans LatAm talks

Scramble for power

JSW eyes Italy assets

Attack on oligarchs

Sweden's poll divide

India food pressures

Marikana strike probe

● New prime minister named ● Fears of power struggle ● US to arm Kurds

# Move against Maliki deepens Iraq crisis as Isis battle rages

Search for safety

RBS plans to offload global arm of Coutts

Boutiques boom

Push to build banana empire gatecrashed by rich Brazilians

# The Independent

وێنەیەکـی ئـاوارە بـوونی ئێزیـدیەکان بە هەمـان شـێوە لاپەڕەی یەکەمـی ڕۆژنامەکەی داگیر کردووە، لە گەڵ ئەوەشدا نووسراوە بەڕیتانیا ئامادەیە بێتە ناو کێشەکەوە.



The INDEPENDENT

ISSUE NO.8,687 £1.40

TUESDAY 12 AUGUST 2014

WWW.INDEPENDENT.CO.UK

**Andrew Buncombe** A blessing in disguise for the children of Pakistan WORLD P.29

**Archie Bland** When the Saints marched in to the Nuffield Theatre's new show ARTS P.38

**Bob Willis** Botham vs Anderson: who was the better bowler for England? SPORT P.56

**Kevin Garside** Rory McIlroy showed he can win big the hard way SPORT P.64

**Steve Connor:** the cost of melting Arctic sea ice NEWS P.19

GRACE DENT — *The brave RSPCA deserves our support* VOICES P.11

PARIS LEES — *Kellie Maloney was never a man* NEWS P.13

JOANNA MOORHEAD — *How we can save generation self-harm* ANOTHER VOICE P.33

ELLEN E JONES — *Kate Adie is winning the war for equality* LAST NIGHT'S TV P.41

VIRGINIA IRONSIDE — *What to say if your friend is an alcoholic* DILEMMAS P.37

Jihadists rampant; Yazidis fleeing; a PM on the brink. As Iraq descends into chaos, Britain prepares to intervene

PATRICK COCKBURN P.4; STEVE RICHARDS P.7

AHMAD AL-RUBAYE

## Grayling's policy 'responsible for prisoner suicides'

- Chief Inspector slams Justice Secretary for failures on staffing and overcrowding
- Quality of rehabilitation under fire after big increase in self-inflicted deaths

EXCLUSIVE
OLIVER WRIGHT
WHITEHALL EDITOR

Overcrowding and staff shortages in England's jails are now so bad that they are directly fuelling a rise in the number of prisoners killing themselves, the Chief Inspector of Prisons warns today. In an interview with *The Independent*, Nick Hardwick said it was "not credible" for the Government to deny a link between pressures on the prison system and a big increase in the number of self-inflicted deaths.

His intervention comes as the Justice Secretary, Chris Grayling, faces increasing criticism over his handling of the prison system, amid claims that jails have become "death traps" as a result of steep budget cuts.

Mr Hardwick said prisoner suicides were "not acceptable in a civilised country" and said that if ministers wanted the prison population to rise then they needed to provide the "resources to deal with that rise as well".

His comments come ahead of a report by the Prisons and Probation Ombudsman that is due to be published tomorrow into self-inflicted deaths of 18- to 24-year-old prisoners following a spate of recent

Continued on P.4

## Quarter of children on teen dating sites have been approached by adults

CHARLOTTE PHILBY

A dating website for teenagers has been used by adults as old as 60, with forums on mylol.com containing disturbing invitations from users for children to post nude pictures online.

The revelation, part of a week-long series on internet safety in *The Independent*, comes as a survey showed over a quarter of children using such apps had been contacted by adults.

The website, which is aimed at 13- to 20-year-olds, hosted posts which included "Do any girls want to post nudes message" and "Horny girls message me".

A ChildLine survey found that 29 per cent of under-16s who used dating sites and apps had been in touch with someone over the age of 18. One in five of those who met someone face-to-face after making contact via an app said they had felt unsafe during the meeting.

Mylol.com is registered in Canada and has 300,000 users worldwide. It boasts of being "the #1 teen dating site in the US, Australia, UK and Canada".

Responding to the *Independent* investigation last night, the NSPCC child protection charity called for all teen dating apps and websites to take immediate action to protect their users.

It added that if websites fail to make changes then advertisers should boycott them.

Claire Lilley, head of online safety at the NSPCC, said the charity was "deeply disturbed that sexual predators could use teen dating apps and websites to target young people."

Caught in the Web P.14 & 15

**The Daily Telegraph**

لە لاپەڕەی یەکەمدا و لە گۆشەی سەرەوە وێنەی منداڵێکی دەم و چاو خۆڵاوی و ماندووی ئاوارە ئێزیدیەکان دانراوە و نووسراوە "شەو من لە سەر چیای دۆزەخەکە"، "شەست کەسیان لە یەک ڕیزدا دادەنا و یەک بە یەک دەیان کوشتن".


Tuesday, August 12, 2014

Irish Republic €1.50 No 49,520 £1.40

They put 60 people in a line and shot them one by one

My night on the mountain of hell

Exclusive Telegraph dispatch by first Western journalist on the scene: Pages 12&13

The Daily Telegraph

NATIONAL NEWSPAPER OF THE YEAR

telegraph.co.uk

# Injection to cure heart failure

By Sarah Knapton
Science Correspondent

Continued on Page 2

Britain is considering 'a combat role' in Iraq

By Peter Dominiczak and Ben Farmer

We want to be girlie Guides

Minister: £120,000 won't buy family life

By Christopher Hope
Senior Political Correspondent

Tax threat to expats who rent out their UK homes

By Matthew Holehouse
Political Correspondent

Deckchairs widened to cater for the growing beach bums

By Tom Brooks-Pollock

**کچە ئێزیدیەکە پڕ بینەرترینی ساڵی ٢٠١٤ بوو**

یەکێك لە فۆتۆکانی رۆژنامەنووس و فتۆگرافەری کورد زمناکۆ ئیسماعیل دەبێتە یەکێك لەو وێنانەی لە جیهاندا دەنگدانەوەیەکی بەرچاو دیاری دەبێت و لەزۆربەی کەناڵەکانی میدیا جیهانی و سایت و رۆژنامەکان باس و تێڕامانی بۆ دەکرێت.

ئەو فۆتۆیەی کەباس لە ئازارو مەینەتیەکانی گەلی کورد دەکات بە تایبەت ئەو تاوانەی مێژوییەی تیرۆرستان دەرهەق بە ئێزیدیەکانیان کرد.

فۆتۆکەی زمناکۆ ئیسماعیل لە رۆژنامەی تایم مەگەزینی ئەمریکی بوو بە باشترین فۆتۆی رۆژ، هەروەها بۆ ساڵی ٢٠١٤ سێیەم پڕ بینەرترو خۆێنەرتری جیهان بوو لەکۆی ١٤ فۆتۆی جیهانی، هەروەها لە کۆمەڵێك کەناڵی جیهانی تر بڵاوکرایەوە لەوانە cntv-ی سین و cctv کە راپۆرتێکی تەوتویان لەسەر ئەو فۆتۆیە ئەنجامدا، هەروەها لە هیندستان و بەریتانیا و میسرو چەندین کەناڵی راگەیاندن لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن و دەستخۆشیان بۆ ئەو ئەو فۆتۆیە دەبڕی.




روناك باپیر کچێکی تەمەن چواردە ساڵی ئێزدییە پاش حەوت رۆژ لەمانەوە لەگەڵ دایکی لەچیای شنگال دێتە خوارەوە، روناك بۆ پاراستنی کەسوکارەکەی چەکی بەشانەوەیە

**"ئەم منداڵانە ئێزدین"**

لە لاپەڕەی (مرۆڤەکانی نیو یۆرک)ەوە وەرگیراوە.

ئەمانە هی هەندێک لەو خێزانانەن کە هێندە شانسیان هەبوە تا دەرباز ببن. لە کاتێکدا خێزانەکانیان شڵەژاون و وێڵی هەواڵی خزمەکانیانن کە لە شاخەکان گیروان خواردوە، ئەم منداڵانە شوێنێکی بێدەنگیان دۆزیوەتەوە و یاری دەکەن. من لێرە دۆزیمنەوە، خەریکی چەند قتویەک بون.

من لێم پرسین کە چی ئەکەن. "ئێمە سەیارە دروست دەکەین" هەموو پێیان گوتم. بیرم کردەوە و بە خۆم گوت: "کە جوانە، وا دەزانن قتوەکان سەیارەن."

بەڵام دوای ٥ خولەک کە گەڕامەوە بینیم کونیان کردۆتە هەر چوار قتوەکە و دوو تەلیان کردوە بە ئەکسل و چوار قتوەکەیان کردوە بە تایە، دوایش پاکەتێکی پلاستیکیان کردوە بە سەریەوە.

لە ڕاستیا ئەوان سەیارەکەیان دروست کردبوو. "



**"ئەوان چەند دەرزەنێک بوون، بەڵام ئێمە چوار کەس بووین. هەموو مەڕەکانیان بردم."**
لە لاپەڕەی 'مرۆڤەکانی نیو یۆرک وەرگیراوە'





نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)

## نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و

ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).
•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.
•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان.
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخونی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەڕێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزگاربوانی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: ڕێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- ڕێکەوتی لە دایکبوون: ١٩٨٢/٧/٢٤**

**٣- شوێنی لە دایکبوون: ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.**

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.

**٤- بڕوانامە : بەکالۆریۆس**

**٥- دەرچووی: کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).**

**٦- پسپۆری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا :**

- **بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).**
- **سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)**

- نووسەر
- توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).

٧- **باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەل خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.

٨- **موبایل: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١**

٩- **بواری داهێنان و پسپۆری و کارە خۆبەخشییەکان:**

- شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەکانی مافەکانی مروڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەییەکان و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیکومێنتکردن و بەئەرشیفکردن.
- خاوەن ( ٢٢ ) بیست و دوو کتێبی چاپکراوم، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمروڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها (٦) شەش کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بڵاوکراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.
- دوو کتێب لەم بیست و دوو کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن ( لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان) دەخوێندرێت.
- خاوەنی زیاتر لە (٤٥٠٠) بەڵگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمروڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون.
- خاوەنی زیاتر لە (٦٠٠٠) وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.

- خاوەنی زیاتر لە (١٨٠٠) چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مروڤایەتیەکان.
- سودێکی زۆر لە بەلگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە داگادی بالآی تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و رێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحال مان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی( دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قوناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەلگە و کتێب، هاندانیان.
- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و راڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەلگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی ولآت هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی ولآت: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاولآتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی ولآتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی رۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەلگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی ولآتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پروژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هولآنەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی رۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.
- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی رێگای نیشتمانەوە) کە پیکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پروژە و کارانەی کەباسمان کردن.

**١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و رێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەلأیەتی.
- وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

به دەیان سوپاسنامە و ڕێزلێنانن، خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و ڕێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکۆی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).

- هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکۆ پەیمانگایەکانی کوردستان و ڕێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو و جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین ڕێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.

## پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩

توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروو بەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆرەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون

و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتیبەدا هاتووە:
ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.
لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.
لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

## کتێبی دووەم

٢- بارۆقی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم     لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.
لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد ڕوونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.
هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

## کتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم له ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە روو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان داڕێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...
لە بەشێکی یەکێك لە پێشەکییەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کۆشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، وێرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

## کتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/ ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆڕشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالکریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتوێ ئەم کتێبەدا...
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەیەدا کەسایەتی و ڕۆڵ و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەکەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیکی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتکردنیان لە بوارەکانی تری ژیاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەکانی جەنگدا، کە چون بە پێنوسەکەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، خۆشی و ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەدارێکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتۆگۆیەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ
ناوەڕۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خودای گەورە بە کورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.
بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکۆمەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵێك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران بە روحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...
خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبداللە) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەرێز

(م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمینتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش هاوکاتە بە ساڵڕۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکومەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرینەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەڕێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.
جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژوورە ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میوانانداین بە ڕۆژە پشووە و هەینیەکانیشەوە.
ئەوەی من دڵخوش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووە ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

## کتێبی شەشەم

٦- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.
جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەڕە پێکهاتووە
ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە سالێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان

هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەڕێن...
ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی و ڵاتانی دراوسێ نێژروان..
ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریکردن لە خاك و وڵات هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیەکیان هەبێت.
کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکارە شەهیدەکانیان، وای لێهاتووە تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.
هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە لە دووتوی دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەڕە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەڕندە و دەست دەکەن بە خوێن مژینی خەڵکی بێ گوناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆاری مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:
١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.
٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.
٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.
٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

## کتێبی دەیەم

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ
ناوەروکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی رفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فروشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر رزگاریان دەبێت،

چونکە ڕۆژانە هەواڵی ڕزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.
ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە ڕزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە ڕاستیەکان گوێزراونەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.
ڕەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەلالی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش بە ڕاکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قیزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

## کتێبی یازدەهەم

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦
توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ
ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارِۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤێنیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و

تاوانی له ناوبردنی (٨٠٠٠) هه‌شت هه‌زار نێرینه‌ی سه‌روی (٧) حه‌وت ساڵی بارزانییه‌كان ئه‌نجامدرا، ئه‌م تاوانه جگه له‌وه‌ی هێزی به‌رهه‌مهێنه‌ری مرۆیی بارزانییه‌كانی له ناوبرد، ده‌یان هه‌زار ژن و منداڵی له ئۆردووگا زۆره‌ملێیه‌كاندا بێ هاوسه‌ر بێ باوك بێ كوڕ و بێ برا هێشتنه‌وه.

## كتێبی دووازده‌هه‌م

١٢- له‌شه‌هیدانی ڕێگای نیشتمانه‌وه ١٨ پێشمه‌رگه‌ی قاره‌مان، چاپی یه‌كه‌م، چاپخانه‌ی سه‌نگه‌ر، ٢٠١٧
توێژینه‌وه‌یه‌كی تیۆری و مه‌یدانی یه
به قه‌باره‌ی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم له ( ٢٥٢ ) لاپه‌ڕه پێكهاتووه.
ژماره‌ی سپاردن: (١٥٥) له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی كتێبخانه‌كان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوه‌تێ.
ئه‌م كتێبه باس له خه‌بات و تێكۆشان و قاره‌مانیه‌تی ١٨ پێشمه‌رگه‌ی شه‌هید ده‌كات، كه دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سه‌ر خاك و سنوره‌كانی كوردستان ئه‌م پێشمه‌رگانه سنگی خۆیان كرده قه‌ڵغان تا دوا دڵۆپی خوێن مه‌ردانه دژ به دوژمن جه‌نگان.
دوا سات و دوا دیدار و دواقسه و دوا په‌یوه‌ندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هه‌واڵ و دوا یادگاری ئامانجی سه‌ره‌كی ئه‌م كتێبه‌ن.
ئه‌م كتێبه‌ش وه‌ك كتێبه‌كانی تر ته‌نیا به‌رهه‌مه‌كه‌ی نووسین نه‌بوو بۆ خوێنه‌ران به‌ڵكو به‌رهه‌مێكی تری یادگاریه‌كانی شه‌هیدان بوون كه له دوو موزه‌خانه‌دا جێگیركران و نمایشكراوان بۆ ئه‌وه‌ی نه‌وه‌ی نوێ ئاشنای خه‌بات و قاره‌مانیه‌تی و قوربانیدانی پێشمه‌رگه‌كان بێت. كه‌ل و په‌له‌كان به‌شێكیان له موزه‌خانه‌ی ( له شه‌هیدانی ڕێگای نیشتمانه‌وه) له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كاروباری شه‌هیدان و ئه‌نفالكراوانی بارزان دانراون و به‌ربه‌رده‌وامی هاوڵاتیان سه‌ردانی ئه‌م مۆزه‌خانه‌یه ده‌كه‌ن، به‌شێكی تریان پیشكه‌ش به موزه‌خانه‌ی تایبه‌تی كتێب كراون به‌ناوی (مۆزخانه‌ی ماڵه‌وه‌م)، كه له ماڵه‌كه‌مدا له كتیخانه‌كه‌مدا ئه‌رشیف و مۆزه‌خانه‌یه‌كی تایبه‌ت به‌خه‌بات و قوربانیدانی كورد و كوردستانیان هه‌یه، به‌به‌رده‌وامی قوتابیان و توێژه‌ران و ئازیزان سودی لێ ده‌بینن.
له به‌شێكی پێشه‌كی ئه‌م كتێبه‌دا هاتووه:
له‌م توێژینه‌وه‌ماندا هه‌وڵمانداوه توێژینه‌وه له‌سه‌ر جوانی و پاكی و ڕاستگۆیی و میهره‌بانی و قاره‌مانیه‌تی پێشمه‌رگه شه‌هیده‌كان بكه‌ین.
كۆمه‌ڵێك پێشمه‌رگه‌ی خه‌باتگێر له خانه‌واده‌یه‌كی خه‌باتگێر كه مه‌یل و ڕێبازی كوردایه‌تی و خۆشه‌ویستی نیشتمان و پێشمه‌رگایه‌تی وه‌كو میراتێك بۆیان ماوه‌ته‌وه (كوڕ له باوك و كوڕ له باوك)، چه‌كی پێشمه‌رگایه‌تی و شه‌رفیان هه‌ڵگرتووه داوای ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی كورد و كوردستانیان كردووه و سنووره‌كانیان پاراستووه.
ئه‌مانه ١٨ هه‌ژده پاڵه‌وانن به‌ڵام سه‌دان هه‌زار پاڵه‌وانی تری له‌م جۆره هه‌ن و پێویسته هه‌مووومان هه‌وڵ بده‌ین لایه‌نه ون و شاراوه‌كان و خه‌بات و تێكۆشان و به‌رخودانی ئه‌م شه‌هیده پێشمه‌رگانه بخه‌ینه ڕوو ئه‌وانه‌ی به شاهیدی هه‌موو دونیا ڕۆڵی بوێر و نه‌به‌ردیان له كۆتایهێنانی مه‌ترسی داعش بینی و له جیاتی هه‌موو دونیا ئه‌فسانه‌ی چه‌ته‌كانی داعشیان تێكشكاند و به خوێنی شه‌هیدان تۆمارێك له سه‌روه‌ری به‌ده‌ستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکۆژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.

جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.

دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کلێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەووروبەری ڕوویدا، ڕزگاربوان لە زاری خویانەوە چیرۆکەکانیان گێراوەتەوە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی

ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان روو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو رووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەورووبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و رفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر رزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە: کریستیانەکانی رۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن رێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تاڵاندەکرێن. ئەو

جوگرافییایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و دڕندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکڕای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.
لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلدانیە ئاسوری و ئەرمەنیەکان دەسووتێنرێن. ئەو مرۆڤانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش کرستیانیبوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤانە، لە مێژەوە وەکو قوربانی هەڵبژێردراون. لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەریکا و ئەوروپا، ئەمرۆیش لە بەرامبەر ئەم کۆکوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.
چەتەکانی داعش، ئێستاش بەڕێگای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بۆ ئەو کەسانەی کە تەرکی موسڵ ناکەن فەتوای سەربڕینیان بۆ دەرکراوە. دوای ئەو فەتواو فەرمانە قێزەوەنە، ئاسووری- سریانی- کلدانیەکان خاك و جێگای خۆیان بەجێهێشت. لە دوا خاڵی کۆنترۆڵ پێشیان لێگیرا و هەموو پێداویستی ژیان و زێڕ و دراو " پارە " و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیان غەنیمەکران و ئینجا ئازادیان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریان دەکرێ. باوەڕیەکان هێزیان لەبەر نەماوە، نرخ و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێی

## کتێبی حەڤدەم

١٧- ئاڵای کۆماری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیولۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
جێژنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە زار و نووسینەکانی فیداکارانی ئەوسای کۆماری کوردستان لە مهابادەوە زۆر باو بووە، مەراسیم و ڕۆژی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانیان بە جەژنێکی نەتەوەیی تۆمارکردووە. ئێمەش بە گرنگمان زانی توێژینەوەیەکی تیرۆتەسەلی تایبەت بە ئاڵای حکومەتی میللی کوردستان (کۆماری مهاباد) ئەنجامبدەین و مەراسیمی ئاڵا و جەژنی سەربەخۆیی و چەند مەراسیم و کۆڕ و کۆبوونەوەی تر بخەینە ڕوو لە لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا. لە سەرەتادا چەند مەراسیمێك دەخەینە ڕووو کە بە ئاهەنگ و جەژنی نەتەوەیی بەڕێکراون، ئەم جێژنانە لە گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان و چەند گۆڤار و ڕۆژنامە تر بڵاوکراونەتەوە ئێمەش وەك خۆی بە هەمان نوسین و زمان و ڕێنوسی ئەوکات سوودمان لێ بینیووە و بڵاومانکردوونەتەوە. لە لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەشدا هەوڵمانداوە چەند نموونەیەك لەو کەسانەی بەشداربوونە لەم مەراسیمانە وەربگرین و هەست و سۆز و بیر و بۆچوونیان بخەینە ڕوو بەرامبەر بە ئاڵای کۆماری کوردستان. هەر چەند ئەمانە ژمارەشیان کەمە بەڵام لە هەمان کاتدا گەنجینەیەکی گەورەی زانست و زانیارین. خەبات و خۆڕاگری و

قارەمانیەتی پڕ سەروەرییان تۆمارکردووە، لە زاری ئەوانەوە چەندین زانیاریمان دەستکەوتوون.

## کتێبی هەژدەم

١٨- فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلوجی و هونەری و نەتەوەییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
مەبەستمان ئەوە نیە لەسەر مێژووی هونەری کوردی و میتۆدەکانی کاری هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی و کاریگەریەکانی بەسەر هونەرەوە بنووسین.
بەڵکو ئەمانەوێ هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشان لە هەر چوار پارچەی دابەشکراوی کوردستان و کوردستانیانی هەندەران بخەینە ڕوو، تێکەڵاوبوونی فرمێسك و ئازاری شێوەکاران بە ڕەنگ و فڵچەکانیانەوە، ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەکانی تر لە دیدو دیدگای هونەرمەندانی شێوەکارەوە ببینین و بناسین.

## کتێبی نۆزدەم

١٩- قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين، وثيقة قانونية.
چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ئەم کتێبە تایبەتە بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سەبارەت بە کەیسی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان. بە زمانی عربی نووسراوە.

## کتێبی بیستەم

٢٠- جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی ئاماری و دیکۆمێنتاری
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لەم کتێبەدا ئامارەی زۆربەی هەرە زۆری رفێندراوان و بێسەروشوێنکراوان و ئەوانەی مامەلەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و وەك دیل و سەبایە و ئاوەرەکان لە خۆ دەگرێت، هەروەها ئازار و نەهامەتی ئێزیدیەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە تایبەتی دوای هاتنی تیرورستانی داعش و داگیرکردنی شنگال و دەوروبەری. چەندین چیروکی پرلەتراژیدیاو ئەو فەرمان و جینۆسایدانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتوون...

## کتێبی بیست و یەك

٢١- لەزاری ئەوانەوە کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە

به قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

چاوی هەموو جیهان لە کوردستان و پێشمەرگە و شنگال و دەورووی و بەری و ئێزیدییەکان بوو، هەر زوو جیهان هاتە دەنگ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوکات (بارك ئوباما) و نەتەوە یەکگرتووەکان و پاپای ڤاتیکان و دەولەتە زلهێزەکان و تەواوی راگەیاندنەکانی جیهان چاویان لە هاولاتیانی سڤیل و پێشمەرگەبوو، راپورت و بەیاننامەو وتاری ڕۆژنامەوانی و مانشێتی ڕۆژنامە و گوڤارەکان پڕاو پڕ بوون لە باس و تاوان و درەندەیی داعش بەرامبەر بە کوردستان بە گشتی. جینۆسایدی شنگال و دەورووبەری و کوردانی ئێزیدی، قارەمانیەتی پێشمەرگە کە لە جیاتی هەموو جیهان دژ بە تیرورستانی داعش شەڕی دەکرد. بویە بەگرنم زانی هەموو ئەو بابەت و وتارانەی بڵاودەکرێنەوە، لە دوو تۆی ئەم کتێبیدا وەك خویان بڵاو بکەینەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو سوودی لێ ببینرێ... بابەتەکان و ڕووداوەکانی ناو ئەم پەرتووکە باس لە تەمموزی ٢٠١٤ تا نەورۆزی ٢٠١٥ دەکەن.

## کتێبی بیست و دوو

٢٢- گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
به قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
(خەلەف خودێدا، ئیلیاس سالح، خدر حەسەن، سەفوان عەباس، سەعد موراد، موحسین ئەلیاس، زیاد ئیسماعیل، فەواز سەفوان، مەهدی مسەور، ئێزدین ئەمین،عەلی عەباس، نافز هادی، سامح بسی، نەواف موراد، خالد موراد، ادریس بشار، عیدو خدر، عەباس خدر سلۆ و جەمال شڤان عەمو ...). لە مەرگ گەڕانەوە. ئەوان لە بەرچاوی خەڵك و خوداوە خرانە بەر دەستڕێژی گوڵلە، بەڵام دەرفەتیکی تری ژیانیان بۆ رەخسا و رزگاریان بوو، تا ئێستا خوێن و هەندێك لە گوشتی لاشەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بە جێماوە، بە بەرچاویان براو باوك و کەسوکاریان گوڵلە بارانکران.
ئێمە تەنیا لە زاری ئەوانەوە بەسەرهاتەکانیان وەك دیکۆمێنت لێرەدا کۆکردووتەوە بۆ ئەوەی جیهان و نەوەی ئایندە بزانێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوەی مرۆڤ و مروڤایەتی بیری لێ نەکردووتەوە بەرامبەر بەم هاولاتیە کوردانە ئەنجامدارایەوە تاوانێك کە لە هەشتایەکانی سەدەی بیستەمیشدا ئەنجامدرا وچەندین پالەوانی تری کورد وەك بەلگەیەکی رەش بۆ تاوانەکانی حکومەتی بەعس عیراقی زیندوومانەوە و لە گۆڕی بەکۆمەڵ گەڕانەوە، هەردوو تاوانەکان بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدران، بەلام ئەمجارەیان بکەری تاوانەکە داعشە و قوربانیەکانیش کوردە ئێزیدییەکانن. گێرانەوەکان ئەونە ترسناکن زۆر ئەستەمە هیچ مرۆڤێك بتوانی تاکۆتاییەکەی خۆی ڕابگرێت.
ئەو دیمەنانەی رزگاربووان باسی دەکەن، کە چۆن رزگاریان بووە لە کۆمەڵکوژییەکان، زیاتر لە دیمەکانی نێو فیلمێکی هۆلیوود دەچێت کە پاڵەوانەکەی هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بکەوێتە دەست باندێکی کوشتن، بەڵام نابێت بمرێت تاوەکو کۆتایی فیلمەکە.

ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە.







جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
Vekolîneka
dîrukî û sosyolujî û
Berawirdkarî û
dîkomêntariye
Rêbwar remezan ebdulla
چاپی یەکەم
Çapa yêkê


لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار ئەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
هەولێر - ٢٠١١



جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە
چەند بەڵگەیەکدا
بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی- ئینگلیزی
توێژینەوەیەکی
دیکۆمێنتارییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2012




شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەرلایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ،
ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون... بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە
بێ ناسنامەبوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت،
وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە...
زۆربەیان لاشەکانیان تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، لە ئەشکەوتەکان لە دایکبوونە و لە ئەشکەوتەکان
نێژراون، تەنانەت قوماشی کفنیان نەبووە... گۆرستانیان نەبووە، چونکە بەردەوام لە خەبات و
ڕاگواستن و ئاوارەبووندا بوونە... هەندێکیان بە جل و بەرگەوە، بە خوێن و گوللە و گوللەی توپ و
ساچمەی بۆردوومانی فرۆکەکانەوە نێژراون. هەندێکیان ون بوونە و تاکو ئێستاش لاشەیان
نەدۆزراوەتەوە. هەندێکیانیش چەند ئەندامێکی لاشەیان نێژراوە...
شەهید هەن لاشەیان بەتەواوی شێوێندراوە، یاخۆد قوربانیانی جینۆساید لاشەیان تێکەڵکراوە، دەستی
جینۆسایدکراوێکی تر، پێی جینۆسایدکراوێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا بە تێکەڵاوی دۆزراونەتەوە.
ئایا ئەم مرۆڤانە گوناهیان چیبوو؟!
لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەر دوشەکێك و لە ژێر سێبەری خانووی بەقوڕ دروستکراوی
خۆیان پشوویان نەدا، گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بڵێن ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتە نین.
دایك هەیە بووەتە دووکیان وکور و کچەکانیان بوونەتە چوار پێنج ساڵان باوکی خۆیان نەبینیووە،
چونکە باوکیان لە سەنگەری خەباتدا بووە، هەشە لە دایکبووە تاکو ئەمڕۆ نازانێ کوا باوکی؟
برا هەن یەکتریان نەناسیوە، کچ هەیە دایکی نەبینیوە، منداڵ هەن لە دایکبوون لە ئاوارەیی و
لە ئەشکەوتەکان لە سەرماو سۆڵەی زستاندا و لە سەربەفر و لە ژێر بۆردوومانی فرۆکەکان...
ئایا ئەمانە بە ئازادی و یەکسانی لە دایکبوون؟!
ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێوبانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت،
بەڵێ ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردوونەوە یاخۆد نەمانزانیووە
یاخۆد نەمان توانیووە. ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە...
لە پێشەکی ئەم کتێبەدا
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -



شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2013
چاپی یەکەم
بەرگی دووەم




Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya (Quds-Quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê (Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê rêveberayetîya karubarên şehîdan û enfalkiryêt barzan
2




REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013




ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الابادە الجماعیه للبارزانیین
في القرن العشرين
2013
چاپی یەکەم


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين
3
III
2015
چاپی یەکەم


جینۆسایدی
باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی بارزانیەکان
جینۆسایدی باوکان
2016
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2016


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
2017 ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
کتێبی 12


جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم
جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
15


ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ئالای
کۆماری
کوردستان
ئالای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم 2018
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ئالای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم
2018
کتێبی حەڤدەم


فرمێسک
و
ئازاری
ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ئەلبۆمێکی شێوەکارییە
بۆ ناساندنی جینۆساید و
تاوانە دژبەمرۆڤایەتیەکان
فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ئەلبۆمێکی شێوەکارییە
ئەوانەی لەکوردستاندا ڕویان داوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
اشراف و الاعداد
ريبوار رمضان بارزاني
قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
2018
ريبوار رمضان بارزاني
قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
اشراف و الاعداد
وثيقة قانونية
ريبوار رمضان بارزاني
2018
19
التاسع عشر


جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لەسەدەی بیست و یەکەمدا
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لە سەدەی بیست و یەکەمدا
چاپی یەکەم
2018
20
کتێبی بیستەم



THE TIMES
Jets ready for combat
FINANCIAL TIMES
The Daily Telegraph
Daily Mirror
PLEASE SAVE US
لە زاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2018
21
کتێبی بیست و یەك




گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم
22
کتێبی بیست و دوو


•